ڕۆمان

# مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان

پرۆفیسۆر
دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

هەرێمی کوردستان - هەولێر
٢٠١٧ ی زاینی

رۆمان

# مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان

**پرۆفیسۆر**

**دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا**

**هەرێمی کوردستان – هەولێر**

**٢٠١٧ی زاینی**

١٤.٥ × ٢١.٥ سم
مستەفا، کەمال سەعدی مستەفا
رۆمانی مەملەکەتی رۆبۆتەکان / کەمال سەعدی مستەفا/ پێداچوونەوەو رێنووس: سابیر رەشید/ چ١، هەولێر، (چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری)، ٢٠١٧.
٣٢٣ لاپەڕە.

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** رۆمانی مەملەکەتی رۆبۆتەکان | |
| **بابەت:** رۆمان | |
| **دانەر:** کەمال سەعدی مستەفا | |
| **دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ:** سەرباز سیامەند | |
| **پیتچنین:** دانەر | |
| **پێداچوونەوەی رێنووس:** سابیر رەشید | |
| **چاپخانە:** | |
| **چاپ:** چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٧ | |
| **تیراژ:** ٥٠٠ دانە | |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٢) ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

بە مردن بڵێن
بۆکوێ دێیت؟
ئێرە!
نە مرۆڤی لێماوە
نەژیان
نە دڵێك
بۆ جوانی لێدەدات
نە ویژدان

[**شێرکۆ بێکەس**]

| ناوەڕۆك | لاپەرە |
|---|---|
| بوومە سەربازی لیڤی | ٧ |
| بێکار بوومەوە | ٢٩ |
| لە بەنداوی بێخمە دامەزرام | ٣٤ |
| حەسەن جەزراوی توڕە دەبێ | ٦٠ |
| مافی کەران | ٦٤ |
| پەیکەری کۆیلایەتی | ٦٨ |
| قەسابخانەکەی کۆشکی ڕیحاب | ٧٣ |
| هەڵی زێڕین | ٧٦ |
| سەردەمێکی تر | ٨٢ |
| ژمارە سێزدە شوومە | ٨٩ |
| فرۆکەو جۆخین | ١٠٢ |
| راوەرووت | ١١٠ |
| کوڕی زەعیم! ! | ١١٦ |
| بەعسییەکان | ١٢٠ |
| زەبروزەنگی حەرەس قەومییەکان | ١٢٢ |
| ئاودیوکردنی لاپەڕەیەکی ڕەش | ١٢٦ |
| ئەویش لە خۆمانە | ١٢٨ |
| کودەتای بەعسییەکان | ١٣٢ |
| یانزەی ئازار | ١٣٣ |

| | |
|---|---|
| بەناچاری ڕووی شاخم گرتەبەر | ١٤٤ |
| بەرەو قەڵادزێ بەرێکەوتین | ١٥٣ |
| هەرەس | ١٧٥ |
| ڕاپەڕین | ١٨٦ |
| کۆڕەو | ١٩١ |
| لە دوکانداریەوە بۆ دوکانێکی تر! ! | ٢٠٧ |
| خەونی گەورە....خەیاڵی بەرزەفڕ | ٢٢٣ |
| بەکۆیلەکردنی کچانو ژنانی ئێزدی | ٢٥٨ |
| ماڵی بزە | ٢٨٧ |
| باغی شار | ٢٩٣ |
| شۆڕشی سپی | ٣١٧ |
| ئەوەشمان فت | ٣٢١ |
| ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەبو ڕۆشنبیریدا | ٣٢٣ |

-١-

# بوومە سەربازی لیڤی

مێرد منداڵ بووم تازە پێم نابووە تەمەنی شازدە ساڵی، مەلا مستەفای باوکم خوتبەخوێنی مزگەوتی گوندی قۆڕیتان بوو، کۆچی دوایی کرد. بێ لەو خوشكو برایانەم کە چووبوونە ڕێی خۆیان، تەنها منو پیرە داکێکی کوێری لەدوای خۆی بەجێهێشت. هێشتان باوکم چلەی بەسەر نەچوو بوو، دوای چەند ڕۆژێك مامم بانگی کردمو پێنج دیناری دایەدەستمو پێی وتم: کوڕم ئەوە بەشە میراتی تۆیە، لەو میراتەی باوکتان لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوو. من ئەوکاتە نەمدەزانی بەو پێنج دینارە چی بکەم. زۆر منداڵ بووم، دەستو پێ سپی بووم، دایکیشم هەردوو چاوەکانی کوێر بوون، لەمن خراپتری بەسەرهاتبوو، نەیدەزانی چیبکات، بۆیە بە مردنی باوکمو ئەم دیمەنە تووشی شۆك بووم. زۆرم بیرکردەوە، چۆن ژیانی خۆمو ئەو پیرە دایکەم دابین بکەم. برادەرێکم هەبوو، هاوڕێی منداڵیم بوو، کە منی بە خەمو پەژارەوە بینی، دڵی دامەوەو وتی: خەم مەخۆ، هەر تۆ باوکت نەمردووە، دەیان کەس باوكو دایکیان مردووەو باوكو دایکی ئێمەش تاسەر بۆ ئێمە نامێنێ، بەس نیە تۆ خوشكو برای لەخۆت گەورەترت هەیەو بێکەس نیت، وەرە بابچینە شاری هەولێر، دەڵێن هەولێر نانو کەبابی

خۆشــی هەیــە، بــەو بــڕە میراتــەی وەرتگرتــووە بۆخۆمــان بــە خۆشــی ڕادەبوێرین‌و نان‌و کەبابێکیش بەیەکەوە دەخۆین.

تائەوکاتە چاوم بە شاری هەولێر نەکەوتبوو، نەشمدەزانی کەباب چییەو تامی چۆنە، بەس ئەوەندەم گوێ لێببوو ئەوەی دەچووە شارو دەگەڕایەوە بۆنی دەمیان دەکردو دەیانوت ئەگەر کەبابت خواردبێت، مانای وایە چـویتە شاری، بەڵام ئەگەر کەبابت نەخواردبێ، مانـای ئەوەیـە تـۆ ڕاسـت ناکـەیت. ئەم بیرۆکەیەم زۆر پێ خـۆش بـوو، شـاری هـەولێر دوو سـەعات بـە پـێ لـە گوندەکەی ئێمەوە دوور بوو، ملی ڕێگەمان گرتەبەرو یـاغر یـاغر بـۆی شـۆڕ بووینەوە. پێش نیوەڕۆ گەیشـتینە بـن قـەڵاتی هـەولێر، زنجیرەیـەك دوکـان وەکو پەرژین بـە دەورەیـدا سـوڕابوونەوە، لـە بەرامبەریشـیدا قەیسـەرییێکی گەورەی سەردەمی عوسمانییـەکانی لێ بـوو، بـازاڕێکی زۆر گـەورە بـوو. بـە دەوری قـــەڵات ســـوڕاینەوە، دوو دەروازەی چـــوونە ژوورەوەی هـــەبوو، یەکێکیان دەرگایەکی داری زەبەلاحی لەسەر بـوو، ئـەوەی تـر بـەبێ دەرگـا بوو، لەو دەروازەیەی کە دەکەوێتە نزیك مزگەوتی خانەقا، بێ لە ڕێگایـەکی پان‌و بەرینی لێـژ کـە بـۆ بەسـەرکەوتنی پـەیتوون‌و عەرەبانـە خۆشـکرابوو، پێبلقەیەکی دوورو درێژیشی لێ بوو، کە لە دەیان پایە پێکهاتبوو، هاوڵاتیان پێی بەسەردەکەوتن.

دیمــەنی قــەڵات زۆر ســەرنج ڕاکــێش بــوو، بــە دوو قــۆڵی بــە پایــەکان بەسەرکەوتین‌و لـە دەرگاکـە چـوینە نـاو قـەڵات. شـەقامێکی پـان‌و بـەرین،

قەڵاتی لە ناوەڕاستەوە کردبووە دوو بەش و گەرماوێکو مزگەوتێکو هەندێك دووکانی لە دەوروبەردابوو. چووینە ناو مزگەوتەکەو ئاوێکمان بە دەموچاومان داکردو تۆزێك لێی حەساینەوە، دوایی هێدی هێدی بەرەو دەروازەکەی تر ڕۆیشتین کە دەکەوتە بەری دادگای هەولێرو ڕووی لە گەڕەکی تەیراوە بوو، چووینە خوارەوە، بن قەڵاتو بن قەڵات ڕۆیشتین، گەیشتینە دوکانێك لێی نووسرابوو چاپخانەی کوردستان، پێشەکەی بە جامخانەیەکی گەورە ڕازابۆوە، کۆمەڵێك پەڕتووکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری هەمەڕەنگی تیابوو، لەبەردەم چاپخانەکەدا کامێرایەکی شەمسی لەسەر سێ پایەی دار داندرابوو، کەسێکی لەپشتەوە ڕاوەستابوو، وێنەی ژنوپیاوێکی دەگرت.

هەندێك بە دیاریانەوە ڕاوەستاین، چوینەلای پیاوەکەو پێمانوت ئێمەش دەتوانین داوای لێبکەین وێنەیەکی وەکو ئێوەمان بۆ بگرێت؟ وتی: بەڵێ بڕۆنە لای ئەو پیاوەی لەپشت کامێراکەوە وەستاوە، ئەوە گیوی موکریانییە، خاوەنی ئەم کتێبخانەو چاپخانەیە، ئەم کامێرایەشی داناوە وێنەی ئەو کەسانە دەگرێت کە بۆ مەعامەلات ئیشیان پێیەتی.

ئەوەبوو چوینە لایو سڵاومان لیی کرد، وەڵامی داینەوەو وتی: ڕۆڵەکانم مەڵێن سەلامو عەلەیکوم، ئێوە کوردن بڵێن بەیانیت باش یان ئەوکاتەت باش، هەرچی دەڵێن بیڵێن ئەوە بۆ عەرەب هاتووە نەك ئێمە. دوایی ڕوویتێکردینو وتی: فەرموون بزانم چیتان دەوێ؟ وتمان: دەمانەوێ

وێنەیەكی ئەفەندییانەمان بۆ بگریت. وتی: زۆر باشە، چاكەتو كڵاوەكانتان دابكەنو بە جوتە یان بە تەنها وەرنە پشت ئەم كامێرایە، تەماشای هاوێنەكەی بكەن، تا من پێتان دەڵێم نەجولێن. بەم شێوەیە وێنەكەمان بەیەكەوە گرتو هەریەكو وێنەیەكیش بە تەنهاو دوایی چوینە كەبابخانە، یەكەمجار بوو كەباب ببینم، چوینە پشت مێزێكەوە دانیشتینو یەكێك لە شاگردەكان هاتە لامانو وتی: چەند شیشتان دەوێ؟ ڕووم لە برادەرەكەم كردو وتم: ئەوە باسی چی دەكات؟ مەبەستی لە شیش چیە؟ وتی: مەبەستی ئەو شیشانەیە كە كەبابەكەی پێ سووردەكرێتەوە.

ئاماژەی بۆ كەسێك كرد كە لە نزیك ئێمەوە لەپشت مێزێكەوە دانیشتبوو چەند شیشێك كەبابی سووركراوەی لەگەڵ جامێك ماستاوو نانی گەرمو تەڕەی لەبەردەم دابوو. وتی: وەكو ئەم شیشانە وایە كە لەبەردەم ئەم زەلامەیە. منیش ڕووم لە شاگردەكە كردو وتم: چوار شیش بۆمن بێنە، ئەو شتانەشی لەگەڵ بێت كە لەبەردەم ئەم زەلامەیە. بەم شێوەیە كەوتینە سەر نانو كەبابخواردنو دوو چای قورسیشمان لەسەری فڕكرد.لەوكاتەدا ویستم گاڵتە لەگەڵ برادەرەكەم بكەم، بیرۆكەیەكی سەیرم بە خەیاڵدا هات، ڕووم تێی كردو پێم وت: تۆ لێرە دابنیشە، من تا بەردەرگا دەچمو تۆزێكی تردەگەڕێمەوە. وتی: باشە. ئەوەبوو چومە لای كەبابچییەكەو تەنها پارەی خۆم داو چوومە دەرەوە. لە نزیك كەبابخانەكە لەناو قەیسەرییەكە چایخانەیەكی كەوبازانی لێ بوو ، كەوبازەكان لەوێ شەڕیان بە كەوەكانیان

دەکرد، ئەو کەوەی لەو شەڕەدا سەرکەوتوو نەدەبوو هەرزانفرۆشیان دەکرد، ئەوەی تریش کە سەرکەوتوو دەبوو، خاوەنەکەی خۆی پێ هەڵدەدایەوەو پارەیەکی زۆری بۆ دەکرد ئەگەر نیازی فرۆشتنی هەبوایە. هەندێك لەوێ دانیشتمو چایەکی شیرینم خواردەوەو بیریشم لای برادەرەکەم بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (دەبێ ئێستا چی بەسەرهاتبێت). دەمزانی هیچ پارەی پێ نیەو ئەو هەموو نانو کەبابەشی خواردووە چۆن لێی دەگەڕێن وا بە ئاسانی لەبن دەستیان ڕزگاری بێت. زۆر سیناریۆی سەیر سەیر دەهاتە پێش چاوم، لە بیری خۆم دەموت (ئێستا هەندی کەرێکیان لێی داوە، یان چەند کەلوپەلی کەبابخانە هەیە پێیان شوشتووە). دواتر هەر بەخۆم ئەم بیرۆکانەم گشتی ڕەتدەکردەوەو لە بیری خۆم دەموت (ئاخر ئەوان چ قازانجێکیان لەمە پێدەگات، لەوانەیە بیدەنە دەست پۆلیسو بە گرتنی بدەن). دوای تۆزێك هەستامو چوومەوە کەبابخانەکە، بینیم برادەرەکەی منیان لە دینگەیەکی کەبابخانە بەستۆتەوە، کە چاوی بەمن کەوت، لە خۆشیان شاگەشکە بوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: سەگبابینە وەرن بمکەنەوە، نەموت برادەرەکەم دێتەوە لام، من درۆناکەم هەی چاوچنۆکینە، وادەزانن هەمووکەس وەکو ئێوەیە بۆ شەش شیش کەباب ڕادەکاتو خۆی دەشارێتەوە!

ئیتر ئەوەبوو خاوەنی کەبابخانەکە بەرەو پیرمەوە هاتو داوای لێبووردنی لێکردمو وتی: ڕۆڵە لێمان مەگرن زۆرکەس فێڵمان لێدەکاتو تا

دەدڕێن نانو كەباب دەخۆنو دوایی خۆیان دەدزنەوەو بۆی دەردەچن. ئەم برادەرەش زۆری خواردووە، دەموچاویشی لە كەسانی ساختەچی دەچوو، بۆیە بڕوامان پێی نەكرد.

دەستم بردەوە گیرفانمو پارەی نانو كەبابەكەی ئەویشم داو پێم وت: ئەوجا بچینە كویێ؟ دەستی بە پرتە پرتو بۆڵە بۆڵ كردو بە دەنگی بەرزەوە وتی: گو بەم نانو كەبابە، هەندەیان تێهەڵداوم هەموویان لە لوتم هێناوەتەوە، تۆ بۆچی بەجێت هێشتم؟ چی دەبوو هەندێك لەسەرم ڕاوەستابای هەتا منیش نانەكەی خۆم تەواو دەكرد ئەوسا بەیەكەوە بچووباینە دەرەوەو ئێستا منیش لە دینگە نەدەبەسترامەوە. هاوڕێیەكەم لە درێژەی قسەكانیدا وتی: هەر تۆ ڕۆیشتی، شاگردێكی مل ئەستووری بە قەلافەت هاتەلام، منی لە دینگەكە بەستەوەو بە قایشەكەی بەرپشتی تا تۆهاتی زۆری لەسەرو گوێلاكم دا، هەندی جوولەكەیەك لێیان پاڕامەوە هیچ سوودی نەبوو.

تێروپڕ پێكەنیمو بەرەو گوند كەوتینەوە ڕێ. تا گەیشتینەوە ماڵی خۆمان، شەومان بەسەرداهات، گەنجانی گوند هاتنە لامانو لە هەواڵیان پرسین كە بە درێژایی ئەم ڕۆژە لە كوێ بووینە، ئێمەش بە درێژی سەربردەی ئەو ڕۆژەمان بۆیان گێڕایەوە، هەندێكیان بڕوایان نەكرد هەتا بۆنی ناو دەمیان نەكردین.

دوای چەند ڕۆژێك سەری خۆم هەڵگرتو هاتمە هەولێر. ڕووم لە هەندێك خەڵکی ئەوێ کردو پێم وتن: کە دەمەوێ کاربکەم. یەکێك پێی وتم: ڕۆڵە تۆ جارێ منداڵیت هیچ کارێك بۆتۆ نابێت، مەگەر بچیتە شاری موسڵ، بیستوومە لەوێ ئینگلیزەکان خەڵك ناونووس دەکەن بۆ سەربازی لیڤی. ئەوەبوو منیش بە سواری پەستێك چوومە شاری موسڵو لەوێشەوە بە پەیتوونێك چوومە سەربازگەی ئنگلیزەکان لە غەزلانییە، لە پەیتوونەکە دابەزیم، خاوەنەکەی پەنجا فلسی لێوەرگرتم. لەوکاتەدا سەربازەکە چاوی لێبوو، کە چوومە لای وتی: ئەو پیاوە چەندی لێوەرگرتی؟ وتم: پەنجا فلس. وتی: زۆری لێوەرگرتووی، بڕۆ لێی وەرگرەوە، ئەگەر قسەشی کرد، پێی بڵێ سزای دەدەین. منیش وتم: قەیناکات، بەوەندەش هیچ نابێت، من هاتوومە خۆم ناونووس بکەم بۆ سەربازی. ئەویش وتی: تۆ منداڵی، ئەوەی تەمەنی لە هەژدەساڵ کەمتر بێت، ناونووس ناکرێ. منیش دەستم بە گریان کردو پێم وت: باوکم مردووەو منو دایکێکی کوێری لەدوای خۆی بەجێهێشتووەو لە پێنج دینار بەولاوە هیچی تری بۆ بەجێ نەهێشتووین. زۆری لێپاڕامەوە کە ڕێگام پێبدات بچمە ژوورەوەو خۆم ناونووس بکەم. وتی: باشە ڕێگات پێدەدەم، بەڵام دڵنیانیم لەوەی کە ناونووست دەکەن یان نا. وتم: باشە تۆ ڕێگام پێبدە من هەوڵدەدەم بەرپرسی ئەم سەربازگەیە بەزەیی پێم بێتەوەو ناونووسم بکات.

ئـيتر ئـەوەبوو ڕێگـای دام، چـوومە لای بەرپرسـی سـەربازگەکە، کـە ئەفسـەرێکی پلـەبالا بـوو، سەرشـانی پـڕی نیشـانە بـوو. هـەر لـەلای ئـەو کۆمەڵێك کوردی ئێزدیـو فەلـەم بینـی خۆیـان نـاونووس دەکـردو لـە نزیـك ئەویشەوە هەندێکی تر جلو بەرگی سەربازییان وەرگرتبوو بەرەو گۆڕەپانی مەشقو ڕاهێنانەکە دەڕۆیشتن. چومە لایو وەزعی خۆم بـۆی ڕوونکـردەوەو لێی پاڕامەوە کە ناونووسم بکات. سەرەتا ڕازی نـەبوو، ئـەویش وتـی: ڕۆڵـە تۆ هێشتا منداڵیتو جاریٚ زۆرت ماوە گەورە بیت، ئێمە تـەنها ئـەو کەسـانە ناونووس دەکەین کە تەمەنیان لە سەرووی هەژدە ساڵیەوەیە. بـەڵام دواتـر گریانو پاڕانەوەی من کاری تێکردو دەستی گرتمو لەلای خۆی داینیشـاندمو وتی: باشە ناونووست دەکەم، بەڵام لەسەرخۆت دەوەستیٚ تا چەند بەرگەی ئازاری مەشقو ڕاهێنان دەگریت. وتم: باشە من بەرگەی هەموو مانـدووبونو ئەزیەتێك دەگرم، چونکە کەسم نیە، ئەمە بۆمن باشترین دەرفەتە کە بتوانم خۆم بژیێنم، هەروەها ئاگام لە پیرە دایکەکەم دەبێت. ئـەوەبوو ناونووسـی کـردمو جـلو بـەرگی سـەربازیی دامـیٚو ڕەوانـەی فەسـیلێکی کـردم، لـە فەسـیلەکانی بنکـەی مەشـقو ڕاهێنـان. چـاکەتو نیـوە پـانتۆڵێکی خـاکیم لەبەرکرد، کڵاوێكو چەند پەڕەمووچێکیشم لەسەرم نـا، لـە بەیانیـەوە تـاکو ئێـوارە مەشـقو ڕاهێنـانم کـرد. هـەموو ڕۆژێـك ئەمـە دووبـارە دەبـۆوە، تـا وایلێهات مەشقو ڕاهێنان بووە بەشێك لە ژیانم.

ڕۆژێك فەرماندەی فەسیلەکەمان بانگی کردمو وتی: بڕۆلای فەرماندەی بنکەی مەشقو ڕاهێنان کارێکی پێتە. کە چوومە لای وتی: ڕۆڵە فەرماندەی باڵای سووپای لیڤی لە عێراق بارەگاکەیان لە حەبانیەیە، داوای سەربازێکی بەتەمەن بچووکی خەڵکی ناوچەکەی کردووە بۆ کاری شوفێری، کەلو پەلەکانت کۆبکەرەوەو وەرەوە لام تا لەگەڵ نووسراوێك بە شەمەندەفەر ڕەوانەی ئەوێت بکەم. منیش وتم: گەورەم خۆ من نە شوفێری دەزانم وە نە زمانی ئینگلیزیش دەزانم. وتی: کێشە نیە، خۆیان چارەسەری دەکەن. ئیتر ئەوەبوو دوای ئەوەی کەلو پەلەکانم کۆکردەوە، بە یاوەری سەربازێك لەگەڵ نووسراوێك بە شەمەندەفەر ڕەوانەی لای ئەو گەورە فەرماندەیەی کردم.

ئەو فەرماندەیە مێجەر (سی. بویلی)بوو، لە دوای مردنی جەنارال مۆد، کرابووە بەرپرسی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق، کۆمەڵێك نیشانەی سەرکەوتنی لە جەنگی جیهانی یەکەمی بە شانەوە بوو، کە منی دیت زۆر دڵخۆش بوو، وتی: ڕۆڵە تۆ زۆر منداڵتری لەوەی کە پێشبینیم دەکرد، چیرۆکی تۆ چیە؟ چۆنە بەو منداڵییە هاتویتە ڕیزی سەربازی؟ منیش بەوردی سەربردەی خۆمم بۆ گێڕایەوە. سەری خۆی لەقاندو وتی: دانیشە. دەستی بەسەرم داهێناو وتی: خەم مەخۆ، تۆ بێکەس نیت، ئیتر لێرە بەولاوە تۆ دەبیتە یەکێك لە خانەوادەی ئێمەو دەبیتە شوفێری تایبەتی منو خانەوادەکەم. وتم: گەورەم من شوفێری نازانم، هەروەها زمانی

ئینگلیزیش نازانم چۆن لێم تێدەگەن؟ وتی: ئەوە کاری ئێمەیە، هەر لە بەیانیەوە دەتنێرم بۆ خولی مەشق و ڕاهێنانی شوفێری، کە بەتەواوەتی فێری شوفێری بویت ئوتۆمبێلەکەی خۆمت ڕادەست دەکەم و دەبیتە شوفێری تایبەتی من. وتم: گەورەم ئەی چی لە زمانەکە دەکەیت؟ وەکو وتم: من هیچی لێنازانم. وتی: هیچ کێشە نیە، سەرەتا بۆ ماوەیەکی باش وەرگێڕێکت لەگەڵ دادەنێم تا قسەکانی ئێمەو تۆ وەرگێڕێت، دوایی کە بە تەواوی فێری زمانەکە بوویت، ئەوسا تەنها پشت بە خۆت ببەستەو منیش لێت ڕادەبینم کە زوو فێربیت، چونکە تۆ هێشتا منداڵیت بەڵام توانای فێربوونت هەیە، دەبێ خۆشت هەوڵبدەیت کە زوو فێربیت. وتم: باشە گەورەم.

دوای ئەوەی منی ڕەوانەی خولی فێربوونی شوفێری کرد، لە ماوەی یەك مانگ بە تەواوەتی فێری لێخوڕینی ئوتۆمۆبیل بووم. تەنانەت لەسەر زۆربەی جۆری ئۆتۆمبێلەکان ڕاهێنانیان پێکردم، لەوانە ئۆتۆمبێلی بچووك و گەورە. لە کۆتایی خولەکەش، ئەفسەرێك لە تەنیشتم دانیشت و ئاراستەی دەکردم کە ئوتومبێلەکە لە تەختایی هەروەها لە شوێنی هەورازو نشێوی لێبخوڕم. ئەوەبوو بەپێی فەرمانی ئەو بەهەموو شێوەیەك لێمخوڕی، کە دیتی بە تەواوەتی فێری لێخوڕین بوومە، بڕوانامەی دەرچوونی خولەکەی بەسەرکەوتوویی بۆ واژۆکردم و ڕەوانەی لای فەرماندەی باڵای ئینگلیزەکانی کردمەوە.

مێجەر (سی. بویلی) پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێکردمو فەرمانیدا سویچی ئوتومبیلەکەیم بدەنیۆ وتی: ئێستا تۆ لێرە بەولاوە شوفێری تایبەتی منیو تەنها فەرمان لە من وەردەگریتو هەقت بەکەسی ترەوە نەبێت.

خوا دەرگایەکی گەورەی بۆ کردمەوە، لە ژیانێکی کۆڵەمەرگیەوە چومە ژیانێکی خۆشو ئاسوودەو چارەنووسی منی لە گەورەترین فەرماندەی باڵای هێزی ئینگلیز نزیك کردەوە کە بە خەونو خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات.

هەندەی نەبرد، لە ماوەیەکی زۆر کەم، بە تەواوەتی فێری زمانی ئینگلیزی بوومو وەکو کوڕی خۆیان تەماشایان دەکردمو بوومە یەکێك لە خانەوادەکەیان لە نێوان ئۆفیسی جەنەراڵو ماڵەوەیاندا کارم دەکرد.

جێبێکی شۆفەرلێتی سەربازیم لێدەخوڕی. بەیانیان جەنەراڵم دەبردە ئۆفیسەکەیو ئەگەر خانەوادەکەشی کارێکیان هەبوایە تەلەفۆنیان بۆ دەکردمو دەچوومە ماڵەوەو کارەکانی ئەوانیشم جێبەجێ دەکرد.

ڕۆژێك هاوسەرەکەی مێجەر (سی. بویلی) بانگی کردمو وتی: ئۆتۆمبێلەکە ئامادەبکە، دەرچوونمان هەیە بۆ کڕینی هەندێك کەلو پەل. منیش وەکو ڕۆژان ئاسایی ئۆتۆمبیلەکەم گەرم کردو ئالای بەریتانیای گەورەشم لە پێشەوەی جێبەکە هەڵکرد. کاتێك هاوسەری جەنەراڵ هات، وتی: ئەم ئالایە بهێنە خوارەوە، ئەوە تەنها بۆ جەنەراڵ هەڵدەکرێت. دوای

ئەوەی چووینە بازاڕو کەلو پـەلمان کـڕی هاوسـەری مێجـەر (سـی. بـویلی) گەیاندەوە ماڵەوە، دوایی چوومەوە ئۆفیسەکەی مێجەر.

دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی کە گەڕاینـەوە ماڵـەوە، هاوسـەرەکەی مەسەلەی هەڵکردنی ئالاکەی بۆ مێجەر گێڕایەوە. مێجەر زۆر پێکەنی، ڕووی تێکـردمو وتـی: ئـەوە تـۆ چـیت کـردووە، ئـەو ئالایـە بـۆ هاوسـەرەکەم هەڵناکرێت، ئەوە تەنها بۆ من هەڵدەکرێت. منیش داوای لێبوردنم کـردو وتم: جارێکی تر ئەوە دووبارە ناکەمەوە.

جـارێکی تـر دەمـەو ئێوارەبـوو، بـە یـاوەری مێجـەر، لەگـەڵ ڕەتلێـك ئۆتۆمۆبێـلو کەرەسـتەی سـەربازی لـە شـاری هـەولێرەوە بـەرەو حەبانیـە دەگەڕاینـەوە. گەیشـتینە نزیـك ئـاوی مورتکـە، بـە مێجـەرم وت: گـەورەم گوندەکـەی ئێمـە لێـرەوە نزیکـە، مـاڵی براگەورەکـەم لەوێیـە، لەوکاتـەی پەیوەندیم بـە سـەربازییەوە کـردووە نـەم بینیـونو زۆر غـەریبیان دەکـەم. دەتوانم تەنها بۆ یەك کاتژمێر سەردانیان بکەمو پێیان بڵێم کە خەمی منیان نەبێت لەگەڵ ئێوە کاردەکەم.

وتی: گوندەکەی ئێوە کامەیەو ناوی چیە؟ بە دەست ئاماژەم بـۆ کـردو وتم: ئـەو گونـدەی پێشـەوە، گونـدی دارەتـووەو ئـەوەی دوای ئـەویش باغەمرەیە، ئەوانە گوندەکانی ئێمەن. وتی: باشە ئێمە لەسەر ئاوی مورتکـە پشـوێك دەدەیـن تـا تـۆ دێیتـەوە، بـەلام وریابـە زۆر دوانەکـەویت نـەوەك شەومان بەسەردابێت.

ئەوەبوو بە ئاڕاستەی گوندی دارەتوو ڕۆیشتم، لە ڕێگا چاوم بە مەلا محەمەدی برازام کەوت، دەچووە گوند، جێبەکەم لێی نزیک کردەوەو هۆڕنێکی درێژم بۆی لێدا. لەگەڵ ئاوڕدانەوە ڕاچڵەکی‌و بە ترسەوە تەماشای کردم. منی نەناسیەوە چونکە جل‌و بەرگی سەربازیم لەبەربوو کە بریتی بوو لە چاکەتێک‌و پانتۆڵێکی نیوەی خاکی‌و کڵاوێکیشم لەسەر بوو کە چەند پەڕەمووچێکی لە تەنیشتییەوە بۆ ئاسمان بەرز ببۆوە. زۆر ترسا، قاچێکی کردە دوان‌و وەک کەروێشک بۆی دەرپەڕی‌و لەبەرخۆشیەوە بە دەنگی بەرز دەیوت (کافر ئەوە تۆ بەتەمای چی، وازم لێ بێنە).

منیش سەرم لە پەنجەرەکە دەرهێناو پێم وت: مەلا محەمەد وەرە ڕامەکە من مامتم. کە وام وت هۆپێکی لەخۆی کردو دەمێک بەسەر سوڕمانەوە تێی ڕوانیم، پاش ئەوەی لێم دڵنیابوو، هاتە پێشەوەو وتی: ئەوە تۆ بەو جل‌و بەرگانە چ دەکەی؟

وتم: بوومەتە سەربازی ئینگلیزەکان‌و ئێستا شوفێری تایبەتی فەرماندەی باڵای ئینگلیزەکانم. وەرە سواری جێبەکە بە، تا بەیەکەوە بچینەوە، زۆر بیری کاکم مەلا سەعید دەکەم، دەمەوێ پێش ئەوەی بگەڕێمەوە حەبانیە چاوم پێی بکەوێت.

بەو شێوەیە چوومە گوندی باغەمرە، خەڵکی گوند کە چاویان بەمن کەوت هەموویان سەریان سوڕما، لە دەورەم کۆبوونەوە، کاکم مەلا سەعیدیش هات‌و وتی: ئەوە چیە تۆ لەکەیەوە بوویتە سەربازی ئینگلیز؟

وتم: ئەوە بۆ شەش حەوت مانگ دەچێت، ئـەمڕۆ لەگـەڵ مێجـەر لـە هـەولێر بووین، بەرەو حەبانیە دەگەڕاینـەوە، مۆڵـەتم لێـی وەرگـرت کـە سـەردانتان بکەم. بـەو مەرجـە ڕێگـای پێـدام کـە زۆر دوانەکـەوم، ئـەوان لەسـەر ئـاوی مورتکە چاوەڕێم دەکەن، بۆیـە دەبـێ هـەر ئێسـتا بگەڕێمـەوە لایـان. کـاکم وتـی: چـۆن وادەبـێ، ئێمـە ماوەیـەکی زۆرە تۆمـان نـەبینیوەو زۆر خـەمی تۆمان بوو، وتمان دەبێ ئەو کوڕە چی بەسەرهاتبێت بێ سەروسۆراغ بووە، ستایش بۆ خوا کە چاومان پێت کەوتـەوە، هـەرهیچ نـەبێت ژەمێـك نانمـان لەگەڵ بخۆ!! وتم: ناتوانم، من سەربازم ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبم، دواتر ئەوەی من کاری لەگەڵ دەکەم ئەفسەرێکی ئاسایی نیە، بـەڵکو گـەورەترین فەرماندەی ئینگلیزەکانە لە ناوچەکە. کە وام وت، کـاکم جیسـکێکی هێنـاو خسـتییە نـاو جێبەکەمـەوەو وتـی: مـادام ئـەو فەرماندەیـە هێنـدە لەگـەڵت باشە، سلاووڕێزی منی پێبگەیەنەو ئەم جیسکەی بە دیاری بۆ ببە.

بــەو شــێوەیە ماڵئــاواییم لــە خــەڵکی گوندەکــە کــردو بــەرەو لای فەرماندەکەم گەڕامەوە. کە چاویان پـێم کـەوت زۆر دڵخـۆش بـوون، مێجـەر ڕووی تێکــردمو وتــی: ئێمــە زۆر دودڵ بــووین، ترســاین نــەبادا شــتێکت بەسـەرهاتبێت، ئەگـەر تـۆزێکی تـر دوابکـەوتبایت هێزمـان لـەو دەوروبـەرە بڵاودەکردەوە بۆ گەڕان بە شوێنتدا. کە چاوی بە جیسـکەکە کـەوت، وتـی: ئەی ئەمە چیە؟ وتم: ئەمە دیاری کاکمە بـۆ تـۆ. وتـی: سـلاوی ئێمـەی پـێ ڕابگەیەنەو ئەم جیسـکەی بـە دیـاری بـۆ ببـە، بـا دیـاری ئێمـە بێـت لـەپای

چاکەی ئەو. زۆر پێکەنیو وتی: جا چۆن دڵمان دێت ئەم جیسکە جوانە سەربڕین.

بەرەو حەبانیە گەڕاینەوە. کە گەیشتینەوە جێ، مێجەر چیرۆکی جیسکەکەی بۆ هاوسەرەکەی گێڕایەوە. لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان شوێنێکیان بۆ جیسکەکە ئامادەکردو لەوێ بەخێویان دەکرد. دوای چەند مانگێك جیسکەکە بووە دابەستیو بە تەواوەتی گەورە ببوو. هەموو جارێ پێی دەوتم: نازانین چی لەو جیسکە بکەین، لەوە گەورەتر نابێت، دڵیشمان نایەت سەری ببڕین، زۆرمان خۆشدەوێ چونکە خۆمان پەروەردەمان کردووە.

دواجار توانیم قەناعەت بە مێجەرو هاوسەرەکەی بهێنم کە شتێکی سروشتیەو هەموو ئاژەڵێك چەقۆی لەسەرەو ئەمڕۆش نەبێ بەیانی هەر دەبێ سەری ببڕین، بۆیە بڕیارماندا سەری ببڕینو بەیەکەوە بیخۆین.

چیرۆکی ئەو جیسکە هەر نەبڕایەوە، زۆرجاران مێجەر لای ئەفسەرەکانو بەرپرسە ئینگلیزەکان بە پێکەنین بۆیانی دەگێڕایەوەو ئەوانیش تێر پێدەکەنین.

ژیانم لەگەڵ مێجەر (سی. بویلی) گۆڕا. زۆر شتی لێفێربووم، زمانو ڕێزگرتن لە کاتو دەسپاکیو خاوەن بەڵێنیو پاكو خاوێنیو بوێریو دڵسۆزی بۆ کارو تەنانەت هێندە لەگەڵیان تێکەڵاو ببوم، بە جۆرێك

هەڵسوکەوتم دەکرد ئەگەر خۆم نەموتایە، کەم کەس دەیانزانی کە کوردم، هەروایان دەزانی هاوڵاتییێکی ئینگلیزم.

مێجەر (سی. بویلی)، سەرپەرشتیاری هێزەکانی ئینگلیز بوو لە عێراقو ئێرانو تورکیاو قوبرسو ئوردن. ناوە ناوە سەردانی ئەو وڵاتانەی دەکردو هێزەکانی ئینگلیزی لەو شوێنانە بەسەردەکردەوەو سەردانی سەرۆکی ئەو وڵاتانەشی دەکرد کە هێزەکانی ئەوانی لێ بوو. بۆچوونی ڕەسمی بەریتانیای پێڕادەگەیاندنو بۆ ئەنجامدانی هەندێ شت ئاراستەی دەکردن. لە هەموو سەردانەکانیش بۆلای ئەو سەرۆكو گەورە بەرپرسانە منی لەگەڵ خۆی دەبرد.

هەرجارێکیش سەردانی ڕەزاشای ئێران یان شا عەبدوللای ئوردن یان مەلیك فەیسەڵی دووەمی عێراقی بکردایە، پاسەوانی شەرەفیان بۆی دەردەکردو ئاڵای هەردوو وڵاتیان بۆ هەڵدەکردو فەرشی سووریان بۆی ڕادەخست.

جارێك چووینە شاری بەغدادو سەردانی مەلیك فەیسەڵی دووەمی کرد، مەلیك فەیسەڵی دووەم بە ئامادەبوونی عەبدولئیلای خاڵیو نووری سەعیدی سەرۆك وەزیران لە کۆشکی ڕیحاب پێشوازی لێکردینو بۆ ناو کۆشك بە پێش خۆیان داین، بەڵام مێجەر زۆر پەلەی بوو، بۆیە وتی: پێویست ناکات بێمە ژوورەوە، هەر لەناو باخچەکە هەندێك لەگەڵتان دادەنیشمو تەنها قاوەیەکتان لەگەڵ دەخۆمەوە.

ڕووی لە عەبدولئیلا کردو پێی وت: وریابن وا خەریکە حزبی شیوعیو لایەنگرانی یەکێتی سۆڤێت لەهەموو شارو شارۆچکەکانی عێراق ڕوو لە زیادی دەکەن، ئەمە هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانمان لەم ناوچەیە، بۆیە پێویستە ئێوە بەرنامەیەکتان هەبێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان، ڕێگری بکەن لە پەرەسەندنیان، دەبێ سنوورێکیش بۆ گەل دابنێن، سەگ کە تێر بوو قەپاڵ لە قاچی خاوەنەکەی دەدات، بۆیە دەبێ زیاتر برسیان بکەن تاکو زیاتر گوێڕایەڵتان بن.

هەرلەو دانیشتنەدا، نووری سەعید ڕووی لەمن کردو وتی: تۆ خەڵکی کوێی لە بەریتانیای گەورە؟ بە عەرەبی وەڵامم دایەوەو وتم: گەورەم من کوردمو خەڵکی شاری هەولێرم. کە ئەمەم وت حەپەسا! ڕووی لە مێجەر کردو بە ئینگلیزی پێی وت: نەمزانی ئەم کوڕە قۆزە کە لەگەڵتە خەڵکی عێراقە، هەڵسو کەوتەکانی زۆر لە ئێوەی ئینگلیز دەکات، بۆیە پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە کوردی عێراق بێت.مێجەریش وتی: ڕاست دەکەی، گەنجێکی ڕێکوپێکە، پەروەردەی دەستی خۆمانە، خۆشی زۆر بە جوانی کارەکانی دەکات.

نووری سەعید دەستی خستە سەرشانمو وتی: تۆ ڕۆڵەی خۆمانی شانازیت پێوە دەکەین، سەری ئێمەت بەرزکردۆتەوە کە جێگەی متمانەی مێجەرو ئینگلیزەکانی، هەر ئیشو کارێکت هەبوو، یان هەر شتێکت

پێویست بوو، دەتوانی لە ماڵەكەمان لە گەڕەكی ساڵحیە یان لە ئەنجوومەنی وەزیران بێیتە لام.

بەم شێوەیە، دیداری ئەو ڕۆژەمان لە كۆشكی ڕیحاب بە ئامادەبوونی مەلیك فەیسەڵو یاوەرەكانی كۆتایی پێهاتو گەڕاینەوە بنكەكەمان لە دەریاچەی حەبانیە.

جارێكی تریش بەیاوەری مێجەر چوینە مەملەكەتی ئوردنی هاشمیو لەوێ مەلیك عەبدوللا پێشوازی لێكردینو لە كۆشكەكەی خۆی مێوانداری كردین. مێجەر (سی. بویلی) بە مەلیك عەبدوللای وت: من هاتووم گلەییەكانی بەریتانیای گەورەتان بۆ بێنمو پێتان بڵێم گرووپە عەرەبە توندڕۆكان لە دژی بەرژەوەندییەكانی ئێمەو جوولەكە هاوپەیمانەكانمان ڕوویان لە زیادی كردووەو خەریكە دەبنە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە باڵاكانی ئێمە لە ناوچەكەدا. ئێوە دەزانن، دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ ئێمە چ واتایەك دەگەیەنێو هەر هەڕەشەیەك ئەگەر بچووكیش بێت بۆسەر جوولەكەكان، هەڕەشەیە بۆسەر بەریتانیای گەورە، بۆیە دەبێ سنوورێك لەبەردەم چالاكیی تیرۆرستیی وهێزی توندڕۆیی ئەوان بەرامبەر جوولەكەكان دابنێن. ئێوە هێزی پێكەوەژیانو برایەتیو تەبایی لە نێو هاوڵاتیانی خۆتان بڵاو بكەنەوەو ئاستی پەیوەندییەكانتان لەگەڵ ئیسرائیل باشتر بكەن، بەلای ئێمەوە گرینگ نیە ئێوە لەبەر جەماوەری خۆتانو وڵاتانی عەرەبی لەسەرەوە چی دەڵێنو چۆن ڕەفتار دەكەن، گرینگ

ئەوەیە لەژێرەوە خۆتان بە هاوپەیمانی ئێمەو جوولەکەکان بزانن‌و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هەوڵ بدەن. چونکە بەرژەوەندییەکانی جوولەکە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێمە یەك دەگرنەوە، بە پێچەوانەشەوە پەیامێکی زۆر توندمان دەبێ.

دوای کۆتایی هاتنی دیدارەکە سەردانی کەرتەکانی سووپای ئینگلیزمان کردو مێجەر لەگەڵ ئەفسەرەکان‌و کارمەندەکانی بنکەکەمان لە وێ کۆبۆوەو ڕاوبۆچوون‌و ڕاسپاردەکانی بەریتانیای گەورەی پێڕاگەیاندن.

کۆتاییمان بە گەشتی ئەو جارەمان هێنا کە دوو ڕۆژی خایاندو دوایی گەڕاینەوە عێراق.

ژیانم لەگەڵ مێجەر (سی. بویلی) بەتەواوەتی گۆڕا، هەرچەندە زۆر ماندوو بووم، چونکە زۆربەی کاتەکانمان لە بەسەرکردنەوەی کەرتەکانی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق‌و وڵاتانی دەوروبەری بەسەر دەبرد. بەڵام بۆمن تاقیکردنەوەیەکی زۆر بەسوود بوو، زۆر شتیان لێفێربووم، یەکێك لەو دەرسانەی کە لە ئینگلیزەکان فێربووم، خۆشەویستی وڵاتەکەم. بە مانای ئەوەنا کە ئینگلیزەکان وڵاتی ئێمەیان خۆشبوێ، نەخێر لەبەرئەوەی ئەوان لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتی خۆیان هەزاران میلیان بڕیبوو، لەپێناو خۆشگوزەرانی‌و ئاسوودەیی گەلی خۆیان گەلانی تریان دەچەوساندەوە، کەچی ئێمەی عێراقی بە گشتی بێگانە پەرستین‌و لە جیاتی یەکگرتن‌و یەکتر قبوڵکردن، هەمیشە دژایەتی یەکتر دەکەین‌و لەبەردەم

دوژمنەكانیشمان تا پێمان كرابێت یەكترمان بچووك كردۆتـەوە، وابـزانم هـەر لەبەر ئەو هۆیەشە تاكو ئێستا ئێمەی كورد بـێ وڵاتـین‌و سـەدان سـاڵە هـەر پاشكۆی هێزی داگیركەرو دوژمنانی سەرسەختی گەلەكەمانین. وانەیەكی تر كە فێربووم، وانەی شـەرەف بـوو، لای ئێمـە شـەرەفی پیـاو لـە نـاو دامێنـی ژنەكانیانەو ڕۆژانە چەندین ژن بەبێ تاوان لەسەر دامێنی بە دەستی بـاوك‌و بـراو هاوسـەرەكانیانەوە دەكـوژرێن، لەكاتێكـدا لای ئینگلیزەكـان چـەمكی شـەرەف مانایـەكی زۆر جیـاوازی هـەبوو، بریتـی بـوو لـە ڕاسـتگۆیی‌و دەسـتپاكی‌و خـاوەن بـەڵێنی، كـە بەداخـەوە ئـەم چـەمكانە هیچـیان لـە كۆمەڵگای ئێمە بوونیان نیە.

لە گەڕانەوەمان بۆ عێراق، سەرەتا گەڕاینەوە حەبانیـەو شـەوێك لەگـەڵ خانەوادەكەی لەوێ ماینەوەو بۆ ڕۆژی دواتر وتی: جێبەكە ئامادەبكە ئەمڕۆ دەچـینە شـارەكەی تـۆ، شـاری هـەولێر، دەمێكـە سـەربازەكانمان لـەوێ بەسـەرنەكردۆتەوە. لەوێشـەوە دەچـینە تـاران بـۆ سـەردانی بنكـە سەربازییەكانمان لە ئێران‌و چاویشمان بە ڕەزاشا دەكەوێ.

بـەرەو شـاری هـەولێر بەڕێكـەوتین، چـەند كاتـژمێرێك بەرلـە ئێـوارە گەیشتینەجێ. سەرەتا سەردانی بنكە سـەربازییەكانی خۆیـانی كـردو لـەوێ چەندین دیدارو كۆبوونەوەی لەگەڵ ئەفسەرو فەرماندەكانی كـردو ڕێنمـایی‌و ڕاسپاردەی پێشكەشكردن‌و گوێی لە ڕاوسەرنجەكانیان گرت.

فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز لەشاری هەولێر، ڕووی لە مێجەر (سی. بویلی) کردو پێی وت: گەورەم ناڕەزاییەکانی خەڵك زیادی کردووەو لێرەو لەوێ پەیتا پەیتا دەڕژێنە سەرشەقامەکانو داوای چاکردنی بژێوی ژیانیان دەکەنو دروشمی دژی ئێمە بەرزدەکەنەوەو شیوعییەکانیش پشتگیرییان دەکەن، تەنانەت لە هەندێ شوێنیش هانیان دەدەن بۆ هەڵکوتانەسەر بنکەو بارەگاکانی ئێمەو توندو تیژیمان بەرامبەر دەکەن.

مێجەر سەری خۆی لەقاند، دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، وتی: باشە، هەر لە بەیانیەوە، بە خەڵکی شاری هەولێر ڕابگەیەنن ئەوکەسەی توانای کارکردنی هەیەو بێکارە، ناونووسیان بکەنو لە دەرەوەی شار لە بەیانیەوە تاکو ئێوارە چاڵیان پێ لێبدەن، بۆ ڕۆژی دواتریش پێیان پڕبکەنەوەو هەموو ڕۆژێکیش ئەمە دووبارە بکەنەوەو ڕۆژانەشیان پێبدەن تا ناڕەزاییەکانیان تەواودەبێتو لە خۆپیشاندان سارد دەبنەوە.

نزیکەی پێنج ساڵ وەك سەربازێکی لیڤی سەربە ئینگلیزەکان کارم کردو پلەی سەربازیم لەو ماوەیەدا بۆ سێ خەت بەرزبۆوە، بە درێژایی ئەو ماوەیەش شوفێری تایبەتی مێجەر (سی. بویلی) بووم، هەرچەندە کارەکەم زۆر قورس بوو زۆریش ماندوبووم، بەڵام فێری زۆر شت بوومو دەرگایەکی گەورەم بەڕوودا کرایەوە، بەچەشنێك گشت هەژاریو نەداریو خەمی ساڵانی ڕابردووو بێ باوکی لەبیر بردمەوە. هەرکاتێکیش بەسەردان دەگەڕامەوە گوندەکەی خۆمان، خەڵکی ئاوایی بۆ پێشوازیم دەهاتنو لە دەورەم

کۆدەبوونــەوە، تەنانــەت گــەورەی گونــدیش زۆر شــانازی پێمــەوە دەکــردو داوای لێدەکردم لای ئینگلیزەکان ئاگام لێیان بێت.

دوای تێپــەڕبوونی ئــەو ماوەیــە بــەریتانیای گــەورە بڕیاریــدا، بــە هەڵوەشــانەوەی ســوپای لیڤــی، دوو بــژاردەیان لەبــەردەم ســەربازەکان و پلــەدارەکانی ئــەو ســووپایە دانــا. یــان بــە خانەنشــینبوونیان یــانیش گواستنەوەیان بۆناو سووپای عێراقی.

-٢-

# بێکار بوومەوە

دوای ئەوەی مێجەر (سی. بویلی) بڕیارەکەی پێڕاگەیاندمو نیگەرانی خۆی بۆم دەربڕی، وتی: بڕیارێکی وا لەسەرووی خۆمانەوە دەرچووە زۆر بەلامەوە ناخۆشە، لەدەستدانی تۆ بۆ منو خانەوادەکەم خەمێکی گەورەیە، بەڵام هیچ بژاردەیەکمان نیە، ئیتر ئەوە ژیانە، ئێمەش ئەمڕۆ لێرەینو بەیانی لەشوێنێکی تر، ئەمڕۆ سەربازینو بەیانیش خوادەزانێ چارەنووسمان بەچی دەگات. هیوای سەرکەوتنو تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم، هەرچەندە تۆ دەڕۆی بەجێمان دەهێڵی، بەڵام پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئێمە هەر دەمێنێتەوە، کۆمەڵێك یادگاری خۆشو ناخۆشمان بەیەکەوە هەیە لەبیر ناکرێن.

بژاردەی دووەمم هەڵبژارد، داوای گواستنەوەم بۆ سووپای عیراقی کرد. نووسراوێکی بۆکردمو بە شەمەندەفەر بەرەو شاری هەولێر گەڕامەوە. بۆ ڕۆژی دواتر بە جلو بەرگی سەربازی لیڤی چوومە بنکەی مەشقو ڕاهێنانی سەربازی شاری هەولێر. لەوێ کۆمەڵێك دۆستو برادەری خۆمم بینی، کە ئەوانیش لەو بنکەیە مەشقو ڕاهێنانی سەربازیان دەکرد. کە چاویان بەمن کەوت بە جلو بەرگی سەربازیەوە، کە جیاوازییێکی زۆری

لەگــەڵ جــلو بــەرگی ئــەوان هــەبوو، بەتایبــەتی پەڕەمووچــەکانی سەرکڵاوەکەم، هەموویان بەرەو لای من هاتنو بەدەم پێکەنینەوە وتیان: ئەو جلو بەرگە سەیرە چیە لەبەرتکردووە، ئەو پەڕەمووچانە چین لەسەر کڵاوەکەت؟ منیش وتم: ئەمە دەستووری سووپای ئینگلیزەکانە، نزیکەی پێنج ساڵ دەبێ من سەربازی ئینگلیزەکانمو ئێستاش بە بڕیارێکی بەریتانیای گەورە بە هەمان پلەو مافە داراییەکانی خۆم گەڕاومەتەوە ناو سووپای عێراقی.

ئیبراهیم خۆشناو هاوڕێی منداڵیم بوو، پێی وتم: خۆزگە بژاردەی دووەمت هەڵدەبژاردو خۆت خانەنشین دەکرد، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ سووپای عێراقی زۆر زەحمەتە، باوەڕناکەم تۆ دوای ئەم ماوە درێژەی کە لەگەڵ ئینگلیزەکان بەسەرت بردووە بتوانیت تەنانەت بۆمانگێکیش بەردەوام بیت.

لە ڕاستیدا پێشبینی ئەوەم نەدەکرد، بۆیە هیچ گوێم بە قسەکانی ئەو هاوڕێیەم نەداو نووسراوەکەم پێشکەشی فەرماندەی بنکەکە کردو ئەویش نووسراوەکەی ئاراستەی کۆگاکرد، جلو بەرگی سەربازی عێراقیان پێدام، بە هەمان پلەی سەربازی خۆم لەو بنکەیە دەوامم کرد.

دوای چەند ڕۆژێك مەشقو ڕاهێنان، بۆم دەرکەوت کە قسەی برادەرەکەم ڕاستە. هەر لەو کاتەی دەچوینە گۆڕەپانی نمایشکردنی سەربازی تا دەگەڕاینەوە، سوکایەتیمان پێدەکرا، ئەفسەرەکانو

پلەدارەکان بە ناووناتۆرەی ناشیرینو بە جوێنی پیس بانگیان دەکردین. بۆ هەر هەڵەیەك یان سەرپێچییەکی بچووك، وێڕای سووکایەتی پێکردنمان، سزایەکی زۆر قورسو ئابڕووبەرانەیان دەداین. تەنانەت، زۆرجارانیش، بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکیشمان کردبێت، هەر لەبەر هەڵەی چەند سەربازێك، تەواوی فەسیلەکە سزا دەدرا. ئەم هەڵسو کەوتانە بەلای منەوە زۆر نامۆبوون، لەگەڵ پەروەردەی منو ئەزموونەکەم لەگەڵ ئینگلیزەکان نەدەگونجا، بۆیە هەر زوو، دوای چەند ڕۆژێك پەشیمان بوومەوەو لە سووپا هاتمە دەرەوە.

ئەو ڕۆژەی جلو بەرگو کەلو پەلە سەربازییەکانم ڕادەستی بنکەی مشقکردنو ڕاهێنانی سەربازی کردەوە، زۆر خەمبار بووم، دودڵ بووم لەوەی ئایا بگەڕێمەوە گوندەکەمانو ژیانی بێکەسیو کۆڵەمەرگی لەگەڵ دایکێکی پیری نابینا بەسەربەرم یان لە شاری هەولێر بەدوای کارێکدا بگەڕێم. ئەمەو چەندین بیرۆکەی ترم بەخەیاڵدا دەهات، بە دەم ڕێگاوە لە خەیاڵی خۆمدا بەدوای بژاردەیەکی گونجاو دەگەڕام. دەمێك بوو نانو کەبابی هەولێرم نەخواردبوو، سەرەتا چوومە کەبابخانەو نانێکی تێروپڕم خوارد، وەکو هەمووشمان دەزانین هەولێر هەر لەدێرزەمانەوە بە ماستی مەڕ بەناوبانگ بووە، بۆیە جامێك ماستاوی ساردیشم لەسەرکردو دوایش چایەکی گەرمی سەر ڕەژووشم لەسەر فڕکرد. هەر لە کەبابخانە چاوم بە کەسێکی خەڵکی گوندەکەم کەوت، ماستو پەنیری بۆ شار هێنابوو،

باوەشی پێداکردمو یەکدیمان ماچکرد، زۆر دڵی خۆش بوو بە بینینی من، بەسەر سوڕمانەوە وتی: ئەو ماوە زۆرە لەکوێ بوویت، ئێمە دڵمان هەر لەلات بوو، دەمانوت تۆ بڵێی شتێکی بەسەرنەهاتبێت.

لە ڕاستیدا من لەو زیاتر دڵم خۆش بوو، ژیانی غەریبی زۆر ناخۆش بوو، بە بینینی ئەو لە خۆشیاندا شاگەشکە بووم، دەستیم گرتو چووینە چایخانەی عەبۆو لەوێ بەدەم چایەخواردنەوە چەند ساتێکی خۆشمان بەیەکەوە بەسەر برد، داوام لێی کرد بە دوورو درێژی چیرۆکی گوندەکەمانم بۆ بگێڕێتەوە. ئەوەبوو هەر لەپیرە دایکمەوە تا گەورەو بچووکی گوندەکەمان، سەربردەی هەموویانی بۆ گێڕامەوە، دواتر ئەویش داوای لێکردم منیش چیرۆکی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. منیش گشت بەسەرهاتی خۆمم بۆیان گیڕایەوە لەو ڕۆژەی گوندم بەجێ هێشتبوو تا هاتنەوەم بۆ شاری هەولێر. دوایی وتی: کات درەنگە من دەبێ بگەڕێمەوە گوند، نازانم تۆ چ بڕیارێکت داوە، ئایا دەگەڕێیتەوە یان بەدوای کارێکی تردا دەگەڕێیت.

وتم: نیازم نیە بگەڕێمەوە گوندەکەمان، بەڵام ناشزانم چی بکەم. من کەس لێرە ناناسمو نازانم چۆن کارێك بدۆزمەوە. وتی: با پرسێك بە مام عەبۆ بکەین ئەو خەڵکی شاری هەولێرەو زۆر کەس دەناسێت، زۆرن ئەوانەی ڕێیان دەکەوێتە چایخانەکەی، لەوانەیە بتوانێ هاوکاریت بکات یان هەرهیچ نەبێت ڕێگایەکت نیشان بدات.

بیرۆکەکەم بەلاوە باش بوو، سڵاوم لێی کردو پێم وت: مام عەبۆ من خەڵکی گوندی قۆڕیتانم، نزیکەی پێنج ساڵ سەربازی سووپای لیڤی ئینگلیزەکان بووم، زمانی ئینگلیزی زۆر بەباشی دەزانمو دەستی شوفێریشم هەیە. ئێستا بەیەکجاری گەڕاومەتەوە شاری هەولێر، بەدوای کارێکدا دەگەڕێم کە بژێوی ژیانمی پێ دابین بکەم، ئەگەر کەسێك شك دەبەی پێویستی بە یەکێکی وەکو من بێت زۆر مەمنوونت دەبم بەیەکتریمان بناسێنیت.

وتی: زۆر باشە، بڕۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە لە نزیك منارەی چۆلی، لە ڕیستورانتی وێستگەکە کەسێکی لێیە، ڕۆژانە بۆخۆشی خۆی لەوێ دادەنیشێتو کات بەسەردەبات، ناوی عەبدوللا سکۆدەو ئەویش وەکو تۆ زمانی ئینگلیزی باش دەزانێتو پەیوەندییێکی باشی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەیە. بەناوی من بچۆ لایو سڵاوی منی پێ بگەیەنەو عەرزی حاڵی خۆتی بۆبکە، لەوانەیە شتێکت بۆ بکات.

-٣-

# لە بەنداوی بێخمە دامەزرام

چایخانەمان بەجێهێشت، لەگەڵ هاوڕێکەم ماڵئاواییمان لەیەك کرد، ئەو گەڕایەوە بۆ گوندو منیش بەرەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە ڕۆیشتم.

هوتێلێکی لێ بوو بەناوی ڕێستهاوس، باخچەیەکی خنجیلانەی جوانی هەبوو. هەروەکو مام عەبۆ وەسفی بۆکردم، پیاوێکی بە قەڵافەت، چاکەتو پانتۆڵێکی لەبەردابوو، شەپقەیەکیشی لەسەر بوو لەناو باخچەکە لەسەر کورسییێك دانیشتبوو قاچەکانی لەسەر یەك دانابوو، جگەرەیەکیشی بەسەر لێوەکانیەوە بوو، ناوە ناوە قومێکی قوڵی لێدەدا. لێی نزیك بوومەوە، دوای سڵاوکردن، پێم وت: لەلایەن مام عەبۆوە هاتوومو دەمەوێ کەسێك ببینم ناوی عەبدوللا سکۆدە، تۆ دەیناسیت؟ ڕووی تێکردمو وتی: من عەبدوللا سکۆدم، فەرموو چیت دەوێ؟ وتم: دەتوانم هەندێك لەکاتت بگرمو چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. وتی: بۆ نا. کورسییێکی ڕاکێشا لای خۆیو وتی: فەرموو دانیشە. دوای دانیشتن، وتی: چ دەخۆیتەوە، چایە یان قاوە؟ وتم: قاوەیەك دەخۆمەوە. بانگی گارسۆنەکەی کردو داوای لێکرد قاوەیەکم بۆ

بێنێـت. بـەدەم قاوەخواردنـەوە لـە ئەلفـەوە تـاکو یـا چـیرۆکی خـۆمم بـۆ گێڕایەوە. زۆر بەلایەوە سەیر بوو کە کوردێك لە شاری هەولێر ئـەم چـیرۆکە خۆشەی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەبێت. وتی: کورِم من شـانازیت پێوەدەکـەم، منـیش ئینگلیـزی بـاش دەزانم، بـا بەیەکـەوە تۆزێـك بـە زمـانی ئینگلیـزی قسـەبکەین، لەبەرئـەوەم نیـە خوانەخواسـتە بـاوەڕت پێنەکـەم، بـەڵکو بـۆ خۆشی خۆمانمە، دەمێکە لە کەسێك دەگەڕێم کـوردێکی خـەڵکی ئێرەبێـتو زمانزان بێت. من لە ئاسمانەوە بـەدوای کەسـێکی وەك تـۆ دەگـەڕام کەچـی لەسەر زەوی بەدەستم کەوتی.

بـە زمـانێکی ئینگلیـزی پـاراو قسـەم لەگـەڵی دەکـرد، هـەر پرسـیارێکی لێدەکردم بە خێرایی وەڵامم دەدایەوە، زۆر بەلایەوە سەیر بوو، وتـی: ڕۆڵـە من وامدەزانی هەر من ئینگلیزی دەزانم، کەچی تۆ زۆر لەمن باشتر دەزانی.

لەگـەڵ قسـەکانی عەبـدوڵلا سـکۆد، زۆر دڵـم خۆشـبوو، لـە خۆشـیاندا وەختبوو باڵبگرمو بفرم، لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگارم بوو، ئومێدێکم بۆ پەیدابوو. لەبیری خۆمدا دەمـوت (خـۆ ئەگـەر دەمودەسـتیش کـارێکم دەسـتنەکەوێ، هیـوای ئـەوەم دەبـێ لـە داهـاتوێکی نزیکـدا بـەو هیوایـە بگـەمو بکەومـە سـەرکارێك). مـن لـەو بیرکردنەوانـەدابووم، ڕووی تێکـردمو وتـی: ڕۆڵـە تـۆ لەکاتێکی زۆر گونجاودا هاتیتە لام، پاش کەمێکی تـر بەڕێوەبـەری بەنـداوی بێخمـە کـە کەسـێکی ئینگلیـزە دێتـە ئێـرە، بەیـەکترتان دەناسـێنم، ئـەوە

ماوەیەکە بەدوای کەسێکی وەك تۆدا دەگەڕێ، کە کوردێکی ئینگلیزیزانی خەڵکی ناوچەکە بێت، تاکو بیکات بە وەرگێڕو شوفێری تایبەتی خۆی.

بەم قسانە زیاتر دڵخۆش بووم، چاوم بڕیبووە دەرگای ڕێستهاوسەکە، هەر ئینگلیزێك دەهاتە ژوورەوە، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ئەمە ئەوکەسە بێت کە منی پێدەناسێنێت).

عەبدەللا سکۆد، لە هەڵسو کەوتی ڕادیار بوو، پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئینگلیزانە زۆر بەهێز بوو، هەر هەموویانی دەناسی، تەنانەت ئەوانیش بەرلەوەی بچنە ژوورەوە سلاویان لێی دەکردو لە ئەحواڵیان دەپرسی.

ئەمە گوڕوتینێکی زیاتری پێبەخشیمو بەدیهێنانی ئاوەتەکەشمی لە ڕاستی زۆر نزیك کردەوە. دوای کاتژمێرێك کەسێکی بالابەرزی سۆرو سپی چاوشین، چاویلکەیەکی لە چاو بوو، جانتایەکی دبلۆماسی بە دەستەوە گرتبوو بە یاوەری کەسێکی تر هاتە ژوورەوە. سلاوی لە عەبدوللا سکۆد کرد، ئەویش سلاوی لێ وەرگرتەوەو پێی وت: لە کاتێکی باش هاتی، بە دەستی ئاماژەی بۆمن کردو درێژەی بە قسەکانیداو وتی: ئەم کوڕە کوردەو خەڵکی شاری هەولێرە، نزیکەی پێنج ساڵ سەربازی ئینگلیزەکان بووەو ئێستاش گەڕاوەتەوە ئێرەو بەدوای کارێك دەگەڕێ.

ئینگلیزەکە بە عەبدوللا سکۆدی وت: ئەو کوڕە کوردە زمانی ئێمە دەزانێت؟ عەبدوللا سکۆد وەلامی دایەوەو پێی وت: ئینگلیزییێکی باش

دەزانێتو بەزمانێکی پاراو قسەی پێدەکات. ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەیت، نازانیت کوردە، هەروا دەزانی لە خۆتانە.

ڕووی تێکردمو بە زمانی ئینگلیزی پێی وتم: پێم بڵێ تۆ کێیتو بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ منیش بە زمانی ئینگلیزی خۆم پێی ناساندو وەڵامی پرسیارەکانیم دەدایەوە. سەری خۆی لەقاندو وتی: ئافەرین، تۆ ئەو کەسەیت کە من بەدوایدا دەگەڕێم، هەر لە ئێستاوە دەبیتە وەرگێڕو شوفێری تایبەتی منو لەگەڵ من کاردەکەیت.

سووپاسگوزاری بووم بۆ دامەزراندنم. بۆ کاتو شوێنی کارەکەم لەگەڵیدا ڕێککەوتین ئینجا، گەڕامەوە بازاڕو چوومە هوتێلی فەرەح کە لەسەر چایخانەی مەچکۆ. ژوورێکم گرتو ئەو شەوەم لەوێ بەسەربرد.

لە ژوورەکەی بەرامبەرم، کەسێکی لێبوو، چاکەتو پانتۆڵێکی خاکیو بۆینباغێکی سۆری فسفۆری بەستبوو، شەپقەیەکیشی لەسەر بوو، لەسەر تەختەی ژوورەکە لێی ڕاکشابوو. ڕۆمانی (گەشتی گەڕیدەیەکی سەرەڕۆ بۆ کوردستانی کێوی) لە دانانی کارل مای بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوە، هەر لە دوورەوە سڵاوێکم لێی کرد، بە زمانی ئینگلیزی سڵاوەکەی لێ وەرگرتمەوە.

سەرم سوڕما، لەبیری خۆمدا وتم: (تۆ بڵێی ئەم پیاوەش وەکو من سەربازی لیڤی نەبووبێت). لێی چوومە پێشەوەو وتم: واپێدەچێت تۆش وەکو من سەربازی لیڤی بووبیت؟ سەری خۆی لەقاندو وتی: نەخێر من

هاوڵاتی بەریتانیای گەورەم، بۆکاری پزیشکی هاتوومەتە شاری هەولێرو بۆماوەیەك لێرە دەمێنمەوە، دەمەوێ خزمەتێك پێشکەش بە هاوڵاتیانی ئێرە بکەم، ئەی تۆ کێیتو چ کارێکت هەیە؟

وتم: من خەڵکی گوندی قۆڕیتانم لە دەشتی هەولێر. ماوەی چەند ساڵێك سەربازی سووپای لیڤی ئینگلیزەکان بووم، ئێستا هاتوومەتەوە ئێرەو بەنیازم لەبەیانیەوە لە کۆمپانیای دروستکردنی بەنداوی بێخمە کاربکەم. وتی: ڕێکەوتیەکی خۆشە، دوای چەند ڕۆژێك لە تەنیایی، هاوڕێیەکی وەك تۆم بۆ پەیدابوو، کە لێم تێبگاتو منیش لێی تێبگەم.

ئەو شەوەمان بەیەکەوە زۆر بە خۆشی بەسەربرد، باسی ژیانی سەربازی خۆمم لە سووپای لیڤیو چۆنێتی پەیوەندیکردنم بەو سووپایە بۆی کرد. ئەویش باسی ژیانی خۆیو هاوسەرو منداڵە تاقانەکەی خۆی بۆکردم کە چۆن لە شاری لەندەن ژیان بەسەردەبەن. پێم وت: چۆنە بەتەنها هاتووی بۆ ئێرە؟ ژیانی تەنیایی ناخۆش نیە؟ وتی: وەکو پێشتر پێم وتی: من تەنها بۆماوەیەك لێرە دەمێنمەوە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خەڵکی ئێرەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەخۆشی سیلو هەناسە تەنگی لەو ناوچەیە، سەبارەت بە ژیانی تەنیاییش، لەو کاتەوەی پزیشکی سەربازی بووم، لە جەنگی یەکەمی جیهانیداو دواتریش لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەگەڵ تیمی پزیشکی یەکەی سەربازی وڵاتەکەم، هەر ڕۆژەی لە شوێنێكو لە وڵاتێك بووم، من لە ژیانی تەنیاییو

دووره وڵاتــی ڕاهــاتووم، نــاوه نــاوه خانەوادەکــەم بەجێــدەهێڵمو ڕوو لــه وڵاتێکی تر دەکەم بۆ گۆڕینی شێوەی ژیانم. مرۆڤ بـه دانیشـتن لـه شـوێنێك چەقبەسـتوو دەبێـتو ژیـانی هـیچ مانایـەکی نابێـت، بـەڵام بـه گـۆڕینی هەمووشتێك له ژیانی دەگۆڕێتو نویێ دەبێتەوه.

ئێمـه لـەو قسـانەدابووین، پـیره مێردێـك لەگـەڵ مێردمنـداڵێك لێمـان بەژوورکەوتن. پیاوه پیرەکه خۆی خسته سەر قاچـەکانی پزیشـکەکەو لێـی دەپاڕایەوەو دەیگـوت: فریـای ژنەکـەم بکـەوه کێشـەی منـداڵبوونی هەیـەو ژیانی له مەترسیدایه. پیاوەکه به زمانی کوردی قسەی دەکرد بۆیه دکتۆره ئینگلیزەکـه هیچـی لێتێنەدەگەیشـت، بـەڵام بـەخت یـاوەری بـوو کـه مـن لەودەمــه لــەوێ بــووم، قســەکانیم بــۆ پزیشــکەکه وەرگێڕایــه ســەر زمــانی ئینگلیزی. پزیشکەکه زۆر نیگەران بـوو، ڕووی لـەمن کـردو پێـی وتم: نـازانم چۆن یارمەتیان بدەمو چیان بۆبکەم، من پسپۆری نەخۆشییەکانی هـەناوموو ئەو داوایەی ئەوان دەیکەن، پێویستی به پسپۆریی لەدایکبوونی منداڵانه.

منیش ڕووم له پیرەمێردەکه کردو پێم وت: خاڵه ئەم پزیشکه پسـپۆری نەخۆشییەکانی هەناوەو دەڵێ من ناتوانم هیچیان بۆبکەم.

پیرەمێردەکه چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، له خەمان دەهـات بگرییـت، پەلاماری دەسـتەکانی منـی داو ویسـتی ماچـیان بکـات. دەسـتەکانی خـۆم کێشایەوەو پـێم وت: ئەسـتەغفیروڵڵا مـن خزمـەتکاری تـۆم. وتـی: ئۆخـەی سووپاس بۆ خوا، که فریشتەیەکی وەك تۆی بۆ پەیداکردین، کوڕی خۆم تۆ

لێم تێدەگەی، ئەوەی دەیڵێم، توخوا بەجوانی لەو پزیشکە بیانییەی بگەیەنە. کچەکەم زۆر جوانو جاحێڵە، هاوسەری ئەم کوڕەیە، دوگیانە، لە کاتو ساتی خۆیدایە، مامانمان بۆی هێناوە، دەڵێ کۆرپەڵەکە لەناو سکی چەقیوەو ژیانی کچەکەم بەو هۆیەوە لە مەترسیدایە، تەنها بە پزیشك ڕزگاری دەبێ.

ڕووم لە پزیشکەکە کردو قسەکانی پیرەمێردەکەم بۆ وەرگێڕا سەر زمانی ئینگلیزی. پزیشکەکە وتی: مادام وایە هیچ چارەیەکی ترمان نییە، لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤێك، هەرچەندە پسپۆری خۆشم نیە، بەلاَم پێویستە من شتێك بکەم. وتی: پێیان بڵێ باشە، لەگەڵیان دەچم، ئەوەی لەتوانام دابێ بۆیان دەکەم، بەلاَم بەرپرسیارێتی سەلامەتی ژیانی منداڵەکە هەڵناگرم. هەرچەندە ئەمە لەدەست خودای گەورە دایەو ئەوەی لە نیوچەوانیدا نووسرابێت دێتەدی.

کەلوپەلەکانی خستە ناو جانتا دەستییەکەیەوەو پێی وتم: تۆش دەتوانی لەگەڵم بێیت؟ پێویستم پێت دەبێت بۆ وەرگێڕانی قسەکانیان، چی دەڵێی؟ وتم: باشە، بەشانازیەوە مادام تۆ بە خۆبەخشی بۆ ڕزگارکردنی گیانی کەسانێك بچیت، منیش یاوەریت دەکەم، لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم.

هاتینە دەرەوەو دەرگای ژوورەکەی داخستو وتی: بابڕۆین. بەم شێوەیە لە هوتێلەکە چوینە دەرەوەو پیرەمێردو گەنجەکە لە پێشەوەمان

دەڕۆیشتن‌و ئێمەش بەدوایانەوە تا لە دەرگای قەڵات نزیك بووینەوە.

پیرەمێردەکە لە شوێنی خۆی ڕاوەستاو پارچە قوماشێکی ڕەشی لە گیرفانەکانی دەرهێناو دایە دەستم. وتم: خاڵە ئەم پارچە قوماشە ڕەشە بۆچییە؟ وتی: ڕۆڵە چاوەکانی ئەو پزیشکەی پێببەستەوە. منیش پێم وت: ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ لەبەرچی چاوەکانی ببەستمەوە؟ وتی: ئاخر لای ئێمە ئابڕوچوونە پیاو ژنی دوگیان ڕزگار بکات، ئەوە کاری مامانەکانە نەك پیاوان، بۆیە عەیب‌و عارێکی گەورەمان بەسەردێت‌و ناتوانین بەرگەی بگرین. منیش وتم: ئەو پزیشکە ئینگلیزەو کەس لێرە ناناسێت تا ناموسی کچەکەی تۆی لا باس بکات. ئەو بۆ ماوەیەکی کەم لێرە دەمێنێتەوەو دوایی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، پێویست بەو ترس‌و لەرزە ناکات.

ئێمە لەو قسانەدابووین، پزیشکەکە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای سیمای هەردووکمانی دەکردو لە پارچە قوماشە ڕەشەکەی دەست پیرەمێردەکە ڕاماو وتی: ئێوەباسی چی دەکەن، کات درەنگە، بابڕۆین نەوەك ئەو ژنە دوگیانە شتێکی بەسەربێت. منیش وتم: ئەو پیرەمێردە دەیەوێ چاوەکانت ببەستێتەوەو بەچاوی بەستراوەوە کاری ڕزگارکردنی منداڵەکەیان بۆ ئەنجام بدەیت. وتی: مەبەستیان چیە؟ وتم: دەڵێ لای ئێمە مامانی ژن کاری وا ئەنجام دەدات، بە شورەیی دەزانن پیاو ئەنجامی بدات، ئەوان لە قسەو قسەلۆکی خەڵکی دەترسێن.

کە ئەمەم پێی وت تۆزێك داما، دوای بیرکردنەوەیەکی کورت، وتی: باشە، مادام دابو نەریتی ئێرە ڕێگانادات لە حاڵەتی وەهادا پیاوان ژنان ڕزگار بکەن، من ڕازیم با بە ئارەزووی خۆیان بکەنو چاوەکانم ببەستنەوە، بەڵام دەبێ خۆیان بەرپرسیارێتی ئەگەری هەر ئەنجامێکی خراپ هەڵگرن. منیش قسەکانی پزیشکەکەم بۆیان وەرگێڕاو هۆشداریشم پێدان لە ئەگەری هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە ئەنجامی ئەم پێداگیرییەیان لەسەر بەستنەوەی چاوەکانی پزیشکەکە.

بەم شێوەیە، بە پەڕۆکی ڕەش چاوەکانی منو پزیشکەکەیان بە توندی بەستەوەو ئێمەیان بەرەو ماڵی خۆیان برد. ئێمە بەچاوی بەستراوەوە هیچ شتێکمان نەبینی، بەڵام گوێمان لە ناڵەو گریانی ژنو منداڵان بوو، هەستمان بەوە دەکرد کە ئەو ژنە دوگیانە لە چ دۆخێکی خراپو ناڵەباردایە. پزیشکەکە پێی وتم: پێیان بڵێم هەموویان بچنە دەرەوە، تەنها یەکێکیان لەگەڵ ئافرەتە دوگیانەکە لە ژوورەکە بمێنێتەوەو لە ڕاپەڕاندنی کارەکانمان بەردەستیمان بکات.

بەم شێوەیە، ئەو داوای هەر ئامێرێکی بکردابا بەمنی دەگوت، منیش بەو کەسەم دەگوت کە هاوکارمان بوو لەو نەشتەرگەرییەدا. کارێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام پزیشکەکە وەك بڵێی پێشتر مەشقی لەسەر ئەنجامدانی ئەمجۆرە نەشتەرگەریانە بەچاوبەستراوەییەوە کردبێت، زۆر بوێرانەو بلیمەتانە بەسەرکەوتوویی نەشتەرگەرییەکەی ئەنجامدا. کە گوێی لە گریانی

کۆرپەڵەکە بوو، لە خۆشیاندا وەخت بوو باڵ بگرێت. پێی وتم: وابزانم کارەکەمان سەرکەوتوو بووە؟ پێیان بڵێ ئایا باری تەندروستی دایکو کۆرپەلەکەی چۆنەو هیچ شتێکی تر ماوە ئێمە بیکەین؟

هەر لەو کاتەدا گوێم لە هەلهەلە لێدانو ستایشی ئامادەبووان بوو، ستایشی خوایان دەکرد بۆ بەهانا هاتنی نزاکانیانو سووپاسو پێزانینی خۆشیان گەیاندە منو پزیشکەکەو دەیانگوت ئەگەر ئەو پزیشکە ئینگلیزە غەیرە دینە نەبایە، بەس خوا دەیزانی ئەو ژنە دوگیانە بە خۆیو کۆرپەڵەکەی ناو سکی چیان بەسەردەهاتو چارەنووسیان چی دەبوو! !
ڕۆڵی منیشیان بەرز نرخاند، وتیان: ئەگەر تۆش نەبای نەماندەتوانی لەو حاڵی ببین.

کەلوپەلەکانمان خستەوە ناو جانتاکەو بەیاوەری چەند زەلامێك بەرەو هوتێل گەڕاینەوە. هەروەکو چۆن هاتین بە هەمان شێوەش گەڕاینەوە، لەبەردەم دەرگای قەڵات چاوەکانیان کردینەوەو جارێکی تر سووپاسیان کردین بۆ ئەو کارە مرۆڤانەیە کە لە پێناو ڕزگارکردنی گیانی دوو کەس ئەنجاممماندا. سەبارەت بە بەستنەوەی چاوی منو پزیشکەکەش وتیان: لێمان مەگرن، لای ئێمە ژن هەموو شوێنێکی عەیبەیەو ئێمە بۆ پاراستنی شەرەفو ناموسی خۆمان ناچاربووین ئەوە بکەین.

کە گەیشتینەوە هۆتێلەکە، پزیشکەکە ڕووی تێکردمو وتی: ئەمڕۆ قورسترین کاری پزیشکیم لە ژیانمادا ئەنجام داوە، بەڵام هیچ کاتێك

بەقەدەر ئەم ساتە دڵخۆش نەبوومە، چونکە توانیم ژیانی دوو مرۆڤ لە مردن ڕزگاربکەم. کێ دەیزانی منی بیانی لە بەریتانیاوە دێمە ئێرەو دەبمە فریاد ڕەس بۆ ژنێکی دووگیانی موسڵمانو ئەو کۆرپەڵەیەی کە لەناو سکیدایە. دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی: ستایش بۆتۆ خودایە کە هێزت پێ بەخشیم بۆئەوەی سەرکەوتوو بم. سەبارەت بە بەستنەوەی چاوەکانیشی وتی: شتێکی سەیروسەمەرەیە، لای ئێمە ڕاستگۆییو دەستپاکیو خاوەن بەڵێنی شەرەفە، کەچی لێرە هەموو لەشی ئافرەت شەرەفە. لای ئێمە شەرەفی هەرکەسێك لای خۆیەتی، کەچی لێرە شەرەفی پیاوەکان لەناوگەڵی ژنەکانیانە.

ئەم شەوەمان زۆر بە خۆشی بەیەکەوە بەسەربرد، ئەو باسی هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتی خۆی بۆکردم کە چۆن لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ پارێزگاری سەروەریو ئازادیی وڵاتەکەی بە خۆبەخشی خزمەتی سەربازی لە ناوەوەو دەرەوەی بەریتانیا کردووەو دوو جاریش بریندار بووە، تەنانەت جاری دووەم لە مردن گەڕاوەتەوەو هەشت بتڵ خوێنیان تێی کردووە. کە ئەمەی درکاند بە زەردە خەنەیەکەوە وتی: ئێستا من لە زیادەوە دەژیم، بۆیە بڕیارمداوە ئەو تەمەنەی کە ماومە لەپێناو خزمەتی مرۆڤایەتی لێرەو لەوێ بەسەری ببەم. منیش باسی ژیانی تایبەتی خۆمم بۆی کردو پێم وت: کە منداڵ بووم باوکم بەزۆری لەبەر خوێندنی وانەی ئایینی دانابووم، فێری قورئان خوێندنەوەو بابەتە ئاینیەکانی دەکردم، دەیویست وەکو خۆیو

براگەورەکەم پیاوێکی ئایینیم لێ دەربچێت، بەڵام من حەزم لەوە نەبوو، بە بیانووی جۆراو جۆر خۆم لە وانەکان دەدزیەوە، ئەویش کە تورە دەبوو، دەنگی بەسەرمدا بەرزدەکردەوەو دەیگوت ئەگەر نەخوێنیت دەتکەمە شوانی مەڕوماڵاتەکەمانو دەبێ بەرگەی ساردیو گەرمی ئاووهەواکەی بگریتو تا دەمریت ئەوە پیشەت بێت.

من بەخۆشم نازانم بۆچی شوانێتی بەر مەڕوماڵاتم پێ لە خوێندنی حوجرەی مزگەوت خۆشتر بوو، بۆیە فشارەکانی باوکم هیچ کاریگەریی لەسەرم نەبوو، هەر زوو وازی لێهێنامو منی نارده بەر مەڕوماڵاتو تا مردیش هەر خەریکی شوانێتی بووم. وێڕای ئەوەی کارێکی زۆر قورسو ناخۆش بوو، کەچی زۆرم پێ خۆش بوو.

کە وامگوت، پزیشکەکە وتی: بڕیارێکی ڕاسستت داوە، ئایین وەکو حەشیش وایە، خەڵکی مەستو حەیران دەکاتو ڕێگرە لەبەردەم هەموو پێشکەوتنێك، هەروەکو کارل مارکس دەڵێ ئایین ئەفیونی گەلانە. ئێستا تۆ کەسێکی ئازادیتو بە چەمکە ئایینیەکان کۆتو بەند نەکراویت، هەموو دەرگاکانی ژیانت لەبەردەم کراوەتەوەو دەتوانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکانت تێبکۆشیت، لە ژیانیشدا هیچ شتێك مەحاڵ نیە مەگەر خۆت ئەمەت بوێ. حەزدەکەم لە خۆتەوە گوێم لێبێت، لەو ماوەیەی لە گەڵ ئینگلیزەکان لە سووپای لیڤی کارت کرد چ وانەیەکیان لێ فێربوویت؟ وتم: وانەیەکی زۆریان لێ فێربووم، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێمە بێ نرخترین شت

مرۆڤــە، ڕۆژی دەیــان مــرۆڤ لەســەر دەمــەقالێو نــاکۆکیو شــتی پڕوپــوچ بەدەستی یەکتری دەکـوژرێن، کەچـی مـرۆڤ لای ئینگلیزەکـان زۆر بەنرخـە، ئــەوان هەمووشــتێك بــۆ ڕزگــارکردنی مرۆڤێــك دەکــەنو لــەم پێناوەشــدا کێشەکان زۆر بچووك دەکەنەوەو لەجیاتی توندو تیژی بە دیالۆكو بە گیـانی برایەتیو تـەباییو لێبـووردەیی چارەسـەری دەکـەن. هـەروەها کـات لـەلای ئێمە زۆر بێ نرخەو نرخی نازانین، زۆربەی کاتەکان بە خـەوتنو پاڵدانـەوەو بێکاریو تەمبەڵی بەسەر دەبەین، کەچی کـات لـەلای ئـەوان زۆر بـە نرخـەو بەفیڕۆی نادەن.

وانەیەکی تریش کە لێیان فێربووم، زۆربەی هاوڵاتیانی ئێمە حـەزیان لـە مشــەخۆریەو بەلایانــەوە گــرینگ نیــە سەرچــاوەی دەســکەوتەکانیان ئایــا ڕەنجی مانـدوبوونو ئارەقـەی نیوچـەوانیانە، یـان بـەخۆڕایی پێیـان دراوە. خۆخۆریش هەرباسـی لێـوە نـاکرێ، کـاوێس ئاغـا کـە گۆرانیبێـژێکی میللـی کـوردە دەمێکـە لـە لاوکێکیـدا کـە بـۆ شـیخ مـەحمودی حەفیـد وتوویـەتی (دەلۆیلۆ دەلۆیلۆ شێخێ منـۆ کـورد خـائینۆ). ئێمـەی کـورد گـەلێکی ئـازاو بوێرین، بەڵام خۆخـۆرینو دوژمنـی سـەری یەکدین، شـێری نـاوەوەو ڕێـوی دەرەوەین، گشت شۆڕشەکانی ئێمە هـەر بـە دەسـتی خۆمـان لەناوچـوونە، تەنانــەت کــۆنترین تــاوانی جینۆســاید دژ بــە پیــاووژنو منــداڵانی ئێزیـدی گەلەکەمان، بە دەستی خۆمانو لەلایەن ئیمارەتی پاشـای کـۆرەوە کـراوەو ئافرەتەکانیشیان وەك دەسکەوتی شەڕ کراونەتە کەنیزەكو دابەشکراون.

بەرلەوەی ژوورەکەی ئەو بەجێبهێڵمو بچمەوە ژوورەکەی خۆمو بخەوم، کامێرایەکی لەناو جانتاکەی دەرهێناو لەسەر سێپایەیەکی داناو وتی: با بەیەکەوە وێنەیەك بۆ یادگاری بگرین، کە گەڕامەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم پێشانی هاوسەرەکەمی دەدەمو پێی دەڵێم لەگەڵ ئەم کوڕە گەنجە گیانی دوو مرۆڤمان لە مردن ڕزگارکرد.

بەم شێوەیە دوای ئەوەی وێنەیەکمان بەیەکەوە گرت، دەستی یەکتریمان گوشیو ماڵئاواییمان لەیەکتری کرد، منیش چوومەوە ژوورەکەی خۆمو لەسەر تەختە لێی ڕاکشام.

ئەو شەوە بۆمن زۆر درێژ بوو دەتوت شەوی یەلّدایە، خەو نەچووە چاوەکانم، بیرم هەر لەلای بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەنداوی بێخمە بوو، دەیان بیرۆکە بە خەیاڵمدا دەهات، لە خۆشیاندا بەخۆشم نازانم دوایی چۆن خەوم لێکەوت.

بەیانی لەخەو هەستامو چوومە ڕێستهاوس لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە بۆ لای بەڕێوەبەری بەنداوی بێخمە، کە چووم تازە لە خەو هەستابوو، لە ڕیستورانتەکەی خەریکی نانخواردنی بەیانی بوو، سڵاوم لێی کرد، سڵاوی لێوەرگرتمەوە، داوای لێکردم نانی بەیانی لەگەڵ بخۆم. پێم وت: سووپاست دەکەم من دەمێکە لەخەو هەستاومو نانی بەیانیم لە هوتێل خواردووە.

لە سالۆنی ڕێستهاوسەکە دانیشتمو چاوەڕوانم کرد، هێندەی پێنەچوو، ئەویش هاتو داوای دوو قاوەی کردو بەیەکەوە خواردمانەوەو دواتر ڕووی تێکردمو وتی: حەزدەکەم هەندێك زانیاریت لەبارەی چۆنێتی کارکردنو ئەو برە پارەیەی مانگانە وەری دەگری بدەمێ. وتم: باشە، منیش حەزدەکەم بزانم. وتی: کاری ئێمە زۆر قورسە، کاتو ساتی دیار نیە، هەندێك ڕۆژ زوو دەستهەڵدەگرین، بەڵام زۆربەی کات تاکو پێش خۆرئاوابوون کاردەکەین. قاچێکمان لێرەیەو قاچەکەی ترمان لەشاری بەغدادیە، چونکە ئێمە پەیوەندیمان بە حکومەتی عێراقەوە هەیەو ناوە ناوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمانو وەرگرتنی زانیاری سەردانی ئەوێ دەکەین. سەبارەت بە موچەکەشت، سەرەتا تا ماوەیەك لەژێر چاودێری دەبیتو بڕی سی دینار مانگانەت بۆ خەرج دەکرێت، ئەگەر لەو ماوەیە توانیت بە باشی کارەکانت ڕاپەڕێنیتو وێنەیەکی باشی خۆتت نیشانماندا، ئەوا بڕی ئەو مووچەیە دەگۆڕێت، جا زیادکردنی مووچەکەت لە دەستی خۆتدایە، تا چەند متمانە لەنێوانماندا پتەو بێت، هێندە مافی زیاترت پێ دەدەین. منیش وتم: ئەمەم پێ باشە، من متمانەی تەواوم بەخۆم هەیەو گومانم لەوە نیە کە دەبمە جێگەی ڕەزامەندی ئێوە.

بەم شێوەیە، دوای خواردنەوەی قاوەکانمان، بەیەکەوە چوینە دەرەوەی ڕێستهاوسەکەو منی بردە لای ئۆتۆمبێلەکەی کە شۆفەرلێتێکی

سپی ئەمریکی بوو، سویچەکەی دایە دەستمو وتی: با هەر لێرەوە دەست پێ بکەین، بزانم چۆن دەمگەیەنیتە سەرکارەکەم.

وتم: بۆ کوێ بچین؟ وتی: تۆ نالێی خەڵکی ئەم شارەم، کەواتە دەبێ زۆربەی شوێنەکانی شارەزابیت، وایە؟ وتم: بەڵێ، بەڵام ئەمە یەکەمجارە گوێم لەناوی بێخمە بێت، نازانم دەکەوێتە کوێ. وتی: دەکەوێتە شوێنێك لە ناحیەی هەریرو باتاس، پێی دەڵێن دۆڵە تێسوو، لە نزیك گوندی شانەدەر، ئەو گوندەی شوێنەوارناسەکان ئێسقانەکانی مرۆڤی نیاندرتاڵیان لێی دۆزیەوە. تۆ ئەو ناوچەیەت بینیوە؟ وتم: بەڵێ، من هەریرو باتاسم بینیوە، بەڵام ناوی دۆڵە تێسووم گوێ لێ نەبووە. وتی: باشە، کەواتە جارێ تاکو هەریرو باتاس سەیارەکە لێبخورەو لەوێشەوە من رێنماییت دەکەمو شوێنەکانی ترت پیشان دەدەم.

بەم شێوەیە، دەستم بە لێخورینی ئۆتۆمبێلەکەم کردو بەرەو هەریرو باتاس بەرێکەوتین. رێگایەکی دورودرێژو زۆر ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی بوو، هەر لە بەسەرکەوتنی چواردە لۆفەکەی هاوینە هەواری پیرمامو تا بەرزیو نزمی رێگاکانی کۆرێو شەقلاوە. بەڵام لە ناخمدا زۆر ئاسودەو دڵخۆش بووم بەوەی کە کارێکی باشم دەستکەوتووە، بە تایبەتی کارکردنم لەگەڵ بیانیەکان زۆر پێخۆش بوو، لەبەرئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی سەربازیم لەگەڵ ئینگلیزەکان زۆر شارەزایان ببومو حەزم نەدەکرد لێیان جودا ببمەوە.

ڕووم لـە بەڕێوەبەرەکـەم کـردو پـێم وت: مـن خـۆم بـەتۆ ناسـاند، زۆر حـەزدەکم تـۆش خـۆت بـەمن بناسـێنیت، بـزانم خـەڵکی کـوێو لـە کـوێ دادەنیشن؟ وتی: من خەڵکی شاری لەندەنم لـە بـەریتانیای گـەورەو ژنێـكو دوو منداڵم هەیە. منداڵەکانم ساوان، جـارێ نەچـوونەتە بەرخوێنـدن، بـەڵام ماوەیەکی تر، کە بەتەواوەتی لێرە سەقامگیربووم، دەیانهێنمو بۆ ماوەیـەك لەلای خۆم دەیانهێڵمەوە.

وتم: زۆر پێخۆشحاڵم، مـن لـەماوەی کـارکردنم لەگـەڵ ئینگلیزەکـان زۆر شتیان لێ فێربووم، گومانم نیە کـە هێشـتان زۆر شـتی تـریش مـاوە کـە لـە ئێوە فێربم. سەری خۆی لەقاندو وتـی: ئافـەرین، ژیـان قوتابخانەیـەو مـرۆڤ هەر ڕۆژی وانەیەکی لێ فێردەبێت، واپێدەچێت تـۆ مرۆڤێکـی دڵسـۆزبیت بـۆ کارەکەت، تۆ سەرکەوتوو دەبیت مادام ئارەزووی فێربـوونی شـتت هـەبێت. پێویستە مرۆڤ کۆمەڵێك ئامـانجی لـە ژیانیـدا هـەبێت بـۆی تێبکۆشـێت. جـا چـەند ئـەو ئامانجانـە گـەورەبن، هێنـدە دەسـکەوتەکانیش گـەورەدەبن، ئامـانجی گـەورە هـەوڵو کۆششـی زۆری دەوێ، بـەم شـێوەیە مرۆڤـە ناودارەکانی جیهان ناوبانگیـان دەرکـردووە، چـونکە ئـەوان بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجی گەورە لە ژیاندا تێکۆشاون. ئـەوەتا ئەدیسـۆن بـەو کارەبایـەی کـە دایهێنـا، جیهـانی لـە تـاریکی ڕوونـاك کـردەوەو بـۆ هەتاهەتایـە نـاوی بـە زیندوویی دەمێنێتەوە. گرینگ نیە مرۆڤ بژیت، ئەوە گرینگە شوێنەوارێك لـە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت.

دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە باتاس، لەوێش بە ڕێنمایی ئەو ڕۆیشتین تا گەیشتینە بن سپیلك، ئینجا وتی: ئۆتۆمبێلەکە ڕابگرە، پێویستە لێرە بێینە خوارەوەو بەپێ بڕۆین.

لەوێ چەند خیوەتێکیان هەڵدابوو، کۆمەڵێك کەس بە چەکوشی گەورە خەریکی بەرد شکاندن بوون، هەندێکی تریش بە کەروبار ئەو وردە بەردانەیان باردەکردو دەیانبرد بۆ شوێنێکی نزیك ئەوێو لەسەر ڕێگایەکە بڵاویان دەکردەوە.

وتم: گەورەم ئەم کرێکارانە خەریکی چین؟ وتی: خەریکی دروستکردنی شەقامێکن لێرەوە بۆ گوندی ئامۆکانو لەوێشەوە بۆ گوندی ئەشکەوتە بۆ ئەوەی بتوانین لەجیاتی کەروبار بە ئۆتۆمۆبێل کەرەستەو پێداویستیەکانی بەنداوەکە بگەیەنینە نزیك پڕۆژەکە. جا ئەم کرێکارانە ڕۆژانە لە شاخ بەرد دەهێننو لێرەش دەیانشکێننو هەندێکی تریش ڕایاندەخەن دواتریش بە تیرۆك قیڕی بەسەر پاندەکەینەوە. تا ئەم کارە تەواو نەبێت، ئێمە هیچمان پێناکرێت.

بەم شێوەیە بۆ ماوەی دوو سێ مانگ کرێکارەکان خەریکی خۆشکردنی ڕێگاوبان بوون لە ژێر سپیلکەوە تا سەر زێی گەورە. ئێمەش ڕۆژانە لە هەولێرەوە دەچوینە سەردانیانو بەڕێوەبەری بێخمەش خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردن.

پاش ئەوەی ڕێگایەکە بە تەواوەتی بەبەرد فەرشکرا، خیوەتەکانیان بۆ نزیک زێی گەورە گواستەوەو لە وێشەوە دەستیانکرد بە خۆشکردنی ڕێگایەکی کەروبار لە گوندی ئەشکەوتەوە بەناو گەلی بێخمە، کە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گەلی گەرداسنو چیاکەشی بە چیای سەراورد ناسراوە، بەرەو گوندی دۆرە تێسوو. ئەم کارەش چەند ڕۆژێکی خایاند، بەمجۆرە قۆناغی یەکەمی کارەکانی بەنداوی بێخمە تەواو بوو.

ڕۆژێك بەڕێوەبەری پرۆژەی بەنداوی بێخمە پێی وتم: تۆ دەزانی خەڵکی ئێرە عەشایەرینو زۆر دواکەوتوون، ئەگەر ئێمە کاریان بۆ نەدۆزینەوەو مەشغوڵیان نەکەین، کێشەمان بۆ دەنێنەوە. من زمانی ئێوە نازانم، بەڵام هەست دەکەم، زۆربەیان ناڕەحەتن لە هاتنی ئێمە بۆ ناوچەکەیان. جارێ بە تەواوەتی نازانن ئێمە بۆچی هاتووین، خۆ ئەگەر بزانن ئێمە هاتووین بەنداوێك دروست بکەینو زەویو زارو هەندێك لە گوندەکانیان بخەینە ژێرئاوەوە، ئەوا کێشەی گەورەمان بۆدەنێنەوەو ژیانمان دەکەوێتە مەترسیەوە.

منیش وتم: ڕاست دەکەی، ڕۆژانە گوێم لێیان دەبێت دەپرسن ئێوە بۆچی ئەم ڕێگایانە خۆش دەکەنو نیازتان چیەو دەتانەوێ چیبکەن.

بەڕێوەبەر وتی: ئەی تۆ چیت پێ وتن؟ منیش وتم: پێم وتوونە منیش وەکو ئێوە هیچی لێنازانم. وتی: ئافەرین، لەخۆتەوە هیچیان پێ نەڵێی هەڵسو کەوت کردن لەگەڵ ئەوانە شتێکی ئاسان نیە، ئەوان کەسانی

سادەو ساویلکەن، گەورەکانیان چیان پێدەڵێن بڕوادەکەن، ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان چۆنیان بوێ، وا ئاراستەیان دەکەن. بۆیە دەبێ ئێمە زۆر وریابین، سەرەتا دەبێ کارێکی وابکەین، بەرژەوەندی ئەوان بخەینە ناو پرۆژەکانەوەو هەروەها خۆمانیان لێ نزیك بکەینەوەو زوو زوو سەردانیان بکەینو دیاریان بۆ ببەین.

بەم شێوەیە، ڕۆژانە لە هەولێرەوە بەڕێ دەکەوتینو دەچووینە ناوچەی بێخمە بۆ سەر کارەکانمان. جیۆلۆجییەکان خەریکی پشکنینی بەردی شاخەکان بوون تا بزانن تاچەند توانای خۆڕاگرتنیان لەبەردەم ئاووهەوادا هەیە، بۆئەوەی دواتر باشترینیان هەڵبژێرین لە دروستکردنی بەنداوەکە. کرێکارەکانی تریش خەریکی دروستکردنی خێوەتگاو دانانی کەلوپەلەکان بوون.

لەوماوەیەدا سەردانی دیوەخانی ئاغاو گەورەی گوندەکانی ئەو ناوچەیەمان کردو دیاریشمان لەگەڵ خۆمان بۆیان برد، زۆریان پێ خۆش بوو.

بەڕێوەبەرەکەم ڕۆژێك پێی وتم: برۆ سەردانی ئاغاو گەورەی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بکەو سڵاوی منیان پێ ڕابگەیەنەو پێیان بڵێ چەند کەرو هێستریان هەیە بۆیان دادەمەزرێنین، ئێمە ئیشمان پێیەتیو ڕۆژانە کاروبارەکانی خۆمانیان پێ ڕادەپەڕێنین.

منیش سەردانی هەموویانم کردو پەیامی ئەوم پێڕاگەیاندن. زۆریان پێ خۆش بوو، بەڵام وڵاغیان کەم بوو، بە هەموو گوندەکانی ئەو دەروبەرە، پەنجا وڵاغی لێنەبوو، کەچی ئەوان زێدەڕۆییان لە هەژمارەکەی دەکردو هەر یەکێکیان بە ئارەزووی خۆی ژمارەیەکی پێ وتم.

کە گەڕامەوە لای بەڕێوەبەر ئەنجامی سەردانەکەمم بۆی گێڕایەوەو پێم وت: هەموو ناوچەکە پەنجا کەرو هێستری لێ نیە، کەچی ئەوان هەر یەکێکیان لەو ژمارەیە زیاتری پێ وتومە. سەری خۆی لەقاندو بە پێکەنینەوە پێی وتم: زۆر ئاساییە من چاوەڕێی ئەم ئەنجامەم دەکرد، ئێمە تەنها کارمان بەو چەند وڵاغانە هەیە کە ئەوان بەڕاستی هەیانە، بەڵام پارەی ئەوەیان بۆ خەرج دەکەین کە ئەوان پێمان دەڵێن. ئێمە زیاتر مەبەستمان ئەوەیە لەبەر بەرژەوندی خۆیان پشتگیریمان بکەنو لە دژی ئێمە هانی خەڵکی ناوچەکە نەدەن.

هەر لەو ماوەیەدا، ڕۆژانە بۆ کڕینی بەروبوومی ئاژەڵو خۆراکو گۆشتی ئاژەڵ سەردانی گوندی ئامۆکانم دەکرد، بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانمان  بە تایبەتی گۆشتی ئاژەڵ. جا لە ئاکامی هاتنو چوونم بۆ ئەو گوندە، دۆستایەتییێکی باشم لەگەڵ ئاغای گوندەکە پەیدا کردو بۆ دامەزراندنی خەڵکەکەو تۆمارکردنی کەرو هێسترەکانیشیان زیاتر لە خەڵکی گوندەکانی تر یارمەتیم دەدان، بەمەش خەڵکی گوندەکە منیان زۆر خۆشدەویستو پێیان دەوتم تۆ وەکو کوڕی ئێمەیت. هەر لەم ماوەیەدا

حەزم لە کچێکی ئاواییەکە کردو داوای دەستیم لـە کەسـوکاری کـرد، بـەڵام لەبەرئەوەی من شارستان بووم، ڕازی نەبوون بمدەنێ.

دوای ماوەیـەك کـە گـەورەی گونـد ئـەوەی زانـی لـەدوای نـاردمو وتـی: بۆچی زوو ئەوەت بەمن نەوت، تۆ وەکو یەکێکی لە ئێمـە، خزمـەتێکی زۆری خـەڵکی گوندەکـەمانت کـردووەو لـەلای ئـەو ئینگلیزانـەش شـانازیت پێـوە دەکەینو هەمیشە دەڵێین ئـەو خزمـی خۆمانـە، بۆیـە دەست لەسـەر هـەر کچێکی ئێرە دابنێیت پێشکەشتی دەکەین.

بەم شێوەیە ئەو کچەم خواستو بوومە زاوای ئەوانو هەر لەو گونـدەش خانوێکم دروستکردو ماڵم لێی دانا. پێکـەوەنانی خێـزان لـەو کـاتو سـاتەدا بۆمن شـتێکی بـاش بـوو، لـە ژیـانی تـەنیایی باشـتر بـوو، بەمـەش خـەڵکی ناوچـەکە لـێم نزیـك بوونـەوەو لـەلای بەریتانیـەکانیش خۆیـان بـەمن هەڵدەدایـەوەو هـەر هـەموویان دەیـانوت زاوای ئێمەیـە. تەنانـەت ئینگلیزەکانیشو بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەشمان زۆر دڵخـۆش بـوو، زیـاتر لـە جـاران هەسـتی بـە ئـارامیو ئاسـوودەیی دەکـردو زۆر جـاریش ئاغـای گوندەکانی ناوچەکە خوانیان بۆ ئامادەدەکردین.

خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆر کەم دەرامەت بوون، بـۆ بـژێوی ژیانیـان تـەنها پشـتیان بـە بـەروبومی ئـاژەڵیو مـەڕومالات بـەخێوکردنو کشـتوکاڵەوە بەسـتبوو، بـەڵام دوای دامەزرانـدنیان لـە کۆمپانیاکـەدا هەنـدێك بوژانـەوەو منـیش مانگانەکـەم لـە ماوەیـەکی کەمـدا گەیشـتە سـەد دینـاری عێراقـی،

ئەوکاتــە پۆلیســێك مانگانــەی پێــنج دینــاربوو، بۆیــە لــە ڕووی ئابووریــەوە پێگەی من زۆر لە هی ئاغاو گەورەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بەهێزتر بـوو، ئەمەش وایکردبوو هەر هەموویان سوێند بەسەرم بخۆن.

کۆمپانیاکەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئیش‌و کارەکانی پــەرەی دەســەندو لــەو ماوەیەشــدا قۆنــاغی یەکــەمی پلانــی جێبــەجێکردنی پــڕۆژەی بەنداوەکــە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.

هــەر لــەو ماوەیــەدا، لەگــەڵ بەڕێوەبــەر چــوینە ناوچــەی بیتــوێن، کۆمپانیاکەمان بە نیـازی دروسـتکردنی بەنـداوێك بـوو لەسـەر زێـی بچـووك، خەڵکی ناوچەکەش کە بەمـەیانزانی ناڕەزاییـان لـە دژی دەربـڕی، ئاغاکـانی ناوچـەکە خـەڵکیان دژی ئێمـە هانـدەدا، نەیاندەویسـت دەسـتبەرداری ئـەو زەوی‌و زارو گوندانەیان بـن کـە دوای تـەواوبوونی بەنداوەکـە دەکەوتـە ژێـر ئاوەوە، بۆیە هەمیشە ئێمە بە ترس‌و لەرزەوە سەردانی ئەوێمان دەکردو بە وریاییەوە لەگەڵ خەڵکەکەی هەڵس‌و کەوتمان دەکرد.

ڕۆژێــك هەنــدێك ڕۆژنامەنووســی بیــانی بــۆ ڕومــاڵکردنی بیرۆکــەی دروستکردنی بەنداوێك لەسـەر زێـی بچـووك هاتنـەلامان‌و ئێمـەش لەگـەڵیان چـووینە ناوچــەکە، شــوێنەکەمان پیشــاندان، لــەکاتی گەڕانەوەمانــدا، لــە دەشتی بیتوێن، چـاومان بەچـەند مێگـەلێکی مـەڕو بـزن کـەوت، کـە لێـرەو لـەوێ دەلـەوەڕان، لەلایـەن سـەگە گـەورەو قەبەکانیانـەوە پاسـەوانیان لێ دەکرا. گشت سەگەکان گوێچکەکانیان لە بنـەوە قرتێنـدرابوو، ئـەم دیمەنـە

زۆر سەرنجی ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییەی ڕاکێشا کە یاوەری ئێمە بوو. پێی وتم: ئەوە بۆچی ئەم سەگانە گوێچکەیان لە بنەوە قرتێندراوە؟ منیش ڕووم لە شوانەکان کردو پێم وتن: ئەم ڕۆژنامەنووسە پرسیاری هۆکاری قرتاندنی گوێچکەی ئەو سەگانەتان لێدەکات؟ لە وەڵامدا وتیان: بۆیە گوێچکەی سەگەکانمان لەژێرەوە قرتاندووە، تاکو زیاتر هەستیاربن‌و زوو هەست بە هەڕەشەو مەترسیەکانی سەر مەڕوماڵاتەکان بکەن، بەم شێوەیە باشتر گوێیان لە لوورەی گورگەکان‌و دڕندەکانی تر دەبێت‌و دەکەونە حاڵەتی ئامادەباشیەوە بۆ پاراستنی سەروگیانی ئەو مەڕوماڵاتانە. منیش قسەکانی ئەو شوانەم بۆی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

کە ئەمەی بیست، ڕووی تێکردم‌و بە سەرسوڕمانەوە وتی: واچاکە گوێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەم وڵاتەش وەکو گوێچکەی ئەم سەگانە لە بنەوە بقرتێنن تاکو ئەوانیش زیاتر هەستیاربن‌و باشتر گوێیان لە ئێش‌و ئازارو مەینەتییەکانی گەلەکەیان بێت.

کە گەڕاینەوە، دوای چەند ڕۆژێك لەمیانی ڕیپۆرتاجێکدا، لەبارەی پرۆژەی بەنداوی دوکان‌و سەردانەکەیدا بۆ دەشتی بیتوێن، ڕۆژنامەنووسەکە، چیرۆکی قرتاندنی گوێچکەی سەگەکانی بیتوێنیشی ڕوماڵ کردبوو، پێشنیاری کردبوو کە باشتر وایە گوێچکەی نوێنەرەکانی گەل لە ئەنجوومەنی نوێنەران وەکو گوێچکەی سەگەکانی بیتوێن لە ژێرەوە

بقرتێندرێن تاکو گوێیان لە دەنگی ئەو کەسانە بێت کە نوێنەرایەتییان دەکەن.

وەکو باسم کرد، بەهۆی ئەو متمانەیەی کە بەڕێوەبەرەکەمان بەمنی هەبوو، مانگانەکەی بۆ زیادکردم تا گەیشتە زیاتر لە سەد دینار، ئەوکاتە بەقەدەر مانگانەی بیست پۆلیس دەبوو، بۆیە نەمدەزانی ئەو پارە زۆرە چۆن خەرج بکەم. قەمەرەیەکی شۆفەرلێتی سپیم پێی کڕیو لەکاتی پشووەکاندا، گەشتم پێی دەکردو جاروباریش لەبەر کەمی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێرو دەوروبەری، کە ئەوکاتە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕی، بۆیە زۆرجاران ئاغاو کەسایەتیەکانی ئەو ناوچەیە پەیوەندیان پێوەدەکردمو داوایان لێدەکردم کە بەخۆمو ئۆتۆمبێلەکەمەوە لەکاتی پشووەکانمدا یاوەرییان بکەم بۆ سەردانی مەلیك فەیسەڵو نووری سەعیدو سەعید قەزاز. منیش دەمبردنو دەشمهێنانەوەو هەقی خۆشم لێوەردەگرتن.

ئەوان ناوەناوە دەچوونە لای موتەسەڕیفی لیوای هەولێرو گەورە بەرپرسانی تری پایتەخت زانیاریان لەسەر بارودۆخی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیانو جموجۆڵی هاولاتیانو نەیارەکانی حوکمی پاشایەتی پێ دەدان. بەرپرسەکانیش ڕێنماییان دەکردن کە چۆن هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکەنو بە دەستێکی پۆلایینیش لەو کەسانە بدەن کە دەیانەوێ سیستمی ولات بگۆڕنو دەبنە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی.

ئەوەی تێبینیم كرد لەو ماوە كورتەی ژیانمدا، لە ماوەی كاركردنم لەگەڵ ئینگلیزەكانو ئەمریكییەكان، هەروەها ئاشنایەتیو هەستانو دانیشتنم لەگەڵ ئەو ئاغاو كوێخایانەی خۆمان، بۆم بەدەركەوت هەرهەموویان وەكو دەنكی تەسبیح بەستراون بەیەكەوە، وەكو تەونی جاڵجاڵۆكە وانە، هەریەكێك فەرمان لەوەی تر وەردەگرێتو كوێرانە جێبەجێی دەكات، هیچ گوێ نادەنێ تا چەند لەبەرژەوەندی هاوڵاتیانی ئێمەی دایە یان نا. بەڵام ئەوان بڕیارێك جێبەجێ ناكەن ئەگەر دڵنیانەبن لەوەی كە خزمەتی بەرژەوەندیە باڵاكانی وڵاتەكەیان دەكات.

-٤-

# حەسەن جەزراوی تورە دەبێ

ئێوارەیەك لامدایە چایخانەی عەبۆو چایەکم خواردەوەو چاویشم بە دوو برادەر کەوت. هەر لەوێ هونەرمەندی میللی حەسەن جەزراویشم بینی، باسی چونی خۆی بۆ لای نووری سەعیدی سەرۆکی حکوومەت دەکرد، بەهەناسەیەکی ساردەوە سەربردەی ئەو دیدارەی بۆ ئامادەبوان دەگێڕایەوەو دەیگوت زوو زوو نووری پاشا لەدووم دەنێرێتو دەمباتە مالّی خۆیان، زۆر حەزی لە بەستەو گۆرانیەکانمە، منیش بێ دلّی ئەو ناکەمو چەند سالّێکە لەوەتی بۆ یەکەمجار ئەو کەسەم ناسیوە، هەرکاتێك داوام بکات دەچمە لای‌و جاری واهەیە چەند شەوێك لە خزمەتی دەمێنمەوە، بەلاّم ئەوجارەیان زۆر دلّم لێی شکاوە، خۆزگا قەت وەهام نەدیتبا.

منیش پێم وت: لەبەرچی لێی عادز بووی؟ وتی: من وامدەزانی ئەو کەسانی هەژارو کەم دەرامەتو ڕەشوڕوتی وەکو منی خۆشدەوێ، بۆیە لەدووم دەنێرێ، کەچی زۆر ڕقی لەو جۆرە کەسانەیەو تەنانەت دژایەتیشیان دەکات.

منیش وتم: چۆن؟ دەکرێ بەتەواوی بۆمان بگێڕیتەوە بزانین چی لە نێوانتاندا ڕوویداوە؟ وتی: لەم ڕۆژانەدا، نووری پاشا وەکو جارانی پێشوو،

پەیوەندی پێوەکردم کە بچمە سەردانی لە شاری بەغداد، ئەو حەزی لە دەنگی من بوو، بەستەو گۆرانیەکانی منی زۆر پێ خۆش بوو. منیش لە دانیشتنە تایبەتییەکانیدا، بەستەو گۆرانیم بۆ دەگوت. ئەمجارە کە چوومە لای لە ئۆفیسەکەی خۆی پێشوازی لێکردمو لەسەر کورسییێکی بەرامبەر خۆی داینیشاندم، ئەویش خەریکی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی بوو. فایلێکی گەورەی لەبەردەم دابوو، فەرمانی بەخشینی پلەی ئەفسەری خولێکی دەرچووی کۆلێژی سەربازی تیابوو، یەك یەك قوتابیەکانی بانگ دەکردنە ژوورەوەو هەندێك پرسیاری لێ دەکردن، وەك ناوت چیەو کوڕی کێیتو خەڵکی کوێیو باری کۆمەڵایەتیو ئابووریتان چۆنە، دوایش فەرمانەکەی ئیمزا دەکردو بڕە پارەیەکیشی وەك پاداشت دەدانێ.

تاکو ئێرە ڕووداوەکە زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی زۆر خەمم لێی خواردووە ئەوەبوو یەکێك لەو دەرچووانەی خولی سەربازی کە هاتە ژوورەوە، خۆی ناساند کە خەڵکی گوندەو لە بنەماڵەیەکی هەژارو کەمدەرامەتەو خانەوادەکەیان خەریکی مەڕوماڵات بەخێوکردنو کشتوکاڵن. کە نووری پاشا ئەمەی گوێ لێبوو، خەتێکی بەسەر فەرمانی بەخشینی پلەی ئەفسەرێتی ئەو کەسە ، داهێناو، دەریکردە دەرەوەو زۆر بەبێ ڕێزی پێی وت (بڕۆ دەرەوە تۆ بۆ ئەم وەزیفەیە دەست نادەیت! !) منیش کە ئەم دیمەنەم بینی چاوم چووە پشتی سەرمەوەو زۆر ڕقم لێی بۆوە، لە خەفەتان چایەکەم پێ نەخورایەوە. هەستی پێکرد لێی عادز بوومە بۆیە

ڕووی تێکردمو پێی وتم: من سەرۆکی حکوومەتمو دەبێ لەجیاتی سۆز بە ئەقڵ ئیش بکەم، بۆیە فەرمانی ئەو کوڕەم ڕەتکردەوە، چونکە کوڕە هەژار بوو، ئەوانە لە ژیانیاندا تێریان بە زگی خۆیان نەخواردووەو خەمی گەورەیان ئەوەیە زوو دەستیان لە شتێك گیربێت. ئەگەر خوا دەستیان بدات، بەبێ سڵەمینەوە دەکەونە دژایەتی ئێمەو ئەو سیستمەی لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بنیاتماننناوە بە شەووڕۆژێك وێرانی دەکەن.

پاش ئەوەی قسەکانی تەواو کرد، ڕووم تێی کردو پێم وت: جا تۆ هەڵوێستت چی دەبێ، ئایا لەمەو دوا پەیوەندیت لەگەڵی دەمێنیو سەردانی دەکەیت؟ زۆر بە متمانەوە وتی: چۆن شتی وا دەبێت، بۆ من کوڕی کێم پێدەڵێن، مەگەر منیش کوڕە هەژار نەبم. وێڕای ئەمەش، وەکو هەموومان دەزانین، ئێستا ئەوان دەموچاویان ناشیرین بووەو لەبەر هەڵسو کەوتە ناشیرینەکانیانو ستەمیان، زۆربەی خەڵکی عێراق ڕقیان لێیان دەبێتەوە. ئەوان پشتگیری ئاغاو کوێخاو دەرەبەگەکان دەکەنو دژی هەژارانن، لەسایەی حوکمڕانێتی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارەکان هەژارتر دەبنو دەوڵەکەندەکانیش دەوڵەمەندتر دەبن. ئەوان لەجیاتی ئەوەی پشت بەم گەلە ببەستن، پشت ئەستوورن بە هێزی ئینگلیزەداگیرکەرەکان، بەلام خەیاڵیان خاوەن ئەم بارودۆخە هەتا هەتایە بۆیان ناچێتە سەر، ڕۆژێك دادێت ئینگلیزەکان پشتیان تێدەکەنو بەجێیان دەهێڵنو گورگە خۆرەیان دەکەن، ئەوکات خەڵکی بەزەییان پێیان دێتەوە.

-٥-

# مافی کەران

یەکێك لە دانیشتوانی چایخانەکە ڕووی لە حەسەن جەزراوی کردو وتـی: تۆ خەڵکی بادینانی ئاگات لـە وەزعـی ئێـرە نییـە، تـۆ تـازە دەزانـی ئـەوان جیـاوازی لـە نێـوان کـوڕە هـەژارو دەوڵەمەنـدان دەکـەن؟ ماڵـت بـە قـوڕێ نەگیرێ، ئەوان تەنانەت جیاوازی لەنێوان ئاژەڵانیشدا دەکـەن، ئـەوەتا لـەم ڕۆژانەدا ستەمی ئەم دەسـەڵاتە دەرهـەق بـە گوێدرێـژەکانی ئـەم ناوچـەیە، بورهان جاهیدی شاعیری هێنایە قسەو ڕۆژێك بەخۆیو عەرزوحاڵێکـەوە لـێم بـەژوور کـەوت، وتـی: دەمـەوێ جـەنابی موتەسـەڕیف ببیـنم، منـیش وتم: بۆچیتە؟ وتی: ئـەم عەرزوحاڵـەم پێیـە دەمـەوێ بیـدەمێ. منـیش وتم: مـن بەڕێوەبەری نووسینی ئەوم، من بـۆی دەبـەمو وەڵامەکەشـت بـۆ دێنمـەوە. ئەویش عەرزوحاڵەکەی دامێو وتی: باشە من لێرە چاوەڕێت دەکەم. کاتێـك خوێندمەوە زۆر پێکەنینم هات، بەڵام حەزم نەکرد بەخۆیدا بشکێتەوە، بۆیە بۆم خستە ناو دۆسیەکەو بـۆ جـەنابی موتەسـەریفم بـردە ژوورەوە. کاتێـك جەنابیان خوێندیەوە لەقاقای پێکەنینی دا، وتـی: ئـەوە چـیە؟ ئـەو پیـاوە شێت بووە؟ منیش وتم: نەخێر گەورەم ڕاستە ئەو ئارەقخۆرەو زۆربەی کات

سەرخۆشە، بەڵام شاعیرێکی بەناوبانگی شاری هەولێرە، بۆیە هەستی زۆر ناسکەو شاعیرانە بیردەکاتەوە.

کە وام وت، موتەسەڕیف ڕووی تێکردمو وتی: ئێمە ئەو هەموو گوێدرێژانەمان لەناو سیمێك کۆکردۆتەوە تاکو بەناو بازاڕو کوچەو کۆڵانەکاندا نەخولێنەوەو سیمای ئەم شارە ناشیرین نەکەن، کەچی ئەو هاتووە داکۆکیان لێدەکاتو بەناوی ئەوانەوە داوای بەزەییو ئازادکردنیان دەکات. بڕۆ پێی بڵێ بابێتەلام، حەزدەکەم بیبینم، بزانم ئەوە چۆن شاعیرێکە، مادام ئارەق خۆرە، تۆ بڵێی سەرخۆشیەکەی بەریدابێت؟

منو گشت ئامادەبوانی چایخانەکە گوێچکەکانمان قوڵاخ کردبوو، بەسەرسوورمانەوە هەستمان لە قسەکانی بەڕێوەبەری نووسینی موتەسەڕیف ڕاگرتبوو ئەویش وەکو بڵێی چیرۆکێکی ئەفسانەمان بۆ بگێڕێتەوە، زۆر بە تاموچێژ بۆی دەگێڕاینەوەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەوەبوو گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم پێم وت: جەنابی موتەسەڕیف دەیەوێ بتبینێ؟ ئەویش هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بەخەمەوە وتی: دەڵێی نیازی نیە ئەو گوێدرێژانە بەربدات؟ وتم: نەخێر، ئەو سەری سوڕماوە لە داوایەکەتو دەڵێ قەت شتی وام نەبینیوە، بۆیە حەزدەکات تۆ ببینێو قسەت لەگەڵدا بکات، تۆش هەوڵبدە قەناعەتی پێبهێنیت، چونکە داواکاریەکەت بەلای ئەوەوە زۆر سەیرە. ئەوەبوو بەیەکەوە چوینە لای جەنابیانو وتم: گەورەم ئەمەیە خاوەنی ئەو عەرزو حاڵە. جەنابی

موتەسەڕیف ڕووی تێی کردو وتی: کاکی خۆم خۆ ئەمانەی لەناو سیم کراون گوێدرێژن مرۆڤ نین تا بەزەییمان پێیان بێتەوەو ئازادیان بکەین. ئەو گوێدرێژانە سیمای ئەم شارەجوانەیان ناشیرین کردووە، ئێمە بۆیە لەناو سیمێکدا کۆمانکردوونەتەوە، بەنیازین بە لۆریەك بۆ شاری بەغداد بیاننێرینو پێشکەشی باخچەی ئاژەڵانی بکەین تا سەریان ببڕنو بیانکەنە خۆراکی ئاژەڵە گۆشتخۆرەکانی ئەوێ.

بورهان جاهیدیش وەڵامی موتەسەڕیفی دایەوەو وتی: گەورەم ئەوان چ جیاوازییێکیان لەگەڵ ئێمە هەیە، خۆ ئەوان بەستەزماننو زمانیان نیە تا خۆیان داکۆکی لە خۆیان بکەن. ئەوانیش وەکو ئێمە بەشێکن لەم وڵاتەو مافیان هەیە کە بەشداربن لە خێروبێری نیشتمانەکەیان. چۆن دەبێ بەم هاوینە گەرمە لە سیمدا بکرێنو ئازاربدرێن. من بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە لەبەردەم جەنابتاندا بەناوی خۆمو ئەو گوێدرێژە ستەملێکراوانە داوای ئازادکردنیان لە جەنابتان بکەم.

بەڕێوەبەری نووسین زۆر بەتامو چێژ چیرۆکی ئەو گوێدرێژانەی بۆ دەگێڕاینەوە. لە مەراقان خۆم پێنەگیرا وتم: پێمان بڵێ جەنابی موتەسەڕیف ڕەزامەندی لەسەر داواکەی دا یان نا؟

وەڵامی دامەوەو وتی: ڕەنگە ئێوە باوەڕم پێ نەکەن، من ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئەم موتەسەڕیفە کاردەکەم. پیاوێکی زۆر تورەو توندە، تا ئیمزایەك لەسەر مەعامەلەیەکی ئاسایی دەکات قیڕ لە بەغداد سپی دەبێت،

بەڵام دەتوت جادووی لێکراوە، لەجیاتی ئەوەی خۆی لێ تووڕە بکات، دەستخۆشی لێکردو ڕەزامەندیشی بۆی نواند.

منیش وتم: جا چیتانکرد؟ وتی: پۆلیسێکمان لەگەڵی ناردو فەرمانمان بە مەخفەری پۆلیسی تەیراوە کرد کە هەموو گوێدرێژەکان ئازاد بکات، ئیتر ئەوەبوو ئەو گوێدرێژانەیان بە لۆری بردە دەرەوەی شارو لەوێ ئازادیانکردن.

-٦-

# پەیکەری کۆیلایەتی

ئێمـە لـەم قسـانەدابووین، جـەبارئاغای کـانی شـاعیریش بـە بـەردەم چایخانەکە تێپەڕیو سڵاوێکی لە ئامادەبووان کرد، مـام عـەبۆی چایەچیش بۆ پێشوازی ڕۆیشتو وتی: ئاغا هەندێك لەلامان دابنیشەو چایەکمان لەگـەڵ بخۆوە؟ بزانە لەم ڕۆژانەدا خزمەکەت چیکردووە؟ ئەویش وتی: کامە خزمم؟ وتـی: بورهـان جاهیـد. وتـی: چـیلێبکەم بەقسـەم ناکـات، ئـەو هـەمیودەم سەرخۆشە، وازلەم ئارەقە تاڵە ناهێنێنێت، پێم وتووە تۆ هەموو سیفەتێکت باشە تەنها ئەوە نەبێت لە ئارەقخواردنەوە زێدەڕۆیی دەکەیت، هـەر ڕۆژەی دەبێ لە شوێنێك بەسەرخۆشی بیهێنینەوە.

مام عەبۆ پێی وت: ئاغا مەسەلەکە ئارەقخواردنەوەو سەرخۆشـی نیـە؟ وتی: ئـەدی چـیە؟ ناکـات دیسـان کـەتنێکی کردبێـت؟ وتـی: نـەخێر، هـیچ کـەتنی نـەکردووە، بـەڵام چـۆتە لای موتەسـەڕیفو داوایـەکی زۆر سـەیری لێکردووە. وتی: ئەو داوایە چیە؟ مام عـەبۆ دەسـتی گـرتو لـە چـایخانەکە داینیشـاندو پێـی وت بـا بەدرێـژی بـۆتی باسـبکەم. ئـیتر بـەم شـێوەیە سەرلەبەری چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوەو ئەویش دەمێك پێکەنیو دوایی وتـی: ئـــەمجارەیان جاهیـــد کـــارێکی زۆر چـــاکی کـــردووە، ســـەری ئێمـــەی

بەرزکردۆتــەوە، ئێمــە تــەنها لــە خــەمی مرۆڤەکاندایــەو شــیعرییان بــۆ دەهۆنینەوە، کەچی ئەو ئاژەڵەکانیشی لەیاد نەکردووە.

مام عەبۆ پێی وت: ئاغـا تـۆ لـەوە ترسـایت کـەتنێکی کردبێـت! بۆچـی واتـوت؟ جـەبارئاغای کـانیش بـە پێکەنینـەوە وتـی: لـەم ڕۆژانـەدا جاهیـد سەرخۆش دەبێتو لە هاتنەوەدا ڕێی لێ ون دەبێتو شەویشی بەسەردادێت، دەچـێتە نـاو زێرابـی شـارەکەو لێـی دەخـەوێت. کاتێـك لـە نیوەشـەودا سەرخۆشیەکەی بەریدەدات، چاوەکانی دەکاتەوە لە تاریکی بەولاوە هیچـی تر نابینێت. دەیەوێ هەستێتەوە، سـەری بـە بنمیچـی زێرابەکـە دەکـەوێت، ئەویش هەروادەزانێت مـردووەو سـەری بـە بـەردی ئەلحـەد کـەوتووە، بۆیـە شادە دەهێنێتو لێی ڕادەکشێتەوەو لە دڵی خۆیدا دەڵێ من مردووم. بـەڵام کاتێك ڕۆژ هەڵدێتو تروسکایی لە چاوەکانی دەدات، دەبینـێ لـەناو زێرابـی پیسـایی دایـەو شـەو نەچـۆتەوە مـاڵی خۆیـان. بـەم شـێوەیە دەردێـتو دەگەڕێتەوە ماڵێ.

یەکەم جارم بوو جەبارئاغای کانی لە نزیکـەوە ببیـنم، پێشـتر گـوێم لـە ناوی ببوو، دەیانوت وێڕای ئـەوەی کەسـێکی دەوڵەمەنـدەو خـاوەنی مڵـكو ماڵو زەویو زارێکی زۆرە بەڵام هەمیشـە لـە خـەمی هەژاراندایـەو پیـاوێکی زۆر ئــازاو بــوێرە، قــەت ســەری بــۆ ئینگلیزەکــانو داروەدەســتەکەی دانەنواندووە. بۆیـە ڕووم تێـی کـردو پـێم وت: ئاغـا خۆشـحاڵم بـە ناسـینی جەنابتان، دەمێکە ناوی تۆم بەرگوێ کەوتووە، بیسـتوومە تـۆ شاعیریشـی،

دەکرێ هەر بەم بۆنەیەوە کۆپلەیەکی شیعری خۆتمان بۆ بخوێنیتـەوە؟ کـە ئەمـــەم وت زۆر کــەیفی هـــات وتـــی: دڵتـــان ناشـــکێنمو کۆپلەیـــەکتان بـــۆ دەخوێنمەوە. وتی:

نامەردم ئەگەر منەتی نامەردی بکێشم

پێم خۆشترە ئەی کانی بەشان بەردی بکێشم.

دواتر ڕووی تێکردینو وتی: ئێمەی شاعیران زیاتر لە کەسانی تر هەست بە ئێشو ئـازاری خـەڵك دەکـەین، بۆیـە ئـەم ڕووداوەی بورهـان جاهیـد کـە بۆتـان گێڕامـەوە، هەرچـەندە بـەلای ئێـوەوە ڕەنگـە زۆر سـەیربێت، بـەڵام بەلای منەوە زۆر ئاساییە، چونکە شاعیران هێندە هەست ناسکن، هەست بە هەناسـەی مێشـوولەیەکیش دەکـەن. شـاعیرێکی عـەرەب نـاوی عبدالحسـین زەلزەلەیە، چەند ساڵێك لەمەوبەر هۆنراوەیەکی بەناوی (تمثال العبودیة) لـە ڕۆژنامەی (لواء الاستقلال) بڵاوکردوەو هەرایەکی لە بەغداد نایەوە.

منیش ڕووم تێی کردو وتم: جەباراغا دەکرێت بۆمانی باس بکەیت بزانین چۆن ئەو هەرایەی نایەوە؟

وتی: ئەم شاعیرە، ئەو پەیکەرانەی کـە بـۆ مـەلیك فەیسـەڵو جەنـەراڵ مۆد لە کـەرخ دروسـتکرابوون، لـە هۆنراوەکەیـدا بـە پەیکـەری کۆیلایـەتیو پەرستن وەسفکردبوو.

منیش پێم وت: ئاغا ئەگەر هۆنراوەکەت لەبەرە دەکرێ بۆمان بخوێنیتەوە؟ کە ئەمەم وت دەستی خستەوە ناوگیرفانەکانیو ڕۆژنامەیەکی دەرهێناو وتی: ئەمەیە ڕۆژنامەکە، گوێبگرن با هۆنراوەکەتان وەکو خۆی بۆ بخوێنمەوە:

لمن التمثال في الكرخ تباهى وتبختر
وازدرى بالشعب فأستعلى عليه وتكبر
المن قاد جيوش العرب للنصر المؤزر
أو لمن قد داس وجه البغى بالنعل وعفر
أم لمن قد صاغ للامة تأريخا مسطر
ايها الشامخ في الجو على من تتجبر
انت رمز للعبوديات والحق المعفر
انت تكبرت على مجد هوى فالله اكبر.

مام عەبۆش وتی: جا ئێمە چ لە زمانی عەرەبی دەزانین هەتا تێی بگەین. مادام وایە دە بۆشمان بکەوە کوردی بزانین مانای چیەو ئەو هەرایەشمان پێ بڵێ کە نایەوە.

جەبارئاغای کانی شیعرەکەی بۆ کردینە کوردیو وتی: دوای بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە، خاوەنی ڕۆژنامەکە قاسم حەمودی بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ئەم پارچە شیعرە کە بەناوی خوازراوەوە بڵاوکرابۆوەو تیایدا سوکایەتی بە مەلیك فەیسەڵ کرابوو، گیراو خرایە زیندانەوە.

منیش وتم: جا خاوەنی ڕۆژنامەکە چیبکات، دەبوو شاعیرەکە بگرن نەك خـــاوەنی ڕۆژنامەکـــە. وتـــی: ئـــاخر بـــەناوی خـــوازراوەوە شـــیعرەکەی بڵاوکردبـــۆوە، خـــاوەنی ڕۆژنامەکـــەش ئامادەنـــەبوو نـــاوی ڕاســـتەقینەی شاعیرەکە ئاشکرابکات، بۆیە بەرپرسیارێتییەکەی خستە ئەستۆی خۆیو بەو هۆیەوە چووە زیندانەوە.

مام عەبۆش وتی: چەند ساڵ حوکم درا؟ وتی: کە گیرا هـەر هـەمان ڕۆژ بە کەفالەت ئازادکراو دواتـر لـە ڕۆژی ١٩٤٧/٨/٤ لەلایـەن دادوەری دادگـای تاوانەکانی بەغدادەوە ئـازادکرا. دادگـا لـە بڕیارەکـەی پشـتی بـە شـرۆڤەی شـارەزایانی بـواری زمـانو ئـەدەبی عـەرەبی بەسـت کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایەن دادگـاوە پـرسو ڕایـان پێکرابـوو. بـەمجۆرە بـەبێ تـاوان دەرچـوو، چونکە ئەو شارەزایانە شیعرەکەیان وا لێکدایەوە کە مەبەست لـە پەیکـەری کۆیلایەتی، پەیکەرەکەی فەرماندەی ئینگلیز جەنەراڵ مۆد بووە نەك مەلیك فەیسەڵ. بەم شێوەیە دۆسـیەکەی داخـراو دەسـتیشـیان لەسـەر ڕۆژنامەکـە هەڵگرت.

جـەباراغای کـانی هەسـتایە سـەرپێو بـەمام عـەبۆی وت: ئـەوجا مـن دەڕۆم، زۆرم ئیش هەیە، منیش هەستامو خواحافیزیم لە ئامادەبووان کـردو بـەرەو گـەراجی (تەنەکـە) ڕۆیشـتم بۆئـەوەی هـەواڵی خـزمو کـەسو کـارو دۆستو برادەرەکانم لەو پیرەمێردانە بپرسم کە بە کەروبار ماستو پەنیر لە گوندەکەمان دێننە شارو لە بەردەم گەراجی تەنەکە دەیفرۆشن.

-٧-

# قەسابخانەکەی کۆشکی ڕیحاب

دوای ئەوەی کودەتا بەسەر ڕژێمی پاشایەتی کراو مەلیك فەیسەڵو خانەوادەکەی، هەموویان لە کۆشکی ڕیحاب کوژران‌و کۆمەڵێك ئەفسەر بەناوی ئەفسەرانی ئازادیخواز دەسەڵاتیان گرتەدەست‌و ڕژێمی کۆمارییان ڕاگەیاندو ئینگلیزەکان‌و ئەمریکییەکان عێراقیان بەجێهێشت‌و بەنداوی بێخمەش یەکێك بوو لە دەیان پرۆژەی تر ، بەر لەوەی تەواوی بکەن، بە نیوەچلی لە دوای خۆیان بەجێیانهێشت.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەمان، باوەشی پێداکردم‌و بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە، ماڵئاوایی لێکردم‌و وتی: ئێمە دەڕۆین، ناتوانین هیچیتر لێرە بمێنینەوە، چونکە هاتنی ئەم ئەفسەرانە بۆ دەسەڵات، هەڕەشەیە بۆ سەروگیانی ئێمە. ئەوانە پیاوی یەکێتی سۆڤێتن‌و لەلایەن دەزگاکانی سیخوڕی‌و هەواڵگری ڕووسەکانەوە ئامادەکراون‌و پشتگیری کراون تاکو دەسەڵات بگرنە دەست. لە ئێستا بەولاوە پێگەی ئینگلیزەکان لە عێراق نامێنێ. منیش وتم: باشە ئەم کودەتایە بە چەند ئەفسەرێك چۆن سەرکەوتوو بوو؟ نەدەکرا بەسەریاندا زاڵبن؟ وتی: ڕووسەکان زۆر بە زیرەکی پلانیان بۆ ئەم کودەتایە داڕشتبوو، ئەوان ئیشیان لەسەر ئەو

ئەفسەرو پلەدارانە کردبوو کە ئەرکی پاراستنی کۆشکی ڕیحابو خانەوادەی مەلیك فەیسەڵیان پێ سپێردرابوو. منیش وتم: چۆن شتی وا دەبێ؟ دەتوانی زیاتر بۆم ڕوونبکەیتەوە؟ وتی: واپێدەچێت ڕووسەکان لە دەمێکەوە عەبدولکەریم قاسمو عەبدولسەلام عارفو چەندین ئەفسەرو پلەداری تریان کردبێتە سیخوڕ بەسەر خانەوادەی مەلیك فەیسەڵو تەنانەت ئەوان بۆ کاریگەرییان لەسەر سووپای پاسەوانی کۆشکەکە، سوودیان لەو ئیمام تابوورە کوردەش وەرگرتبوو کە خەڵکی گوندی زەڵمی ناوچەی هەورامان بوو، لە لیوایەکەی عەبدولسەلام عارف پێشنوێژو خوتبەخوێن بوو. منیش وتم: کەواتە کوردیش بەشداربووە لەم کودەتایە؟ بە پێکەنینەوە وتی: نا، نا، بەم شێوەیە نیە، کودەتاچیەکان هەرهەموویان ئەفسەری عەرەب بوون، ئەوان تەنها بۆ چاوساغی سوودیان لەوان بینیوەو تەنانەت ڕۆڵی ئەم ئیمام تابوورەش، تەنها بڵاوکردنەوەی بانگەوازی کودەتاچیەکان بووە لەناو ئەفسەرو پلەدارەکانی سووپا.

دەستی خستە سەرشانمو بە هەناسەیەکی قووڵەوە وتی: ئەمە یەکەمجار نیە کوردەکان دەبنە داردەست بە دەست دوژمنانی خۆیانەوە، ئەگەر مێژوو بخوینیتەوە، زۆر حاڵەتی وا دووبارە بۆتەوە.

وادەزانم دوێنێ بوو، شێخ مەحمودی حەفید بە قسەی تورکەکان، سەنگەری لێگرتینو دژایەتی کردین، ئێمە ڕێگەماندا مەملەکەتێك بۆ خۆیو گەلەکەی لە شاری سلێمانی دروست بکات. بەڵام ئەو نەیزانی سوود لەو

دەرفەتە وەرگرێتو ئێمەی بە گاورو داگیرکەر داناو خێڵە کوردەکانی لێ هاندابنو ڕووبەڕوومان بوونەوە، بەڵام لە دواییدا مەملەکەتەکەی ئەو لەناو چوو، بەڵام عەرەبو تورکەکان سوودمەند بوون.

ئێمە دەڕۆین، بەڵام خەڵکی عێراق ناحەسێتەوە، دەزانی بۆ؟ وتم: بۆ؟ وتی: خەڵکی عێراق وەکو ئاووهەوایەکەی وایە، چۆن ئاووهەوایەکەی جێگیرنیە، ئەوهاش خەڵکی ئێرە هەر ڕۆژەی بە ئاوازێك هەڵدەپەڕن.

تا دوێنێ ئەو ئەفسەرانە سوێندیان بە سەری مەلیکەکەیان دەخوارد، کەچی لە شەوو ڕۆژێکدا خەڵتانی خوێنیانکرد. لەبیریان چوو کە ئەوان باوەڕپێکراونو سوێندیان خواردبوو کە خیانەت لە مەلیکەکەیان نەکەن.

ئەوان وەکو ڕۆبۆت وانە، چۆن قورمیشیان بکەن وا کاردەکەن، هەردەمەی لەسەر پەتێك یاری دەکەن، تا دوێنێ چاوساغی عوسمانیەکان بوون، دواتر ئینگلیزەکان، ئێستاش ڕووسەکان، خوا دەزانێ بەیانی دەبنە چاوساغی دەزگاکانی هەواڵگری چ وڵاتێك.

بەرلەوەی بەجێم بێڵێ پێی وتم: زۆر لەتۆ ڕازیم، هیوادارم تۆش گلەییت لێم نەبێت، هەرچەندە ئێمە دەڕۆین بەڵام پەیوەندیمان هەردەمێنێو سیڤی تۆشم لەلایە ئەیدەمە ئەو کۆمپانیا جیهانیانەی کە لە بواری بەنداوەکان لە جیهان کاردەکەن کە هاتنە وڵاتەکەی ئێوە پێیان دەڵێم پەیوەندیت پێوەبکەنو سوود لە شارەزاییو دەستپاکیت وەربگرن.

-٨-

# هەڵی زێڕین

وەكو وتم: پاش ئەوەی ئینگلیزەكان عێراقیان بەجێهێشتو گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، كۆمپانیای بەنداوی بێخمەش لەكار وەستا. ماوەیەك بێكار مامەوە، دواتر قەمەرەیەكی شۆفەرلێتی ئەمریكیم كڕیو لە خەتی هەولێرو دەوروبەری كارم دەكرد. ئەوكاتە ژمارەی ئەو قەمەرانەی كە لەو خەتانە ئیشیان دەكرد، لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەكرد، لەگەڵ چەند پەستێك كە خەڵكیان لە شوێنە دوورەكان دەگواستەوە.

خەڵكی ئەو گوندانە زۆر كەم هاتووچۆی شاریان دەكرد، بۆكاری پێویست نەبا نەدەهاتن. تەنانەت خەڵكی گوندەكانی دەوروپشتی شاری هەولێریش زۆربەیان بەپێ دەهاتنو دەچوونو خەڵكی دەوروپشتی شەقڵاوەش بە كەروبار بەروبوومەكانیان دەهێنا شارو دەیانفرۆشتو بە پارەكەشی پێداویستییەكانی خۆیان دەكڕی.

نەفەرەكانی من زیاتر خەڵكی ناوچە دوورەكانو كەسانی دەوڵەمەندو ئاغاو كوێخای گوندو شارۆچكەكان بوون. زۆرجاران ئەحمەد ئاغای مێرگەسۆرو خدرئاغای سەرچیاو عەلی بەگی دۆرەتێسو لەدوایان دەناردمو بە حەفتە لەگەڵیان دەمامەوەو سەردانی موتەسەریفی لیوای هەولێرو

نووری سەعیدو عەبدولئیلای خالّی مەلیك فەیسەڵیان لە شاری بەغداد دەکردو منیش بە درێژایی ئەوکاتە لەگەڵیان دەماوەو دوایش کە کارەکانیان تەواو دەبوو، دەمبردنەوە شوێنی خۆیانو کرێکەیان بەزیادەوە دەدامیّ. ئەوان لەگەڵ من زۆر ئاسوودەبوون، چونکە قەمەرەکەی من ڕەنگێکی سپی جوانی هەبوو و مۆدێلەکەشی نویّ بوو، بۆیە وەکو ئوتومبێلی خۆیان سەیریان دەکردو منیش قەت کارێکی وام نەدەکرد کە لێم بێزاربنو پەشیمان ببنەوە کە لەگەڵم هاتووچۆ دەکەن.

دوو سیّ ساڵ بەسەر ئەم کارەم تێپەڕی، ڕۆژێك هەندێك نەفەرم لە شارۆچکەی هەریر هێنابوو بۆ شاری هەولێر، دەبوو لەسەریان ڕابووەستم هەتا کەلوپەلەکانیان دەکڕنو کارەکانیان تەواو دەکەن، بۆئەوەی لەگەڵ خۆم بیانبەمەوە. پێم وتن: دوای نوێژی ئێوارە لەبەردەم مزگەوتی خانەقا یەکتر دەبینینەوەو منیش دەمێك بوو عەبدوللا سکۆدم نەبینی بوو، بەباشم زانی لە گەراجی تەنەکە بچمە لای.

ئەو قەمەرەیەکی سکۆدی مۆدێل نوێی هەبوو، بۆیە پێیان دەگوت عەبدوللا سکۆد، چونکە ئەوکاتە هیچ کەس لە شاری هەولێر قەمەرەی وەکو ئەویان نەبوو. جا ئەگەر کاری نەبا، لە گەراجی تە نەکە دەبیندرا. هەندێك جاریش لە باخچەی ڕێستهاوسەکەی وێستگەی شەمەندەفەرەکە لەگەڵ ئینگلیزەکان دادەنیشت.

کە چوومەلای سڵاوم لێی کرد، سڵاوی لێوەرگرتمەوەو وتی: کورِم ئەوە تۆ لەکوێی؟ دەمێکە دیارنیت، مژدەیەکی خۆشم بۆت پێیە. وتم: خێرە؟ ناکا کۆمپانیای بەنداوی بێخمە بەکارکەوتبێتەوە؟ وتی: نا، ئەو بەنداوە تازە ناکەوێتەوەکار، بەڵام ئەمریکیەکان بەنداوێکی تر لە دەربەندیخان لەسەر زێی سیروان لە لیوای سلێمانی دروست دەکەن وا خەریکە کاری تێدادەکەن. پەیوەندیان پێوەکردومو داوای شوفێرێکی ئینگلیزیزانیان لێکردووم کە ببێتە شوفێری بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە. منیش وتم: بەڕێوەبەرەکە ناوی چیەو خەڵکی کوێیە؟ وتی: ئەو ناوی مستەر مۆرگنەو خەڵکی ویلایەتی تەکساسە، حەزدەکات کەسێکی کوردی خەڵکی ناوچەکە ئینگلیزیزان ببێتە شوفێری. منیش ناوی تۆم داونەتیو باسی توانا و شارەزاییو ڕەوشتی تۆشم بۆکردوونو پێم وتوونە کە تۆ ماوەیەکیش سەربازی ئینگلیزەکان بوویت. ئەوان زۆریان پێ خۆش بوو پەیوەندیت پێوەبکەمو بەوانت بناسێنم.

منیش لەخۆشیاندا وەخت بوو باڵبگرمو بفڕم، وتم: زۆرباشە، من حەزم لەوکارەیە، چۆن بیانبینم؟ دەستی بردەوە بۆ گیرفانیو پارچە کاغەزێکی دامیو وتی: ئەمە ناونیشانەکەیەتی، تۆ شارەزاییت هەیە لە شاری سلێمانیو شارۆچکەی دەربەندیخان، هەر بە قەمەرەکەی خۆت بڕۆلایانو خۆتیان پێ بناسێنەو سڵاوی منیشیان پێ بگەیەنەو بڵێ من ئەوکەسەم کە

ئێوە بەدوایدا دەگەڕێن. ئەوان لەتۆ زیاتر پێیـان خۆشـە کەسێکی وەك تـۆ ئینگلیزیزانو بە ئەزموون کاریان لەگەڵدا بکات.

خواحـافیزیم لێکـردو گەڕامـەوە لای مزگـەوتی خانـەقا، نەفـەرەکان لەبـەردەم مزگەوتەکـە چـاوەڕێی منیـان دەکـرد. سـڵاوم لێکـردنو داوای لێبـوردنم لێکـردن کـە تۆزێـك لـە وادەی خـۆی دواکـەوتم. بـەم شـێوەیە نەفـەرەکانم هـەڵگرتو بـەرەو شارۆچـکەی هـەریرو باتـاس گەڕامـەوەو لـە ڕێگاش نیوەی بیروهۆشم هەر لەلای بەنداوی دەربەندیخان بوو. لـە خـەیاڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ئەوانیش وەکو کۆمپانیـای بەنـداوی بێخمـە بایـەخم پێبدەنو مووچەیەکی باشم بۆببڕنەوە).

دوای ئـەوەی گەیشـتمەجێ، نەفـەرەکانم دانـاو منـیش گەڕامـەوە نـاو خانەوادەکـەم لـە گونـدی ئامۆکـانو هـەواڵی دامـەزرانی خـۆم لـە بەنـداوی دەربەندیخان پێ ڕاگەیاندنو وتم: بـەیانی بۆمـاوەی چـەند ڕۆژێـك بـەجێتان دەهـێڵمو دەچـمە دەربەنـدیخان بـۆ سـەردانی کۆمپانیـای بەنـداوی دەربەنـدیخانو ناگەڕێمـەوە هـەتا هـەموو کارەکـانی دامەزرانـدنم لـەوێ تەواودەکـەم. ئەگـەر لـەوێ جێگیربـووم، خانوێکتـان بـۆ دەگـرمو دێمـەوە ئێوەش لەگەڵ خۆم دەبەم.

بـۆ ڕۆژی دواتـر هێشـتان خۆرهەڵنـەهاتبوو، لەگـەڵ قووقـەی کەڵەشـێر، بەڕێکـەوتمو دوای نیـوەڕۆ گەیشـتمە شارۆچـکەی دەربەنـدیخانو بـە

هەواڵپرسین بارەگای کۆمپانیاکەم لە گەڕەکی خوارەوە لە نزیك بەنداوەکە دۆزیەوە.

هەر لەوێ کەسێکم ناسی ناوی خالە عەبدە بوو، بەڕێوەبەری کارگێڕیو دارایی کۆمپانیاکە بوو، کەسێکی ڕوح سووك بوو، خۆم پێی ناساندو نامەکەی عەبدوللا سکۆدم دایەو پێم وت من لە لیوای هەولێرەوە هاتووم لەسەر داوای مستەر مۆرگن بۆ دامەزراندنم وەك شوفێر. بەخێرهاتنێکی گەرمو گوڕی کردمو پێی وتم: ئەو بە هەموو کەسێك ڕازی نیە، مەگەر ئینگلیزیزانێکی باش بێتو خاوەن ئەزموون بێت. منیش وتم: من پێشتر لە حەبانیەسەربازی ئینگلیزەکان بوومەن ماوەیەکیش شوفێرو وەرگێڕی بەڕێوەبەری بەنداوی بێخمە بوومە، ئێستاش لەسەر داوای عەبدوللا سکۆد بۆ ئێرە هاتوومە، جا نازانم ئێوە چیدەڵێن؟ وتی: زۆرباشە، ئێمەش بەدوای کەسێکی وەك تۆ دەگەڕاین، ئێستا بەیەکەوە دەچینە لای، ئەگەر ئەم هەواڵەی پێبدەم زۆر دڵخۆش دەبێت، چونکە ئێمە کەسمان ئینگلیزی نازانین، بۆیە دەمێکە بەدوای کەسێکی وەك تۆ دەگەڕێین بۆئەوەی لێمان تێبگاتو ئێمەش لێی تێبگەین.

بە دووقۆڵی چوینە لای مستەر مۆرگن، خالە عەبدە ڕووی تێکردمو وتی: من ئینگلیزی نازانم، ئێوە هەردووکتان ئینگلیزی دەزانن‌و باشتر لەیەکتری تێدەگەن، فەرموو خۆتی پێ بناسێنەو وردو درشت هەموو شتێکی بۆ ڕوونبکەوە.

منیش بە زمانی ئینگلیزی بەیانی باشم لێی کردو لەبارەی شارەزاییو تواناکانی خۆمو ڕابردووی خۆشمەوە بە درێژی هەموو شتێکم بۆی باسکرد. زۆر کەیفی هات، وتی: دانیشە. ئەویش خۆی پێ ناساندمو باسی لەوە کرد کە خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو دانیشتووی ویلایەتی تەکساسەو ماوەیەکە بۆ کارکردن هاتۆتە عێراقو لەم بەنداوەدا کاردەکات. ئەو دەمێکە لە بواری بەنداوەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کاری کردووەو بەختەوەرە کە کەسێکی وەك منی دەستکەوتووە. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: تۆ تەنها شوفێرم نابیت، بەڵکو وەرگێڕو چاوساغو جێگەی متمانەی منیش دەبیت لەم کۆمپانیایەدا.

ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە لە بەنداوی دەربەندیخان دەستبەکاربوومو لە گەڕەکی خوارەوە خانووێکیان بۆ تەرخانکردم لەو خانووانەی کە بۆ کارمەندانی کۆمپانیاکە دروستکرابوون. چەند ڕۆژێك بە سەڵتی لەوێ مامەوە، دوایی داوام لە بەڕێوەبەر کرد، مۆڵەتی چەند ڕۆژێکم بداتێ بۆئەوەی ماڵمان لە هەریرو باتاسەوە بۆ ئەوێ بگوێزمەوە. ئەوکاتە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان حکوومەتی ناوەندو گەلی کورد، هاتنو چوونی نێوان شارە کوردنشینەکانو گواستنەوەی کەلوپەل بەزەحمەت کەوتبوو. دەبوو ڕەزامەندی موتەسەڕیفی هەردوو لیوا وەربگیرێ ئینجا لە خاڵەکانی پشکنین ڕێگایان بە گواستنەوەی دەدا.

-٩-

# سەردەمێکی تر

دەرکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیو دەستبەسەرداگرتنی زەویو زاری ئاغاو کوێخاو خاوەن موڵکە زەبەلاحەکان، ناڕەزایی لێکەوتەوە. هەر بۆیە ئەو ئاغاو کوێخاو خاوەن موڵکانەی بیتوێنو پشدەر لە عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕانەوەو خەریکی ئامادەسازی بوون بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی دەسەڵاتەکەیو لەم پێناوەشدا لە ڕێگەی هەندێك کەسی ڕۆشنبیرو لێهاتوو و قسە زانی وەك هەمزە عەبدوڵلاو مام جەلالو ئیبراهیم ئەحمەد لێرەو لەوێ پەیوەندییان بە خەڵکانی کوردستان دەکرد بۆ شۆڕشکردن لە دژی دەسەڵاتەکەی قاسم هانیان دەدان. هەر لەو ماوەیەشدا ئاغاکانی بیتوێنو پشدەر مام جەلالیان بە نوێنەرایەتی خۆیان ناردەلای مەلا مستەفاو داوایان لێی کرد پەیوەندی لەگەڵ زەعیم بپچڕێنێتو ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە بکات. لەم هەڵو مەرجە ناسكو ناهەموارەدابوو، سەردانی موتەسەڕیفی لیوای هەولێرم کردو داوای ڕەزامەندیم لێکردن بۆ ماڵگواستنەوەم. دوای بینەو بەردەیەکی زۆر، پاش ئەوەی فەرمانی دامەزراندنم لە کۆمپانیای بەنداوی دەربەندیخان پیشاندا، ئەوکات ڕەزامەندی بۆ کردمو بە توڕەییەوە پێی وتم: ئێوە چەکتان لە دژی ئێمە هەڵگرتووەو ڕووبەڕوومان بوونەتەوە،

سەرۆکەکەتان بەقسە هیچی بۆ زەعیم نەهێشتۆتەوەو پێی دەڵێ (من جوندییێکی موخلیسی تۆم)، کەچی لەولاشەوە خەڵکی عەشایەر لە دەورەی خۆی کۆدەکاتەوەو بە قسەی ئیسرائیلیەکانو شای ئێران دژایەتیمان دەکات. بۆ ئێمە نازانین ئەو برنۆو تەقەمەنیانەی بە شانیان وەیە لە ئیسرائیلو شا وەریانگرتووە.

منیش وتم: من کارمەندێکی بەنداوی دەربەندیخانمو هیچ لە سیاسەت نازانم. ئەویش وتی: ئێوە هەموتان وانە، بە دەستێك تۆقەمان لەگەڵ دەکەنو بە دەستەکەی تریشتان لە دواوە خەنجەرمان لێدەدەن.

ناوماڵێکی ئەوتۆمان نەبوو، هەر بۆیە چوومەوە گوندو چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوە، دوایی قاپو قاچاغەکانم خستە ناو سندووقی ئوتۆمبێلەکەمو دۆشەكو لێفەکانیشم بە کندرێك لەسەر چەنچەکە بە توندی بەست.

ئەوکاتە تەنها دوو منداڵم هەبوو، کوڕە گەورەکەم دەستی بە گریان کردو وتی: لێرە دەمێنمەوەو لەگەڵتان نایەم. بۆیە تەنها هاوسەرەکەمو کوڕەگچکەکەم لەگەڵم هاتن. بەڕێکەوتین، کە گەیشتینە شەقلاوە، لە چایخانەیەك لاماندا چایەیەك بخۆینەوە. بووە غەڵبە غەڵبو جۆرێك لە مشەوەشی بە خەڵکەکەوە دیاربوو، ڕووم تێکردن وتم: دەڵێی شتێك ڕوویداوە؟ وتیان: بۆ نەتزانیوە؟ تۆزێك پێش ئێستا دوو فڕۆکەی عێراقی گوندی بارزانیان بۆردومانکرد. منیش وتم: بۆچی؟ ئەی زەعیم خۆی ئەوانی لە یەکێتی سۆڤێت نەهێناوە، بۆچی ئێستاش پەلاماریان دەدات؟ وتیان:

پەیوەندی نێوان مەلا مستەفاو زەعیم تێكچووەو ئەو چەند ڕۆژێكە بەغدادی بەجێهێشتووەو گەڕاوەتەوە گوندی بارزان و خەڵكی كوردستان لە ڕۆژهەڵاتو لە باشوور سەردانی دەكەن و داوای ڕابەرایەتیكردنی شۆڕشی لێدەكەن.

دەڵێن لەو ڕۆژانەدا كەریمی حوسامیش لەگەڵ چەند كەسێكی ڕۆژهەڵات بە ناوی عەبدولڕەحمان قاسملۆی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بۆ هەمان مەبەست سەردانی كردووە. دەڵێن مام جەلالیش پەیامێكی عەباس ئاغای مامەند ئاغای سەركەپكان و ئاغاكانی بیتوێن و پشدەری بۆ بردووەو داوای لێكردووە ڕابەرایەتی شۆڕشیان بۆ بكات.

یەكێكی تریش وتی: ئەوە زانیمان ئاغاكانی بیتوێن و پشدەر لەبەر قانوونی ئیسلاحی زراعی داوای ڕاپەڕین و شۆڕش دەكەن، بەڵام كوردانی ڕۆژهەڵات لەبەرچی پشتگیری دەكەن؟

یەكێك لە دانیشتووی چایخانەكە، ڕووی تێكردو وتی: دەڵێن ئەوانیش بەنیازن لە شارولادێكانی ڕۆژهەڵات دژی حوكمڕانی شای ئێران ڕاپەڕن.

منیش ڕووم تێكردن و وتم: ڕاست دەكەن، بارودۆخەكە ئاسایی نییە، پەیوەندی نێوان مەلا مستەفاو زەعیم زۆر خراپ تێكچووە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی مالگواستنەوە چوومە لای موتەسەڕیف زۆر توڕەبوو، زۆر بە خراپی دابەزییە سەر كوردو هەموومانی

بە نەیار وەسفکردو وتی: ئێوە بە چەکی ئیسرائیلو شای ئێران تەقە لە حکوومەت دەکەن. بەڵام من تێناگەم بەرژەوندی ئیسرائیلو شای ئێران لەمەدا چیەو بۆچی چەكو تەقەمەنیمان دەدەنیٚو دەیانەویٚ دژایەتی حکوومەتی پێبکەین؟

یەکێك لە دانیشتووان سەری خۆی لەقاندو بەسەر سوڕمانەوە وتی: چۆن نازانی؟ ئیسرائیل ئەمە دەکات بۆئەوەی حکوومەتەکەی قاسم کە دۆستی یەکێتی سۆڤێتییە، بەلاوازی بمێنێتەوەو نەبێتە هەڕەشە بۆ ئاساییشی نەتەوەییان، هەروەها شای ئێرانیش لەوە دەترسێت ئەگەر زەعیم پێگەی خۆی لە عێراق بەهێزبکات، هاوکاری حزبی تودەی چەپڕەوی ئێرانی بکاتو ئەوانیش کودەتا بکەنو ڕژێمی پاشایەتی بگۆڕنو خانەوادەی شاش بە دەردی خانەوادەکەی مەلیك فەیسەڵ ببەن.

بەم شێوەیە، کەمێك پشوماندو دوایی بەرەو شاری هەولێرو لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانیو دەربەندیخان بەڕێکەوتین. ڕێگایەکە زۆر درێژ بوو، بۆیە لەچەند شوێنێك پشووماندا، نانی نیوەڕۆمان لە شارۆچکەی پردیٚ خوارد. پردیٚ بە نانو کەبابو ماستاوەکەی بەناوبانگ بوو. نانو کەبابێکی باشمان خواردو ماستاوێکی ساردیشمان بەسەریدا فڕکردو دوایی بەڕێکەوتینەوە، تا گەیشتینە دەربەندیخان شەومان بەسەرداهات، لە ڕێگا زۆر ماندوو شەکەت بووین، تاقەتی هێنانەخوارەوەی کەلوپەلو نوێنەکانیشمان نەبوو، بەڵام دراوسێی باشمان هەبوو، یەکێك لە دراوسێکانمان خاڵە عەبدەبوو،

بەڕێوەبەری کارگێڕیو دارایی کۆمپانیاکەمان بوو، پیاوێکی زۆر باشو ڕوح سووك بوو، ژنەکەی ناوی شەمسەخان بوو، وەکو خۆی بە تەکلیف بوو، منداڵەکانی بانگ کردو یارمەتیان داین لە هێنانەخوارەوەی کەلوپەلەکانو هەر بەو شەوەش ژەمێك خواردنی گەرمو گوڕیان بۆ ئامادەکردینو تا درەنگی شەو لەگەڵمان مانەوە.

بۆ بەیانی چوومە کۆمپانیاو سەردانی بەڕێوەبەرم کردو چیرۆکی ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووم بۆی گێڕایەوە. سەری خۆی لەقاندو وتی: جارێ ئێوە چیتان دیتووە، ئەمە سەرەتایە، بڕواناکەم جارێکی تر عێراق سەقامگیر بێت. نووری سەعید قسەکەی تەواو بوو کە وتی: من سەرقەپاغی مەنهۆڵی پیساییم، ئەگەر من نەمێنم بۆنی پیسایی لە هەموو عێراقدا بڵاودەبێتەوە. ئەوەتا جارێ هەمووی چەندساڵێکی کەم بەسەر کودەتاکەتان بەسەر مەلیك فەیسەڵ ڕەتبووە، کەوتوونەتە ناو یەکترو هەریەکەتان بە بڕوبیانوێك دژایەتی ئەوەی تر دەکات.

دەربەندیخان شارۆچکەیەکی بچووك بوو، ژمارەی دانیشتوانی زۆر نەبوو، خەڵکی ئەوێ زۆربەیان لە پڕۆژەی بەنداوەکە بە ڕۆژانە کاریان دەکردو هەندێکیشیان کارمەندی حکوومەت بوون. قایمقامەکەی ناوی عەلی فەتاح دزەیی بوو، خەڵکی لیوای هەولێر بوو، پێشتریش ئێمە یەکتریمان دەناسی، بۆیە لەوێ هیچ کاتێك هەستم بە غەریبی نەدەکرد. سروشتی ئەو شارۆچکەیە زۆر دڵڕفێن بوو، زێی سیروان بەناویدا تێدەپەڕیو بەنداوەکەش

وێڕای ئەوەی شەلالەکانی دیمەنێکی جوانی پێ بەخشیبوو، سەرچاوەیەکی بەسوودیش بوو بۆ ڕاوەماسیو خەڵکی ئەوێ تۆڕەکانیان فڕێدەدایە ناو ئاوی بەنداوەکەو بۆ کات بەسەربردنو بە ئارەزووش بە قولاب ڕاوی ماسیان دەکرد.

ئێمە ماڵمان لەناو یەکێك لەو خانوانەدابوو کە بۆ کرێکارو کارمەندانی بەنداوەکە دروستکرابوون، هەموو دراوسێکان یەکتریمان دەناسی، بەیەکەوە بەڕۆژ کارمان دەکردو بە شەوانیش یەکتریمان بەسەردەکردەوەو هەر شەوی لە ماڵێك کۆدەبووینەوەن بە قسەی خۆشو گاڵتەوگەپ شەوەکەمان بەسەردەبرد.

شەوێك لە ماڵی خاڵە عەبدە کۆبووینەوە، هەریەکێك لە ئێمە چیرۆکی خۆی بۆ ئەوانی تر دەگێڕایەوە، خاڵە عەبدەش ئیشارەتی بۆ شەمسەخانی هاوسەری کردو وتی: ئەم شەمسەیە دەبینن، بەقومار بردوومەتەوە. کە ئەمەی وت واقمان ورماو هەر هەموومان بەسەر سوڕمانەوە سەیری یەکتریمان کردو دواتر من ڕووم تێی کردو پێم وت: چۆن شتی وادەبێ، ئێمە بیستوومانە قومار تەنها لەسەر پارەو پوول دەکرێ، نەمانزانیوە لەسەر ژن بکرێت.

بەپێکەنینەوە وتی: ئاخر قومارەکەی ئێمەش سەرەتا لەسەر پارەبوو، بەڵام باوکی ئەو هەرچەندە قومارچییێکی بەناوبانگی شاری سلێمانی بوو، کە قومارم لەگەڵ کرد، پێشبینی نەدەکرد لێی ببەمەوە، بۆیە زۆر بەبێ

منەتی قوماری لەگەڵ کردم تا گشت پارەو پوولەکەی دۆڕاند. هەرچەندە من پێم وت با وازبێنین، بەڵام ئەو دایەلاملیو داوای لێکردم کە لەجیاتی پارە لەسەر شەمسەی کچی دەستێك قومار بکەین، ئەگەر ئەو دۆڕاندی کچەکەییم بداتێ، ئەگەر منیش دۆڕاندم هەموو پارەو پوولەکەی بۆ بگەڕێنمەوە.

هەرچەندە ئەوکاتە من ژنیشم هەبوو، ئامەخانی هاوسەرم ژنێکی ڕێكو پێكو جوان بوو، ماڵمان لە گەڕەکی قەرەجاوەی شاری سلێمانی بوو، بەڵام گومانی تیا نیە، شەمسەخان لەو منداڵترو جوانتر بوو، بۆیە بێ دڵ لە دڵدان یەکسەر قبوڵم کردو هەرزوو ئەویشم لێی بردەوە.

منیش ڕووم لە شەمسەخان کردو پێم وت: ئەوەی خاڵە عەبدە دەیڵێ ڕاستە؟ بە پێکەنینەوە وتی: ڕاست دەکات، باوکم منی بە قومار دۆڕاند.

-١٠-

# ژمارە سێزدە شوومە

شەوێکی تر، گشت دراوسێکان لە ماڵی ئێمە کۆببونەوەو سوالفەی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوەو بەدەم خواردنەوەی چاو چەرەزاتەوە نووکتەمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. مام عومەر تازە چەند ڕۆژێك بوو هاوسەرەکەی مردبوو، زۆر خەمبار بوو، هێشتان چلەی نەچووبوو، دڵی هەر لەلای منداڵەکانی بوو کە بەتەنها بەجێی هێشتبوون.

خاڵە عەبدە سەری هێنا ژێر گوێم‌و پێی وتم: چ دەڵێی خەمێکی کاك عومەر بخۆین‌و ژنێکی بۆ بێنین. منیش وتم: جا کێی بۆ بێنین، من کەس شك نابەم ئەگەر تۆ کەسێك دەناسی با ناوی خوای لێبینین‌و بۆی پێك بهێنین. وتی: دەڵێن چەند ڕۆژێکە پوورە سوڵتانیش لەپیاوەکەی جیابۆتەوەو ئێستا ئەو بەدوای پیاوێکدا دەگەڕێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. منیش وتم: ئەم سوڵتانە ژنێکی تەڕلووسە، وابزانم تاکو ئێستا دوانزەجار هاوسەرگیری کردووەو قەت تێرنابێت. خۆ شەوێك پیاوەکەی لەگەڵی جوت نەبێ دەیکاتە دەرەوەو سێ بە سێ تەڵاقی دەدات. بڕواناکەم

مام عومەر ئەوی پێ تێربکرێت، گوناهە با تووشی بە تووشی پوورە سوڵتان نەکەین، دوایی خەمەکەشی هەر بۆ ئێمە دەبێت.

خاڵە عەبدە وتی: نا، نا، تۆ شتەکە وا گەورە مەکە، پوورە سوڵتان ماڵو حاڵی خۆی هەیەو پێویستی بەهیچ نیە، مارەییەکەشی لە هەموو مێردەکانی هەر سوورەتێکی فاتیحە بووە. دەبا مام عومەر ببێتە هاوسەری ژمارە سیانزەو لەسەر سورەتێکی فاتیحە لێکیان مارە بکەین. قسەی خۆشمان بێت ئەوە چەند ڕۆژێکە ژنەکەی مردووە، ئێستا زۆر تامەزرۆیە، خۆ هەر هیچ نەبێت یەك دوو حەفتە تێری دەکات، دوایش چی دەبێت با ببێت، زۆر زۆر شوتێکی لێدەداتو سێ بەسێ تەڵاقی دەداتو دەیکاتە دەرەوە.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، مام عومەر ڕووی تێکردینو وتی: ئەوە چیتانە باسی چ دەکەن، دەبا ئێمەش گوێمان لێ بێت، بەڵکو ڕایەکی جیاوازمان هەبێت.

خاڵە عەبدە وەڵامی دایەوەو وتی: لەڕاستیدا باسی تۆمان دەکرد، ئێمە لەخەمی تۆداینو دەمانەوێ ژنێکت بۆ بێنین. مام عومەریش وتی: هێشتان ژنی ڕەحمەتیم چلەی نەچووە تا ژنم بۆ بێنن. خاڵە عەبدەش وتی: منیش ئەوە دەزانم، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە پوورە سوڵتانمان لەدەست بچێت، دەڵێن پیاوەکەی خۆی تەڵاقداوەو ئێستا بەدوای پیاوێکی تردا دەگەڕێت

مێردی پێبکات. مام عومەریش وتی: ئەو مردونەمرە قەت لەپیاو تێرنابێت، ئەوە یەك دەرزەن مێرد بکات هەر بەسی نەکرد؟

خاڵە عەبدە وتی: ئێمە هەقی ئەوەمان چیە، خوادەیکرد سەد مێردی دەکرد، گرینگ ئەوەیە ئێمە ڕازیبکەین مێرد بەتۆ بکاتو شوێنی ڕەحمەتیت بۆ پڕبکاتەوەو بەو زستانە ساردو سڕە گەرمت بکاتەوە. دیاربوو مام عومەر ئەم قسانەی زۆر پێ خۆش بوو، بۆیە نقەی لێوەنەهات.

خاڵە عەبدە ڕووی تێکردو پێی وت: چ دەڵێی، هەر ئێستا بەم شەوە ناوی خوای لێبێنینو بۆت بچینە خوازبێنی.

مام عومەر هەرچەندە زۆریشی پێخۆش بوو، بەڵام خۆی گرانکردو وتی: ئاخر خەڵك چیم پێ دەڵێ تازە ژنەکەم مردووەو هێشتان چلەی نەچووە.

خاڵە عەبدەش وتی: جا کێن ئەوانەی قسە دەکەن، ئەوەتا گشتمان لێرەینو مردنیش لەپێش هەموومانەو ئەویش زیندو نابێتەوە، بۆیە دڵ لە دڵ مەدەو تا لەدەستمان دەرنەچووە بابچین داوای بکەین. مام عومەر وتی: ئاخر لەم دەمودەستە هیچ پارەم بەدەستەوە نیە، ئەوەی هەمبوو لەپرسەی ڕەحمەتی خەرجم کرد.

خاڵە عەبدە وتی: خەمی ئەوەت نەبێت، پوورە سوڵتان پارەو پوولی ناوێت، تەنها لەسەر سورەتی فاتیحە خۆی مارەدەکات، بەڵام یەك مەرجی بچکۆلانەی هەیە ئەگەر قبوڵت بێت. ئەویش وتی: ئەو مەرجە چیە؟ وتی: ئەو تەنها داوای ئەوەت لێدەکات مافی جیابوونەوە لەدەستی خۆیدا بێت.

مام عومەر وتی: جا ئەوە چیە، مەرجێکی زۆر بچووکە هەر لە ئێستاوە لەسەر دەستی ئێوە من پێی ڕازیم.

بەم شێوەیە، گشتمان چووینە ماڵی پوورە سوڵتان، ماڵەکەی لە کۆڵانەکەی سەرەوەی ماڵی ئێمە بوو، مام عومەریشمان لەگەڵ خۆمان بردو دوای سڵاوکردن هەر لەبەردەرگا خاڵە عەبدە بەدەم قاقای پێکەنینەوە ڕووی لە پورە سولّتان کردو وتی: دەزانی بەم شەوە بۆچی هاتووین؟ ئەویش وتی: نازانم. خاڵە عەبدە دەستی خستە سەرشانی مام عومەرو وتی: خۆت دەزانی ئەم پیاوە قۆزە چەند ڕۆژێکە ژنەکەی مردووەو بە تەنیا ماوەتەوەو پێشینانیش وتوویانە تەنیایی تەنها بۆ خوا چاکە، خۆ تۆش ماوەیەکە بەتەنها ماویتەوەو تۆش وەکو مام عومەر پێویستت بە شەریك ژیانێکە، ئێمەش وتمان با ناوی خوای لێبێنین‌و هەر بەم شەوە ئەم کاری خێرە ببڕێنینەوە.

لە ڕاستیدا من زۆر شارەزاییم لەسەر ئەو پوورە سولّتانە نەبوو، هەرچەندە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە ماڵمان چووە دەربەندیخان، خەڵکی گەڕەك چیرۆکی ئەویان بۆ گێڕامەوەو وتیان: ئەو پوورە سولّتانە هێندە تامەزرۆی پیاوە قەت لێی تێرنابێت‌و تاکو ئێستا دوانزە مێردی کردووەو سەری زۆربەیانی خواردووە. بەڵام نەمدەزانی بەم شێوەیە بێت‌و هەر لەبەر دەرگا خوازبێنی بکرێت، ئەم دیمەنەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، چاوەڕێی

قسەیەکی ناشیرینم لێی دەکرد، لە دڵی خۆم دەموت (ئێستا جوێنمان پێدەداتو دەرماندەکات).

بەڵام بە پێچەوانەوە، لە خۆشیاندا قاچی زەوی نەدەگرت، چاوەڕێی ئەوەی نەکرد بچینە ژوورەوە، هەر لەبەردەرگا وتی: خۆ پیاوێکی لە مام عومەر باشترم دەست ناکەوێ، پیاوێکی قۆزەو ئەویش هەقی خۆیەتی بەدوای شاژنێکی وەکو من بگەڕێت. بە دەمی خۆم مەدحی خۆم ناکەم، با لە خەڵکی دەربەندیخان بپرسن بۆ هاوسەرەکانم چەند باشبووم. عەیبیشە باسی بکەم کە شەوان لەگەڵیان خەوتوومە تا ئێڵنجیان نەهاتبێتەوە بەرم نەداون. خەمی مام عومەریشتان نەبێت، بەخوا دەیخەمە نیعمەتێکی وەهاوە مەگەر حۆریەکانی بەهەشت ئەو نیعمەتە بە پیاو ببەخشن، تا تێری نەکەمو قەرەبووی ئەم چەند ڕۆژەی بۆ نەکەمەوە وازی لێناهێنم.

ئێمەش لە قاقای پێکەنینمان داو ڕوومان لە مام عومەر کردو پێمانوت: چیت دەوێ، وا خوا دڵی پوورە سوڵتانی بۆت نەرم کردووەو تۆی کەوتۆتە بەردڵو ڕازی بوو مێردت پێبکات، ئیتر تۆش هیچی تر بەتەنها نامێنیتەوەو بەم زستانە ناو جێگاکەت گەرمو گوڕ دەبێتو ئێمەش هیچمان پێنابڕێت، مەگەر هەردووکتان دوعای خێرمان بۆبکەن.

مام عومەر ڕووی لە پورە سوڵتان کردو پێی وت: زۆر سووپاست دەکەم کە منت قەبوڵکرد، لەسەر دەستی خاڵە عەبدەو ئەم بەڕێزانە، دەتخەمە

سەر چاوی خۆمو کارێکی واناکەم گلەییت لێم بێت. دوای ئەوە، پورە سوڵتان شەربەتی ئاوی مێوژی بۆهێنایین.

خاڵە عەبدە ڕووی تێکردو وتی: با هەر بەم شەوە ئەم ئیشە تەواو بکەینو ئێوەش بەیەك شادبن.

بەرلەوەی پورە سوڵتان وەڵاممان بداتەوە، مام عومەر وتی: خاڵە عەبدە خۆت دەزانی جارێ من هیچ بڕەپارەیەکم بەدەستەوە نیە، ئەوەی هەم بوو لە پرسەی ڕەحمەتی خەرجم کرد، واباشە چەند ڕۆژێك بووەستین، هەر هیچ نەبێت تا مەعاشی ئەم مانگە وەردەگرین.

خاڵە عەبدە ویستی وەڵامی بداتەوە بەڵام پورە سوڵتان قسەکەی پێبڕیو وتی: جا پارەو پوولمان بۆچیە؟ ئەوەتا من خانوێکی گەورەم هەیەو لە هیچم کەم نیە، ئەگەر تۆ ڕازیبیت با منداڵەکانی تۆ هەر لەناو خانووەکەی خۆتان بمێننەوەو منو تۆش لێرە بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەینو سەبارەت بە زەماوەندەکەش، منو تۆ ئەوە یەکەمجارمان نیە هاوسەرگیری بکەین، بۆیە هیچ پێویست بەزەماوەند ناکاتو هەر لە ئێستاوە لەسەر دەستی ئەم بەڕێزانە هەموو شتێك دەبڕێنینەوە.

خاڵە عەبدە ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، ڕووی لە پورە سوڵتان کردو پێی وت: دەبا سەرەتا لە مارەییەکەوە دەست پێبکەین، تۆ دەتەوێ لەسەر چەند مارەبکرێیت؟

پوره سـولّتان وتـی: لەسـەر خوێندنـەوەی سـورەتێکی فاتیحـە، بـەلای منەوە لە هەموو شتێك بەنرخترە. ئێمەش هەموو بەیەکەوە وتمان: ئەشـەدو ڕاست دەکەیت.

خالّە عەبدە دەستی فـەقێ وەسمـانی ڕاکێشـاو وتـی: خـۆ تـۆش چـەند ڕۆژێك لە حوجرەی مزگەوت خوێندوتەو دەتوانی ئـەم هاوسـەرگیریەمان بـۆ ئەنجام بدەیت. فەقێ وەسمان زۆر کەیفی بەخۆی هات، کە لـە مەجلسـێکی وەهادا دانی پێدابنێن، چونکە هەر ئـەوان بـوون هـەرکاتێك فـەقێ وەسمـان باسی شەریعەتی بۆ بکردبان، جرتێکیان بـۆی دەکێشـاو پێیـان دەوت (خـۆ تۆ مەلای دوانزە عیلم نیت تا باسی شەریعەتمان بۆبکەیت، تـۆ تـەنها چـەند ڕۆژێك لە حوجرەی مزگەوت لەسەر دەستی کۆلکە مەلایەك خوێندوتە).

فــەقێ وەسمــان ڕووی لــە خالّــە عەبــدە کــردو وتــی: ڕاســت دەکــەی، گرێبەســتی هاوســەرگیری لــە شــەریعەتی ئیســلامدا زۆر ئاســانە تــە نهــا ڕەزامەندی پیاوو ژنەکەی دەوێو تاکو ئێستا چەندین ژنو پیاوم لەیـەکتری مارەکردوون.

خالّە عەبـدەش وتـی: منـیش ئـەوە دەزانم بۆیـە تۆمـان لەگـەڵ خۆمـان هێنا، تا ئەم خێرە بەتۆ ببڕێت.

فەقێ وەسمان ڕووی لە مام عومەرو پوره سولّتان کردو پێـی وتـن: مـن چی دەڵێم ئێوە لەدوای من بیڵێنەوە.

پورە سوڵتان وتی: مامۆستا من تە نها یەك مەرجم هەیە، بزانم مام عومەر ڕازیە یان نا، ئەوسا مێردی پێدەکەم.

فەقێ وەسمانیش وتی: مەرجەکەت چیە؟ وتی: عیسمەتەکەم لە دەستی خۆمدا بێت.

فەقێ وەسمان ڕووی لە مام عومەر کردو پێی وت: بەو مەرجە ڕازیت؟

مام عومەر عومەر وتی: من هیچ لە شەریعەت نازانم، تێم بگەیەنن ئەوە مانای چیە؟

فەقێ وەسمان وتی: لە شەریعەتی ئیسلامدا لە بنەڕەتەوە تەڵاق لەدەست پیاودایەو هەرکاتێك بیەوێ دەتوانێ بە جارێك یان بە چەند جارێك هەرسێ تەڵاقی فڕێ بدات، بەڵام پورە سوڵتان دەیەوێ مافی تەڵاق لەدەستی خۆیدابێتو هەرکاتێك بیەوێ فڕێی بداتو دەستبەرداری پیاوەکەی بێت.

خاڵە عەبدە بە پێکەنینەوە وتی: بەکورتی ئەو بەو مەرجە دەبێتە مێردتو هەرکاتێك گوێڕایەڵی نەبوویت، سێ بە سێ تەڵاقت دەدات.

مام عومەر وتی: من بەو مەرجە ڕازیم، جا چۆن شتێکی وادەکەم ئەو نیگەران بێت.

خاڵە عەبدە لە مام عومەر چووە پێشەوەو سەری خستە بن گوێو بە ئەسپایی پێی وت: ئەو پورە سوڵتانە مردوی هینەکەیە، ئەگەر تەقەت پێماوەو لەخۆت ڕادەبینی بەرزگی تێربکە هیچی تری ناوێ.

مام عومەریش بەپێکەنینەوە وتی: جارێ لە پیاوەتی نەکەوتوومە تا بترسێم.

فەقێ وەسمان ڕووی لە پورە سولَتان کردو پێی وت: من چی دەڵێم تۆش لەدوای من بیڵێوە؟

پورە سولَتان وتی: باشە. فەقێ وەسمان وتی: بڵێ من مێرم بە تۆ کردووە لەسەر مارەیی خوێندنەوەی سورەتێکی فاتیحە پێشەکیو پاکەتێك جگارەی غازی پاشەکی بەو مەرجە عیسمەتەکەم لە دەستی خۆمدابێت.

پورە سولَتان ئەم دەستەواژانەی وەکو خۆی لەدوای فەقێ وەسمان وتەوە. ئەوجا فەقێ وەسمان ڕووی لە مام عومەریش کردو پێی وت: تۆش بڵێ ئەم هاوسەرگیرییەم قەبوڵکرد؟ مام عومەریش وتی: ئەم هاوسەرگیرییەم قەبوڵکرد.

بەم شێوەیە لەسەر دەستی فەقێ وەسمانو بە شایەتی ئێمە مام عومەرو پورە سولَتان لەیەکتری مارەکرانو ئێمەش پیرۆزباییمان لێکردنو بەجێمان هێشتن.

وەکو نەریتی خۆمان هەر شەوی لە ماڵێك گردبوونەوەمان دەکردو ئەو شەوەمان بە قسەی خۆشو گاڵتەو گەپ بەسەر دەبرد. چەند ڕۆژێك بەسەر ژنگواستنەوەکەی مام عومەر بەسەرچوو، هیچ دەنگی نەبوو، وتمان: پارووی کەوتۆتە ڕۆنەوەو لێی خۆشهاتووە بۆیە دیارنیە.

شـەوێك هـەمووومان لـە مـاڵی خاڵـە عەبـدە دانیشـتبووین، گەنجـەكان خەریكی یاری كڵاو كڵاوێنە بوونو ئێمەش ببوینە دوو بەشـەوە، مـنو خاڵـە عەبدەو خۆشابەو مـام شـەمعون شـەرابمان دەخـواردەوەو خاڵـە عەبـدەش بەدەم ئارەقخواردنەوە بە دەنگە زوڵاڵەكـەی گـۆرانی ئـای سـەحەرەی مـام سێوەی بۆ دەگوتینەوە.

مام جەلیلو حەمە سـاڵحو فـەقێ وەسمـانیش بەیەكـەوە دانیشـتبوونو قاپێـك تـۆ گوڵـە بـەڕۆژەیان لەبەردەمـدابوو، دەیانقرتانـدو باسـی ڕۆژی حەشریان دەكرد. لـە پڕێك زۆر بـە قـایمی لـە دەرگـا درا. خاڵـە عەبـدە بـە دەنگی بەرز وتی: دەرگاكە كراوەتەوە فەرموو وەرە ژوورەوە.

مام عومەر بەتەنگەتاوی خۆی بە ژوورەكەدا كردو وتی: فریام كەون ئەم سوڵتانە بەدوامەوەیە دەیەوێ لێم بدات.

خۆمان پێڕانـەگیرا، لـە قاقـای پێكەنینمانـدا، مـن لـە ژیانمـدا شـتی وام نەدیتبوو، هەر زانیومە پیاو لـە ژنەكـەی دەدات، نـەمزانیوە پیـاو لەدەسـت ژنەكەی ڕابكاتو لێی بترسێت.

خاڵە عەبدە وتی: مردوت نەمرێ كەس لە ژنەكەی ترسـاوە، خـۆ گـورگ نیە بتخوات وا تۆقیویت. مام عومەر وتـی: خـۆ ئـەوە ژن نیـە، ئـەوە بـەڵای خوایە، دەڵێی ئاشە، هەر تێی دەكەی قەت پڕنابێ. ئـاوی قاچـەكانی وشـك كردومـەو هـەر دەڵـێ دەی. خـۆ مـن چـۆڵەكەنیم لـە چـركەیەكدا دەجـار پێیدابفسم.

ئەو لەو قسانەدابوو، پورە سوڵتان بەژوورکەوتو نەعلێکی لاستیکی بە دەستەوە بوو، بێ سڵاوکردن هاتە لامانو وتی: پێشم بەردەن من ئەم ناپیاوە هەر دەکوژم، شەرمەزاری کردوومە، مادام دەیزانی پیاو نیە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵکردمو دەیان داخوازیم هەبوو هەمووی لێ تێکدام.

خاڵە عەبدەش ڕووی تێکردو وتی: ناوی خوا بێننو ئاشت ببنەوە، دونیا ئەوەندە ناهێنێ، ئێوە دوو ڕۆژە چوونەتە ناو قەفەزی زێڕینی هاوسەرگیرییەوە، خۆ هێشتان مانگی هەنگوینیتان تەواو نەبووە بۆ وادەکەن.

مام عومەر وتی: ئەوە کەی مانگی هەنگوینیە، ئەو دەیەوێ هێزو تینم تیانەهێڵێتو بمکوژێت. ڕووی لە فەقێ وەسمان کردو پێی وت: مامۆستا تۆ پێم بڵێ بە چ شەریعەتێك دەبێ پیاو تاکو بەیانی بپەڕێت؟

فەقێ وەسمانیش وتی: ناوی خوا بێنن، ئێوە باسی چی دەکەن، بڕواناکەم پورە سوڵتانیش ئەوەی بوێ، هەموومان خاوەن عەرزو ناموسین، بۆ کێ لە ئێمە ئەمەی پێکراوە، خۆ ئەوەش نەبۆتە نانو شیو سێ ژەمە بخورێت.

پورە سوڵتان قسەکانی فەقێ وەسمانی بەدڵ نەبوو، ڕووی تێکردو بە توڕەییەوە پێی وت: قەسەم بەخوا تۆ هیچ لە شەریعەتی خوا نازانیت، هەر بۆیە تاکو ئێستا نەبوویتە مەلا. ئەی بچم داوا لە پیاوی خەڵك بکەم لەگەڵم جوت بن.

فـەقێ وەسمـانیش وتـی: ڕاسـت دەکـەی خـوای گـەورە دەفـەرموێ ﴿وَعَاشِـرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ واتـە: بەباشـی مامەڵـەیان لەگـەڵ بکـەن، هەروەها پێغەمبەری فەرموویەتی:(( فإن لجسدك عليك حقا وإن لعينك عليك حقـا وإن لزوجـك عليـك حقـا)) واتـە: جەسـتەت مـافی لەسـەرت هەیـە، چاوەکانیشت مافی لەسەرت هەیە، هاوسەرەکەشت مافی لەسـەرت هەیـە. مەبەستی ئەم فەرموودەیە لە مافی هاوسـەرەکان بەرامبـەر یـەکتری، مـافی جوت بوونەو بۆ هەریـەکێك لـە هاوسـەرەکان کـە لەگـەڵ یـەك جـوت دەبـن هەرجارێك چاکەی حەفتا نوێژیان لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ دەنووسرێت.

پورە سوڵتان ئەم قسانەی پێخۆشبوو، ڕووی لە ئێمە کردو وتی: خۆ من وەکو ئەو بێ باوەڕنیم، بایی خۆم لـە شـەریعەت دەزانم. ئەمـەی وتو قـۆڵی مـام عومـەری ڕاکێشـاو بـە دەنگـی بـەرز وتـی: سـێ بـە سـێ تـەڵاقم لێـت کەوتبێت، تف لە خۆتو پیاوەتیت، پێش تۆ دوانزە مێردم کردووە کەسیان وەکو تۆ ناپیاو نەبوونە.

مام عومەریش وتـی: خۆزگـا وەکـو مـن ناپیـاو بوونایـە، خـۆ هـەر هـیچ نەبێت ئێستا وەکو من لەژیاندا دەبـوون، ئـەوان لەشـەرمی خۆیـان بەرگـەی تۆیان گرتووە بۆیە لەپێناویدا شەهیدبوون.

خاڵە عەبدە ڕووی لە مام عومەر کردو پێی وت: بۆ ئاشت نابنەوە، ئێوە هــەردوکتان ئــەزموونێکی ترتــان هەیــەو منــداڵ نــین. خــۆ هــەردەبێت

هاوسەرگیری بکەن، تەنیایی بۆ خوا چاکە، ئەم گلەییانەش هەردەبێت گرینگ ئەوەیە ئێوە یەکتری قەبوڵبکەن و بەرگەی یەك بگرن.

مام عومەر وتی: نا، نا، بەخوا ئەو هەڵەیەناکەم، جارێکی تر هەتا ماوم بیر لە ژنهێنان ناکەمەوە، چاك نەبوو لە دەستی ڕزگارم بوو، دەنا منیش دەبوومە شەهیدی سیانزەهەم.

پورە سوڵتانیش وەکو نەبای پێداهاتبێت و نەباران، دووجاران خۆی لەراندەوە، ملوانکە مێخەکەکەی گەردەنی ژوورەکەی پڕبۆن کرد. پشتی تێکردین و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و لەبەردەم خۆشیدا وتی: خۆ پیاو لەم شارە نەبڕاوە، سەد پیاوی لەو باشتر ئاواتەخوازن مێردیان پێبکەم.

-١١-

# فڕۆکەو جۆخین

وەکو پێشتر وتم: لـە سـەروبەندی دەرچـوونی یاسـای ئیسـلاحی زراعـی جموجۆڵێکی ناڕەزایی لەناو سەرۆك عەشیرەتو ئاغاو کوێخاکانی کوردستان دژی عەبدولکـەریم قاسـم پەیـدابوو، بۆیـە چـەکیان لـە دژی هـەڵگرتبوو. حکوومەتیش شلەژابوو، هێزەکانی سووپاش لێرەو لەوێ جووڵەیان کردبوو، لـە نێـوان شـارو شارۆچـکەکانیش بنکـەو بارەگایـەکی زۆری پشـکنینیان کردبـۆوەو وەکـو جـاران متمانـە بـە کـورد نـەدەکرا. جـا بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکەمان کە کەسێکی بەڕەگـەز ئـەمریکی بـوو، شـتی وای نـەبینبوو، بەلایەوە زۆر نامۆ بوو، زۆر دەترسا لەم ڕێگاوبانانەدا شتێکی لێبکەن. بۆیـە ناردی لە ئەمریکا فڕۆکەیەکی دوو نەفەری بچووکی بـۆ هـاتو داوای لێکـردم لەسـەر دەسـتی ڕاهێنـەرە ئەمریکییـەکان مەشـقی لەسـەر بکـەم، بۆئـەوەی لەمەودوا لـە گەشـتەکانمان لـە نێـوان شـارو شارۆچـکەکاندا پێـی هاتووچـۆ بکەین.

فڕۆکەیـەکی زۆر سـادەو سـاکار بـوو، چـەند ڕۆژێـك مەشـقیانپێکردم زۆر بەئاسانی فێری لێخوڕینی بووم. ڕۆژێك بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکـەمانم لەگـەڵ بـوو، لـە شـاری بەغـداد دەگەڕاینـەوە، لـە نزیـك شارۆچـکەی دەربەنـدیخان

فرۆکەکە هەندێك کێشەی هونەری تێکەوت، زۆر هەوڵمدا چارەسەری بکەم، بێ سوود بوو، من خەمی خۆمم نەبوو، خەمی بەڕێوەبەرەکەمم بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەگەر بەهۆی منەوە شتێکی بەسەربێت، ناووناوبانگی کورد لەکەدار دەبێتو ئەمریکاییەکان دەڵێن بەدەستی ئەنقەست ئەو بەڕێوەبەرەیان لەناوبرد)، بۆیە هیچ بەسەرخۆمم نەهێناو بەدەم فڕینەوە بیرم لە ڕێگەچارەیەك دەکردەوە کە بە کەمترین زیان لێی دەربچین.

هەندێك جاریش فڕۆکەکە هاوسەنگی تێك دەچوو، باڵەکانی لاسەنگ دەبوونو وەکو ئۆتۆمبێل تەناشی دەکرد. بەڕێوەبەرەکەشم هەر وایدەزانی لێخوڕینیم لەبیرچۆتەوە، دڵی دەدامەوەو دەیوت هیچ خۆت تێك مەدە هەوڵبدە بەبیرت بێتەوە. منیش بەسەرخۆمم نەهێناو وتم: ڕاست دەکەی هەوڵدەدەم بەبیرم بێتەوە.

لەپڕێکدا، کە سەیری سەرزەویم کرد، هەندێك جووتیار خەریکی دوورینەوەی دانەوێڵە بوونو لە نزیك ئەوانیشەوە جۆخینێکی دانەوێڵەم بینیو هەندێك جووتیاریش لە ژێر دارتوییێك هەر لە نزیك ئەو جۆخینە سەماوەرێکی گەورەی چایەیان لەبەردەمی خۆیان دانابوو، چایان دەخواردەوە.

ئەم دیمەنەم زۆر بەدڵ بوو، دەمودەست بیرۆکەیەکم بە خەیاڵداهات، ئاراستەی فڕۆکەکەم بۆ لای جۆخینەکە گۆڕی، خەڵکەکە کە ئێمەیان بەو

شێوەیە بینی، وایانزانی بۆردومانیان دەکەین لە ترسان هەریەکەو بەلایەکدا دەرپەڕی.

بەم شێوەیە خۆم بە جۆخینەکەدا کێشاو لەناوی نقووم بووین. دوای کەمێك خەڵکەکە ڕوویانتێکردینو دەنگیاندین،منیش خۆم کردەوەو سەرم لە فڕۆکەکە دەرهێناو لەناو جۆخینەکە دەرهاتمو ڕووم لە خەڵکەکە کردو پێم وتن: فریامان کەون ئەو زەلامەی لەگەڵمدایە بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەنداوەکەیە، تاکو شتێکی بەسەرنەهاتووە زووکەن دەریبێنن.

بەهەموویان فڕۆکەکەیان لەناو جۆخینەکە ڕاکێشایە دەرەوەو بەڕێوەبەریش بەسەلامەتی لە فڕۆکەکە هاتە خوارەوە. ئینجا ڕووی تێکردمو بە تووڕەییەوە پێی وتم: تۆ شێتی، ئەگەر دەتزانی جارێ بەتەواوەتی فێری لێخوڕینی فڕۆکەکە نەبوویت بۆ لێتخوڕی، خەریك بوو بمکوژیت!!

منیش وتم: کێشەیەکی هونەریمان هەبوو، پێم نەوتی: نەوەك تووشی شۆك بیت، بەڵام شوکور بۆخوا ئەم جۆخینە گەورەیە بە فریامان کەوتو خۆم پیاداکێشا، مەشترسە جارێکی تر ئەمە دووبارە نابێتەوە.

کە ئەمەم وت لە قاقای پێکەنینی داو وتی: نەمدەزانی کە ئێوەی کورد هەندە زیرەکن، چۆن ئەمەت بە خەیاڵدااهات؟ منیش وتم: ئاخر هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو، بەنداوەکە لیمان دوور بوو، دەنا بیری بەنداوەکەشم کردەوە کە خۆمی پیادا بکێشم، بەڵام کە ئەم جۆخینەم بینی بەلامەوە باشترین بژاردە بوو.

هاتن‌و چوون بە فڕۆکەیەکی وەها جۆرێك لـە سەرکێشـی تێدایـە، بـەڵام ناچـاربووین لـە گەشـتەکانماندا بـۆ شـاری بەغـداد ئـەم ڕێگایـە بگرینەبـەر، چونکە تادەهات ئاگری شەڕی کـوردان لەگـەڵ حکوومەتەکـەی قاسـم شـارو شارۆچـکەکانی کوردسـتانی دەگرتـەوەو ئـەم بارودۆخـەش کاردانەوەیـەکی زۆری لەسەر ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە دروست کردبوو.

ڕۆژی دوای ڕووداوەکــە، چــومە لای بەڕێوەبەرەکــەمان‌و پــێم وت: بــا لەمەودوا وەکو پێشوو بە ئۆتۆمبێل گەشت بکەین‌و واز لە فڕۆکەکە بهێـنین، نەوەك تووشی ڕووداوێکی لەمەخراپتر بین. لە وەڵامدا وتـی: مەترسـییەکانی گەشـتکردنمان لەسـەر زەوی زۆر گـەورەترە لـەوەی ئاسمـان. منـیش بـە سەرسوڕمانەوە وتم: چۆن؟ وتی: ئەی ئەگەر چـەکدارە کوردەکـان ڕێگامـان پێبگرن، ئەوکاتە چی دەکەین؟ منیش وتم: جا ئەوانە لەدژی حکوومەتەکەی قاسم‌و دەرکردنی قانونی ئیسلاحی زراعی چەکیان هەڵگرتووە، بۆ هەڕەشـە لـە ئێمـە دەکـەن؟ وتـی: تـۆ نـازانی، هەرچـەندە ئـەم شۆڕشـە لـە ڕواڵەتـدا هۆیەکەی دەرکردنی قـانوونی ئیسـلاحی زراعـی‌و دابەشـکردنی زەوی‌و زاری ئاغـاو کوێخاکـان بـوو بەسـەر جووتیارانـدا، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هۆیـە سـەرەکییەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەڵگەڕانـەوەی قاسـم لـە شـیوعییەکان‌و نزیکبوونـەوەی لــە ڕۆژئـاوا، کــە ئەمــەش نیگــەرانی یــەکێتی سـۆڤێت‌و سەرۆکەکەی خرۆشۆفی لێکەوتەوەو ئـەم هەڵـەیان بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان قۆستەوەو لەڕێگەی دەزگا هەواڵگرییەکـەیان کـە ناسـراوە بـە (کـەی. جـی.

پی) توانیان دزەبکەنە ناو بزاڤەکەو لەڕێگەی هەندێك لە پیاوەکانیان بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە عێراقو ئێرانو تورکیا بورێژنن بە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورە کە خەونی لەمێژینەی گەلی کوردە، بە چەشنێك کە ئەو دەوڵەتەی هەوڵی دامەزراندنی دەدرێت گشت پارچەکانی کوردستان لەخۆی بگرێتو بۆ ئەم مەبەستەش چەكو تەقەمەنیان پێشکەش بکرێت، کە ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێو گرفتی گەورە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتیو بەریتانیا بەتایبەتی، بەهۆی دروستبوونی کێشە بۆ گواستنەوەی نەوت لە عێراقو ئیران هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی پێگە سەربازیەکەی لە تورکیا. ئەمەو بەلای سۆڤێتەکان ئەم کێشەو گرفتانە وێڕای کاردانەوەیان بەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، کێشەش بۆ حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم دروست دەکات کە بەم دواییە کەوتۆتە گیانی شیوعیەکانو موجامەلەی ڕۆژئاوا دەکات.

منیش وتم: باشە کەوایە چۆن وڵاتانی ڕۆژئاوا بەم پیلانەی سۆڤێت نازانن؟ لە وەڵامدا وتی: ئەوان هەر زوو هەستیان بەم مەترسییە کردبوو، سەفیری ئەمریکا لە عێراق لە دوای سێ مانگ لە کودەتاکەی قاسم بەسەر ڕژێمی پاشایەتی، لە یاداشتنامەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری ئەمریکای کردۆتەوە کە ڕووسەکان لەڕێگەی کوردانەوە دژایەتی حکوومەتەکەی قاسم دەکەنو لێناگەڕێن سەقامگیربێت.

بەم شێوەیە، نە من توانیم قەناعەت بەو بهێنم کە جووڵانەوەی عەشیرەتە کوردەکان تەنها دژی حکوومەتەکەی قاسمەو نابێتە هەڕەشە بۆ سەر ئەوانو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، نە ئەویش توانی بڕوام پێبهێنێت کە لەلایەن ڕووسەکانەوە پشتگیری دەکرێتو دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو ئەمریکایە.

بەهەرحاڵ، ئەم بۆچوونەی بەڕێوەبەرەکەمان منی خستە دڵەڕاوکێو متمانەش لە نێوانمان لاواز بوو. تەنانە وای لێهاتبوو زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد نەوەك گومان لە منیش بکاتو بە چاوی یاخی بووێك سەیرم بکات.

بەڕێوەبەرەکەمان کەسێکی زۆر ژیرو هەستیار بوو، هەرزوو هەستی بەوە کرد من وەکو جاران هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکەم، بۆیە وتی: دەزانم تۆ بۆچی خەمباریتو وەکو جاران گاڵتەو گەپم لەگەڵ ناکەیت، وادەزانیت بڕوام پێت نەماوە. منیش وتم: نەخێر پەیوەندی بەتۆوە نیە، من هەربەخۆم دڵم تەنگە. وتی: هیچ خەم مەخۆ من باوەڕی تەواوم پێتەو دەزانم تۆش منت زۆر خۆش دەوێو زیاتریش لایەنگیری وڵاتانی ڕۆژئاوایت نەك ڕۆژهەڵات، چونکە پەروەردەی دەستی ئینگلیزەکانیتو بەرلەوەی داتبمەزرێنم داوای سیڤییەکەتم لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کردبوو، ئاگاداریان کردمەوە کە متمانەی تەواویان پێت هەیەو دەکرێ پشتت پێ ببەستم. هەر بۆیەش تۆم کردۆتە شوفێری خۆمو هەموو قسەیەکت لەلای

دەکەم. دەستی ڕاکێشاموو وتی: وەرە دابنیشەو با بەیەکەوە قاوەیەك بخۆینەوەو زانیارییێکی تریشت پێ بڵێم بۆ ئەوەی دڵت ئاسوودە بێتو زیاتر بڕوام پێ بکەیت.

بەیەکەوە دانیشتینو بە دەم قاوە خواردنەوە وتی: ئەگەر ڕووسەکان لە ڕێگەی ئەو کوردانەی کە لە سۆڤێت ڤەڕاونەتەوە دەست لە کاروباری عێراق وەربدەن، خۆ ئەمریکاش دەستەوەستان ڕانەوەستاوە، بەڵکو ئەوانیش لە ڕێگەی مۆسادی ئیسرائیلیو شای ئێرانەوە دەستیان خستۆتە ناو ئەو جموجۆڵەو ئەوانیش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

منیش وتم: زیاتر مێشکت ئاڵۆزکردم، ئێستا نازانم ئەوانە لەگەڵ کام لایەن، ڕووسەکان یان ئیسرائیلو ئەمریکا؟

وتی: لە سیاسەتدا دۆستایەتییێکی هەمیشەییو دوژمنایەتییێکی هەمیشەیی نیە، بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە. بۆیە گرینگ ئەوەیە ئێمەش بتوانین لەو هاوکێشەیەدا، شوێنی خۆمان بکەینەوەو بتوانین بەرژەوەندییەکانمان بپارێزین. بەڵام وێڕای ئەمەش دۆخەکە مەترسیدارە، چونکە زۆربەی ئەوکەسانەی چەکیان هەڵگرتووە کەسانی نەخوێندەوارنو ئاگاداری هەمووشتێك نین، لەوانەیە بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکەن پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانە بێت کە وڵاتی ئێمە لەگەڵ سەرکردەکانیان لە ڕێگەی دامودەزگا هەواڵگرییەکانی لە ژێرەوە هەیەتی.

منیش وتم: چۆن شتی وادەبیٚ، بۆ حکوومـەتی ئێـوە لـەو ڕێککەوتنانـە ئاگادارتان ناکاتەوە؟

وتـــی: نـــا، ئـــەوان لەترســـی ڕووســـەکان نایانـــەویٚ ئـــەو پەیوەنـــدی‌و دەستێوەردانانە لە عێراق ئاشکرابکەن نەوەك تۆمەتباریان بکەن بەوەی کـە ئێمـە دەسـت لـە کاروبـاری نـاوخۆی ئـەو وڵاتـە وەردەدەیـن، هەرچـەندە ئەوانیش دەستەوەستاو ناوەستاون، ئەوانیش بەدوای بەرژەوەنـدی خۆیـان دەگەڕێن‌و سـیخوڕەکانی ئـەوانیش لەپـەنای کـاری ڕۆژنامەگـەری‌و دەزگـای خێرخوازییەوە لە نزیکەوە چاودێری دۆخەکە دەکەن.

هەروەکو پێشـتر ئامـاژەم پێـی کـرد، فڕۆکەکـەمان بـەهۆی ئـەو کێشـە هونەرییەی کە لێی پەیدابوو لەکارکەوت، ماوەیـەك لـە گۆڕەپـانی کۆمپانیـای بەنداوەکە ڕامانگرت تا شارەزایان لە ئەمریکا بێن‌و چاکی بکەنەوە. هەر لەو ماوەیەشدا جارێکی تر بەناچاری بە ئۆتۆمبێل دەستمان بە هاتن‌و چوون لـە نێوان شارۆچکەی دەربەندیخان‌و شاری بەغداد کرد.

-١٢-

# راوەڕووت

سەری مانگ داهات، بۆ هێنانی مووچەی کارمەندانی بەنداوەکە، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەمان بە ئۆتۆمبێل چووینە شاری بەغداد لە هاتنەوەماندا شەومان بەسەرداهاتو لە ڕێگەی نێوان شاری سلێمانیو دەربەندیخاندا، کەسێکمان لە ناوەڕاستی شەقامەکە بینی زۆر بە کڵۆڵی وەستابوو، بە هەردوو دەستەکانی ئیشارەتی بۆدەکردین، وەك ئەوەی داوای یارمەتییێکمان لێبکات. بەڕێوەبەرەکەشم وتی: ئۆتۆمبێلەکە ڕابگرە، بزانین ئەم زەلامە داماوە چی لێمان دەوێت. منیش فوول لایتم بۆی لێدا وەك ئاماژەیەك کە لەبەردەم ئۆتۆمبیلەکەمان لابچێتو لەگەڵ ئەوەشدا خێراییەکەم وردە وردە کەم کردەوە، تا لێی نزیك بوومەوەو لامدایە تەنیشت شەقامەکەو جامی ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەو بانگم کرد وتم: وەرە بزانم چیت دەوێ؟ بەرلەوەی وەڵامم بداتەوە، لە پڕێکدا، هەر ئەوەندەمان زانی، لە هەردوو لای شەقامەکە، لەژێر قەنتەرەکەوە دوو دەستە چەکداری دەمامکدار وەك کەروێشك دەرپەڕینو چواردەوریان گرتینو چەکیان لێڕاکێشاین، وتیان: زووکەن بە خێرایی وەرنەخوارەوەو ئەو پارەیەی پێتانە بماندەنێ دەنا دەتانکوژین؟

بەڕێوەبەرەکەم حەپەسا، قەت شتی وەهای نەدیتبوو، ڕووی تێکردمو بە سەرسووڕمانەوە وتی: ئەمانە لەم چۆڵەوانیە چی دەکەنو چیان دەوێ؟ وتم: داوای گشت پارەو پوولەکەمان لێدەکەن.

وتی: زووکە بیاندێ، خوا بکات هەربەوەندە لێمانبگەڕێنو ئازارمان نەدەن. منیش وتم: شتی وا چۆن دەبێ، ئەی چۆن وەڵامی کرێکارو کارمەندانی کۆمپانیا بدەینەوە. ئەوان چاوەڕێی وەرگرتنی مووچەکانیان دەکەن، بزانن ئێمە لە ڕێگا ڕوتکراوین، زۆر خەم دەخۆن، چونکە زۆربەیان کەمدەرامەتو قەرزارن، ئەگەر ئەو مووچەیە نەبێت شتێك نیە بیخۆن. وتی: جارێ کاتی ئەو شتانە نیە، جارێ تۆ پارەکەیان بدەرێ، دوایی ئەمەش چارەسەر دەکەین.

منیش جانتای پارەکەم دەستدایەو ڕووم تێیان کردو پێم وت: کێ گەورەکەتانە بابێت ئەم پارەیەم لێوەربگرێت.

کە ئەمەم وت، یەکێك لەناو چەکدارەکان هاتە پێشەوەو جانتاکەی لێوەرگرتمو وتی: ئەوە بەچ زمانێك لەگەڵ ئەو پیاوە قسەت دەکرد؟ وتم: بە زمانی ئینگلیزی. وتی: بۆ ئەو ئینگلیزە؟ وتم: نەخێر ئەمریکیە. کە ئەمەم وت یەکێك لە چەکدارەکان بەو کەسەی وت گەورەم دوو شەشمان بۆ دەرچووە، با ئەویش لەگەڵ خۆمان ببەین، بۆ فشار لە دژی حکومەتی بەغداد بەکاری بهێنین، پارەیەکی باش دەکات، ئەمانە بێگانەنو حکوومەت بایەخی زۆریان پێدەدات.

دیــار بـــوو قســـەکەی بـــەدڵ بـــوو، بۆیـــە چـــەکی لێمـــان ڕاکێشـــاو بەڕێوەبەرەکەمانی لـە مـن جیـاکردەوەو ڕووی لـەمن کـردو وتـی: تـۆ ئـازاد دەکەینو ئەویش لەگەڵ خۆمان دەبەین. زۆر تکام لێکردنو لێیان پاڕامـەوە کە ئـازاری نـەدەن. وتم: ئـەو ئەمریکییـە بـۆ خزمـەتی ئێمـە لـە ئـەمریکاوە هاتۆتە ئێرەو بـەهۆی ئەوانـەوە سـەدان کرێکـار لـە بەنداوەکـە کاردەکـەن، ئەگەر ئەو ببەنو ئازاری بدەن، وڵاتەکەی گشت ئەندازیارو شارەزاکانی لێرە دەکشێنێتەوەو ئێمەش نانبڕاو دەبین.

که ئەمەم وت، یەکێك لە چەکدارەکان دەستی لێ بەرزکردمەوەو هـاواری بەسـەرکردمو بـە دەنگێکـی بـەرزەوە وتـی: دەمـت دابخـە تـا وەکـو سـەگ نەمانتۆپاندووی، دەتەوێ وانەی ئەخلاقمان فێربکـەیت؟ یـەکێکی تـریش لـە چەکدارەکان ڕووی لە گەورەکەیانکردو وتی: دەبینی بۆتە پارێزەری ئەو، با هـــەردووکیان بەیەکـــەوە ببـــەین، دەنـــا ئاگـــاداری حکوومـــەت دەکاتـــەوەو هەموومان تیادەچین.

لەسەر بردنی ئێمە بووە مشتو مڕیانو نەمـدەزانی گەورەکـەیان بۆچـی لەگەڵیان ناکۆکە. چەکدارەکان ببوونە دوو بەرە، بەرەیەکیان لەگەڵ بردنی هەردووکمان بوون، ئەوانی تریان تەنها لەگەڵ بردنـی بەڕێوەبەرەکـە بـوون. لەکاتی هـاتو هـاوارو بۆڵـە بـۆڵو بیروڕاگۆڕینـەوەکانیان، هەسـتم بـەوەکرد دەنگی پیاوەگەورەکەیان لام نامۆ نییە، دەنگی ئەو بـە کەسـێکی ناسـیاوی خۆم دەچوو ناوی ڕەسووڵ بوو. پاش ئەوەی بەتەواوی لێی دڵنیابووم، لێـی

چوومە پێشەوەو پەلاماری دەمامکەکەییم داو لەسەر دەموچاویم لابردو وتم: ڕەسوول قەت شەرم لەخۆت ناکەیتەوە ڕوتمان: دەکەیتەوە؟

کە ئەمەم وت باوەشی پێداکردمو ماچی کردمو وتی: بمبوورە کە خۆم لێ نەناس کردی، نەمدەویست تۆ بمناسیتەوە نەوەك لە شوێنێك ناوم بهێنی، بەڵام باوەڕت هەبێت نیازم نەبوو بە هیچ شێوەیەك تۆ ئازار بدەم.

چەکدارەکان واقیان وڕمابوو، باوەڕیان نەدەکرد کە ئێمە یەکتر دەناسین، بەڕێوەبەرەکەشمان لە شوێنی خۆی حەپەسابوو، لە ترسان نقەی لەخۆی بڕیبوو.

دوای ئەوە، جانتای پارەکەی دایەوە دەستمو داوای لێبووردنی لێکردمو وتی: ئەم جانتایە بگرەو لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت بە سەلامەتی بگەڕێنەوە ، هیچتان لێناکەین. یەکێك لە چەکدارەکان بە توڕەییەوە وتی: چۆن شتی وا دەبێت، ئێمە لە ئێوارەوە لەم چیاو چۆڵە چاوەڕێی ئەوان دەکەین، چۆن دەبێ وابەئاسانی ئەم نێچیرە چەورانە لە دەست بدەین. ڕەسووڵیش وەڵامی دایەوەو وتی: من لە تۆ زیاتر پێم ناخۆشە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە، بەڵام ئەم پیاوە ناسیاوی خۆمەو خەڵکی یەك گوندینو هاوڕێی منداڵیمە. ئەگەر پارەکە ببەین یان هەر شتێك لەو ئەمریکیە بکەین، حکوومەت ئەو دەگرێتو سزای دەدات چونکە ئێمەی ناسیوە.

بەم شێوەیە، جانتای پارەکەم لێی وەرگرتەوەو ڕووم لە بەڕێوەبەرەکەم کردو وتم: بابڕۆینو بابچینەوە دەربەندیخان. کە ئەمەم وت

سەری سوڕما، وتی: تۆ بە ڕاستیتە، ئەوان ئێمە نابەن لەگەڵ خۆیان؟ وتم: نەخێر، شوکور بۆ خوا گەورەکەیان ناسیاوی من دەرچوو بۆیە پارەکەشیان داینەوەو ئێمەیان ئازادکرد.

سواری ئۆتۆمبیلەکەمان بووینو دوای ماڵئاواییکردن لە ڕەسووڵو چەکدارەکان، پێم لە بەنزین ناو لەسەر سەد لێمخوڕی، هەتا گەیشتمەوە دەربەندیخان ئاوڕم لە پشتەوەی خۆم نەدایەوە.

بەڕێوەبەرەکەمان تووشی شۆك ببوو، بە درێژایی ڕێگا دەیگوت ئێوە میللەتێکی نەزانن، ئێمە بۆ خزمەتی ئێوە هاتووینو پرۆژەتان بۆ دروست دەکەین کەچی ئازارمان دەدەنو لێناگەڕێن کارەکانمان بکەین.

بۆ ڕۆژی دوایی، کە بۆ کۆمپانیا گەڕاینەوە، بەڕێوەبەرەکەمان بە تەلەفۆن پەیوەندی بە سەفارەتی ئەمریکاوە کردو بە درێژی ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی بۆ گێڕانەوەو پێی وتن: ئەو دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەمریکاو داوای لێکردن هەرچۆنێك بێت لێرە ڕزگاری بکەنو بە سەلامەتی بیگەیەننە فرۆکەخانەی بەغداد.

ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێك تیمێکی ئەمنی لە بەغدادوە هاتنە کۆمپانیاو لە گەڵ چەند پۆلیسێکی عێراقەوە یاوەرییان کرد بۆ گەڕانەوەی. زۆر هەوڵمدا ئەو ترسو دڵەڕاوکێیەی لەبیربەرمەوە، پێم وت: جارێکی تر ئەم ڕووداوە دووبارە نابێتەوە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر گەڕانەوەیو وتی: خۆ من شێت نەبوومە ژیانی خۆم بخەمە مەترسیەوە، ئەمجارە وا بە

ڕێکەوت بە هۆی ناسیاوێتی تۆ لەگەڵ ئەم چەتانە ڕزگارمان بوو، لەوانەیە جارێکی تر تیابچم.

دوای گەڕانەوەی مۆرگن بۆ ئەمریکا، ئەندازیارێکی تری شارەزای بەنداوەکان هاتە شوێنەکەی، دانیشتووی ویلایەتی شیکاگۆ بوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە خۆی بەمن ناساندو سڵاووڕێزی بەڕێوەبەری پێشوو و هەروەها بەڕێوەبەری بەنداوی بێخمەی پێ گەیاندمو وتی: ئەوان زۆر ستایشی تۆیان لاکردوومو پێیان وتم: کە تۆ پیاوێکی ڕاستگۆو دەستپاکو جێگەی متمانەی، بۆیە لەم ڕووەوە بێ خەم بە. سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی ناوچەکەش ئاگاداری سەفارەتی خۆمانم کردۆتەوە ، ئەوان چاودێریمان دەکەنو داوایان لە حکوومەتی عێراقیش کردووە کە پاسەوانی زیاترمان بۆ دابنێنو لە گەشتەکانیشماندا بۆ دەرەوەی شار بمانپارێزن.

-١٣-

# کوڕی زەعیم!!

دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ بەڕێوەبەرە نوێیەکەمان چوینە شاری بەغداد، کە گەیشتینە دەروازەی شارەکە، لە خاڵی پشکنینەکە، ئێمەیان ڕاگرتو داوای ناسنامەیان لێکردین، منو بەڕێوەبەرەکەشم ناسنامەی خۆمان دایە دەستیان. دوای خوێندنەوەی، سەربازەکان لە نێوان خۆیاندا پسە پسێکیان کردو دوایی یەکێکیان لێم هاتە پێشەوەو پێی وتم: ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر ڕێگا لاببەو هەردوکتان لەگەڵم وەرن. منیش ئۆتۆمبێلەکەم لەگەڵ شۆستەی شەقامەکە جوتکردو بە بەڕێوەبەرەکەمانم وت: فەرموو وەرە خوارەوە دیارە پرسیاری شتێکمان لێدەکەن با لەگەڵیاندا بچین؟ سەری خۆی لەقاندو وتی: خۆ ئێمە کەسێکی نەناسراو نین، ئەوان چیان لێمان دەوێ؟ وتم: منیش نازانم.

هەردوکمان لەگەڵیان ڕۆیشتین، ئێمەیان بردە لای ئەفسەرێکی پلەدارو ناسنامەی هەردووکمانی دایە دەستیو پێی وت ئەم شوفێرە کوڕی زەعیمی بزوتنەوە یاخیبووەکەی کوردانەو پێدەچێت ئەم پیاوە ئەمریکییەش کە لە گەڵیدایە، سیخوڕ بێت.

ئەفسەرەکە سەیری ناسنامەکەی کردم، ناوی باوکم بە ناوی ڕابەری جمووجۆڵە چەکداریەکەی کوردان دەچوو. بۆیە هەڵسایە سەرپێ‌و بە دەنگێکی بەرز بەسەریدا قیژاندم وتی: دۆزیمانەوە..دۆزیمانەوە، کوڕی زەعیمی یاخیبووەکانمان دۆزیەوە. هەر لەگەڵ ئەمەشدا تا هێزی لەبەردابوو زللەیەکی لە بن گوێم داو بە شەق‌و پێلەقە منی بەرەو ژووری فەرماندەی خاڵی پشکنینەکە برد. بەڕێوەبەرەکەمان ڕووی تێکردم‌و پێی وتم: ئەوانە بۆچی لە تۆ دەدەن؟ منیش وتم: من کوڕە مەلام‌و ناوی باوکم ڕێك وەکو ناوی زەعیمی جووڵانەوە چەکداریەکەی کوردانە بۆیە ئەوان گومانی ئەوەم لێدەکەن کە کوڕی ئەو بم.

بە هەرحاڵ، ئێمەیان لە یەکتری جودا کردەوەو دوای هەندێك خۆم لە بەندیخانەی ئەمنی عامە دیتەوەو دوای سوکایەتییێکی زۆرو لێدان‌و کوتانم، منیان فڕێدایە ژوورێکی بچکۆلانەی ژێرزەمین‌و تا نیوەی شەو کەس لێی نەپرسیمەوە. لە نیوەی شەودا کەسێك لێم هاتە ژورەوەو منی لە ژێرزەمینەکە دەرهێناو بردمی بۆ بەردەم بەڕێوەبەری بەندیخانەکە. ئەویش بە یاوەری کارمەندێکی بەندیخانەکە منیان برد بۆ بەردەم بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی عامە. بەڕێوەبەرکەمان لەبەردەم ئەو لەسەر کورسییێك دانیشتبوو، کە منی بینی زۆر پێکەنی‌و پێی وتم: نەمزانی تۆ پیاوێکی هەندە ترسناکی‌و کوڕی گەورەی یاخی بووەکانی، دەنا چۆن هاتووچۆم لەگەڵ دەکردی.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی عامە منی دانیشاند، چایەكی بۆ بانگ كردمو پێی وتم: داوای لێبووردنت لێدەكەین، لەبەرئەوەی ناوی باوكت رێك وەكو ناوی زەعیمی ئەو بزوتنەوە یاخی بووەیە كە چەكیان لە دژی ئێمە هەڵگرتووە، بۆیە پیاوەكانمان وایانزانی بوو تۆ كوڕی ئەویت، بەڵام خوا خێری بەڕێوەبەرەكەت بنووسێت دوای ئەوەی وتەكانی ئەومان وەرگرتو پەیوەندیمان بە سەفارەتی ئەمریكاوە كرد، بۆمان دەركەوت كە ئەو ئەمریكییە بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانەو تۆش شوفێری تایبەتی ئەویت.

بەمجۆرە ئازادیانكردین‌و گەڕاینەوە لای ئۆتۆمبێلەكەمان‌و چووینە وەزارەتی بەنداوەكانی عێراق‌و بە درێژی ڕووداوەكەمان بۆ وەزیرو بەرپرسانی وەزارەت گێڕایەوە. ئەوانیش زۆر پێكەنین‌و بەڕێوەبەرەكەیان ڕووی لەمن كردو ووتی: خۆزگە بەڕاستی كوڕی ئەو بایت بەڵكو لەكاتی تەنگانەدا ئاگات لێمان دەبوو. منیش وتم: من كوڕی ئەو نەبووم هەندەیان تێهەڵدام، ئەگەر كوڕی ئەو بام دەیانكووشتم.

ماوەی چەند مانگێكیشم لەگەڵ ئەم بەڕێوەبەرە نوێیە بەسەربرد، بەڵام لەبەرئەوەی كاری بەنداوەكە تەواو بوو بوو، بۆیە زۆر لەگەڵی نەمامەوەو ئەویش عێراقی بەجێهێشت‌و ئێمەشیان گواستەوە سەر میلاكی وەزارەتی بەنداوەكان.

بەڕێوەبەرەکەمان لەکاتی ماڵئاوایی داوای لێکردم لەگەڵیان بچمە ئەمریکاو لەوێ کاریان لەگەڵ بکەم. بەڵام من ڕازی نەبووم، پێم وت ئەگەر سەڵتبام لەگەڵتان دەهاتم، بەڵام ژن و منداڵم هەیەو منداڵەکانیشم جاری ساوانە، ناتوانم لە وڵاتەکەی خۆم دووربکەومەوە.

دوای ڕۆیشتنی ئەمریکییەکان، ژیانمان تێکچوو، مووچەکانمان زۆر کەم بۆوەو ئەو ئازادییەی هەشمانبوو لە دەستماندا و وەزارەت دەستی دەخستە ناو کاروبارەکانمانەوەو چەندین ئیمتیاز کە پێشتر هەمانبوو هیچیان نەمان.

-١٤-

# بەعسییەکان

بــارودۆخی عێــراقیش ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ خــراپتر دەبــوو، جموجــۆڵی بەعسییەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، لەو ماوەیەدا بۆیەکەمجار لـە ڕێکـەوتی ١٩٥٩/١٠/٧ لە کاتی ڕەتبوونی ئۆتۆمبێلەکـەی لـە شـەقامی ڕەشـید هـەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسمیان دا، لەلایەن عەبـدولوەهاب غرێـریو هەنـدێك لە بەعسیەکان درایە بەر دەستڕێژی گوللەو شوفێرەکەی دەمودەست گیانی لــە دەســتدا. ســەدام حوســێنیش کــە پاســەوانی هێرشــبەرەکان بــوو، بــە فیشەکی پاسەوانەکانی زەعیم قاچی بریندار بوو، بەڵام توانی ڕابکاتو خۆی لە ماڵی خێروڵلا تولفاحی خاڵی بۆ ماوەیەکی کـورت بشـارێتەوەو دوایـی بـۆ دەرەوەی عێراق ڕابکات.

بـەم شـێوەیە دوای ماوەیـەکی تـر عەبدولسـەلام عـارفیش کـە کەسـی دووەمی کودەتاچیەکان بوو لە کاتی ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتیو جێگـری سەرۆك وەزیرانو وەزیری ناوخۆ بوو لە حکوومەتەکەی قاسمـدا، لـە زەعـیم هەڵگەڕایــەوەو هــەوڵی کودەتــای دا بــەڵام ســەرکەوتوو نــەبوو. بۆیــە درایــە دادگاو حوکمی لەسێدارەدانی بۆدەرچوو، بەڵام دوایی بەر لێبووردنی گشـتی کـەوتو حوکمەکـەی گـۆڕا بـۆ زینـدانی هەمیشـەییو دواتـریش لـە هـەواڵی

ڕۆژنامەکان بیستمان کە بەهۆی پەیوەندی خێزانیو کەسی نێوان زەعیمو عارف، زەعیم لە زیندان دەریهێناو وەزیفەیەکی تری دایە.

هەندەی نەبرد، سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ عەبدولسەلام عارفو ئەحمەد حەسەن بەکر دوای هەماهەنگیکردن لەگەڵ پاسەوانەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بە دوو دەبابەوە بەرەو ئەوێ ڕۆیشتنو دەستیانگرت بەسەریداو هەر ئەو بەیانیەش فەرماندەی هێزی ئاسمانیشیان کوشتو بە هێزێکی زۆرەوە بەرەو بارەگای وەزارەتی بەرگری ڕۆیشتن. هەرچەندە زەعیم لە ماڵی خۆی هاتبووە دەرەوەو لەگەڵ جەماوەرێکی زۆری دۆستو هەوادارانی خۆیو حزبی شیوعی بەرەو وەزارەتی بەرگری بەڕێکەوتبوو، کە گەیشتبوونە جێو ڕووبەڕوویان ببونەوە، تا ڕۆژی دواتریش بەرگریان لە خۆیان کردبوو. بەڵام سەر لە نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر پاش ئەوەی کودەتاچیەکان دەستیان بەسەر زۆربەی دامودەزگا گرینگەکاندا گرت، زەعیم بێ هیوابوو، بۆیە پەیوەندی بە عارفەوە کردو خۆی دا بە دەستەوەو بەرەو بارەگای ڕادیۆو تەلەفزیۆن بردیانو لەوێ بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بە گوللە کوشتیان. بەم شێوەیە کۆتایی بە حوکمڕانی قاسم هاتو بەعسیەکان بەسەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف حوکمیان لە عێراق گرتە دەست.

-١٥-

## زەبروزەنگی حەرەس قەومییەکان

بەعسیەکان دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، باری نائاساییان لە وڵات ڕاگەیاندو هێزێکی میلیشیایان لە هەوادارو لایەنگرانی خۆیان بەناوی حەرەس قەومی پێکهێناو کەوتنە گیانی جەماوەر بەتایبەتی شیوعیەکانو بەرگری میللی.

لە شاروشارۆچکە کوردیەکاندا تەنگیان بە خەڵك هەڵچنیو خاڵی پشکنینیان توندتر کردو ترسو دڵەڕاوکێشیان خستەدڵی خەڵکەوەو بە زەبروزەنگ خۆیان سەپاند، بەشەوانیش بەبێ پاساو هەڵیان دەکوتاسەر ماڵانو پیاوەکانیان دەگرتنو دەستدرێژیشیان دەکردە سەر ژنەکانیانو پارەو پوولو کەلو پەلە بە نرخەکانیان دەبردنو زەخیرەکانیشیان تێکەلی یەك دەکردو بڵاویان دەکردەوە.

برادەرێکم هەبوو ناوی حاجی عوسمان بوو خەڵکی شارۆچکەی کۆیە بوو، هەر لەبەرئەوەی هەواداری شیوعیەکان بوو، حەرەس قەومیەکان زوو زوو هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵیانو هەڕەشەیان لێ دەکردن. تە نانەت جارێکیان بەشەو هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەیانو گشت زەخیرەکانیان تێکەلێ بەیەك کردو هەرچی پارەو پولو زێڕی هەشیان بوو بردیانو

هەڕەشەی کوشتنیان لێکردن. بەڵام حەمدیەخانی هاوسەری، ژنێکی ئازاو ڕەشید بوو، عەبایەکی بەسەر خۆی داداو دەستی دوو کچە بچکۆلانەکەی گرتو بەو شەوە بەدوایان کەوتو خۆی گەیاندە لای بەرپرسەکەیان، پیاوێکی کورد بوو ناوی هەمزە کەردز بوو، لێی پاڕایەوە کە پارەو پولو خشڵەکانی بۆ لەو چەکدارانە وەربگرێتەوەو وتی: من لە تۆو خوا بەولاوە کەسیتر شك نابەم، خاوەنی کۆمەڵێك منداڵی ساوام، هیچمان نیە، هەموو سامانو ڕەنجی ژیانمان تەنها ئەوەندەیە، ئەویشیان برد.

وەکو حاجی عوسمان لەسەر زاری حەمدیەخانی ژنی بۆی گێڕامەوە، هەمزە کەردز زگی پێی دەسوتێتەوەو دڵی نەرم دەبێتو پێی دەڵێ لەلای من دابنیشن دوای هەندێکی تر هەرهەموویان دێنەوە ئێرە، ئەوکات گشت زێڕو زیوو پارەو پولەکانت بۆ وەردەگرمەوە.

ئەوەبوو دوای هەندێك حەرەس قەومیەکان دەگەڕێنەوە لای ئەو بەرپرسەو ئەویش بە حەمدیەخان دەڵێ: پێم بڵێ کێ لەمانە شتەکانی ئێوەی برد تا لێی وەربگرمەوە. ئەویش بە دەست ئیشارەت بۆ یەکێکیان دەکاتو دەڵێ ئەم زەلامە بوو. هەمزە کەردزیش خۆی لێ تورەدەکاتو گشت پارەو پولو خشڵەکانی لێوەردەگرێتەوەو دەیداتەوەو پێی دەڵێ: خوشکم ڕوت سپی بێت، تۆ ژنێکی ئازاو ڕەشیدو شەریفی، خوابتپارێزێتو بۆ منداڵەکانت بتهێڵێ.

ئەوەی ڕاستی بێت، ستەمی ئەو حەرەس قەومیانە هەموو سنوورێکی تێپەڕاندبوو، لە شاری هەولێریش لە بەرامبەر دادگای هەولێر بارەگایان هەبوو، کۆمەڵێك تۆرانیو عەرەب بەڕێوەیان دەبرد، سەنعانو لەتیفو هەمزە کەردز هەرە دیارەکانیان بوون، هەروەها یەکێك لە سەرۆك جاشەکانی ئەوکات کە ناوی حەمەی سابیر بوو، بارەگایەکەی لە گەڕەکی تەعجیل بوو، لەو سەردەمدا دەستی زۆر دەڕۆیشت، ئەوەی ڕانكوچۆغەی لەبەر بووایە بێ لێپێچینەوە دەیدایە بەر دەمانچەو دەیکوشت. ئەو حەرەس قەومییانە ژێرزەمینەکەی هوتێل سەفینییان کردبووە شوێنی گرتنو ئەشکەنجەدانی شیوعیەکان. ڕۆژانە خەڵکیان لێ دەگرتنو پەلکێشی ئەوێیان دەکردن بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان.

ئەو شیوعیانە کەسانی خاوەن باوەڕو ئازاو جەسوور بوون، هیچ شتێك کاری لێ نەدەکردن، جارێکیان جەمال حەیدەریو عاسم حەیدەریو خالد عەبوللاو مام ڕەحمانو شێخەشەلییان گرتو زۆریان ئەشکەنجەدان، ویستیان ناوی ئەندامانی ڕێکخستنەکانیان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی بیانگرن. بەڵام ئەوان بەرگەی هەموو ئازارێکیان گرتو ناوی کەسیان نەدا. تەنانەت شێخە شەل کە ئەوکاتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوو لە شاری هەولێر، کەسێکی زۆر زەین ڕوون بوو، بەوە ناسرابوو کە ناوی سیانی گشت ئەندامانی خۆی لەبەرە، کەچی ئەو ئینکاری کردو ناوی یەك کەسیشی پێ نەوتن.

ئەم بارودۆخـە وایکـرد کەسـانێکی زۆر بـۆ ڕزگـاربوون لـەزوڵم و زۆرداری حەرەس قەومیەکان پەیوەندی بە بزوتنەوەی عەشایەرە کوردیەکان بکـەن و لـە دژی حکوومـەت چـەك هـەڵبگرن، بەمـەش بزوتنەوەکـە فـراوانتر بـوو، کۆمـەڵێك ڕۆشـنبیرو مافپـەروەرو ئەفسـەرو پلـەداری میریـش پەیوەنـدیان پێوەکردن.

-١٦-

# ئاودیوکردنی لاپەڕەیەکی ڕەش

ئێوارەی ١٩٦٣/١١/١٧ عەبدولسەلام عارف بە تۆپو تەیارەو تانكو زرێپۆش هەڵیكوتایە سەر بارەگای گشتی حەرەس قەومیەكانو داگیری كردو بۆ ڕۆژی دواتریش دەستكرا بە گرتنی زۆربەی سەركردەكانی حزبی بەعس، لەوانە ئەحمەد حەسەن بەكر كە ئەوكاتە سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بوو. ئینجا عەبدولسەلام عارف بەیاننامەیەكی دەركردو تیایدا مزگێنی دایە عێراقیەكان بە هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەعسو حەرەس قەومیو تەنانەت لە بەیانەكەدا بە حەرەس ناقەومی ناوی بردن. بەمەش لاپەڕەیەكی ڕەش لە مێژووی عێراق ئاودیوكرا. هەرچەندە زوڵمو ستەمو دڕەندەییو تاكڕەوی عەبدولسەلام عارف لەگەڵ زوڵمو ستەمی ئەوان ئەوەندە جیاوازی نەبوو، بەڵام ئەویش بە سوتانی خۆیو وەزیرە یاوەرەكانی لەناو فڕۆكەدا لە باشووری عێراق كۆتایی هات. كە لە ڕووداوێكی كتو پڕدا لە ١٩٦٦/٤/١٣ لە گەشتێكیدا لە شاری بەسرە لەناو فڕۆكەیەكی هەلیكۆپتەردا سوتاو بووە ڕەژوو. تا ئێستاش كەس نازانێت ڕووداوەكە بە دەستی ئەنقەست بوو یان بەمەبەست.

عەبدولڕەحمان عارف ئەفسەرێکی پلەداری سووپای عێراق بوو، لە ناوچەی خەلیفان گەڕایەوە شاری بەغدادو شوێنی عەبدولسەلام عارفی برای لە حوکمڕانی عێراق گرتەوەو بووە سەرۆك کۆمار، کەسێکی میانڕۆو دڵساف بوو، سیاسەتێکی جیاوازی لە براکەی بەرامبەر کورد گرتەبەرو دوای ئەوەی لەسەر کورسی خۆی جێگیرکرد، بۆ تاوتوێکردنی پرسی کورد دانوساندنی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد کرد. بەمەش دژایەتی عەرەبە شۆڤێنیەکان بۆ ئێمەی کورد تاڕادەیەك کەمبۆوەو فشاری حکوومەتیش لەسەر هاتن‌و چوون‌و خاڵەکانی پشکنین کەمتر بۆوە، بەمەش خەڵکی شاروشارۆچکەو گوندەکانی کوردستان هەناسەیەکیان هاتەوە بەرو جموجۆڵێکی ئابووری پەیدابوو.

منیش ئەم دەرفەتەم قۆستەوەو داوای گواستنەوەی ڕاژەی خۆمم کرد بۆ شاری هەولێر. دوای ئەوەی ڕەزامەندیم وەرگرت،ماڵمان گواستەوەو لە گەڕەکی ئیسکان لە خانووی مەلا سەعیدی کاکم لە نزیك مزگەوتی حاجی بەکری زێڕینگر نیشتەجێ بووین.

-١٧-

# ئەویش لە خۆمانە

ماوەیەکی زۆربوو لە شاری هەولێر دوورکەوتبووینەوە، بۆیە زۆری پێچوو هەتا منداڵەکانم هۆگری ئەو شارەبوون. ئەوان بە شێوەزاری سۆرانی سلێمانی قسەیان دەکرد، تا ماوەیەکی زۆر منداڵانی گەڕەك پێیان پێدەکەنین‌و گاڵتەیان پێدەکردن، دوایی وردە وردە فێری زمانی هەولێرییان بوون‌و لەگەڵیان لێڕاهاتن‌و هیچیتر داوای گەڕانەوەیان بۆ شاری سلێمانی نەکرد.

خەڵکی هەولێر کەسانی کۆمەڵایەتی‌و سادەو ساکاربوون، ئەوکاتە ژنانی ئەوێ زۆربەیان بە عەباو پێچەوە دەچوونە دەرەوەو لەگەڵ پیاوان تێکەڵ نەبوون، بە پێچەوانەی ژنانی شاری سلێمانی کە جل‌و بەرگی سفورو نیمچە ڕوتیان لەبەردەکردو زۆر تێکەڵاوی دانیشتنی پیاوان بوون‌و پیاوەکانیشیان زۆربەیان ئارەقخۆر بوون، بەڵام پیاوانی شاری هەولێر زۆربەی کاتەکانیان لە مزگەوتەکان بەسەردەبرد.

ئەم ژیانە بۆ منیش تا ڕادەیەك ناخۆش بوو، لە دەربەندیخان خەڵکی گەڕەك هەر شەوی لەماڵێك کۆدەبووینەوەو بە گاڵتەو گەپ کاتەکەمان بەسەردەبرد، بەڵام لێرە کەسم نەدەناسی. نزیکەی ساڵێك لە گەڕەکی

ئیسکان ماینەوەو دوایی چوینە گەڕەکی سێتاقانو لە خانووی مەلا حەسەنی جوامێر لە نزیك مزگەوتی شێخ عومەر بالیسانی نیشتەجێ بووین.

خەڵکی سێتاقان زۆربەیان خۆشناو بوون، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان زۆر پتەوبوو، دوای ئەوەی چەند مانگێك بەسەر نیشتەجێ بونمان لەو گەڕەکە ڕەت بوو، هەندێك دۆستو برادەرو ناسیاوم بۆ پەیدابوو. هەروەکو پێشتر وتم باوکم مەلا بوو، بۆ هەر شوێنێك چووبوو ژنێکی لێهێنابوو، یەکێك لە ژنەکانی خەڵکی کونە فلوسەی خۆشناوەتی بوو، بۆیە هەندێك دراوسێمان کە خەڵکی ئەوێ بوون، لێمان نزیك بوونەوەو خۆیان بە خزم دەناسی.

جموجۆڵی چەکداریو سیاسی نەیارەکانی حکوومەت لە شاری هەولێر لەچاو شاری سلێمانی کەمتر بوو، هەروەها دانیشتوانەکەی بە زۆری بێلایەنو لایەنگری حکوومەت بوون، بۆیە تا ڕادەیەك شارێکی ئارام بوو، زۆربەی ئاغاو کوێخاو بنەماڵەکانی پشتگیری خۆیان بۆ حکوومەتی ناوەند دووپات دەکردەوە، تەنانەت کەسە ئاساییەکانیش هەندێکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەغداد بەهێزکردو بە تایبەتی هەندێك لەو کەسانە ناوبانگیان بە شەقاوەو حیزو دزو گەواد دەرکردبوو، لە نێوانیشیاندا ئافرەتی لەشفرۆش هەبوون دەستیان لای بەرپرسەکان باش دەڕۆیشت.

جارێك بۆ سەرتاشین چوومە سەرتاشخانەکەی بن قـەڵات، سەرتاشـەکە خەریکی سەرتاشینم بوو، پیاوێکی زەبەلاح هاتە ژوورەوەو نووسـراوێکی لـە گیرفانی دەرهێناو بە دەمووچاوی سەرتاشەکەی داداو بە تووڕەییـەوە پێـی وت: ئێوە قەت شەرم لە خۆتان ناکەنـەوە، ئێـوە گـەوادی بـۆ بەرپرسـەکان دەکەنو دەتانەوێ شەریك بۆخۆتان بدۆزنەوە. ئەویش هیچ خۆی تێك نەداو وتـــی: کـــێ زۆری لێکردبوویـــت بێیتـــە لامو داوای واســـیدەم لێبکـــەیت بـــۆ دامەزراندنت؟

ئەویش وتی: من لەکوێ بزانم تۆ بەو سـەرو ڕیشـە سـپیەوە گـەوادی بـۆ بەرپرسەکان دەکەیت. ئەویش وتی: هەرچییێکم کردبێت بـۆ خـۆمم کـردووە، بۆ تۆم نەکردووەو مـن لـە دەرگـای تـۆم نـەداوە، تـۆ هـاتی بـۆ ئێـرەو لـێم پاڕایتەوە کە یارمەتیت بدەم.

ئەویش وتی: عەمری خۆتو یارمەتیشت نەمێنێ، تـۆ لای ئـەو بەرپرسـە وتوتە ئەویش لەخۆمانـەو ژنـی جـوانی لەبەردەسـت دایـەو بـەو هۆیەشـەوە هێشتان هەفتەیەك بەسـەر دامەزرانـدنم ڕەت نـەبووە، ئـەو بەرپرسـە هـیچو پووچە لەچـاو مـرۆڤ دەڵێـی مەیموونـە کەچـی پـێم دەڵـێ تـۆش وەکـو ئـەو (مەبەستی تۆیە) ئاگات لێمان بێتو ژنی جوانمان بۆ بێنە.

کە ئەمەی وت سەرم سوڕما، پێم وت: چۆن بوێری کـرد لەخۆیـەوە وات پێ بڵێ؟ پیاوەکەئیشارەتی بۆ سەرتاشەکە کردو بە تووڕەییەوە وتـی: ئـەم گەوادە بزانێت. کە منی بەو ناساند پێی وت: ئەوەش لە خۆمانەو لەمـەودوا

پشتی پێببەستە. من وامزانی ئەوان پیاوی شەریفن‌و ڕێزم لێدەنێن، نەمزانی دەستی چەوری خۆی بە من دەسڕێتەوە.

سەرتاشەکە بەشێکی پرچمی تاشیبوو، دەنا هەڵدەستام‌و دوکانەکەییم بەجێ دەهێشت، بەڵام ناچاربووم تا کۆتایی بەرگە بگرم‌و لە دڵی خۆشمدا بڕیارمدا کە هیچیتر بۆ سەرتاشین نەیەمەوە لای ئەو نەبادا ناوی منیش بەهۆی ئەوەوە لەکەدار بێت.

-١٨-

# کودەتای بەعسییەکان

حـوکمڕانی عەبـدولڕەحمان عـارف زۆری نەخایانـد، لـە ١٩٦٨/٧/١٧ بەعسـییەکان کودەتایـان لەسـەرکردو دەسـەڵاتیان لـە عێـراق گرتەدەسـتو ئەحمـەد حەسـەن بـەکر بـووە سـەرۆکی کۆمـارو لـە هـەمان کـات سـەرۆکی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕشو سـەدام حوسـێنیش بـووە جێگـری سەرۆکی ئەنجوومەنەکەو هیچ پلەو پایەیەکی لـەناو حکوومـەت وەرنـەگرت، هەرچـەندە هـەر لـە سـەرەتاوە یـەکێك بـوو لـە کەسـایەتیە کاریزمییـەکانی گۆڕەپـانی سیاسـی عێـراقو تەنانـەت لـەناو حکوومەتیشـدا دەسـتی زۆر دەڕۆیشت، لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە ڕەسمیو ناڕەسمیەکاندا لـە تەنیشـت سەرۆك کۆمار بە هەمان جلو بەرگو ڕەنـگو مۆدێلـەوە دەردەکـەوت، وەك هاوسەرۆکی وڵات بەدیارکەوت نەك جێگری سەرۆکی حزب.

-١٩-

# یانزەی ئازار

بەعسیەكان لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەڵات نەرمییێكی زۆریان بەرامبەر هاوڵاتیان بە گشتیو گەلی كورد بە تایبەتی نواندو هەرزوو لەسەر داوای بریماكۆفی وەزیری دەرەوەی یەكێتی سۆڤێت دەرگای وتووێژیان لەگەڵ بزووتنەوەی چەكداری كوردان دەستپێكردو لە ماوەیەكی زۆر كەم هەندێك ئاكامی پۆزەتیفی لێ پەیدا بوو. دوایش پاش ئەوەی جارێكی تر حكوومەتی عێراق لەسەر زاری سەدام حوسێن جەختی لە بریماكۆف كردەوە كە ئایا ئەگەر حكوومەتی عێراق لەگەڵ ڕێبەری بزووتنەوە چەكداریەكە كە ڕێك بكەوێ، ئایا ڕووسەكان زەمانی ئەوە دەكەن كە بزووتنەوە چەكداریەكە پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیلو ڕۆژئاوا بپچڕێنێت. بریماكۆف لە وەڵامدا وتبووی: نەخێر من ناتوانم زەمانی ئەوەبكەم بەڵام ئەوكاتە ئێمەش پشتیان تێدەكەینو پشتگیری ئێوەدەكەین. بەم شێوەیە لە یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ڕێككەوتننامەیەكیان واژۆكردو تیایدا بۆ یەكەمجار دانیان نا بە كۆمەڵێك مافی نەتەوایەتی لەوانە خۆبەڕێوەبردنو نووسینو قسەكردن لە دامودەزگا ڕەسمییەكانی كوردستان بە زمانی كوردی.

ئیتر ئـەوەبوو هـەر ئـەو ڕۆژە خـەڵکی عێـراق ڕژایـە سـەر شـەقامەکان‌و دروشمی برایەتی کوردو عەرەبیان بەرزکردەوەو ژن‌و پیاوو گـەورەو بچـووك بـە دڵێکـی خۆشـەوە گوزارشـتیان لـە هەسـت‌و نەسـتی خۆیـان بەرامبـەر ڕێکەوتننامەکـە دەکـردو دیمـەنێك کـە قـەت لـەبیرم ناچـێت گۆرانیبێـژان‌و شاعیرانی کورد بە دەم ڕێگاوە لەناو ئـاپۆڕەی خـەڵکانی خۆپیشـاندەر ئـەو گۆرانی‌و شیعرە نەتەوایەتییانـەیان بـە دەنگـی بـەرز دەگوتـەوە کـە پێشـتر دەیان کەسی لەسەر خرابوونە زیندانەوە. سرووودی ئـەی ڕەقیـب هـەر مـاوە قەومی کورد زوبان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان کە هـی دڵداری شـاعیرە لـەناو گوێچـکەمان دەزرینگایـەوەو لـە بـەردەم چـایخانەی قـەردارانیش لـە فولکـەی کـۆتری سـەلام چـەترێکی پۆلیسـی هاتوچـۆی لێبـوو، بـەکر زانـای شاعیری لاو چووبووە سەری‌و پڕ بـە دەنگـی هـاواری دەکـردو هۆنراوەکـەی دەخوێندەوەو دەیوت: (بڕۆن بڕۆن لەناو لوولە تـۆپی وەسـتا ڕەجـەب ئـاگر بخۆن ئاگر بخۆن).

بەم شێوەیەهەرکەس‌و بە جۆرێك گوزارشتیان لە ناخی خۆیان دەکـردوو بە خۆشی ئەو ڕۆژەیان بەڕێکرد.

لـە ڕۆژانـی دواییـدا بارەگاکـانی پـارتی لـە گشـت شـارو شارۆچـکەکانی کوردستان کرانەوەو پێشمەرگەکانیش لە شاخەکان هاتنەخوارەوەو لەلایـەن حکوومەتەوە هێزەکانی پاسـەوانی سـنووریان لێ پێکهێنـراو بـە شـێوەیەکی هەرەمی‌و وەکو بەشێك لە هێزی ناوخۆ دووبارە ڕێکخرانەوە.

خارە سەید یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی ساڵانێکی زۆر بوو نەمبینی بوو، شەوێك بە سەردان چوومە ماڵیانو بەخێرهاتنەوەم لێی کردو پێم وت: ئێوە لەچاو خەڵکی گوندەکان وەزعتان لە هەموویان باشتر بوو، خۆ لە هیچتان کەم نەبوو، پێم ناڵێی ئەم بیرۆکەی چوونە شاخت چۆن بە خەیاڵداهاتو ئەو باوکە پیرەت بەتەنها بەجێهێشت؟ لەوەڵامدا وتی: من نەمدەویست بچمە شاخو چەك هەڵبگرم، بەڵام ناچاربووم؟

وتم: چۆن؟ وتی: لەبەر زوڵمو ستەمی ئاغای گوندەکەمان ڕۆیشتم. وتم: جا تۆ مێرد منداڵ بوویت کە ڕۆیشتی، چ زوڵمێکی لێکردی؟ وتی: باوکم کارمامزێکی کێوی لە چیای قەرەچوغ بۆ ڕاوکردبووم، زۆرم خۆشدەویست، کوڕی ئاغا گەرناگەی لێداو بە باوکی خۆی وت ئەو کارمامزەم دەوێ. ئاغاش داوای لە باوکم کرد کارمامزەکەی بدەمێ. باوکم زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام دەسەڵاتی ئاغای نەبوو، بۆیە داوای لێکردم کارمامزەکەی بدەمێو بەڵێنیشی پێدام کارمامزێکی ترم بۆ ڕاوبکاتەوە.

منیش لەبەر ئەوەی ئەو کارمامزەم زۆر خۆشدەویستو زۆر خولیای ببووم، بۆیە دەستم بە گریان کردو ویستم نەیدەمێ، بەڵام باوکم گوێی نەدامێو بەزۆری لێی ساندمو لەبەرچاوی من دایە کوڕی ئاغا.

ئەوشەوە تاکو بەیانی هەر گریامو خەو نەچووە چاوەکانم. باوکیشم لەمن خەمبارتر بوو، بەڵام وەکو خۆی وتەنی دەسەڵاتی ئاغای نەبوو، لەوە دەترسا لە گوند دەرمانبکەنو ئازارمان بدەن، بۆیە گوێی نەدایە منو هیچ

حسابێكی بۆ ئەو فرمێسكانەش نەكرد كە لـە چـاوەكانم تـا بـەیانی بـە گـوڕ دەهاتنە خوارەوە.

كە ڕۆژ بۆوە بەبێ ئەوەی پرس بەكەس بكەم پێش ئەوەی دایكو بـاوكم لەخەو هەستن، لە گوند چوومە دەرەوەو ملی دەشـتی بیسـتانەم گرتەبـەرو خۆم گەیاندە چەكدارەكانو پەیوەنـدیم پێـوە كـردنو لـەو كاتـەوەش تـاكو ئێستا بـۆ چـركەیەكیش ڕانەوەسـتاومو زۆربـەی ناوچـەكانی كوردسـتانم بـە قاچەكانم بەسـەركردۆتەوە، وێـڕای ئـەوەی زۆر مانـدوبوونو تـاڵیو سـوێریم چەشتووە بەڵام ئەوەم پێ باشتر بوو لەوەی لەژێر سـێبەری ئاغایـەكی زاڵـم ژیان بەسەرببەم.

كەسانێكی زۆر لە دیوەخانەكەی دانیشتبوون، هەندێكیان چەكداربوونو چـەكەكانیان لەپێشـخۆیان دانـابوو. پـێم وت: مـن ئـەو برادەرەچـەكدارانە ناناسم، دەكرێ پێمان بناسێنیت؟ وتی: ببوورە خۆم لەبیر كرد، دەبـوو مـن هەر زوو بەیەكتریتان بناسێنم بەڵام چیرۆكی ئەو كارمامزە لـە سـەری داومو تاكو ئێستاش لەبیرم ناچێتەوە.

كەسەكانی پێناساندم، یەكێك لەوانە، ڕانكو چۆغەیەكی كری لەبـەربوو، دەمانچەیەكی چواردەخۆریشی لەبەرپشتیدابوو، ئیشـارەتی بـۆ كـردو وتـی: ئەمەش ئاغـای گونـدەكانی دەشـتی تەقتەقـە. لـەناو هـەموویان زیـاتر ئـەو كەسە سـەرنجی ڕاكێشـامو ڕووم تێـی كـردو پـێم وت: ئـەوە زانیمـان كـوڕە پلكەكـەم لەبـەر زوڵمـی ئاغـا چـەكی لـە شـانكردووەو ڕووی لـەو شـاخانە

کردووه، بەڵام تۆ خۆت ئاغایتو لەچیت کەم بوو؟ دەبێ چیرۆکی تۆ چیبێت؟ بە پێکەنینەوە وتی: ئەو لەبەر کارمامزێك لە ئاغای گوندەکەیان هەڵگەڕاوەتەوەو چۆتە شاخ، ئەی من چۆن نەچم، لە کاتێکدا حکوومەت لە دەهەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی بە ناوی قانوونی ئیسلاحی زراعی تەنها سێسەد دۆنمی بۆ هێشتوومەتەوە.

کە ئەمەم گوێ لێبوو سەرم سوڕما، وتم: چۆن، تۆ بەتەنها ئەوەندە زەویت هەبوو؟ وتی: بەڵێ، ئاغای واش هەیە دەهەندەی منی هەبووە، بۆیە لە حکوومەت هەڵگەڕاینەوە. منیش وتم: ئەو سێسەد دۆنمەی بۆشت ماوەتەوە هێشتان زۆرە، جووتیار هەیە لەوەتی هەیە خەڵکی ئەو گوندانەیە کەچی یەك دۆنم زەویشی نیەو نیوە تۆ بۆ کەسانی وەك تۆ دەکەنو دەبنە شوانو گاوانو سەپانی ئێوە، ئەوان هێشتان شوکورن کەچی ئێوە هەر ڕازی نین.

دیار بوو ئەو ئاغایە قسەکانی منی بە دڵ نەبوو، بۆیە پشتی تێکردمو ڕووی لە خارە سەید کردو بە تووڕەییەوە پێی وت: هەر لەم خزمەی تۆمان کەم بوو، دەڵێی پارێزەری حکوومەتە یان کادیری حزبی شیوعییە وەها موحاسەبەمان دەکات.

ئەویش پێکەنیو وتی: نا خراپ تێمەگە، ئەو ساڵانێکی زۆر سەربازی ئینگلیزەکان بووەو دوایش لە بەنداوی بێخمەو دەربەندیخان لەگەڵ ئینگلیزەکانو ئەمریکاییەکان ژیانی بەسەربردووەو هەقی بەسەر

سیاسەتەوە نیە.ئاغاکە کە ئەمەی گوێ لێبوو، ڕووی تێکردمەوەو وتی: باشە خۆ ئینگلیزەکان ئەو زەوی‌و زارو گوندانەیان بە ئێمە داوە، مادام تۆ ئەوەندە ئیشت لەگەڵ کردوونە بۆ وەکو شیوعییەك بیردەکەیتەوە نەك وەکو ئەوان؟ منیش وتم: من قەت شیوعی نەبوومە، ناشمەوێ موحاسەبەت بکەم، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشان ئەوەبوو هەر لەو دیوەخانە تۆو خارەسەید چیرۆکی چوونە شاختان بۆمان گێڕایەوە، بەڵام هەردوو چیرۆك لەگەڵ یەکتری پێچەوانە بوون، یەکێکتان لەبەر زوڵمی ئاغاو ئەوی تر بۆ چەوساندنەوەی جوتیاران‌و پاراستنی هەژمونی خۆی چۆتە سەرەوە، ئەمە چۆن دەبیت؟!

که ئەمەم وت ئاغاکە زیاتر لە قسەکانم بێزاربوو، بەبێ خواحافیزی بە تووڕەیی چووە دەرەوە.

منیش ڕووم لە کوڕەپلکەکەم کردو پێم وت: دیارە هەریەکێك لە ئێوە چیرۆکێکی جیاوازی هەیە، بۆیەئەم برادەرە ئەقڵی قسەکانی منی نەگرت‌و بە تووڕەیی چووە دەرەوە.

کوڕەپلکەکەم دەستی خستە سەر شانەکانم‌و وتی: چایەکەت بخۆوە، با سارد نەبێتەوە، هیچ گوێ مەدێ، ئەگەر تۆش لەشاخ بوایت چیرۆکێکی جیاوازت دەبوو.

منیش وتم: چۆن؟ سەری خۆی لەقاندو وتی: هەندێك لەوانە بۆ تۆڵە سەندنەوە هاتبوون‌و هەندێکی تریش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە

تایبەتییەكانی خۆیانو هەندێكی تریش بۆ خۆپارێزیو كەمێكیان نەبێت كە لە هیچیان كەم نەبوو، خۆشەویستی نیشتمانو گەلەكەیان پاڵی پێوەنابوون، ئەوانیش لە هەموان زیاتر پشتگوێ خرابوونو لە سەنگەرەكانی پێشەوەی بەرگریشدابوون.

كە ئەمەی وت سەرم سوڕما، ڕووم لە چەكدارەكانی تری ناو دیوەخانەكە كردو پێم وتن: ئەی چیرۆكی ئێوە چیە؟ دەكرێ بۆم باس بكەن؟ یەكێكیان ڕووی تێكردمو پێی وتم: تۆ لە چیرۆكی ئێمە بگەڕێ، وەكو خاڵە سەید وتی: ئێمەش لە یەكێك لەو حاڵەتانە بەدەرنین كە ئەو ئاماژەی پێكردووە، بەڵام با من چیرۆكی فەرماندەیەكی باڵات بۆ باس بكەم، ئەگەر گوێت لێ بێت، بڕواناكەیت.

ئەو بەردەوام بوو لە قسەكانیداو وتی: ئێمە ئەوكاتەی هێزەكەمان لە ناوچەی هیرانو نازەنین بوو، فەرماندەی هێزێكمان هەبوو هەموو ڕۆژێك دوو سێ مریشكو كەلەشێری دەخواردو ئێمەش لە نانو چایە بەو لاوە هیچی تر نەبوو بیخۆین. ڕۆژێك گەورەكەمان هاتە لامانو بەسەری كردینەوە، هەر ئەوەندەمان زانی عەزۆلەی چێشتلێنەر هاتە لای گەورەكەمانو تەنەكەیەكی پڕ لە سەرو قاچی مریشكی لەبەردەم ئەو ڕوو كردو پێی وت: گەورەم ئەم فەرماندەیە دەبینیت، ئەوەندە ستایشی خۆی دەكاتو دەڵێ ئێمە یەك تیمینو بەیەكەوە نان دەخۆینو ژیانو مردنیشمان بەیەكەوەیەو لە هیچمان كەم نیە؟ ئەو ڕاست ناكات، ئێمە لە هەموو شتێكمان كەمە، بەڵام ئەو

بۆخـۆی وەکـو پاشـا دەژی، ئەمــەی دەیبینـــی تـــەنها خـــواردنی یـــەك حەفتەیەتی، لەکاتێکدا ئێمە لە نـان‌و چـایە بـەولاوە هـیچ نیـە بیخـۆین. کـە ئەمەی وت گەورەکەمان ڕووی لە فەرماندەکە کردو بە تووڕەییەوە پێی وت: تـۆ چـۆن فەرماندەیـەکی، چـۆن بـەبێ پیاوەکانـت ئـەم هـەموو مریشـك‌و کەڵەشێرەت خواردووە؟

هێشتان ئەو نەڕۆیشتبوو، گوێمان لە تەقەتەق‌و هاتووهاوارێکی زۆر بوو، دەنگێك لە دوورەوە بە گوێمان دادەهات. گەورەکەمان کـە ئەمـەی گـوێ لێ بوو هەڵوەستەیەکی کردو هەستی خۆی ڕاگرت، ڕووی لە فەرماندەکـە کـردو پێی وت: ئەم هاتووهاوارەو دەنگە دەنگە چیە دەهێتـە گـوێم؟ ئـەویش زۆر بە ئاساییەوە وتی: قوربان هیچ نیە، ئەم گوندە گەورەیەو دانیشتوانی زۆرە ڕۆژانە لێرە دەنگە دەنگی وا دەبیسترێ.

ویستی سواری ئەسپەکەی بێت‌و بـەجێمان بهێڵـێ، جـارێکی تـر هـەمان دەنگە دەنگ‌و هاتووهاوار دەستی پێکردەوە. ئەمجارەیان هیچ گوێی نەدایە قسەی فەرماندەکەمان، ڕووی لە پاسەوانەکانی خۆی کردو پێی وتن: بەدەم ئەم دەنگە دەنـگ‌و هاتووهـاوارەوە بچـن‌و بـزانن چـیە، مـن هەسـت دەکـەم کەسێکە‌و هانام بۆ دەهێنێت‌و داوای یارمەتیم لێدەکات.

پاسەوانەکان بەو ناوەدا بڵاو بوونەوەو هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشـتن، دوای تۆزێك کەسێکیان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە لێمان نزیك بوونەوە، دیتمان

جەمال بڕنۆیە. ئەو یەکێك بوو لە نیشانشکێنە هەرە باشەکانی هێزەکەمان‌و شەڕکەرێکی زۆر ئازاو دلێر بوو.

وتیان: گەورەم ئەم زەلامە لە ناو ژوورێك بە تەنیا زینـدانی کرابـوو، کـە چووین بینیمان هەر هاتوو هاواری بوو، بە دەنگی بەرز دەیگوت فریام کەون فریام کەون بە ناهەق زینـدانی کـراوم. گەورەکـەمان ڕووی لـە جـەمال بڕنـۆ کردو پێی وت کوڕم پێم بڵێ لەبەرچی زیندانی کـراوی؟ ئـەویش دەسـتی بـۆ فەرماندەکەمان درێژکردو وتی: گەورەم ئەم فەرماندەیـە دەبینـی لەبـەردەم تۆ خۆی کردۆتە فریشتە، ئەو کەسێکی داوێن پیسەو بـە ژنەکـەم فێربـووەو منیشی بە ناهەق خستۆتە زیندانەوە. کـە گەورەکـەمان ئەمـەی بیسـت، لـە تووڕەییان هـەردوو برۆیـەکانی جـوت بـوون‌و چاوەکانیشـی لـە ڕقـان وەکـو مزراح دەسوڕانەوە، ڕووی لە فەرماندەکەمان کردو بە تووڕەییەوە پێی وت: ئەمەیە پاداشتی ئەو کەسـانەی سـینگی خۆیـان بـۆ نیشـتمان دەدەنـە بـەر گوللەو بەرگری لە کەسێکی وەکو تۆ دەکەن. حەیفـو مەخابن، خۆزگە قەت ئەمەم گوێ لێ نەبا.

ئەمەندەی وت‌و ڕووی لە جەمال بڕنۆ کردو پێی وت: کـوڕم تـۆ بـەرگری لە کێ دەکەیت، چەکەکەت فڕێ بدەو بڕۆ لەگـەڵ مـاڵ‌و منـداڵی خـۆت بـژی باشـترە، دیـارە ئەوانـە هـەروایانکردووە بۆیـە دەیـان پیـاوی وەك تـۆ چەکەکانیان داناوەو لە ڕقان بوونەتە جاش.

منیش کە ئەم چیرۆکەم گوێ لێ بوو، بەجارێك سەرم سوڕما، ڕووم لە خاڵە سەید کردو پێم وت هەر ئەمەش بوو خەباتەکەتان؟ سەری خۆی لەقاندو وتی: خراپ تێمەگە، پەنجەی دەست هەمووی وەکو یەك نین، خۆ ئێمەش فریشتە نین، پیاوی باش‌و خراپیشمان تێدا بوو. منیش چایەکەم خواردەوەو خواحافیزیم لێکردن‌و چوومەماڵەوە.

ماوەی چوار ساڵ لە کوردستان ئێمە حوکمی خۆمان کرد. بەعسییەکان لە شاری هەولێر بارەگایەکی بچووکیان لە تەنیشت تاوەری پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانەوە هەبوو، ئەوانەی هاتووچۆی ئەو بارەگایەیان دەکرد ژمارەیان لە پەنجەی هەردوو دەستەکان ڕەتی نەدەکرد، لەکاتێکدا پارتی‌و شیوعی بارەگایان لە هەموو کوچەو کۆڵانێکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو. لەو ماوەیەدا، گرتن‌و کوشتن‌و هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵکی‌و هەڕەشەو گوڕەشەی بەعسییەکان کۆتایی پێهات‌و خەڵکی کوردستان بێترس دەژیان‌و ئومێدێکی زۆریان بە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی ناوەندو بزووتنەوەی گەلەکەمان هەبوو، بەڵام ئەم بارودۆخە زۆری نەخایاندو دوای چوار ساڵ، حکوومەتی ناوەند تاك لایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکردو هیچ گوێی نەدایە نوێنەرانی کوردو داخوازییەکانیان. هەروەها شاری کەرکووکی لە کوردستان جیاکردەوە. ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ جەماوەرێکی زۆری کوردستان بە گەورەو بچووك‌و ژن‌و پیاوەوە ڕوویان

کردە ناوچە شاخاوییەکانو پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. تەنانەت لە شاری هەولێر گشت پۆلیسەکان دەرگای مەخفەرەکانیان خستە سەر پشتو بە کۆمەڵ چوونە شاخ، هەر بۆیە لەناو خەڵکی شۆڕشی ئەوجارە بە شۆڕشی پۆلیسەکان ناسرابوو.

حکوومەتی ناوەندیش بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو پۆلیسو ئەفسەرو پلەدارانەی کە چوبوونە شاخو پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، ژمارەیەکی زۆری پۆلیسو ئەفسەرو پلەداری لە ناوەڕاستو باشووری عێراق بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەوان هێنا کوردستان.

ئەمەو ژمارەی بەعسییەکانو پیاوانی ئەمنی ڕژێمیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکردو تەنانەت ئەو بارەگا حزبییەی کە پێشتر ژمارەی ئەندامەکانی کەم بوو زۆر زیادی کردو لەو کەسانەی سەردانیان دەکرد جمەی دەهات.

خەڵکی شار ترسیان لێ نیشتو بە وریاییەوە چاودێری بارودۆخەکەیان دەکردو حکوومەتیش گومانی لە هەموو کەسێك هەبوو، سیخوڕەکانی چاودێرییان بەسەر هەموو جووڵەیەك دەکردو لەناو چایخانەو قاوەخانەکانی ناو شار بەناو خەڵکەکەدا بڵاو ببوونەوەو چاودێری خەڵکیان دەکرد. جارێکی تریش بنکەو بارەگای جاشەکان لەلایەن حکوومەتەوە کرایەوەو کەسانی نەفس نزمو هەڵپەرستیش پەیوەندییان پێوەدەکردنو دەبوونە جاش پۆلیس.

-٢٠-

# بەناچاری ڕووی شاخم گرتەبەر

من زۆر ڕقم لە حزبایەتیو چەك هەڵگرتن دەبۆوە، بۆیە بەردەوام بووم لەسەر کارەکەم لە فەرمانگەی بەنداوەکانی شاری هەولێرو ڕۆژانە لەگەڵ کارمەندانو فەرمانبەرانی فەرمانگەکەمان کە ژمارەیەکی کەمیان لەوێ مابوونەوە، ڕۆژمان بەسەردەبردو لەبەر بارودۆخی ئەمنیش ئیشو کارەکانمان لە دەرەوەی شار ڕاوەستاو هەندێك پرۆژەشمان بە نیوەچلی مانەوە.

بەیانییێکی زوو، بەرلەوەی دەوامی فەرمی دەست پێبکات، مەفرەزەیەکی پۆلیس هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەمانو منیان گرتو کەلەپچەیان لە دەستەکانم کردو پەلکێشی بنکەی پۆلیسیان کردم. وتم: من هیچم نەکردووە، بێتاوانم. بەڵام ئەوان گوێیان لێنەگرتمو بە شەقو پێلەقە فڕەیاندامە زیندانەوەو دوای کاتژمێرێك منیان هێنایە دەرەوەو بۆ بەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەیان بردم، وتەیان لێ وەرگرتم. ئەفسەرەکە بە تووڕەییەوە ڕووی تێکردمو وتی: ئۆتۆمبێلی فەرمانگەکەت چی لێکردووە؟ منیش وتم: دوێنێ دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی بردمەوە گەراجو

پاسەوانەكانیش شایەتن. وتی: بە ڕێوییان وت كێ شایەتتە وتی كلكم، ئێوە هەر هەموتان تێكدەرو گێرەشێوێنن، بۆیە لێرە ماونەتەوە تاكو كەل‌و پەلی فەرمانگەكان تالان بكەن‌و ئاودیوی ناو پێشمەرگەی بكەن. منیش سوێندم بۆی خواردو وتم: بەخوا ئاگاداری هیچ شتێك نیم، ئەگەر سەیارەكەم دزرابێت دەستی منی تێدا نییەو وەكو وتیشم پاسەوانەكان شایەتن.

كە ئەمەم وت وەكو فیشەكە شێتەی لێهاتو تا هێزی لەبەردابوو، زلەیەكی لە بناگوێم داو وتی: تۆ بۆ تێناگەیت، ئێمە ئەوانیشمان گرتووەو وەكو تۆ ئینكار دەكەن‌و دەڵێن دەستی ئێمەی تێدا نیە. ئەی دەستی كێی تێدایە، خۆ باوكیشم نەیبردووە؟

دوای وەرگرتنی وتەكانم، فایلێكیان بۆ كردمەوەو بە یاوەری پۆلیسێك منیان بردە بەردەم دادوەری لێكۆڵینەوەی دادگای هەولێر، دادوەری لێكۆڵینەوە پێی وتم: دەستت بخە سەر ئەم قورئانەو پێم بڵێ بەم قورئانە ڕاست دەڵێم؟ منیش دەستم خستە سەر قورئانەكەو وتم: بەو قورئانە بەڕاستی قسەدەكم. فایلەكەی هەڵدایەوەو وتەكانی منی خوێندەوەو وتی: ئەمانە وتەی تۆن؟ وتم: بەڵێ. وتی: شتێكی ترت هەیە بیڵێی؟ وتم: نەخێر.

دادوەرەكە مرۆڤێكی باش بوو، قەناعەتی بە قسەكانم هات، بۆیە هیچ پرسیاری نوێی لێنەكردم‌و پێی وتم: كوڕم تا ڕۆژی دادگاییكردن بە كەفالەت بەرت دەدەم. ئەوكات چیت هەیە لەبەردەم دادگا بیڵێ‌و لەبیریشت نەچێ

هەر ڕاستی سەردەکەوێت، ئەگەر تۆ دەستت تێیدا نەبووبێت بێ تاوان دەردەچیتو ئازاد دەکرێیت.

بەم شێوەیە بە کەفالەت ئازادکرامو بە پەلە خۆم گەیاندە ماڵەوەو پێم وتن: ئەمجارەش بە موعجیزە ڕزگارم بوو، ئەوە دووجارە لە هیچو خۆڕایی دەگیرێم، جارێك بە گومانی ئەوەی گوایا کوڕی سەرۆکی یاخی بووەکانم، جارێکی تریش بەتاوانی بردنی ئۆتۆمبێلی حکوومەت هەرچەندە دەستیشم تێدانەبوو، پێشینان ڕاستیان وتووە (گوی وشك بە قوونی مرۆڤەوە دەنوسێت).

بۆیە هیچی تر بەرگەم نەگرتو بڕیارمدا وەکو ئەو خەڵکە بچمە سەرەوەو پەیوەندییان پێوەبکەم. ئەوەبوو هاوسەرو منداڵەکانم بەجێ هێشتو بە تەنیا ملی ڕێگام گرتەبەرو چوومە گوندی باداوەی مەلا فەندیو لەوێشەوە بۆ گوندی سێبەردانو دواتر بەرەو کەسنەزانو دەربەندی گۆمەسپان. بە پێ ئەو ڕێگایەم گرتەبەر تا گەیشتمە گوندی سماقولی. کە گەیشتمە ئەوێ شەوم بەسەرداهات، گشت پۆلیسو پلەدارەکانی هێزی ناوخۆم لەوێ بینی، هەندێکیان برادەرو ناسیاری نزیکی خۆم بوون، بەخێرهاتنیان لێ کردمو بەیەکەوە نانی ئێوارەمان خواردو دوایی گرووپ گرووپ لەگەڵ یەك دانیشتینو تاکو درەنگی شەو چیرۆکی خۆمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. هەر ئەوکاتە بزەیەك هاتە سەر لێوەکانمو قسەکەی

خاڵە سەیدم بەبیرهاتەوە کە وتی: ئەگەر تۆش لەسەرەوە بایت چیرۆکێکی جیاوازت دەبوو.

ئەو شەوەمان تاکو بەیانی بە قسەی خۆش‌و گاڵتەو گەپ بەسەربرد، پۆلیسەکان هەر لەوێ مانەوەو بنکەو بارەگایەکی کاتییان لەوێ بۆ خۆیان دامەزراندبوو. منیش لەبەرئەوەی پێشتر پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخستنێکی حزبیەوە نەبوو، بۆیە ملی ڕێگام گرتەبەرو لەم شاخ بۆ ئەو شاخ‌و لەو کێو بۆ ئەو کێو، لە هەندێك شوێن بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەپێ ڕۆیشتم‌و لە هەندێك شوێنی تریش بە سواری جێب تا گەیشتمە شارۆچکەی هەریرو باتاس شەوم بەسەرداهات. دوای پشوودانێکی کورت، نان‌و چایەکم لە ماڵێك خواردو، هەر لەوێ هاوڕێیەکی هەولێریم بۆ پەیدابوو، دوای ئەوەی زانی من زاوای سورچییەکانم، خۆی لەمن بەستەوەو بەیەکەوە بەڕێکەوتین بەرەو گوندی ئامۆکان، تا گەیشتینە ئەوێ زۆری نەمابوو مەلای بەیانی بانگ بدات. چوینە ماڵی خەزوورەکەم، ئەوانیش باروبارگەیان تێك نابوو، بەتەمای چوونە ئەشکەوتی سەراورد بوون لە نزیك گوندی ئەشکەوتە.پێم وتن: ئەوە ئێمە لە شار ترسی حکوومەتمان لەسەرە، ئەدی ئێوە لەچی دەترسێن وا کەلوپەلەکانتان تێك ناوە؟ برای هاوسەرەکەم وتی: هەفتەیەکە خەڵکی گوندەکەمان ئێرەیان بەجێهێشتووەو چوونە بۆ ناو ئەشکەفتان، تەنها ماڵی ئاغاو چەند کەسێك لێرە ماوینەتەوە.

لەگەڵ ئەوان شەومان بەسەربردو بەیانیش نانو چایەمان بەیەکەوە خواردو خواحافیزیم لێیانکرد. دوایی لەگەڵ هاوڕێیەکەم چوومە ماڵی لاوکاغەی شێخاغە، ئاغای گوند، داوام لێی کرد چەکمان بداتێو لەلای خۆی بە پێشمەرگە وەرمان بگرێت. لاوکاغە بیرۆکەکەی ڕەتکردەوەو وتی: هەرچەندە من فەرماندەی لەشکرم، منیش وەکو ئێوە نازانم چی بکەم، چاوەڕێی فەرمانی سەرەوەی خۆمان دەکەم.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بەڕای من باشترە ئێوە چۆن لەخۆتانەوە ملی ئەو ڕێگایەتان گرتۆتەبەر، هەر بەم چەشنە بەردەوام بنو تا دەگەنە چۆمانو حاجی ئۆمەران، گشت بەرپرسە گەورەکان لەوێن، لەوانەیە هەتا ئێمە فەرمانمان پێدەکرێتو دەگەینە ئەوێ، ئێوە خۆتان جێگیر بکەنو شوێنێکی باش بۆخۆتان بدۆزنەوە.

پێشنیارەکەی لاوکاغام زۆر پێ باش بوو، بۆیە خواحافیزیمان لێی کردو خۆمو هاوڕێیەکەم ملی ڕێگامان گرتەبەرو لە هەندێك شوێن بە پێو لە هەندێکی تریش بە ئۆتۆمۆبیل لە سپیلکەوە بەرەو خەلیفانو لەوێشەوە بۆ دیاناو ناوپردانو چۆمان بەڕێکەوتین، کە گەیشتینە ئەوێ شەومان بەسەرداهات.

خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردبووە ئەو ناوچەیەو بەسەر ماڵەکانی ئەو دەڤەرە دابەش ببون، پیاوە سەڵتەکانیش لە مزگەوتو چایخانەو کوچەو کۆڵانەکانو سەر شۆستەی شەقامەکان لێی ڕاکشابوون. دیمەنێکی زۆر

تراژیدی بوو، دەتوت ڕۆژی حەشرە، ئەو خەڵکە بەسەریەکدا ڕژابوو، کەس بە کەس نەبوو.

منو هاوڕێیەکەم وەکو ئەوان چووینە مزگەوتەکەو تاکو بەیانی لێی ڕاکشاین. بۆ بەیانی لەخەو هەستاینەوەو لە چایخانەکەی بەرامبەر مزگەوتەکە چایەمان خواردەوەو دوایی چووینە بەردەم مەکتەبی سیاسی حیزب. ویستمان چاومان بە کەسێك بکەوێو گوێمان لێ بگرێت، بەڵام کەس خۆی نەکرد بە خاوەنمان، تەنانەت ڕوویان لەو خەڵکە کردو بە توڕەییەوە پێیان دەوتن: ئێوە بۆچی هاتوون، بە فەرمانی کێ هاتوون، ئێمە لێرە ناتوانین خۆمان بژیێنین، چۆن ئێوەشمان پێ دەژیێت. ئەمە کەی وەزعە، ئێوە وادەزانن بۆ سەیران هاتوون، ، پاش کەمێکی تر فڕۆکەکانی دوژمن دەگەنە سەرمانو بۆردومانمان دەکەنو ئەو ناوچەیە دەکەنە یەکپارچە ئاگر.

لە مزگەوتو چایخانە بەولاوە هیچ شوێنێکی ترمان شك نەدەبرد پشووی لێبدەین. گەڕامەوە مزگەوت، جمەی دەهات، لە بەرامبەر مزگەوتەکەش هەندێك تابوتی: لێ ڕیزکرابوو، ئەو تەرمانەی تێدابوو، کە لە بۆردومانی شەوی ڕابردوو شەهید ببوون، قالبێکی بەفریان لەسەر داندرابووو بەسەرکراوەیی لە تەنیشت یەکتری ڕیزکرابوون.

لە کەسێکم پرسی: بۆچی ئەم تەرمانە لێرە ڕێزکراونو بە خاك نەسپێردراون؟ وتی: ئەمانە بەشێکن لە قوربانیانی دوێنێ شەو، دیارە تۆ

ئاگات لێ نەبوو كە فڕۆكە بەسەری داداینو بۆردومانی كردین؟ منیش پێم وت: نەخێر، چەند شەوێكە بەتێری نەخەوتوومە بۆیە دوێنێ شەو لەسەر یەك لا لێی خەوتمو تاكو بەیانی هەڵنەستامەوە.

سەری خۆی لەقاندو وتی: خەوی خۆت سووك بكە، چونكە لەمەودوا زوو زوو فیلمی وەها دەبینی، نەوەك تۆش وەكو ئەوان لە شیرینی خەودا بكوژرێیت. ئەمەی وتو بەدەستەكانی ئیشارەتی بۆ هەندێك چاڵ كرد، لە دەوروبەری مزگەوتەكەو لە نزیك شۆستەی شەقامەكان لەشێوەی پیتی ئێڵو تی ئینگلیزی لێدرابوون، وتی: ئەم چاڵانە دەبینی؟ وتم: بەڵێ، ئەم چاڵانە بۆچی لێدراون؟ وتی: بۆ خۆحەشاردان لە كاتی هێرشەئاسمانییەكان لێدراونو كاتێك خەڵكی گوێیان لە سافیرەی ئینزار دەبێت دەچنە ناویانەوەو خۆیانی لەناو دەشارنەوە. جا تۆش لەمەودوا كە گوێت لە سافیرەی ئینزار بوو، زوو خۆت بگەیەنە ناو یەكێك لەو چاڵانەو هەتا فڕۆكەكان دەڕۆن لەناوی بمێنەوە.

ئەو ڕۆژەشمان بەڕێكرد، كە تاریكی داهات چوومە چایخانەكەو نانو چایەكم خواردو ئەو كەسانەی لە چایخانەكە دانیشتبوون چیرۆكی ژیانی خۆیان بۆ یەكتری دەگێڕایەوە. یەكێكیان ڕووی لە من كردو وتی: بابزانین چیرۆكی تۆ چیەو لەبەرچی هاتوویتە ناو شۆڕش؟ منیش وتم: چیرۆكی من زۆر درێژەو بە كورتی من شوفێری میریمو كەسانێك ئۆتۆمبێلەكەی منیان بۆ ئێرە فڕاند. حكوومەتیش لێپرسینەوەی لەگەڵ من كردو تۆمەتباری كردم

بە بردنی ئۆتۆمبێلەکەو دوای لێکۆڵینەوە تا ڕۆژی دادگاییکردن بە کەفالەت ئازادییان کردم. منیش لە ترسی زیندانیکردن بە ناچاری ماڵو منداڵی خۆم بەجێهێشتو هاتمە ئێرەو چاوەڕێ دەکەم بزانم چارەنووسم بەرەو کوێم دەبات.

درەنگی شەو داهات، هەرکەسەو لە ڕاست خۆیەوە لەسەر تەختەیەکی چایخانەکە لێی ڕاکشا، تازە چاوەکانم گەرم ببون لە ناکاو گوێم لە دەنگی سافیرە بوو، بەخۆشم نەمزانی لەو خەوە شیرینە چۆن بەخەبەرهاتمو بە خێرایی خۆم گەیاندە دەرەوەی چایخانەکەو پێش ئەوەی بگەمە چاڵەکانی خۆحەشاردان، فڕۆکەکان گەیشتنە سەرمانو ئەو ناوچەیان بۆدومان کرد. شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، چاو چاوی نەدەدیت، بۆیە لێم تێکچوو، لەجیاتی بچمە ناو چاڵێك، لە چاڵەکان، ئەو تابوتانەی لەبەردەم مزگەوتەکە داندرابوون، لەو چاڵانەم جیانەکردنەوە کە لەبەردەم مزگەوتەکە لێدرابوون، بۆیە خۆم فڕێدایە ناو یەکێك لەو تابوتانەو کەوتمە سەر تەرمەکەی ناوی.

زۆر ترسام، ڕۆح لە شوێنێکی زۆر قایمە، دەنا دەبوو دەمودەست دەرچووبا، وەخت بوو لە ترسان دڵم بووەستێ. من هەر لە منداڵیەوە لە دیتنی مردوو دەترسام، جا بێننە بەرچاوتان دەبێ وەزعم چۆن بووبێت کە چوومە باوەشیەوە!

سافیرەی دووەم لێی دا وەك ئاماژەیەك بۆ ڕۆیشتنی فڕۆکەکان، منیش بەپەلە لەناو تابوتەکە دەرهاتمو خۆم گەیاندە چایخانەکەو لە ترسی ئەو

دیمەنە دەمێك بە ماتی مامەوەو لەبیری خۆم دەموت: من چیم لەم حاڵە دابوو، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەیان نەفڕاندبام بۆ لە ماڵو منداڵەکانم دادەبڕامو چارەنووسیشم بەم ڕۆژە ڕەشە دەگەیشت.

ماوەی چەند ڕۆژێك بەم حاڵە ماینەوە، کەس لێی نەپرسینەوە، ڕووم لە برادەرەکانم کردو پێم وتن: هەتاکو کەی ئێمە لێرە چاوەڕێ بکەین، بابچین سەری خۆمان هەڵبگرینو بە لایەکی تردا بچین، بەڵکو خوا دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە.

یەکێك لە ئامادەبووانی چایخانەکە وتی: بیستوومە ئەوانەی لە شارۆچکەی قەڵادزێن وەزعیان لە خەڵکی ئێرە باشترە. منیش وتم: بۆچی؟ مەگەر ئێرە حکوومەتو بارەگای سەرەکی حیزبی لێنیە؟ وتی: ئاخر لەبەر بوونی ئەو بارەگایانە لێرە، خەڵکی کوردستان بە زۆری لێرە کۆبوونەتەوەو بە هۆیەوە هیچ شتێك بەدەست ناکەوێت، چەندی لێرە دووربکەوینەوە هێندە بۆمان باشتر دەبێت.

-٢١-

# بەرەو قەڵادزێ بەرێکەوتین

هەندێك بیرم کردەوە، بیرۆکەکەم زۆر پێ باش بوو، ڕووم لە هاوڕێیەکەم کردو پێم وت: ئەم پیاوە ڕاست دەکات، هەمووان ڕوویان لێرە کردووەو کەس بەکەسنیە، بابچینە قەڵادزێ، خۆ هەرهیچ نەبێت خواردن‌و خواردنەوەو شوێنی حەوانەوەمان بۆ دابین دەبێت. ئەویش بیرۆکەکەی پێ باش بوو، چایخانەکەمان بەجێهێشت‌و ملی ڕێگامان گرتەبەر، قۆناغ بە قۆناغ‌و بە پرسیار ڕێگایان پیشان دەداین‌و لە ڕێگا هاوڕێیەکی زۆرمان بۆ پەیدابوو، ئەوانیش دەچوونە قەڵادزێ. چەند شەوو ڕۆژێك بەڕێوەبووین، شەوێك لاماندا گوندی بالیسان‌و چووینە مزگەوتی گوندەکە لەسەر فەرشێك لێی ڕاکشاین، بەڵام دوای هەندێك پیرەمێردێك هاتە لامان‌و داوای لێکردین لەگەڵی بچینە ماڵی ئەوان‌و لەوێ بخەوین. زۆرمان پێخۆش بوو، لەبرسان زگمان قۆڕەی دەهات، شەووڕۆژێك بوو زاد لە گەروومان نەچوبووە خوارێ، کە چووینە ماڵەکەیان، هەر لەناو دەرگا بۆنی پڵاوساوار ئەو ناوەی پڕکردبوو، ئێمەی بردە ژوورەوەو دوای بەخێرهێنانێکی گەرم‌و گوڕ، شیویان لەگەڵ جامێك ماستاو لەپێش داناین، بە تێروپڕی خواردمان‌و

دواییش دوو چایەی شیرینمان لەسەری فڕ کردو تاکو بەیانی لێی ڕاکشاین‌و بە ئیسراحەت لێی خەوتین.

بەیانی زوو پیرەمێردەکە بانگی کردین وتی: هەستن نانمان بۆتان ئامادەکردووە، نان‌و ماست بخۆن‌و پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت بەڕێ بکەون، دەنا هیلاك دەبن، هەتاوەکەی زۆر گەرمەو بەرگەی ئەم ڕێگا دوورە ناگرن.

دوای ئەوەی نانەکەمان خواردو بەرەو پردی هیزۆپ بەڕێکەوتین، لە ڕێگا تووشی هەندێك گەنج هاتین، تورەگەیەکی سەفەرییان بە کۆڵی خۆیان دادابوو، ڕادیۆو تەسجیلێکیشیان بە شانیانەوە کردبوو، دەنگی گۆرانی‌و چەپڵەکانیان لەناو شاخەکان دەنگی دەدایەوە. زۆر کەیفم پێیان هات، ورەیەکی زۆر بەرزیان هەبوو، ئەو دیمەنە زۆر سەرسامی کردم، دەتوت بۆ سەیران هاتوون وا بە زەوق‌و شەوقەوە ئەو ڕێگا شاخاوییەیان بە پێ دەبڕی. سڵاومان لێیان کردو لەگەڵ ئەوان بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن. یەکێك لەو گەنجانە دەنگی زۆر خۆش بوو، بە درێژایی ڕێگا گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی بە دەنگە زوڵاڵەکەی بۆ دەوتینەوە. کە گۆرانی دەگوت، دەتگوت بولبولە دەچریکێنێ.

کە گەیشتینە هیزۆپ، شەومان بەسەرداهات، گەنجەکان لێمان جیابوونەوەو لایاندایە گوندێك کە لەدەم ڕووبارەکە بوو، وتیان: ئێمە ئەمشەو لێرە دەخەوین‌و بەیانی بەڕێدەکەوینەوە. من‌و هاوڕێیەکەشم لەوان جودا بووینەوەو بەرەو چوارقوڕنەو لەوێشەوە بەرەو ڕانیە بەڕێکەوتین.

کە گەیشتینە ڕانیە، ڕۆژ لە تاقی ئاسمان بوو، چووینە مزگەوتی گەورەی ڕانیەو لەسەر جۆگە ئاوەکەی کە بە ئاوی قولە ناسراوە دەموچاومان شوشتو لێی ڕاکشاین، دوای پشوییێکی کورت، چووینە نانەواخانەو دوو نانی گەرممان کڕیو بە دەم ڕێگاوە دەمانخواردو بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەرێکەوتین.

کە گەیشتینە ئەوێ، ئێوارەمان بەسەرداهات، خۆمان گەیاندە بارەگای حیزب، کەسانێکی زۆری لێ بوو، وەکو ئێمە لێرەو لەوێ ڕوویان تێی کردبوو، پێم وت: زۆری نەماوە ڕۆژئاوابێت، هەر لێرە دەمێنینەوە یان دەچینە شوێنێکی تر بۆ حەوانەوە؟ یەکێك وتی: تۆش وەکو ئێمە چاوەڕێ بکە، کە ڕۆژئاوابوو، یەکێك لە کادیرەکانی بارەگا یاوەریمان دەکاتو دوو دوو سێ سێ دابەشی سەر ماڵی خەڵکمان دەکەنو ئیتر هەتاکو لێرە بمێنینەوە، دەبێ بە ڕۆژ بەبێ ئیشوکار بسوڕێینەوەو شەوانیش چاوەڕێی دەرگای ماڵی خەڵکی بین.

منیش وتم: جا ئەو خاوەن ماڵانە پێیان خۆشە هەموو شەوێك ئەم خەڵکە بەسەریان دابدات؟! وتی: بڕواناکەم پێیان خۆش بێت، بەڵام ناچارنو ناتوانن داواکەیان ڕەتبکەنەوە. ئیتر ئەوەبوو کە شەو دادەهات وەکو مێگەلی مەڕومالات ئێمەیان بەپێش خۆیان دەداو بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان دەکردین.

منو هاوڕێیەکەم بە ڕێکەوت بەرماڵێك کەوتین، دوکاندار بوو، ئەو ڕۆژە بەرلەوەی بمانبەن بۆ ماڵی ئەوان، بۆ کڕینی دوو جوت پێڵاوی شەوڕۆی ئێرانی لاماندایە لای دوکانەکەی، نرخێکی وت بەلامانەوە زۆر بوو، داوامان لێی کرد بیستو پێنج فلسمان بۆ دابشکێنێت، مەعامەلەی زۆر ناخۆش بوو تەنانەت پێنج فلسیش یارمەتی نەداین. جا کە ئێمەیان بردە ماڵی ئەو دوکاندارە، کە چاومان بە خاوەن ماڵەکە کەوت، ئەو دیمەنەمان هاتەوە بەرچاو، سەیری چاوەکانی یەکتریمان کردو لەیەکتری دەگەیشتین.

خانەوادەیەکی دەوڵەمەندبوون، بەروماڵێکی زۆر خۆشیان هەبوو، خاوەن ماڵەکە ئێمەی بردە دیوەخانەکەیانو دوو دۆشەكو بالیفی بۆ هێناینو وتی: لێرە بخەون. من زۆر برسیم بوو، سکم لە برسان قۆڕەی دەهات، بەڵام شەرمم کرد داوای خواردن بکەم. هاوڕێیەکەم چاوی قایم بوو، هیچ شەرمی نەکردو پێی وت: ئەوە تۆ چی دەڵێی، ئەگەر شتێك نەخۆین خەومان لێناکەوێ. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە چەند شەوو ڕۆژە بە ڕێگاوەینو تامەزرۆی لوقمەیەك چێشتی گەرمین، تۆش دەتەوێ بەم حاڵە بمانخەوێنی؟ بڕۆ شتێکمان بۆ بێنە با بیخۆین؟

خاوەن ماڵەکە بە قسەی ئەو هاوڕێیەم زۆر قەڵس بوو، بەڵام دانی بەخۆیدا گرتو هیچ قسەی نەکردو بە تووڕەیی چووە دەرەوەو پاش کەمێك دوو قاپ ساواری ساردو سڕی بۆ هێناینو وتی: دەبخۆن دەی؟!

کەوچکم لێی دا، هەندە تامەزرۆی چێشتخواردن بووم، بۆیە هەستم بە ساردییەکەی نەکرد، کەوتمە سەری‌و وەکو حەلوا خواردم. بەڵام هاوڕێیەکەم تەنها پارووێکی لێ خواردو هەستایە سەرپێ‌و چووە لای بەفرگرەکەو دوو مەنجەڵی گەورەی لەناو دەرهێناو سەری هەڵدایەوە یەکێکیان پڵاو برنج بوو، هەندێك پارچە مریشکی سوورکراوەشی لەسەر بوو، ئەوەی تریش شۆربای بامیە بوو. ڕووی لە خاوەن ماڵەکە کردو بە توڕەییەوە پێی وت: وادەزانیت ئێمە هەندە غەشیمین نازانین ئەو ساوارەی بۆت هێناوین بەرماوەی چەند ڕۆژێکە.

من سەرم سوڕما لەوەی ئەو هاوڕێیەم چۆن زانی ئەوان خواردنێکی تریان خواردووە نەك ئەو ساوارەی کە بۆ ئێمەیان هێنابوو، بۆیە پێم وت: تۆ چۆن ئەوەت زانی؟ وتی: کە پارووێکم لێی خوارد، بینیم ساردو سڕەو لە کۆنیان وشك بۆتەوە، بەوە زانیم ئەوە هی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو بەرماوەی چەند ڕۆژێکە.

پاش ئەوەی بەتێری نانمان خوارد، هاوڕێیەکەم دەتوت لە هوتێلی پێنج ئەستێرە دابەزیوە، بە دەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی: دوو چایەی گەرمیشمان بۆ بێنن. خاوەن ماڵەکەش دوای تۆزێك بە لالوتیەوە هاتە ژوورەوەو دوو چایەی ساردو سڕی لەبەردەم دانایین. کە قومێکم لێی دا دەتوت شەربەتی ئاوی مێوژ دەخۆمەوە، لە ساردییان تامی چایەی لێ نەدەهات. پێش ئەوەی هاوڕێیەکەم دەستی بۆ ببات پێم وت ئەم چایە

سارد بۆتەوە دەڵێی دەمی مردووە، نەکەی هاواربکەیت، خۆ قەرزمان لەسەریان نیە، با زیاتر ئابڕومان نەچێت.

ئەویش وتی: چۆن، لەبیرت چوو ئەمڕۆ بۆ کڕینی ئەم جوتە پێڵاوە بە قەدەر جوولەکەیەك لێی پاڕاینەوە، کەچی هیچ بەزەیی بە ئێمە نەهاتەوەو خاتری نەگرتین. منیش وتم: ئەوە مامەڵەیە، کەس زۆری لێنەکردبوویت، لێت نەکڕیبا.

کە ئەمەم وت هاوڕێیەکەم دەستی درێژکرد بۆ ناوەڕاستی دیوەخانەکەو وتی: سەیرکە، ئەمە وێنەی لینینە هەڵواسراوە، واپێدەچێت ئەم خانەوادەیە شیوعی بن بۆیە هەر لەسەرەتاوە پێیان خۆش نەبوو ئێمە وەربگرن بەڵام لە ترسان دەنگیان نەکرد. منیش وتم: ئەوان هەرچییەك بن لەسەر هەقن، ئەوەشت لەبیر نەچێت کاتی خۆشی کە سەرۆك عەشیرەتەکان لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی شەستو یەك لە عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕانەوە، ئێمە ناومان نا شۆڕش بەڵام حزبی شیوعی عێراقی بەیانێکی دەرکردو بە (حرکة عشائرية بائسة) ناوی برد.

ئەم شەوەشمان بەڕێکردو بەیانی لەخەو هەستاینەوەو دوای نانخواردن چووینە بارەگای حیزبو داوامان لێکردن شوێنێکی هەمیشەییمان بۆ دابین بکەنو لەم هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵکی ڕزگارمان بکەن. بەرپرسی بارەگاکە وتی: بڕۆنە ئۆردوگای فەرماندەی هێزەکەو خۆتان لەوێ ناونووس بکەن، ئەوێ شوێنی حەوانەوەو خواردنیشی لێیە. ئیتر ئەوەبوو چووینە

ئەوێو خۆمان ناونووسكرد، بەڵام لەگەڵ شوێنەكانی تر جیاوازییێكی ئەوتۆی نەبوو، هێندەی خەڵك لێ بوو، كەس بەكەس نەبوو، هەركەس بۆ خۆی ڕایدەكێشا، كە كاتی نانخواردن دەهات قاپو قاچاغ بە دەست نەدەكەوت، هەندێك ڕۆژ لەناو ستڵ یان تەشتی جلك شۆرین خواردنمان وەردەگرت، تەنانەت هەندێك ڕۆژی تریش ئەوەشمان بەدەست نەدەكەوتو دەچووینە چێشتخانەكەو بنكڕی مەنجەڵەكانمان هەڵدەكڕاند.

دوای نزیكەی یەك مانگ، هیچی تر بەرگەم نەگرت، بە هاوڕێیەكەی خۆمم وت: با بگەڕێینەوە چۆمان، هەر هیچ نەبێت لەوێ چاومان بە بەرپرسە گەورەكانی حیزبو حكوومەت دەكەوێ، لێرە بشمرین كەس لێمان ناپرسێتەوە.

بەم شێوەیە دووبارە ڕێگای چۆمانمان گرتەوەبەرو بەو چیاو چۆڵانە بەڕێ كەوتین، دوای دوو شەوو ڕۆژ گەیشتینە هیرانو نازەنین. لەهیران لامدایە بارەگای حیزب، كادیرێكم لە بارەگایەكە دەناسی ناوی كەیفی بوو دراوسێمان بوو، داوای پشتگیرییێكم لێی كرد بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندن بە مەبەستی دامەزراندنم. كاك كەیفی منی بۆ لای بەرپرسەكەیان بردو نووسراوێكی باشی بۆ كردم.

نووسراوەكەم خستە گیرفانمو ملی ڕێگام گرتەبەرو دوای شەوو ڕۆژێك گەیشتمە ناوپردانو سەردانی دەزگای ڕاگەیاندنم كردو نووسراوەكەم دایە دەستیان. ئەوانیش حەواڵەی سەرۆكی تیپی هونەرییان كردم كە بە ئایین

دیـان بـوو نـاوی زوهێـر عەبدولمەسـیح بـوو، ئـەویش پێـی وتم: دیمـەنێکی شانۆگەریمان پێشکەش بکە با بزانین توانـای نوانـدنت هەیـە یـان نـا؟ دوای تاقیکردنــەوە بــە مووچــەی هــەژدە دینــاری مانگانــە لــە تیپــی شــانۆ دایانمەزراندم.

دوای ئەوەی دامەزرام حەسامەوەو لەکۆڵ گـەڕانو سـوڕانی ئـەم گونـدو ئەو گوند بوومەوەو بوومـە خـاوەنی بڕێك پـارەو تـوانیم ژیـانی خـۆمی پـێ هەڵسوڕێنمو هەندێکیشی لێ پاشەکەوت بکەم. بـەڵام هاوڕێیـەکانی مـن هـەر بەبێ ئیش مانـەوەو هـەر ڕۆژەی دەچـوونە شـوێنێك، بـۆ حەوانـەوەش هـەر شەوی خۆیان بەماڵی کەسێکدا دەکرد. خەڵکی ئەو ناوچـەیەش بـە دەسـت ئـەم دۆخــەوە زۆر بێزاربــوونو توانــای خۆڕاگرتنیــان نــەمابوو، زۆربــەیان خەڵکیان ڕانەدەگرتو دەرگاکانیان بـە ڕووی ئـەو کەسـانە دادەخسـت. خـۆ ناهەقیشیان نەبوو، ئاخر ئەو زەخیرەی بۆ سـاڵێك دایاننـابوو، بـە یـەك دوو مانگ لەدەستیانداو کەوتنە سەر ساجی عەلی.

من زۆر لە خەمی برادەرەکانم بووم، بـەڵام هیچیشـم بۆیـان پێنـەدەکرا، چونکە ڕۆژێكو دووان نەبوو، لەوێ کـەس بەکـەس نـەبوو، هەرکـەس خـەمی زگی خۆی بوو. یەکێك لە هاوڕێکانم توانای بەرگری نەماو گەڕایەوە ناوشـارو خۆی ڕادەستی حکوومەت کردەوە، تەنها یەك هاوڕێی گەڕەکەکـەمانم لـەوێ مابۆوە، ئەویش لە برسان وەکو ڕێوی لەڕی لێهاتبوو. ماوەیەك یارمەتیم دا، بەڵام وەکو پێویست نەبوو، ئەویش لە بێ ئومێدییان بە ناچـاری گەڕایـەوەو

منیش بە تەنها مامەوەو لەو ماوەیەشدا حکوومەتی شۆڕش خانوییێکی لە گەلاڵە بۆگرتینو هەندێك کەرەستەو پێداویستی حەوانەوەشی بۆ هێناین. ئەو پێداویستییانە بەشی هەموومانی نەدەکرد، بۆیە لەڕێگەی تیروپشك بەسەرمان دابەشکرا، بەخت یاوەری من بوو، یەکەم کەس بۆمن دەرچوو، بەمەش بوومە خاوەنی دۆشەكو بەتانیو بالیف. ژمارەی تیمەکەمان سیو دوو کەس بوو، تەنها شانزە کەس ڕایەخو پێخەفیان بۆ دابینکرا.

ئەو شەوە زۆر دڵخۆش بوومو لە خەوتنی مزگەوتەکانو ماڵی خەڵکی ڕزگارم بوو، بۆیە هەر زوو جێگاکەی خۆم ڕاخستو لێی ڕاکشام، هێشتان بە تەواوەتی چاوەکانم گەرم نەکردبوون، یەکێك لە کارمەندەکان کە دۆشەكو بەتانی بەرنەکەوتبوو، نەیهێشت بخەوم، گێچەڵی پێدەکردم. زۆر هەوڵمدا لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە، بەلاّم بێ سوود بوو، بۆیە بە تووڕەییەوە چوومە دەرەوەو وتم: گو بە خۆتانو دۆشەكو بەتانیتان، دەچمە مزگەوت دەخەوم زۆر لە خەوی ئێرە باشترە.

بەو شەوە تاریکە، چاو چاوی نەدەدیت، چوومە مزگەوتی گەورەی گەلاڵەو پێش ئەوەی بگەمە ناو هۆڵی مزگەوتەکە، لە بن هەیوانەکە یەکێك قاچەکانی گرتمو وتی: وەرە لێرە بخەوە. منیش لە شوێنی خۆم چەماوەو لە تەنیشت ئەو لێی ڕاکشام. دوای تۆزێك کێچ کەوتە لەشمو هەمووی بەخور هات، لە تاوان دەستو قاچەکانم بەملاو بەولادا ڕادەوەشاند، قاچەکانم لەناو لێفەکە دەهاتنە دەرەوە، لەترسی فڕۆکەش نەمدەوێرا لایتەکەم

دابگیرسێنم، هەندێك دانم بەخۆمداگرتو بەرگەم گرت، دوایی ناچاربووم لایتە بچکۆلانەکەم لە گیرفانم دەرهێناو لەژێر لێفەکە دامگیرساند، دیتم ئەو کەسەی لە تەنیشتی ڕاکشاوم چورچە شێتە.

چورچە شێت یەکێك بوو لە شێتەکانی شاری هەولێرو بە پیسو پەرۆسی ناوبانگی دەرکردبوو، هەمیشە پەنجەکانی دەخستە ناو کونە لوتەکانیەوەو چڵمی دەردەهێناو وەکو لوقم دەیخوارد. کەسێکی زۆر پیسو چڵکن بوو، بۆنی بۆگەنی جەستەی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت. کە ئەم دیمەنەم بینی، وەکو فیشەکە شێتە بۆی دەرپەڕیمو بە غاردان بەرەو دەرگای مزگەوتەکە ڕۆیشتم. کە گەیشتمە ناو دەرگاکە، کەسێك باوەشی پێداکردم، کە لایتەکەم لە دەموچاوی دا، بینیم سوبحی کۆیی ئەکتەر بوو، لە قاقای پێکەنینی داو وتی: بمبوورە کە تورەم کردی، نەمزانی تۆ هێندە زوو تورە دەبیتو بەجێمان دەهێڵیت.

بەیەکەوە گەڕاینەوە خانووەکەی خۆمان، کە چوومە ژوورەوە هەموو کارمەندەکانی تیپەکەمان چاوەڕێی منیان دەکرد، کە چاویان بەمن کەوت لە قاقای پێکەنینیان داو وتیان: بۆمان باس بکە بەم شەوە تاریکە سوبحی کۆیی چۆن تۆی ناسیەوە؟ منیش چیرۆکی مزگەوتەکەو چورچەشێتم بۆیان گێڕایەوەو تاکو درەنگی شەو شێرزاد ڕەنجەڕۆو برادەرانی تر بەوە پێدەکەنین.

ماوەیەكی زۆر لە گەلاڵە ماینەوە بەبێ ئەوەی دارێك لەسەر بەردێك دابنێین، هیچ ئیش‌و كارمان نەبوو، هەرچەندە بەناو كارمەندی حكومەت بووین، بەڵام هیچ جیاوازییێكمان لەگەڵ سەدان كەسی تری بێ ئیش نەبوو، تەنها ئەوەندە نەبێت ئێمە مانگانەیەكمان بۆ بڕابۆوەو دەمانتوانی خۆمانی پێ بژیێنین. بۆیە لە بێزاریان لە هیچ شوێنێك ئۆقرەمان نەدەگرت‌و هەر ڕۆژەی دەچوینە شوێنێك.

ڕۆژێك بەپێیان شۆڕبوومە خواریّ، لەسەر شەقامە سەرەكییەكەی گەلاڵەو ناوپردان، چێشتخانەیەكی گەورەی لیّ بوو، ئەو ڕۆژە حەزم چوبووە خواردنی تەشریب، دەمەو نیوەڕۆ بوو، خەڵكێكی زۆر لە چێشتخانەكە بوون، منیش چوومە ئەویّ‌و داوای نەفەرێك تەشرییم كرد، هێشتان بۆیان نەهێنابووم، سافیرەی ئاگاداركردنەوە لێیداو بە دەنگی بەرز لە هەموو لایەك هاواریان دەكرد خۆتان حەشاردەن فڕۆكە هات.

منیش لەگەڵ خەڵكەكە قاچێكم كردە دوان‌و ڕامكردە بنار گردەكەی بەردەم چێشتخانەكەو هیچ بەردێكی گەورەی ئەوتۆی لێنەبوو خۆمی لەپەنا حەشاربدەم، بۆیە لێی ڕاكشام‌و خۆم لەگەڵ زەویەكە كردە یەك پارچە.

مامۆستا فوئاد زەنوون، كەسێكی باڵا بەرزبوو، بەژنی بەقەدەر دوو كەس دەبوو، وەكو دارتێلی كارەبا لەبەرامبەرمان ڕاوەستابوو، گاڵتەی بە فڕۆكەكە دەكردو دەیوت شێلمی كولاّی..شێلمی كولاّی. منیش بە دەنگێكی

بەرز هاوارمکرد: مامۆستا فرۆکە هی گاڵتە نیە، وەرە خۆت حەشاردە، با نەمانبینیٚ؟

لە قاقای پێکەنینی داو وتی: ناکا بڵێن ئێمە خۆمان حەشارداوە؟! مردیتان نەمریٚ هەموتان هەر لە دوورەوە ڕەش دەچنەوە دەڵێی مێگەلن.

هەندەی نەبرد فرۆکەکان گەیشتنە سەرمانو دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی چۆمەکەو چەند قونبەلەی ناپاڵمیان بەردایە خوارەوە. یەکێکیان لە نزیك چێشتخانەکە کەوتە خوارەوەو لەگەڵ تەقینەوەی بووە ڕۆژی قیامەت.

لە هەمووی سەیرتر، لەو تەقینەوە گەورەیەدا، ساچمەیەکی بچووك بە لوتی فوئادەفەندی کەوتو زامداریکرد. ئێمەش کە ئەمەمان بینی، لە قاقای پێکەنینمانداو وتمان: مامۆستا فوئاد بزانە چیت لە خۆتکرد، لەخۆت نەگەڕایت هەتا لوتت زامدار بوو.

ئەویش بەپێکەنینەوە وتی: گویٚ مەدەنیٚ، ئەوەی بێتە ئێرە، دەبیٚ بەرگەی ڕووداوی وەهاو لەمەش خراپتر بگرێت. ویستمان بۆ نانخواردن بچینە چێشتخانەکە، هەر لە دوورەوە گوێمان لە گریانی منداڵێکی ساوابوو. بەدەم گریانەکەوە ڕۆیشتین، بینیمان باوکی کەوتۆتە ژێر بەردە شاخێکی گەورەوەو خەریکی گیاندانە، زۆر هەوڵماندا ڕزگاری بکەین، بەڵام بێسوود بوو، بەردەکە زۆر گەورەبوو بە هەموومان لە شوێنی خۆی نەجووڵا.

بە منداڵەکەم وت: ئەوە بۆچی باوکت وەهای بەسەرهات؟ بەچاوی پڕ لە گریانەوە وتی: باوکم خەریکی هەڵکۆڵینی خاکی ژێر بەردەکە بوو دەیویست بۆم بکاتە حەشارگە، پێی وتم: کورم ئێستا ئەو حەشارگەیە بۆخۆمو خۆت دروست دەکەمو خۆمانی لێ حەشاردەدەین، هەتا فڕۆکە نەمانبینێت، کەچی بەردەکە بەسەریداڕماو لاشەکەی کەوتە ژێریەوە.

دوای تۆزێك خەڵکی تریش گەیشتنە لامانو بەردەکەیان بە چەکوشو باریە شکاندو بە یەکەوە لەژێر بەردەکە دەرمانهێنا، بەڵام تا دەرمانهێنا، گیانی لەدەست دا. هەر لەوکاتەدا کوڕێکی گەنج لەو منداڵە هاتە پێشەوەو دەستی بە سەریداهێناو بە دەستەکانی فرمێسکەکانی سڕینەوەو وتی: ئەم منداڵە خەڵکی گوندی ئێمەیە. سووپاسی ئێمەی کردو وتی: تەرمەکەی دەبەینەوە گوندەکەی خۆمانو لەوێ بەخاکی دەسپێرین.

ئێمەش وردە وردە بۆ چێشتخانەکە شۆڕبوینەوە، کە چووین، دیمەنێکی زۆر تراژیدیمان بینی، خاوەنی چێشتخانەکە شەهید ببوو، جەرگو هەناوو ڕیخەڵۆکەکانی کەوتبوونە ناو مەنجەڵی تەشریبەکە، دەتوت بە ئەنقەست ئەو دیمەنە دروستکراوە. هەندێك کەسیش لە چێشتخانەکە بریندار ببوونو خەڵکەکە بەفریایان کەوتنو بە جێبێك بەرەو نەخۆشخانەی چۆمانیان بردن.

تاکو ماوەیەکی زۆر ئەم دیمەنانە لەبەرچاوم لانەدەچوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە بۆردومان ڕاهاتینو ڕۆژانە دەیان دیمەنی لەوەش

خراپترمان دەبینیو تا وایلێهات تەنها بیرمان لەو چرکە ساتە دەکردەوە کە تیایدا دەژیاین.

دوای ئـەو ڕووداوە، هاوڕێکـانم وتیـان: ئێمـە بـێ ئـیشو کـارین، لێـرە چیبکەین، با بچین بۆ ماوەتو لەوێ ستۆدیۆیەك دروست بکـەینو خـەریکی کاری هونەری بین. لێرە کەس بە کەس نیەو هیچمان پێناکرێ، ئەوێ دوورە پەرێزە لەوانەیە باشتربێت.

ئەوەبوو بە ڕێگای هیرانو نـازەنینو پـردی هیـزۆپ بـەڕێ کـەوتین. دوو شـەوو ڕۆژ بـەڕێگاوە بـووین، قۆنـاغ قۆنـاغ بـە پـێ لـەو چـیاو چـۆڵانە دەڕۆیشتین، لە ڕێکەوتی٢٤/٤/١٩٧٤ گەیشتینە شارۆچـکەی ڕانیـە. بەشـێك لە تیمەکەمان بەردەوام بـوون لـە ڕۆیشـتنو بـەرەو قـەڵادزێ بـەڕێ کـەوتن، ئێمەش چووینە مزگەوتە گەورەکەو لەسەر ئـاوی قولـە پشـوییێکماندا. دوای کاتژمێرێك هێشتان بەڕێ نەکەوتبووین هەواڵمان بۆهات وتیان (تۆزێك پـێش ئێستا فڕۆکەکان شاری قەڵادزێیان بۆردومانکرد).

کە گەیشتینـە ئەوێ، ئەو شارە جوانە بەتاوەتی خـاپوور ببـوو، دەتـوت لە جەنگی جیهانیدا وێران بووە، داری لەسـەر بـەرد نـەمابوو، خەڵکەکەشـی هەموویان تێك قژقژابوون، دەتـوت ڕۆژی حەشـرە، لـە هـەموو لایـەك شـینو گریان بوو، کوژراوو بریندار یەکجار زۆر بوو.

ئێمــەش بــەناو ئــەو کــوژراوو بریندارانــەدا دەســوڕاینەوە، چــاوێکمان کردبووە دوو چاو، بەدوای هاوڕێکانمان دەگەڕاین. دوای تۆزێك لـە دوورەوە شێرزاد ڕەنجەڕۆ ئێمەی بینیو وتی: شوکور ئێمە ساغو سەلامەتین.

هەرچــەندە ئــەو برینــدار نــەبوو، بــەڵام لەگــەڵ بــارودی ناپاڵمــەکان دەموچاوی وەکو بنی مەنجەڵ ڕەش هەڵگەڕابوو. کە شێرزادم بـەم شـێوەیە بینی، بە دەست خـۆم نـەبوو لـە قاقـای پێکـەنینم داو وتم: خۆزگـە ئێسـتا کامێرایەکم پێدەبوو وێنەیـەکم بگرتبایـت دەڵێـی بنـی قـازانی سـوتاویت!!

ئـەویش وتـی: ئـەوە تـۆ چـی دەڵێـی مـن لـە چ حـاڵێکمو تـۆش باسـی چـی دەکەیت.

ئەوڕۆژەشمان لە قەڵادزێ بەسەربردو بڕیارماندا بگەڕێینەوە گەڵاڵەو واز لـە بیرۆکـەی سـتۆدیۆکە بهێـنین. بـەم شـێوەیە یـاغر یـاغر بـە هـەمان ئـەو ڕێگایەی پێی هاتبووین گەڕاینەوە گەڵاڵە. ئەوەی ڕاستی بێت، لـەم سـەینو بەینــەدا زۆر مانــدو بــووم، هەســتم بــە نارەحــەتییێکی زۆر دەکــرد، ئـۆقرەم نــەمابوو، زۆریــش یــادی مــاڵو منداڵــەکانی خــۆمم دەکــرد، بۆیــە بڕیارمــدا مۆڵەتێکی فەرمی وەربگرمو بە سەردان بگەڕێمەوە شاری هەولێر.

بـۆ ئــەم مەبەســتە چــوومە لای دارا تۆفیــق وەزیــری ڕاگەیانــدن، لــە دەرەوەی چـۆمان لـەژێر خیوەتێـك کاروبارەکـانی وەزارەتــی بەڕێـدەکرد، داوای مۆڵەتی یـەك حەفتـەم لێـی کـرد. وتـی: دەتـەوێ لـەو حەفتەیـە چـی بکەیت؟ وتم: دەمەوێ بگەڕێمەوە شاری هەولێرو سەردانی منداڵەکانم بکەم.

وتی: تۆ شارەزای ئەو ڕێگایەیت؟ وتم: بەڵێ، خێزانەکەم خەڵکی ئەو ناوچەیە، بست بە بستی شارەزام. وتی: حەفتەیەك بەشت ناکات، بۆت دەکەمە سێ حەفتە، بەڵام لە ڕێگا زۆر وریای خۆت بە، کە گەیشتیەوە ناو شاریش خۆت بەدەرمەخە تاکو دەگەڕێیتەوە. منیش وتم: باشە وادەکەم.

نووسراوێکی پشتگیری بۆ ڕێگا دامێو منیش ماڵئاواییم لێی کردو هەر ئەو ڕۆژە ملی ڕێگام گرتەبەرو بە ڕێگای مێرگەسۆرو شانەدەر بەڕێکەوتم، کە گەیشتمە گوندی شانەدەر لەوێ پردێکییان بە گوریس لەسەر زێی گەورە دروست کردبوو، بەسەری پەڕیمەوەو بە لێواری زێیەکە کە ناسراوە بە زێی بێخمە ڕۆیشتم تا گەیشتمە گوندی بێکێ، ماڵی وەستا عومەری ئاوەڵزاوام لەو گوندە بوو. لامدایە لایانو شەو لەلای ئەوان مامەوە. بەیانی لەخەو هەستامو نانو چایەکی گەرممان بەیەکەوە خواردو ویستم بەڕێبکەوم بەڵام وەستا عومەر لێنەگەڕا، وتی: دەبێ نانی نیوەڕۆشمان لەگەڵ بخۆیت ئینجا ڕێگەت پێدەدەین، ئەمساڵ بیستانێکی زۆری شفتیو گندۆرەمان کردووە، تۆزێکی تر دەچینە ناویو دەیخۆین. لەمێژبوو شفتیو گندۆرەم نەخواردبوو، بۆیە بیرۆکەکەم بەلاوە خراپ نەبوو، بەیەکەوە چوینە ناو بیستانەکەو هەندێك شفتیو گندۆرەمان لێکردەوەو خەریکی خواردن بووین، لە پڕ دەبابەکانی حکومەت لە دوورەوە چەند گولە تۆپێکێیان تێگرتینو لە تۆزی وەردایـن، بەڵام شوکور بۆ خوا کە هیچ ساچمەیەکمان بەرنەکەوت. بەپەلە ئەوێمان بەجێهێشتو بەرەو گوند گەڕاینەوە. نانی

نیوەڕۆم خواردو هەندێك نانو ئاوم لەگەڵ خۆم بردو بەرەو گوندی سەركەندالٚ بەڕێكەوتمو لەوێش لامدایەماڵی ناسیارێكمو نانی ئێوارەم لەوێ خواردو بەرەو گوندی توژكیٚو دەشتی زرارەتی بەڕێكەوتم.

شەوێكی تاریكو ئەنگوستەچاو بوو، چاو چاوی نەدەبینی، لەبەر حەپەی سەگو لورەی گورگ ترسم لێنیشتبوو، گیانم هاتبووە سەری لوتمو دەرنەدەچوو. قاچێكم كردە دووانو بەخۆشم نەمزانی ئەو ڕێگا دوورەم چۆن بڕی. دوای چەند كاتژمێرێك گەیشتمە گوندێك لەسەر زێ لە دەشتی زرارەتی، پێشمەرگەكانی هەمزە سێوێ لەوێ بوون، لامدایە لایانو ئەو شەوەم لەوێ بەسەربردو بۆ بەیانیش پێش خۆرهەڵاتن بەڕێكەوتم، پێش نیوەڕۆ گەیشتمە گوندی توژكیٚ. خەڵكی ئەو گوندە بەشێكیان جاشی حكوومەت بوونو بەشەكەی تریش هەواداری كوردایەتیو بێلایەن بوون. هیچ كەسم لەو گوندە نەدەناسی، بۆیە بۆمن ئاسان نەبوو چاكو خراپیان لەیەكتری جیا بكەمەوە. ڕووبارێك لە نزیك گوندەكە بوو، لە لێوارەكەی بەدەم خەیاڵەوە دانیشتمو دەیان بیرۆكەی جۆراو جۆرم بە خەیاڵدا دەهات، نەمدەزانی ڕوو لە كوێ بكەمو چۆن ئەو ڕێگایەی ماوە بیبڕم، چونكە هیچ شارەزای ئەو ڕێگایە نەبووم، كەسیشم لەو گوندە نەدەناسی تاكو داوای یارمەتی لێبكەم.

دوای تۆزێك گەنجێك هاتە سەر ڕووبارەكەو سڵاوی لێكردمو وتی: بە ماندوبوونتەوە دیارە تۆ لە شوێنێكی دوورەوە هاتووی؟ منیش وتم: بەڵێ

هەندێك ناسیارم لە گوندی بێکێ هەبوون سەردانم کردبوون ئێستاش دەمەوێ بگەڕێمەوە شاری هەولێر.

سەیرێکی جلوبەرگەکانی کردمو بە پێکەنینەوە وتی: مەترسە، من کەسێکی خراپ نیم، دەزانم تۆ لە سەرەوە هاتوویت، تۆ جلکی خاکی تریکۆی بە کەتافیەت پۆشیوەو لاپچینی شەوڕۆی ئێرانیشت لەپێدایە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تۆ پێشمەرگەیت.

کە ئەمەی وت نەمتوانی ڕاستییەکەی لێبشارمەوە، بۆیە بە درێژی چیرۆکی خۆمم بۆی گێڕایەوەو ئەویش باوەشی پێداکردمو تێروپڕ ماچی کردمو وتی: شوکور بۆ خوا کە باوەڕت پێکردمو نەکەوتیتە بەردەستی کەسانی خراپ. دەستی گرتمو منی لەگەڵ خۆی بردە ماڵی خۆیانو نانی نیوەڕۆمان بەیەکەوە خواردو شەویش هەر لەلای ئەو مامەوە.

تاکو درەنگی شەو بەیەکەوە دانیشتینو خۆی پێناساندم وتی: ناوم شەفیقەو دەمێکە دایكو باوکم لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا بەیەکەوە مردوون، تەنها خۆمو خوشکێم ماوینو بەیەکەوە لەم خانووە دەژین. درێژەی بە قسەکانیداو وتی: پێشمەرگە دەسەڵاتی بەسەر گوندەکەی ئێمەوە نیە، بۆیە هەندێکیان چەکیان لە حکوومەت وەرگرتووەو هەندێکی تریشیان بە نهێنی لەژێرەوە پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە هەیە، بەڵام ترست نەبێ من هەموویان دەناسم، بەیانی زوو پێش ئەوەی خۆرهەڵبێت، دەتبەمە لای شوفێرێکی برادەرم ناوی مەجیدەو لەژێرەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە

هەیەو لە ڕێگای نێوان ئێرەو هەولێر کاردەکاتو لەگەڵ ئەو ڕەوانت دەکەم. هیچ مەترسەو متمانەی پێبکە. منیش وتم: جا ئەگەر متمانەی پێنەکەم چیم لە دەست دێت، خۆم داوەتە دەستی تۆو چارەنووسی خۆم، بزانم بەرەو کوێم دەبات.

کە ئەمەم وت بە بزەیەکەوە وتی: چی دەڵێی تەسلیمی جاشەکانت بکەمو پارەیەکی باشت پێ وەربگرم؟ منیش بە پێکەنینەوە پێم وت جا لەوە باشتر هەیە سەری من سوودێکی بۆ تۆ هەبێت.

درەنگی شەو خەوتینو بەیانی زووش بە ئاگاهاتینو نانی بەیانیمان بەیەکەوە خواردو ئەوجا لەگەڵی چوومە لای مەجیدی شوفێرو منی بەو ناساندو وتی: ئەم پیاوە پێشمەرگەیەو ئەمانەتی تۆی دەکەم.

دەمانچەیەکم لەژێر پشتێنەکەم شاردبۆوە، دەرمهێناو پێشکەشی شەفیقم کردو پێم وت: ئەم دەمانچەیەت بۆ یادگاری بە دیاری دەدەمێ، چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردم، تۆ شایەنی زۆر لەوە زیاتری، بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست دێت. یەکتریمان ماچکردوو سواری جێبەکەی مام مەجید بوومو بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین.

مام مەجید زۆر شارەزای ئەو ڕێگایە بوو، بۆیە لە زۆر شوێن لە ڕێگاکە لای دەداو بە لاڕێدا دەڕۆیشت. کە لێمان دەپرسی بۆ وادەکات، دەیوت: ئەم ناوچەیە جاشی زۆرە نەوەك بکەوینە ناو بۆسەکانیان، دەبێ زۆر وریابینو خۆمان لێیان بپارێزین.

هەندەی نەمابوو بگەینە ناو شاری هەولێر، کەوتینە ناو شەڕی سووپای حکوومەتو پێشمەرگەکانی هەمزە سێویٚ. سووپای حکوومەت جاشێکی زۆری خستبووە پێش خۆیو بە تۆپو جبەخانەیەکی زەبەلاحەوە شەڕی دەکرد.

مام مەجید لە دوورەوە جێبەکەی ڕاگرتو وتی: ئەم هێرشە لەناکاوە چی بوو بۆمان پەیدابوو؟ منیش وتم: ئەوە بیٚ بەختی منە، ئێستا چیبکەم؟ وتی: دوعا بکە پێشمەرگە سەربکەوێت، دەنا هەموومان تیادەچین. تازە نابێت بشگەڕێینەوە دواوە، دەنا گومانمان لێدەکەنو تۆپ بارانمان دەکەن.

خوا ڕەحمی کرد، شەڕەکە زۆری نەخایاندو هێزەکانی پێشمەرگە سووپای حکوومەتو جاشەکانیان ڕەتاندو ناوچەکەیان کۆنترۆلکرد. ئێمەش سواری جێبەکە بووینەوەو بەڕێکەوتینەوە. نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە گەڕەکی بەستەپیازەو لەسەر شەقامی شەست مەتری لە تەنیشت کارگەی مافوور هاتمە خوارەوەو مام مەجید وتی: ئەوەی دەیەویٚ لەگەڵ من بگەڕێتەوە، بەیانی زوو پێش ئەوەی خۆرهەڵبێت لەم شوێنە ئامادەبێت، لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە.

زۆر یادی پیاسەی ئێوارانی بن قەڵاتی هەولێرم کردبوو، بۆیە کە گەیشتمە ماڵەوە، خۆم شوشتو نانو چایەکی گەرمم خواردو جلو بەرگی ئاساییم لەبەرکردو بە سواری ئامانە چوومە بازاڕو فیتە بە دەورەیەکم لە چواردەورەی قەڵات لێداو لە دڵی خۆم دەمووت (کیٚ دەڵیٚ جارێکی تر بە

زیندوویی دەگەڕێمەوەو چاوم بەم قەڵاتە دەکەوێتەوە). کاتێك گەیشتمە لای دادگای هەولێرو ئاوڕێکم لە باڵاخانەی پارێزگای هەولێر دایەوە، سێ بارەگای حیزبیم لەژێر سێ ناوی جیاواز لە تەنیشت یەك بینی، یەکێکیان بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)و یەکێکی تریشیان بە ناوی (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)و ئەوەی تریش بەناوی (پارتی پێشکەوتنخوازی کورد).

ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، لێیان نزیك بوومەوە، برادەرێکم هەبوو ناوی عوسمان بوو، نانەواچی بوو، بەهرەی هونەریشی هەبوو، ئێواران لە تیپی هونەری لە بەشی شانۆ کاری دەکرد، ڕانكو چۆغەیەکی کری لەبەرکردبوو، دەمانچەیەکی چواردەخۆریشی خستبووە بەر پشتیو لەبەردەرگای بارەگای پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دانیشتبوو. کە چاوی بەمن کەوت بانگی کردمو وتی: وەرە چایەکمان لەلابخۆوە.

منیش چوومە لایو دوای چاكو چۆنی لێم پرسی: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟ وتی: ئێستا لێرە کاردەکەمو بەرپرسی ئەم بارەگایەم. منیش وتم: لەوەتی من تۆ دەناسم نەمزانیوە تێکەڵی سیاسەت بوویبیت، تۆ نانەوابوویت، پێم ناڵێی ئەم بیرۆکەیەت چۆن بۆهات؟ بە پێکەنینەوە وتی: بەینی خۆمان بێت، پاش ئەوەی شۆڕش دەستی پێکردەوەو خەڵکی چوونە سەرەوە، حکوومەت بەجارێك سێ حزبی بۆ کردینەوەو هەموو ئەو ساڵانەش کە نانەوا بووم بۆیان بە خەباتی سەنگەر هەژمارکردمو مووچەیەکی

باشیشـیان بـۆ بڕیمـەوە، بۆیـە ئێسـتا لـەجیاتی نانەوایـەتی لـە سیاسـەت کاردەکەم.

زۆر هەوڵیدا نیـوەڕۆ لـەلایان بمێنمـەوەو نانێکیـان لەگـەڵ بخـۆم، بـەڵام عوزرم هێنایەوەو بەرەو ماڵەوە گەڕامەوەو ئەو شەوەم لەگەڵ خانەوادەکـەم بەسـەربردوو بـۆ بـەیانیش پـێش خۆرهـەڵات خـۆمو خانەوادەکـەم خۆمـان گەیاندە لای مام مەجیدو بە سواری جێبەکەی ئەو بە هـەمان ئـەو ڕێگایـەی پێـی هـاتبووم گەڕاینـەوەو لەوێشـەوە گونـد بـە گونـدو شـاخ بـە شـاخ تـا گەیشتینەوە ناوپردان. ماوەیەك خۆمو خانەوادەکەم لـەوێ ماینـەوە، بـەڵام دواتـر لەگـەڵ زیـادبوونی هێرشـە ئاسمانیـەکانی حکوومـەت بـۆ سـەر ئـەو ناوچەیە، منداڵەکانم زۆر دەترسان، بۆیە ئەوانم بردە ئێرانو لـە خێوەتگـای ئاوارەکان لەو دیوی سنوور نیشتەجێم کردنو منـیش بـە سـەڵتی گەڕامـەوە سەر کارەکەم لە ناوپردان.

-٢٢-

# هەرەس

ماوەیەك لەناوپردان مامەوە، دوایی بە سەردان گەڕامەوەلای منداڵەکانم، پێش ئەوەی بچمە خێوەتگایەکە، چوومە بازاڕی نەغەدە بۆ کڕینی هەندێك کەلوپەلو میوە. لەسەر شۆستەی شەقامەکە چاوم کەوت بە پێشمەرگەیەك هەندێك گۆریەو جلو بەرگی منداڵانی لەپێش خۆی دانابوو دەیفرۆشتن. من پێشتر ئەو پێشمەرگەیەم دەناسی، ئەو تاکو پۆلی سێیەمی کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی خوێندبوو، بەڵام دوای تێکچوونی دانووساندنی حکوومەتو شۆڕش، لە ترسی گرتن هاتبووە ناو شۆڕشو بووبووە تەتەر.

ئەو دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ڕووم تێی کردو پێم وت: ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی؟ ئەی تۆ تەتەری شۆڕش نەبوویت؟ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: خۆزگا بمردبام ئەم ڕۆژەم بە چاوی خۆم نەبینیبا، من هەڵە بووم کە وازم لە خوێندن هێناو هاتمە دەرەوە، خزمەتی خانەوادەکەی خۆمم بکردبا زۆر چاکتر بوو. من فریودرام، هەروام دەزانی چارەنووسی میللەتەکەم لەناو ئەو نامانەن کە وەکو نووشتە لە نیفۆی شەرواڵەکەم دەمشاردنەوەو لە فەرماندەیەکەوە بۆ فەرماندەیەکی ترم دەبردن، کەچی

ئەوان لەجیاتی ئێش‌و ئازاری میللەت باسی لەشفرۆش‌و وێسکی‌و ئارەقیان تیا نووسی بوو.

وتم: تۆ باسی چی دەکەیت؟ هێشتان بڵێی باسی فیشەك‌و تەقەمەنیان تیا کردووە دەچووە ئەقڵەوە بەڵام لەشفرۆشی‌و ئارەق چ پەیوەندییێکیان بە شۆڕشەوە هەیە؟ وتی: بۆ منیش جێگەی سەرسوڕمان بوو، کاتێك فەرماندەکەم لەدوای ناردم‌و نامەیەکی بچووکی وەکو نووشتەی دامێ‌و وتی: ڕۆڵە ئەم نامەیە وەربگرە‌و زۆر وریابە لە ڕێگا لێت نەکەوێت، چارەنووسی ئەم میللەتەی تیایە، نەکەی لە ڕێگا ڕابووەستیت یان بخەویت، بە خێرایی بڕۆ تا دەیگەیەنیتە دەست ئەو فەرماندەیە‌و هەتاکو وەڵامەکەشی وەرنەگریتەوە نەگەڕێیتەوە. منیش وتم: مادام چارەنووسی میللەتەکەمی تێدایە بەڵێن بێت هەتا نەیگەیەنمە دەستی ڕانەوەستم.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا پێشمەرگەکە وتی: ئەوەبوو شەوو ڕۆژێك بەڕێگاوە بووم‌و بە درێژایی ڕێگایەکەش فڕۆکە لە ئاسمانەوە لەسەرم بوو، هەندێك جاریش قونبەلەیان فڕێ دەدایە خوارەوە‌و لە دەوروپشتمدا دەتەقینەوە. بەڵام کۆڵم نەداو بە ورەیەکی بەرزەوە بەبێ ئەوەی بۆ چرکە ساتێکیش چاوەکانم بخەمە سەریەك، خۆم گەیاندە ئەو فەرماندەیە. فەرماندەکە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەبەردەم فانۆسێکی ژەنگاوی لە کونە ئەشکەوتێك دانیشتبوون. نامەکەم لەناو نیفۆی شەرواڵەکەم دەرهێناو

وتم: ئەم نامەیەم بۆ هێناوی چارەنووسی میللەتەکەمانی تیایە بیخوێنەوەو هەر ئێستا وەڵامیشی بدەوە تاکو بۆیان ببەمەوە.

منیش ڕووم لە پێشمەرگەکە کردو پێم وت: دەبێ ئەو چارەنووسە چی بێت کە لەناو نامەیەکی وا بچکۆلانەدا نووسرابێتەوە؟ وتی: بەخوا منیش نەمدەزانی، تەنانەت ئەو فەرماندەیەی نووسراوەکەشم بۆی برد، سەری سوڕماو وتی: مادام وایە هەر خۆت بۆمان بخوێنەوە با بزانین ئەو چارەنووسە چیە لەناو ئەم نامەدایە؟

منیش بە پێشمەرگەکەم وت: جا بۆت خوێندنەوە؟ پێشمەرگەکە وتی: بەڵێ، بەڵام خۆزگا خوێندەواریم نەبوایەو ئەو نامەم نەخوێندبایەوە. وتم: بۆچی هەواڵێکی خراپی تیا بوو نیگەرانت بکات؟ وتی: بۆتی باس بکەم هیچ باوەڕ ناکەیت. وتم: وەختە لە مەراقان دڵم شەق بێت، زوو پێم بڵێ بزانم ئەو نامەیە چی تیا بوو؟ وتی: کاتێك نامەکەم کردەوەو دێڕ بە دێڕ خوێندمەوە، لێی نووسرابوو هەندێك خواردن‌و خواردنەوەی باشمان بۆ هاتووەو وێسکی‌و ئارەقیشی تیایە، لەشفرۆشێکی شۆخ‌و شەنگ‌و تەڕو پڕیشمان لەلایە، هەرکاتێك ئەم نامەیەت بەدەست گەیشت، بە پەلە خۆت بگەیەنە ئێرە، چەند ساتێك بە خۆشی بەیەکەوە ڕادەبوێرین.

کە ئەمەم گوێ لێبوو، هەندەی تر سەرم سوڕما، پێم وت: شتی وا چۆن دەبێ، لەناو ئەم شاخ‌و داخە ئارەق‌و وێسکی‌و لەشفرۆش چی دەکات، بۆ

ئەوان بۆ کوردایەتی هاتوون یان بۆ ڕابوادن، باشە فەرماندەکە کە ئەمەت بۆی خوێندەوە چی وت؟

پێشمەرگەکە وەڵامی دامەوەو وتی: هەندەی نەمابوو شێت بمو ئەقڵم لەدەست بدەم، لەو ساتەدا زەینم تەنها لای خۆم بوو، هیچ ئاگام لەو فەرماندەیە نەما، دەیان بیرۆکە بەخەیاڵمدا دەهات، هەندێك جار دەمەوت (باشتر وایە پێش هەموو شتێ من ئەو سەگبابە بکوژمو دواییش بگەڕێمەوە بێ شەرەفەکەی تریش بکوژم، مادام منو دەیان گەنجی تری ئەم وڵاتەیان بە درۆو دەلەسەکانیان فریۆ داوە، ئەوجا فیشەکێك بنێم بە تەختەی نیوچەوانی خۆمو باجی ئەم گەمژەییەی خۆم بدەم کە بە دوای ئەو جۆرە کەسانەوە کەوتووم، من وامزانی کارێکی شەرەفمەندییان پێ سپاردووم، نەمزانی بۆ دوو فرە ژەقنەبوتێكو دامێنی لەشفرۆشێك، شەرەفی گەوادییان پێداوم).

منیش وتم: جا ئەوانت کوشت؟ وتی: نەخێر، زۆرم بیرکردەوە، دوایی وتم: بۆ دەستی خۆم بەوان پیس بکەم، بۆیە بڕیارمدا وازبهێنمو لێرە لەسەر شۆستەی ئەم شەقامە کەلو پەل بفرۆشم تا خوا دەرگایەکی ترم بە ڕوودا دەکاتەوەو بە خانەوادەکەمم شاد دەکاتەوە.

بە بینینی ئەم پێشمەرگە گەنجە زۆر خەمم خوارد، لە بیری خۆم دەموت (تۆ بڵێی هەموو فەرماندەکان وابن؟)

کە بەرگەی ئەم بارودۆخە ناگرن بۆ دێنە نـاو ئـەو شـاخو داخـەو بـۆ لـە شــوێنی خۆیــان نامێننــەوەو شۆڕشــەکە بــۆ کەســانی دڵســۆزو خــۆڕاگر لێناگـەڕێن، ئەمـەو دەیـان پرسـیاری تـرم بـە خەیاڵدا دەهـات، بـەڵام هـەر هەمووی بێ وەڵام بوو.

لــە خەفــەتان پیاســەکەم پێنــەکراو بــە خــەمناکی گەڕامــەوە نــاو خیوەتگاکــەو پــارووە نــانێکم لەگــەڵ منداڵــەکانم خــواردو لێــی ڕاکشــام. هاوسەرەکەم زۆر هەوڵیدا بمدوێنیێو لێم تێبگات بۆچی خـەمبارم، بـەڵام بـێ سوود بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (چـی پـێ بڵێم، ئەگـەر ئـەوانیش ئـەوە بزانن، بە تەواوی بێ ئومێد دەبن).

چەند ڕۆژێك لەخیوەتگا لەناو خانەوادەکـەم مامـەوە، دوای تـەواوبوونی ماوەی پشووەکەم، خۆم ئامادەکردو جانتاکەم بە شانم وەکرد، دەمەویست بچمە تەرمینالێ تاکو بگەڕێمەوە ئەو دیوی سنوور بۆسـەر کارەکـەم، لەبـەر دەرگای خیوەتگایەکە چاوم کەوت بە بەرپرسی خیوەتگایەکەو سڵاوم لێیی کرد، سـڵاوی لێ وەرگرتمـەوەو وتـی: بگـەڕێوە نـاو خانەوادەکـەت، شـۆڕش تێکچووە، ئێمەو حکوومەتی عێراق ڕێککەوتنمان کردوەو هیچـی تـر لەگـەڵ یـەك شــەڕ ناکــەین. شــای ئێمــەو ســەدام حوسـێن لەسـەر هــەموو شـتێك ڕێککەوتوون، وەکو بە ئێمەیان وتـووە، ئێـوە سـێ ڕێگاتـان لەبەردەمدایـە، یان لیرە بە پەنابـەری دەمێننـەوە، یـانیش دەچـنەوە عێـراق، یـان دەچـنە

ولآتانی ترو لەویٚ دەبنە پەنابەر، زۆربەی ولآتانی دونیا دەرگاكانیان بۆ ئێوە كردۆتەوەو بە ئاسانی وەرتاندەگرن.

كە ئەمەی وت لە شوێنی خۆم حەپەسام، هیچ باوەڕم نەدەكرد ئەو شۆڕشە گەورەیە كە خاوەنی سەد هەزار پێشمەرگەو چەكو تەقەمەنییێكی زۆر بوو، بە چركەساتێك تێك بچێت. پێم وت: ئێمە شۆڕشمانكردوەو هەرئێمەش دەبیٚ بڕیاربدەین ئایا بەردەوام دەبین یان دەوەستین، لەكوێی دونیا بووە گەلێك شۆڕش بكاتو چاوەڕێی خەڵكی ترو دوژمنەكانی بێت لەجیاتی ئەو بڕیاری بۆ بدەن. ئێمە لە هیچمان كەم نیە، چەكو جبەخانەیەكی زۆرمان هەیەو ئەو شاخو داخانەش بۆ ئێمە وەكو قەڵغانن، من دەگەڕێمەوەو درێژە بە خەباتم دەدەم.

سەری خۆی لەقاندو وتی: تۆ بۆچی تێناگەیت، من پێت دەڵێم هەموو شتێك كۆتایی هات، لەو سیٚ ڕێگایە زیاتر هیچی ترتان بە دەستەوە نیە.

بە نائومێدی گەڕامەوە خیوەتگاكەمانو ڕووم لە هاوسەرەكەم كردو وتم: هەستن خۆتان ئامادەبكەن با بگەڕێینەوە عێراق. وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ ئەی بۆچی هاتین، ناترسێی لەسەر بردنی سەیارەكەت بتگرن؟

وتم: من هیچی لێنازانم، بەرپرسی ئەم خیوەتگایە پێی وتم: شۆڕش تێكچووەو هەموو شتێك كۆتایی هاتووە. تاكو زووەو سەر سنووریش قەرەباڵغ نەبووە با خۆمانی بگەینینیٚ، دەنا زۆر ئازاردەچێژین.

بەم شێوەیە چوینە ئەودیو، دیمەنێکی زۆر تراژیدی بوو، ئەو خەڵکە وەکو مەڕومالاًت ملی ڕێگای گەڕانەوەیان بەرەو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی گرتبووەبەرو هێزەکانی سووپای عێراقیش لە چاوەڕوانی ئێمەدابوون، چەکەکانیان وەردەگرتو وەکو باری دار بەسەریەك سەفتەیان دەکردن‌و لێنەدەگەڕان لە خواردن بەولاوە هیچ شتێك لەگەڵ خۆمان بهێنین. کۆمەڵێك ئیڤای عەسکەری وەستابوون دوای ناونووسکردنمان ئێمەیان سواری ئەو ئیڤایانەکردو بەرەو شاری هەولێریان بردینەوە.

ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، ئەوەی بە خەیاڵمدا نەدەهات، بینینی ڕۆژێکی وابوو، بە درێژایی سنوورەکان، تا گەیشتینەوە سنووری دەسەڵاتی حکوومەت، لە هەموولایەك پێشمەرگە چەکەکانیان فڕێدابوو، خۆشیان وەکو مەڕی بێ شوان هەریەکەو بەلایەکدا ملی ڕێگای گرتبووە بەرو خۆمانم زۆر بە زەلیلی دەهاتە پێش چاو. ڕووم لە پێشمەرگەکەی تەنیشت خۆم کردو پێم وت: بە دیتنی ئەم دیمەنانە ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟ هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: هەست بە مردنی خۆم دەکەم. منیش وتم: قەت گوێت لێ بووە شۆڕشی هیچ گەلێك وەکو شۆڕشەکەی ئێمە بە چاوترووکانێك توابێتەوە؟! وتی: شتی وەهام نەبینیوەو نە بیستوشە. ئەو پێشمەرگەیە زۆر بەو وەزعە تێك چووبوو، بەجارێك کۆنترۆڵی خۆی لە

دەست دابوو، بە درێژایی ڕێگا لەبەرخۆیەوە هەر دەیگوت هەرگیز شتی وام نەبیستووەو نەشم دیوە.

بەهەرحاڵ، گەیشتینەوە شاری هەولێرو دەرگای ئیڤاکەیان بۆ کردینەوەو بە ملشۆڕی هاتینە خوارەوە. خەڵکێکی زۆر لەمبەرو ئەوبەری شەقامەکان ڕاوەستابوونو چاوەڕوانی کەسو کاریان بوون، ئێمەش سەری خۆمان شۆڕکردبوو، لە شەرماندا نەماندەزانی چۆن سەیریان بکەین، دەتوت لەسەر کەریان گرتووین زۆر شەرمەزار بووین.

بۆ ڕۆژی دواتر چوومەوە سەرکارەکەی خۆم، برادەرەکانم هاتنە پێشوازیمو مزگێنی ئەوەیان پێدام کە دۆسیەی ڕفاندنی ئۆتۆمبێلەکەم داخراوەو منیش بەبەر لێبووردنی گشتی کەوتوومە. منیش لە دڵی خۆمدا وتم (دوای چی، پێشینان جوانیان وتووە پاشی تڕێ خەپشەی بڕێ)

ماوەیەك دەوامم کرد، دوایی خۆم خانەنشین کردو لە گەڕەکەکەی خۆمان لەناو باخچەی ماڵەکەمان دوکانێکی بچکۆلانەم دروستکردو نوقڵو شیرینەمەنی منداڵانم تێدا دەفرۆشت.

ئێوارەیەك، ئۆتۆمبێلێك لەبەردەم دوکانەکەم وەستاو نەفەرێکی لێهاتە خوارەوەو سڵاوی لێکردمو وتی: ناونیشانی ئێرەیان داومەتێ، من لە پرۆژەی بەنداوی بێخمە کاردەکەم، بەڕێوەبەرەکەمان کەسێکی بە ڕەگەز یۆغسلافییە، منی ناردۆتە لات، حەزدەکات کاریان لەگەڵ بکەیت؟

لە خۆشیاندا وەخت بوو بـاڵبگرمو بفـڕم، دوکانەکـەم داخسـتو لەگـەڵی چـووم. دوای ئـەوەی گەیەشـتینە جـێ، منـی بـردە لای بەڕێوەبەرەکـەیانو وتی: ئەمە ئەو پیاوەیە کە تـۆ بەدوایـدا دەگـەڕایت؟ بەڕێوەبەرەکـە لەسـەر کورسی خۆی هاتە خوارەوەو دەستی بۆ درێـژکردمو دەسـتەکانی گوشـیمو وتی: وەکو بیستوومە تۆ ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی حـوکمڕانی پاشـایەتی لەگـەڵ ئینگلیزەکـانو ئەمریکاییـەکان لـە پـڕۆژەی ئـەم بەنـداوەو بەنـداوی دەربەندیخان کارت کردووەو ئینگلیزیش باش دەزانیت، وایە؟منیش سەری خۆمم بۆی لەقاندو بە زمانی ئینگلیزی وەڵامـم دایـەوەو وتم: ڕاسـت دەکـەی من چەند ساڵێك سەربازی سووپای لیڤـی ئینگلیزەکـان بوومـەو دوایـیش لـە هەردوو پڕۆژەی بەنداوەکانی بێخمەو دەربەندیخان کارم کردووە. وتـی: زۆر باشە، ئەو کەسانەی کە تۆ لەو دوو پڕۆژەیـە کـارت لەگـەڵکردوون، وەسـفی تۆیان بۆ کردوومە، بە تایبەتی مسـتەر مـۆرگن زۆر ستایشـی تـۆی لاکـردمو وتی: تۆ پیاوێکی ڕاستگۆو دەستپاکیو دەتوانم پشتت پێببەستم، هەر بۆیە منیش بە دوام ناردیتو دەمەوێ لەمڕۆ بەدواوە ببیتە شوفێری تایبەتی من. منـیش وێـڕای سووپاسـگوزاریم، جـەختم لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە بـەپێی نیازپاکی ئەو دەبمو لەکارەکەم هیچ درێغی ناکەم.

هەندێك بەیەکەوە دانیشتینو قاوەیەکمان بەیەکـەوە خـواردەوە، دوایـی بانگی سکرتێرەکەی کـردو پێـی وت: ئـەم بـەڕێزە لـەمڕۆ بـەولاوە شـوفێری

تایبـەتی منــەو لەگـەڵ خـۆتی ببـە، كلیلـی خـانوێكی بـدەرێ‌و كەلوپــەلی پێویستیشی بۆ دابین بكە.

سكرتێرەكە منی برد بۆ لای كۆمەڵێك خـانوو، كـە وەكـو كۆمەڵگایـەكی گەشت‌و گوزاری بچـكۆلانە وابـوو، دەرگـای خـانووێكی بـۆ كردمـەوەو وتــی: ئەمە شوێنی حەوانـەی تۆیـە، سـەیرێكی بكـە، ئەگـەر هـەر كـەموكورتییێكی هەیە پێم بڵێ تاكو بۆتی تەواو بكەم؟ منیش بە خێرایی چاوێكم پێداخشاندو وتم: زۆر سووپاست دەكەم هیچ كەموكوڕی نیە.

بـەم شـێوەیە، دوای ئـەوەی لـە پـرۆژەی بەنـداوی بێخمـە دامـەزرام، جارێكی تر خودا ئاوڕی لێدامەوەو سەر لە نوێ ژیانێكی خـۆش‌و ئاسـوودەم بــۆ نووســـرایەوە. بەڕێوەبەرەكـــەمان ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ زیـــاتر متمانـــەی پێدەكردم، تا وایلێهات منی كردە بەرپرسی گشت ئۆتۆمبێلەكان‌و بۆ كڕینــی كەلوپەل‌و خۆراكیش پشتی پێدەبەستم.

بەنداوی بێخمە زۆری نەمابوو تەواوبێت، بـەڵام دوای داگیركردنــی كوێـت لەلایەن سووپای عێراقـەوە، وڵاتەیـەكگرتووەكانی ئـەمریكا بـە هەماهـەنگی لەگەڵ سی وڵات لەژێر چەتری نەتەوەیەكگرتووەكانەوە هێرشیان كردە سەر سووپای عێراق‌و دوای شەڕێكی خوێناوی لە كوێت دەریـانكردو بەمـەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی سیاسی‌و ئابووری‌و ئاساییشی عێراق خراپتر دەبوو.

ئێوارەیەك بەڕێوەبەرەكەمان بانگی كردمە ژوورەكـەی خـۆی‌و كۆمـەڵێك كلیلی دایە دەستم‌و پێی وتم: ئەمە كلیلـی گشـت كۆگایەكانـە، لـەلای خـۆت

**هەڵیانبگرە، ئێمە بۆ ماوەیەك دەچینەوە وڵاتی خۆمانو تاکو بارودۆخی ئێرە چاك نەبێتەوە ناگەڕێینەوە، ماڵەکەی منو ئەو کەلوپەلانەش کە لەناو ئەو کۆگایانەدانە ئەمانەتی تۆ بنو ئاگات لێیان بێت. ئەگەر بۆخۆت شتێکت پێویست بوو دەتوانی بەکاریان بهێنیت.**

**دوایی منی بردە لای بەفرگرەکانەوەو وتی: ئەم بەفرگرانە پڕن لە گۆشتو خۆراکی سارد، هەروەها کۆگای خۆراکەکە خۆراکێکی زۆری قوتوی تیایە، ئەمانە زۆر خۆیان ڕاناگرن، بۆیە خۆتو کارمەندەکان دەتوانن سوودیان لێوەربگرنو بەکاریان بهێنن.**

**یەکتریمان ماچکردو ئێمەی بەجێهێشتو بەرەو شاری بەغداد گەڕایەوە. منیش زۆرم خەم بوو، بەڵام هیچ دەسەڵاتم نەبوو.**

-٢٣-

# ڕاپەڕین

چـەند مانگێـك بـەم شـێوەیە ماینـەوەو ڕۆژانـە دەچـوومە پـڕۆژەی بەنداوەکەو دوای نیوەڕۆیانیش دەگەڕامەوە. ئێوارەیەك دەرگای کۆگایەکانم داخستن‌و بە سواری ئەو سازوکییە خنجیلانەیەی کە لـە لام بـوو گەڕامـەوە شاری هەولێر. هەر ئەو ئێوارەیە لە کۆڵانەکەمان بووە غەڵبە غەڵب‌و دەنگـە دەنگ، کە چوومە دەرەوە، گەنجەکانی گەڕەکەکەمان‌و هەنـدێك کەسـی تـر کـە نەمدەناسـین، لەبـەر دەرگاکـەمان ڕاوەسـتابوون، باسـی ڕاپـەڕینی جەماوەرییان دەکرد.

منیش خۆم خزانـدە ناویانـەوەو پـێم وتـن: ئـەوە باسـی چـی دەکـەن؟ یـەکێکیان وتـی: ڕاپـەڕین لـە ڕانیـەو شـاری سـلێمانی دەسـتی پێکـردووەو ئەمشەو دەگاتە شاری هەولێرو سووپای حکوومـەت وەدەردەنـێن. یـەکێکی تریشیان وتی: خۆزگەم بە خۆت ئەم ئۆتۆمبێلە جوانەت بۆ دەمێنێتەوە.

کـە ئەمـەم گـویٚ لـیٚ بـوو، لەلایـەك لـە خۆشـیان قاچـەکانم زەویـان نـەدەگرت‌و لـە لایـەکی تـریش زۆر خـەمی تـاڵانکردنی کەلوپـەلی پـڕۆژەی بەنداوەکەم بوو. گەڕامە ژوورەوەو بە هاوسـەرەکەمم وت: دەبـیٚ هـەر ئێسـتا بگەڕێمەوە بەنـداوی بێخمـە. ئـەویش وتـی: ئـەوە تـۆ شـێت بوویـت، گوێـت

لێنەبووە لە هەموولایەك خەڵك هەستاوەو دەڵێن سووپای عێراق پێگەو بنکەکانی خۆیان چۆڵکردووەو ڕایانکردووە. منیش وتم: ئاخر لەبەر ئەوەیە دەبێ بە زوترین کات ئەم ئۆتۆمبێلە بگەڕێنمەوە سەر پرۆژەکەمان، نەوەك کەسێك تەماحی لێبکاتو لێمی بستێنێ‌و وەکو فڕاندنی ئۆتۆمبیلەکەی ڕابردوو شەرمەزارم بکەن.

بەم شێوەیە سواری ئۆتۆمبێلەکەم بوومو گەڕامەوە بێخمەو پێش هەموو شتێك ئۆتۆمبێلەکەم بردەوە گەراجو سویچەکەشم بە شوێنی خۆی وەکردەوەو دوایی گەڕامەوە شوێنی حەوانەوەی خۆمو بە خەمەوە لێی ڕاکشام.

هێشتان بە تەواوەتی چاوەکانم گەرم نەکردبوون، لە دەرگایاندا، کە چوومە دەرەوە، قەرەباڵغیەکی زۆرم بینی، دەتوت کێچن کەوتوونەتە گیانی پرۆژەکەو ڕاکێش ڕاکێشیان بوو، گشت کەلوپەلەکانو ئۆتۆمبێلەکانیان بە تاڵان دەبرد، یەکێکیان ڕووی لەمن کردو وتی: دەڵێن تۆ شوفێری تایبەتی بەڕێوەبەری پرۆژەکەیت، تۆ هەموو شوێنەکانی ئێرە پێدەزانیت، لەگەڵمان وەرەو پیشانمانی بدە.

منیش وتم: پێچك چوارەو بە هەژمارە، جا چیتان هێشتۆتەوە هەتا پیشانتانی بدەم، ئەوەی هەبوو بردووتانە.

بەم نیوەشەوە، ملی ڕێگام گرتەبەرو خۆم گەیاندەوە شارۆچکەی هەریرو لەوێشەوە خۆم گەیاندەوە ماڵی خزمێكو ئەو شەوەم لەوێ

بەسەربرد. بەیانیش زوو چوومە گەراج و ئۆتۆمبێلێکم بەکرێ گرت و گەڕامەوە هەولێر.

شاری هەولێر شلەژابوو، خەڵکەکەی مشەوەشییێکی زۆریان پێوەدیار بوو، خەڵکی لە هەموو کوچەو کۆڵانەکان بە کۆمەڵ وەستابوون و گوێیەکانیان قولاخ دابوو، چاوەڕێی ئازادکردنی شارەکەیان دەکردو حکوومەتیش پیاوەکانی لە زۆربەی شوێنە هەستیارەکان و شەقامە سەرەکییەکان، بە تایبەتی شەقامی شەست مەتری بڵاوکردبۆوە.

ئەمشەوەمان زۆر بە ترس و لەرز بەسەربرد، نەماندەزانی ئەمجارە چارەنووس بەرەو کوێمان دەباتەوە. بەیانی بەرلەوەی ڕۆژهەڵبێت لە دوورەوە لە گەڕەکی برایەتی دەنگی تەق و تۆقێکی زۆر دەهات، چوومە سەربانەکەمان بۆ چاودێریکردنی بارودۆخەکە. هەندێ کەس لەسەر بانەکان سەیریان دەکردو هەندێکی تریش بەرەو دایەرەی ئەمن و دەزگای هەواڵگری ملی ڕێگایان گرتبووەبەر.

کۆپتەرەکانی حکوومەتیش بە ئاسماندا دەخولانەوەو تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکردو بە زۆریش کۆمەڵگەی دارەتووو بنەسلاوەیان کردبووە ئامانج.

ئەم دۆخە زۆری نەخایاند، بەرلە نیوەڕۆ حکوومەت هەرەسی هێناو سەربازگەو دامودەزگاکانی حکوومەت لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوی شارەکەوە دەستیان بەسەردا گیراو کارمەندێکی زۆری حکوومەت کوژران و

ئەوانی تریش هەڵاتن‌و شارەکەیان بەجێهێشت‌و هێزی ڕاووڕووتیش هەڵیان کوتایە سەر ئەو دامودەزگایانەو تاڵانیان کرد.

تاکە دەزگا کە خۆی بە دەستەوە نەدابوو، دەزگای هەواڵگری سەربازی حکوومەت بوو لەسەر شەقامی کەرکووك، کە تاکو دوای نیوەڕۆش بەرگریان کرد، بەڵام دوایی یەکێك لە فەرماندەی مەفرەزەکانی ئەمن بەخۆی‌و پیاوەکانی هەڵیان کوتایە سەری‌و دەستیان بەسەریدا گرت‌و ئەو کەسانەش کە لەناو بارەگاکەیدا بوون هەر هەموویان کوشتن‌و تەرمەکانیشیان سووتاندن. بەم شێوەیە شاری هەولێر لە پیاوەکانی ڕژێم پاك کرایەوەو لە هەموو لایەك بووە هەڵپەڕکێ‌و زەماوەند.

منیش لە ماڵەکەی خۆم دەرهاتم‌و یاغر یاغر بەرەو دایەرەی ئەمن ڕۆیشتم، خەڵکێکی زۆری لێبوو، هەندێکیان بەدوای سۆراغی کەسوکاریان دەگەڕان کە پێشتر لەلایەن ئەو دەزگایەوە بێ سەروشوێن کرابوون، هەندێکی تریش کەلوپەلەکانیان تاڵان دەکرد، من‌و هەندێك کەسی تریش پەڕەکاغەزەکانمان کۆدەکردەوەو چاومان پێدادەخشاند. هەشبوو بەدوای دۆسیەی خۆیدا دەگەڕا تا بیسوتێنێ‌و لای خەڵك ئاشکرا نەبێ کە باوەڕپێکراوی ئەمن بووە.

یەکێك لەو پەڕەکاغەزانەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام‌و تاکو ئێستاش خەمباری کردووە، لاپەڕەی دەفتەرێکی ئەو دەزگا ئەمنیە بوو، وێنەی چەند کەسێکی لێ درابوو، لەژێر ناوەکانیش زانیاری لەسەر ئەو کەسە

نووسرابوو. یەکێك لە وێنەکان، وێنەی بەرخۆکە شێت بوو، لەژێر وێنەکەشی نووسرابوو (ئەم تاوانبارە پێشمەرگەیەو بەسزای خۆی گەیشتو کوژرا)، بەپێی ئەو بەڵگەنامەو نووسراوانەی لەوێ دەستم کەوتن‌و چاوم پێداخشاندن، ئەو کەسانە لەلایەن فەرماندەی مەفرەزەکانی تایبەتی کە کەسانی بە ڕەگەز کورد بوون، ڕفێندرابوون‌و بەناوی پێشمەرگە تەسلیمی دایەرەی ئەمن کرابوون‌و بە ئەشکەنجە کوژرابوون.

هەروەها لە دایەرەی ئیستخبارات پارچە کاغەزێکم هەڵگرتەوەو خوێندمەوە ئاراستەی لقی سنجار کرابوو، تیایدا هاتبوو بە هەموو شێوازێکی ڕاگەیاندن، پڕۆپاگاندە بکەن‌و بڵێن یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناکۆکی هەیە لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق‌و کادیرێکی زۆری ئەو حزبەیان لە شاری کۆیە لێ کوشتوون. جا لێرەدا دەردەکەوێ چۆن ڕژێمی بەعس ویستوویەتی دوو بەرەکی بخاتە نێوان حزبەکانی کوردستان.

هەروەها لە نووسینێکی سەردیواری یەکێك لە زیندانە تاکەکەسییەکانی ئەو دایەرەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، نووسرابوو (دلۆڤان کوڕی خۆم باوکی تۆ بەبێ خەتا لێرە گیرایەو دەمکوژن، ئەگەر گەورەبوویت لەبیری نەکەیت‌و تۆڵەی باوکت لەو دڕندانە بکەوە). ئەو دیمەنە تراژیدییانە زۆرن، ئەگەر هەموویان بگێڕینەوە، تەواونابن، هەولێر ئازادکرا بەڵام زۆری نەخایاندو جارێکی تر لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە کۆنترۆڵ کرایەوە.

-٢٤-

# کۆڕەو

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ لەگەڵ خەزورەکەم لە بازاڕ دەهاتینەوە، لۆرییێکی زۆرمان بینی ماڵیان دەگوێزایەوە. لۆریەکمان ڕاگرتو لە شوفێرەکەمان پرسی وا پێدەچێت لە کەرکوکەوە ڕاتان کردبێت؟ وتی: نەخێر، ئێمە لە قوشتەپەوە ڕامانکردووە، هێزەکانی حکوومەت گەیشتۆتە ئەوێو وا بەرەو ئێرەش دێن. ڕووم لە خەزورم کردو پێم وت: با ئێمەش ئۆتۆمۆبێلێك بگرینو بچینە دەرەوەی شار هەتا هێزەکانی حکوومەت نەگەیشتۆتە ئێرە، ئەوکات فریای هیچ ناکەوینو بەجێ دەمینێین.

ئەو قەناعەتی بە قسەکانی ئەو شوفێرە نەهات، ورەی لەمن بەرزتر بوو وتی: باوەڕناکەم وابەئاسانی شاری هەولێر بگیرێت، تۆ بڵێی بەو پێشمەرگەی ئەو هەموو حزبانەی بەرەی کوردستانی نەتوانن بیپارێزن؟ منیش وتم: ئەوان ژمارەیان لەچاو سووپای حکوومەت یەکجار کەمە، بڕواناکەم خۆیان لەبەرامبەر تانكو زرێپۆشەکانی ڕابگرن. وتی: ئەی هەر ئەوان نەبوون ئەو سووپایەیان لە کوردستان وەدەرناو شارەکانیان ئازاد کرد؟ منیش وتم: ئەو سووپایە هەرخۆی ورەی بەردابوو بۆیە لەبەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان خۆیان ڕانەگرتو ڕایانکرد، بەڵام واپێدەچێت

ئەمجارەیان حکوومەت پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان وەرگرتبێت، هەر بۆیە وا بە ئاسانی پێشڕەوی دەکات.

هـەمان شـەو مـنو براکـەم لـە مـاڵی خـەزورم دانیشـتبووینو تـاوتوێی پلانێکمان دەکرد بۆ بەجێهێشتنی شاری هـەولێر پـێش ئـەوەی بگیرێتـەوە، هــەر لــەو کاتــەدا گوێمــان لــە دوو تەقینــەوەی گــەورە بــوو خانووەکــەی هەژاندەوە. چووینە دەرەوە، قەرەباڵغییێکی زۆر لەبەر دەرگـا پـەیدابوو، لـە هـەموو ماڵـەکان خـەڵکی هاتنـە دەرەوەو بـەرەو شـوێنی دوو تەقینەوەکـە ڕۆیشتن. ئیتر هەر ئـەو شـەوە چـەند گرمەیـەکی تـریش لـە دوورەوە هـاتو خەڵکەکە بەجارێك شلەژا. ئەوەی ئۆتۆمبێلی هەبوو کـەلو پەلـەکانیان لێـی بارکردو دەتوت کەژاوەی بووکێیە وەك مێرووله ڕێچـکەیان بـەدوای یەکـەوە گرتبـوو، بـەرەو دەرەوەی شـار دەڕۆیشـتن، ئـەوەی ئۆتۆمبێلیشـی نـەبوو دەستی منداڵـەکانیان گرتبـوو، بـەڕاکردن ملـی ڕێگایـان بـۆ دەرەوەی شـار گرتبووە بەر. دەتوت ڕۆژی حەشرە، ئەو شەوە تـاکو بـەیانی کـەس خـەوی لێنەکـەوت، ئێمــەش خۆمــان کــۆکردەوەو هەنــدێك کەلوپــەلی پێویســتمان کۆکردەوەو چووینە لای ماڵی محەمەد مشنو داوامان لێی کرد بە لۆریەکـەی تاکو سەر ڕێگای شەقڵاوە بمانبات. وتـی: بەسەرچـاو، تەلـەفۆنی بـۆ خـاڵی کردو وتی: بە خۆتو لۆریەکە هەتا ئێرە وەرەو ئەم دراوسێیانەم تاکو سـەر ڕێگای شەقڵاوە ببە. ئەوەبوو دوای کەمێك خـاڵی گەیشـتە لامـان، بـەڵام لـە ڕێگــا خــەڵکانێکی زۆر خۆیــان فڕێــدابووە نــاو لۆریەکــەی بۆیــە جیگــەی

قاچێکیشمان نەدەبۆوە. بەم شێوەیە بە ناچاری ملی ڕێگامان گرتەبەرو بەرەو گەڕەکی شۆڕشو لەوێشەوە بۆ پشت پیرزین ڕۆیشتین. کۆپتەریش جوت جوت بەسەرمان دەسوڕانەوەو بە گوللەی شەست تیرو دۆشکە تەقەیان لەو خەڵکە دەکرد. دەیان لاشەی کوژراو لەو دەشتانە بەجێ مابوونو بە دەیان ئۆتۆمبێلیش گڕیان تێبەردرابوو، نەفەرەکانی ناویشی ببونە ڕەژوو.

دوای ئێوارە گەیشتینە هاوینەهەواری پیرمامو ئەو شەوەمان لەوێ بەسەربردو بۆ بەیانیش بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتین. پێش ئەوەی بگەینە شەقڵاوە، لەبرسان زۆر بێتاقەتو شپرزە ببوین، بەڵام جەمیلەخانی دراوسێمان دڵی دەدایەوەو دەیوت هەرئەوەندەمان زەحمەتە هەتا دەگەینە شەقڵاوە، ماڵی کچەکەم لەوێیە، هەر بگەینە ئەوێ یەك مەنجەڵی گەورە حەلوای شەکرو دوو مەنجەڵ برنجو مەرەگە لێدەنێمو چایەش بەبێ حساب بخۆنەوە.

ئەوەبوو گەیشتینە شەقڵاوەو بەرەو ماڵی ڕوخۆش کەوتینە ڕێ. ئەو لەگەڵ ماڵی خەزووری دادەنیشت، کە چوینە ژوورەوە، ماڵێکی کشو مات بوو، دەنگی چۆڵەکە نەدەهات. دەرگاکەمان کردەوە پیاوێکی بەتەمەن وەکو لاشەی مردوو لەسەر قەرەوێلەیەك لەناو دیوەخانەکە لێی ڕاکشابوو، فانۆسێکی کوژاوەو پەرداخێك ئاوو نیو لەتە نانیشی لەسەر مێزێك بۆ داندرابوو. مێروولەش هەر لە دەرەوە تاکو ناو لەشی ڕێچکەیان بۆی

بەستبوو. ئەو پیاوە خەزووری کچەکەی جەمیلەخان بوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت چاوی چووە پشتی سەریەوەو سڵاومان لێی کرد زۆر بە ساردی وەڵامی داینەوە. دیار بوو خانەوادەکەی لەترسی نزیك بوونەوەی هێزەکانی حکوومەت بەجێیان هێشتبوو. هەموو ژوورەکانمان پشکنی لە نیوکیلۆ برنج زیاترمان نەدۆزیەوە، ئیتر ئەوەبوو هەموو خەونو خەیاڵەکانمان بووە سەرابو ئەو شەوەمان بە زگی برسی بەسەربرد. بۆ بەیانیش کوڕەکەی لێمان بەژورکەوتو بەبێ ئەوەی سڵاومان لێبکات، ڕووی لە جەمیلەخان کردوو وتی: ماریێ میریش ڕۆیشتن، هەستن زووکەن ئێرە جێبهێڵن هەندەی نەمایە هێزەکانی حکوومەت بگاتە ئێرە.

بەم شێوەیە بە ئەدەبانە بەدەری نایەنو بە زگی برسی بەرەو ناحیەی هەریر کەوتینە ڕێ. لە ڕێگای هەریر بەناو باخچەی تەڕەپیازدا ڕەت بووین، لە برسان هەتا زگمان هێشا تەڕەپیازمانخوارد. بۆ دوای نیوەڕۆ گەیشتینەجێو چووینە ماڵی خاڵی منداڵەکانم، نانو پەنیرێکی زۆری لەبەردەممان داناو ئەو ژەمەمان بە تێروپڕی خوارد. کە ئێوارە داهات، دەرگای ژوورێکی بۆ کردینەوەو وتی: ئەم ژوورە بۆ ئێوەیە، تاکو لێرە بمێننەوە ئێمە خاوەن ماڵ نین. خەم مەخۆن کەس نازانێت بۆ بەیانی چی ڕوودەدات، خوا کەریمە بەم زوانە ئێوەش بگەڕێنەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆتان.

چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، بەیانیان دەچووینە ناو بازاڕو لەگەڵ خەڵكەكە چاودێری بارودۆخەكەمان دەكرد. ڕۆژانە گوێمان لە پڕۆپاگاندەیەكی زۆر دەبوو، هەندێك دەیانوت دەبابەكانی حكوومەت گەیشتونەتە شەقڵاوەو زۆری نەماوە بگاتە ئێرە، هەندێكی تریش دەیانوت جارێكی تر هەولێر ئازادكراوەتەوەو ئێستا هیچ بنكەو بارەگایەكی حكوومەت لەناو شاردا نەماوەو خەڵك بە ئازادی دێن‌و دەچن.

ئەم پڕۆپاگاندانە خەڵكی تووشی دڵەڕاوكێ‌و دوو دڵییێكی زۆر كردبوو، نەمانـدەزانی چیبكەین، بگەڕێینەوە، یان سەرهەڵبگرین‌و بۆ ناوچە دوورەكانی تر بڕۆین.

بەهەرحاڵ، ئەو بڕە پارەو پوولە كەمەی كە لە گیرفانیشماندابوو لەو ماوەیە خەرجمان كردو بووینە بارگرانی لەسەر ئەو ماڵە خزمەو هەستمان بە ناڕەحەتییێكی زۆر دەكرد، بۆیە بڕیارمدا بەهەر شێوەیەك بێت خۆم‌و ماڵ‌و منداڵەكانم بگەڕێینەوە شاری هەولێرو لەم دڵە ڕاوكێیە ڕزگارمان بێت.

كە گەڕاینەوە، دەبابەكانی حكوومەتمان لە گوندی كۆڕێ بینی لەلایەن پێشمەرگەوە تێكشكێندرابوون‌و سووپاش پاشەكشەی كردبوو بۆ هاوینە هەواری پیرمام‌و لەوێ خۆی جێگیركردبوو. تا گەیشتینەوە هەولێر بە درێژایی ڕێگا ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانمان لە تەنیشت شەقامەكە بینی پەكیان كەوتبوو، بە كەل‌و پەلەوە بەجێمابوون، هەروەها لەشاری هەولێر لە بەردەم

نەخۆشخانەی لەدایکبوونو منداڵان لەسەر شۆستەی شەقامەکە چەند تەرمێکمان بینی ئاسەواری فیشەکیان پێوەدیاربوو، بەبێ ڕێزی کەوتبوون.

دەبابەو تانکو زرێپۆشەکانی سووپاش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەربازو هێزەکانی ئەمن لەسەر شەقامەکان بوونو لە دووری هەر چەند مەترێك خەڵکیان ڕادەگرتو دەیانپشکنین. دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو، دەتوت کابووسە، شارێکی کشو مات بوو، لە دەنگی ئەو هێزانە بەولاوە دەنگی چۆڵەکەشی لێنەدەهات. زۆر ترسام، تا گەیشتینە ماڵەکەی خۆمان لە گەڕەکی موفتی دڵم لەناو دەستم بوو، دەموت ئێستا دەمانگرنو بێ سەروشوێنمان دەکەن.

کە گەیشتینە بەردەم ماڵی خۆمان، دراوسێیەکمان هاتە لامو دوای چاکو چۆنی وتی: لەمن بەولاوە کەس لەو کۆڵانە نەماوە، کۆڵانەکانی تریش ئەگەر لێرە خراپتر نەبن باشترنین، سووپا دەرگای زۆر ماڵی شکاندووەو کەلو پەلەکانیان تاڵانکردوون، بەشەو زۆر ئاگاداری خۆتان بنو دەرگا لەکەس مەکەنەوە، پیاو خراپ زۆرن نەوەك کەسێکتان لێ بەژووربکەوێو تووشی ڕووداوێکی نەخوازراوبن.

ماوەی چەند ڕۆژێکمان بەم ترسو لەرزە بەسەر برد، ڕۆژانە دەچوومە سەری کۆڵانەکەمانو لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکەمان چاودێری بارودۆخەکەمان دەکردو بۆ نیوەڕۆش دەگەڕامەوە ماڵەوەو تاکو ڕۆژی دوایی نەدەچوومە دەرەوە.

گۆشتفرۆشـێکی گـەنج لـە گەڕەکەکـەمان هـەبوو، لـەناو پـارکی گەڕەکەکـەمان قەنارەیـەکی دانـابوو، ڕۆژانـە یـەك دوو کـاوڕی پێـوەدەکردو گۆشـتەکەی دەفرۆشـتە خـەڵکی گەرەکەکـەمان. دەمێـك بـوو گۆشـتمان نـەخواردبوو، چـوومەلای بـۆ کڕینـی کیلۆیـەك گۆشـت، کـە پـارەم دەرهێنـا بیدەمیێ، داوای پارەیەکی زۆر کەمی کـرد. منـیش وتم: لەکەیـەوە گۆشـت وا هەرزان بووە، یان دەتەوێ خێرم پێ بکەیت؟! وتی: نـەخێر، مەسـەلەکە وا نیـە کـە تـۆ تێـی گەیشـتووی، لـەوەتی خـەڵکی ئـەم شـارە ڕایـانکردووە، مەڕومالاتێکی زۆر بێ خاوەن ماونەتـەوەو منـیش دەیانگرمـەوەو بـە خێـری خاوەنەکانیان سەریاندەبڕمو بە نرخێکی کەم دەیانفرۆشم.

ئەو گۆشتفرۆشە، بە مەڕومالاتی خـەڵکی لەماوەیـەکی زۆر کـورت بـووە خاوەنی پارەو پوولێکی زۆرو ئەمەش وایلێکرد هـەژاری خـۆی لـەیاد بکـاتو غـرور بێـت. هەرچـەندە هاوسـەرگیری کردبـوو خـاوەنی دوومنـداڵیش بـوو، کەچـی ژنێکـی تـری بەسـەر هاوسـەرەکەی هێنـاو بـەو ڕۆژە ناخۆشـە ئاهەنگێکی گەورەشی بۆ گێڕا. بەڵام هێندەی نەبردو دوای چەند هەفتەیـەك لەیەك جیابوونەوەو ئەو پارەو پوولەی کۆی کردبۆوە لەسەری دانا.

کـە بـەوەم زانـی ویسـتم دڵـی بدەمـەوە، چـوومە لایو پـێم وت زۆرم پێناخۆشـە لەیـەکتری جیابوونەتـەوە. لـە قاقـای پێکـەنینی داو وتـی: هـەر گوێشی مەدێ، عەرەب وتەنی (مال الهوی للهوی) ، خۆ منیش ئارەقەم بەو

پارەیە نەکردووە، خۆت دەزانی گشتیم لە فرۆشتنی مەڕومالآتی خەڵکی دەستکەوتووە.

دوای ماوەیەك پەیتا پەیتا خەڵك بەرەو شاری هەولێر گەڕایەوەو لەناو خەڵکی بووە قسەو باس، دەیانوت حکوومەت وەکو جاران نەماوە، خواخوایەتی خەڵك لێی ڕازی بێت بۆیە باوەشی بۆ کردونەتەوەو هیچ دەنگیان لەگەڵ ناکات.

ماوەیەك بێ ئیش بووم، دوایی بەباشم زانی جارێکی تر دوکانەکەم بکەمەوەو شیرینی منداڵانو ساردەمەنیو میوەجاتی تیا بفرۆشمو بژێوی ژیانی خۆمو خانەوادەکەمی پێ دابین بکەم.

بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، متمانە لە نێوان حکوومەتو هاوڵاتیان نەمابوو، هەردوولا بە چاوی گومانەوە سەیری یەکتریان دەکرد. ئەم دۆخەش هەندەی نە خایاندو ئەمجارە حکوومەت بە ناچاری دامودەزگاکانی خۆی بۆ ئەو دیوی شارۆچکەی قوشتەپە گواستەوەو بەمەش جارێکی تر بێ لە شاری کەرکووك، شارەکانی تری کوردستان لە پیاوانی حکوومەت پاك کرانەوە.

شاری هەولێر وەکو شاری تارمایی لێهاتبوو، نە کارەباو نە ئاوو تەنانەت بچووکترین خزمەتگوزاریشی لێنەمابوو، دانیشتوانەکەشی بەبێ ئیشوکار دەخولانەوەو دامودەزگاکانی حکوومەتیش دووبارە تاڵانکرانەوەو وێران کران.

ئـــەم دۆخـــەش زۆری نەخایانـــدو حیزبـــە کوردییـــەکانی نـــاو بـــەرەی کوردستانی بڕیاریاندا لەماوەیـەکی زۆر کورتـدا بـۆ پێکـەوەنانی پەرلـەمانو حکوومەت هەڵبژاردن ئەنجام بدەن.

خـەڵکی کوردسـتان زۆر تامـەزرۆی ئـازادیی بـوون، بۆیـە ئـەم هەڵـەیان قۆستەوەو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردییـان دەرکـردو ژمـارە حیزبو ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبوون، تەنانـەت وای لێهاتبوو هەندێك خانەوادە لەژێر ناوێکی گەورەو دروشمێکـی بریقـەدار، حزبێك یان ڕێکخراوێکیان بۆخۆیـان دروسـت دەکـرد. هەنـدێك لـەو حیزبانـە لەلایەن کەسـانێکەوە بـەڕێوەدەبران لـە پەنجـەی دەسـت ڕەتـی نـەدەکرد، کەچی دروشمـی دەوڵـەتی کوردسـتانی گەورەشـیان بـەرزکردبۆوە. سـەرۆك جاشو ئامر مـەفرەزەکانی ئـەمنیش بەسـەر ئـەو حزبانـەدا دابـەش ببـوونو وەکو جاران لافیان بەسەر خەڵکە ڕەشو ڕوتەکە لێدەدایەوە.

ڕۆژێك لـە دوکانەکـەم دانیشـتبووم، وەسـتا ئەحمـەد هاتـە لامو سـڵاوی لێکردم. وتم: دابنیشە ساردییێکم لەلا بخـۆوە؟ قبـوڵی کـردو لـەلام دانیشـت. ڕووم تێی کردو پێم وت: وەستا ئەحمەد چی هەیەو چی نیە؟

هەناسـەیەکی قـوڵی هەڵکێشـاو وتـی: لـەکوێ دەسـتپێبکەمو لـەکوێش کۆتایی پێبهێنم. وتم: بۆچـی بـووە؟ شـتێك بڵـێ بـابزانم ئـەم ئـاخو ئۆفـەت لەچیە؟

وتی: خۆت دەزانی من لەسەردەمی حکوومەتی ناوەند بەڵێندەری دروستکردنی خانووبەرەو باڵاخانە بووم، ماوەیەکیشە بەبێ کار ماومەتەوەو باری ئابووریم هەتادێت خراپتر دەبێت، تەنانەت وای لێهاتووە خەرجی منداڵەکانم پێ دابین ناکرێت.

منیش وتم: هەتاکەی چاوەڕێ دەکەیت، بۆچی برادەرێکت نیە یارمەتیت بداتو کارێکت بۆ بدۆزێتەوە؟ وتی: با زۆرکەس دەناسم، بەڵام ئەوانەی من دەیانناسم هەموویان بەرپرسانی پێشووی دامودەزگاکانی حکوومەت بوونو ئێستا لەو دیو پردێ لە حکوومەتی ناوەندی کاردەکەن.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا وتی: یەکێك لەو کەسانەی کە پێشتر بەهۆی کاری بەڵێندەرایەتیەو دەمناسی، کەسێکی بەڕەگەز عەرەب بوو، ئەو پێشتر لە شاری هەولێر بەرپرسی هەواڵگری سەربازی بوو، ئێستا لە شاری کەرکووك دادەنیشێتو بەرپرسی هەواڵگری سەربازیی باکووری عێراقە، لەو ڕۆژانە سەردانیم کردو باسی وەزعی خۆمم بۆی کرد، وتی: چیت دەوێ هەتا بۆت بکەم؟ منیش وتم: حەزدەکەم یارمەتیم بدەیتو کارێکم بۆ بدۆزیتەوە، تا ژیانی خۆمو منداڵەکانمی پێ بەڕێوەببەم. وتی: زۆرباشە، دەتوانی کۆنە هاوڕێکانی خەباتی سیاسی خۆت، کە پێشتر کاری سیاسیت لەگەڵیان کردووە کۆیان بکەیتەوەو حزبێکیان لێ پێك بهێنیت؟

کە وەستا ئەحمەد ئەمەی وت زۆر سەرم سوڕما، پێم وت: وەستا ئەحمەد دەزانی تۆ چی دەڵێی؟ مەگەر تۆ پێشتر لە حزبێکی بەرهەڵستکاری

حکوومەت کارت نەکردبێ؟ ئەی تۆ ئەندامی سەرکردایەتی حزبێکی چەپڕەو نەبوویت؟ چۆن شتی وا دەبێت؟!

وەستا ئەحمەد جگارەیەکی دەرهێنـاو دایگیرسـاندو دوو قـومی درێـژی لێداو وتی: ڕێك وەهایە، ئەو مەبەستی ئەوەبوو منو ئەو کادیرانـەی پێشـوو کە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردی وازمان لە سیاسەت هێنـاوە حزبێـك لە شاری هەولێر دروست بکەینو بودجەکەی لەوان وەربگرین.

منیش وتم: جا گریمان ئەو حزبەتان دروستکرد، چ سوودێکی بـۆ ئـەوان دەبێت؟ وەستا ئەحمەد بە پێکەنینەوە وتی: ئەو مەبەستی ئەوەبوو لـەبری ئەو یارمەتیە ئەجندەی ئەوان جێبەجێ بکەین.

منیش وتم: وەسـتا ئەحمـەد تـۆ چیت وت؟ وەسـتا ئەحمـەد وتـی: تـۆ سالآنێکی زۆرە من لە نزیکەوە دەناسیت، من با ئەو پرسیارە لە تـۆ بکـەم، ئایا ئەمە لە سەرو ڕیشو ئەخلاقی من دەوەشێتەوە؟! منیش وتم: من ئەوە دەزانم بۆیە ئەو پرسیارەم لێکردیت. بـەڵام تـۆ باسـی شـتێکی وا دەکـەیت، مێشکم پێی هەزم ناکرێ.

وەستا ئەحمەد وتی: بۆ کە ئەمەی پێوتم: منیش پـێم هـەزمکرا؟ بۆیـە پــێم وت: ئێــوە چــۆن دەتــوانن یارمــەتیمان بــدەن لــەکاتێکا گشــت دامودەزگاکانی خۆتان لە هەرێمی کوردستان کێشاوەتەوە؟ وەستا ئەحمەد لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: کەئەمـەم وت بەرپرسـی هـەواڵگری بـاکوور پێکـەنینی بـە قسـەکانم هـاتوو وتــی: ئــەوەتۆ بەڕاسـتیتە، چـما وای

تێگەیشتووی؟! ئێمە چۆن دەستبەرداری كوردستان دەبین، ئەو بەشێكە لە عێراقو وەكو گلێنەی چاوەكانمان دەیپارێزین.

منیش وتم: ئەی بۆچی داموودەزگاكانی خۆتان لێی كشاندەوە؟ كە ئەمەم وت بەرپرسی هەواڵگری باكوور دەستی خستە سەر شانمو وتی: تۆ كەسێكی ئاقڵی، دەمزانی ئەو پرسیارەم لێدەكەیت، ئەم مەسەلەیە زۆر دوورو قوڵە، خۆت دەزانی ئێستا ئەمریكاو زایۆنیزم دەستیان خستۆتە ناو كاروباری عێراقەوەو بەداخەوە بەشێكی زۆری وڵاتە عەرەبیەكانیش بەتایبەتی وڵاتانی كەنداو هاوكاری دەكەنو زانیاری هەواڵگری پێدەدەن، بۆیە لەم قۆناغەدا وامان بەباش زانی مامەڵەیەكی تایبەت لەگەڵ ئەو ناوچەیە بكەین، تا ئەو كاتەی پلانی گڵاوی دوژمنەكانمان پووچەڵ دەبێتەوە، ئەوسا جارێكی تر بە هێزەوە دەگەڕێینەوە.

قسەكانم بە وەستا ئەحمەد بڕیو پێم وت: پێم بڵێ ئێستا ئەوان دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەو حزبەوە چ ئەجێندایەكیان بۆ جێبەجێ بكەی؟

وەستا ئەحمەد وتی: بەكورتی ئەوان دەیانەوێ حزبێكی كارتۆنییان بۆ لێرە دابمەزرێنمو وەكو دوكانی عەتاری لەسەری دابنیشمو سەرنجو پێشنیاریش لەوانەوە وەربگرمو ئامانجی ئەوان بەدی بهێنم. خۆت دەزانی من خەباتێكی زۆرم هەیەو لە ڕابردوو چەندین جار لەسەر هەڵوێستی سیاسی چەپڕەوی زیندانی كراومو ئەشكەنجەدراوم. ڕاستە لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕی كورد وازم لە سیاسەت هێنا، بەڵام خۆم نەدۆڕاندو

خەریکی کاری بەڵێندەری بوومو توانیم بە ئارەقەی نیوچەوانم بە سەربەرزی بژیمو بژێویماڵو منداڵەکانیشم دابین بکەم، بەڵام ئێستا نە کارماوەو نەپیشە. ڕاستە حکوومەتو پەرلەمانمان هەیە، بەڵام لە واقیعدا هیچ نەگۆڕاوەو هەرکەسێك بۆ خۆی کاردەکاتو کەس بەکەس نیە، بەڵام ئەمانە هەرهەمووی ئەوە ناگەیەنێت بۆ پارەو پول گو لە خەباتی خۆم بکەم، بۆیە داواکەیم ڕەتکردەوە.

وەستا ئەحمەد لە خەمان هیچ ئۆقرەی نەبوو، ئەوەندەی لەلای من دانیشت پاکەتێك جگارەی کێشاو خواحافیزی لێکردمو هەستا ڕۆیشت.

قسەکانی وەستا ئەحمەد منی بردە ناو دەریای خەیاڵێکی قووڵەوەو لەبیری خۆمدا دەموت (بۆ دەبێ ئێمە میللەتێکی هێندە بەدبەخت بینو دەبێ هەمیشە داردەستی دوژمنەکانمان بین، تاکو دوێنێ حکوومەت ولاتفرۆشی نیشتمانەکەمی دەکردە جاشو فەوجی بۆ دەکردنەوەو ئێستاش بەناوی حزب دوکانی عەتارییان بۆ دەکاتەوە).

ولاتەکەم پڕە لە ڕووداوی سەیرو سەمەرە، ئەگەر ولاتان ئالایەکیان هەبێت، لێرە هەرکەسێك ئالایەکی هەیە، ئەگەر گەلان ڕابەرێکیان هەبێت، لێرە هەر کەسێك خۆی بە ڕابەر دەزانێت. هەربۆیە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، کۆمەڵێك حیزبی نوێ دامەزرانو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ژمارەیان زیادی دەکرد.

لـە هەمووشـی سـەیرتر هـەر حیزبێـك لـەو حزبانـە، مێژوویـەکی پـڕ لـە خەباتی بۆ خۆی دەنووسیەوە. لە ڕۆژێکدا چوار حیزب بـەجارێك بـە بۆنـەی یادی پەنجاو شەشەمین سالڕۆژی دامەزراندنیانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا.

لەم دواییەدا، هەرچەند کەسێك حیزبێك یان ڕێکخراوێکیان دادەمەزراند، منــیش ویســتم ڕێکخراوێــك دروســت بکــەم. ســەرەتا دەســتم کــرد بــە کۆکردنەوەی ناوی ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووە، تـاکو بزانم چ بوارێك ماوە کەس خۆی لە قەرەی نەدابێ بۆ ئەوەی ئەسـپی خـۆمی لێ تاوبدەمو کاری لێبکەم.

باوەڕبکەن، هەرچەندی بیرم لێـی کـردەوە، شـتێکی وا بـۆمن نـەمابۆوە تۆزێـك ڕێگـای تێبچـێت، تەنانـەت کاسـبکارانو بێکـارانو ژنـانو پیـاوانو کورتەبالاو کەم ئەندامانیش ڕێکخراویان بۆ دروستکرابوو، لـە حیـزبیش هـەر مەپرسە، لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ حیزبیان بۆ دروستکرابوو.

دەمێك بیرم کردەوە، لە پڕێکدا بیرۆکەیـەکم بـە مێشـکداهات، لەوانەیـە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە خەیاڵتاندا نەهاتبێت.

ئێمە کە باسی مرۆڤایەتی دەکەینو لـەژێر پـەردەی ئـەم مرۆڤایەتیـەوە ئەم هەموو حیزبو ڕێکخراوانەمان دامەزراندووە، بـەلاَم ئـەو ڕێکخـراوەی بـە خەیاڵی مندا هات، نە کۆمەلاَیەتیەو نە مرۆڤایەتی.

زۆرجـار لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە بیانیـەکان خوێندوومەتـەوەو لـە ئیزگـەو تەلەفزیۆنەکانیش گوێبیستی بوومە، کە لە ولاَتە پێشکەوتوو دیموکراتـەکان

بیریان لە مافی ئاژەڵانیش کردۆتەوەو ڕێکخراوی بەزەییپهاتنەوەیان بۆ دامەزراندون. گۆرانی بێژی بەناوبانگی جیهانی بریجیت باردۆ دوا تەمەنی ژیانی بۆ خزمەتکردنو بەزەییهاتنەوە بە ئاژەلان تەرخانکردو ئەو سامانە زۆرەی کە بە گۆرانی گوتن لە تیاترۆخانەکان پەیدای کردبوو، بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵانو ڕزگارکردنیان لە مردنو قڕبوون تەرخانکردووە.

قاچێکم کردە دوانو بە پەلە خۆم گەیاندە دیوانی پارێزگا. هەر بە ڕێگاوە دەیان بیرۆکەی سەیرو سەمەرەم بەخەیاڵدا دەهات، دەمێك دەموت (ئەگەر ئەم ڕێکخراوەم بۆ بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵان دروستکرد، ئەوا گشت ئاژەڵە کێویەکانی وڵاتەکەم لە لەناوچوون ڕزگاریان دەبێتو هیچیتر پیرە ورچو بەرازەکان لە ترسی ڕاوچیان لەناو ئەشکەوتەکان خۆیان ناشارنەوەو زستانانیش بۆ تۆزە خۆراکێك لەو شاخو کیوانەش سەرگەردان نابنو دەیانگوێزمەوە بۆ باخچەی ئاژەڵانو لەوێ بۆخۆیان بە ئاسوودەییو بەبێ ترسو لەرز ژیان بەسەردەبەن).

بەهەرحاڵ، خۆم گەیاندە لای بەرپرسی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە دیوانی پارێزگاو عەرزوحاڵێکم دایە دەستی، تیایدا داوای مۆڵەتی ڕێکخراوێکم بەناوی (ڕێکخراوی بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵان) کرد.

بەرپرسی ڕێکخراوەکان دەمێك بەدیار نووسراوەکەم داماو هیچ قسەیەکی نەکرد، دوایی قومێکی درێژی لە جگارەکەی داو تەماشایەکی

کردم. منیش لە دڵی خۆمدا دەموت دیارە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەی بەلاوە باشە بۆیە بێدەنگ بووە.

دوای تۆزێك عەرزوحاڵەکەمی خستە لایەکەوەو ڕووی تێکردمو وتی: ئەوە تۆ دەتەوێ چی بکەیت، بۆ لە وڵاتی ئێمە مرۆڤەکان مافیان هەیە تا ئاژەڵەکان مافیان هەبێت؟ منیش وتم: ئەی ئەوەنیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئاژەڵانیش بایەخیان پێدەدرێتو دەیان ڕێکخراوی جۆراوجۆر بۆ بەزەیی پێهاتنەوەو پاراستنیان دامەزراون.

وەڵامی دامەوەو وتی: کاتێك بیر لەمە بکەوە کە مرۆڤی ئێمەش وەکو مرۆڤی ئەوان بووە خاوەنی گشت مافەکانی، نەك وەکو ئێستا کە لە بچووکترین مافەکانی بێبەش کراوە.

هەندێك بیرم کردەوە، قەناعەتم بە قسەکانی هات، مەعامەلەکەم لێی وەرگرتەوەو بە بێئومێدی گەڕامەوە ماڵەوە. ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە هەر بیرم لەلای قسەکانی ئەو بەرپرسە بوو، لەلایەك دەموت (چۆن دەبێ دەیان حیزبو ڕێکخراوی سیاسی لە وڵاتەکەم هەبێت بەڵام بۆ داکۆکیکردن لەو ئاژەڵە کێویانە تەنانەت یەك دانە ڕێکخراویش نەبێت)، لەلایەکی تریشەوە دەموت (ئەو بەرپرسە ڕاست دەکات ئێمە چ سوودێکمان لەو ژمارە زۆرەی حیزبو ڕێکخراوانە وەرگرتووە تاکو بیر لە ڕێکخراوی ئاژەڵان بکەینەوە).

-٢٦-

# لە دوکانداریەوە بۆ دوکانێکی تر!!

برادەرێکم هەبوو، مامۆستای زانکۆ بوو، سیاسییێکی کۆنو پێشمەرگەیەکی دێرین بوو، لەجیاتی سەرقاڵبوون بەکارو پیشە ئەکادیمیەکەی ، خەریکی دامەزراندنی حیزبێك بوو. منیش ئێواران لە ماڵەکەی خۆی سەردانم دەکردو بەیەکەوە باسی بارودۆخی دونیامان دەکردو شیکاریی سیاسیمان بۆ ڕووداوەگرینگەکان دەکرد، بە تایبەتی پرسی سەربەخۆیی کوردستانو سەرفرازی گەلی کورد.

خاڵێکی هاوبەش ئێمەی بەیەکەوە بەستبۆوە، ئەویش خۆشەویستی نیشتمانو خەونی سەربەخۆیی کوردستان بوو. زۆر باسی سەربەخۆییمان دەکرد، بەڵام نەماندەزانی چۆن ئیشی بۆ بکەین تاکو بێتەدی.

زۆرجار کە بیرم دەکردەوە لە خەیاڵی خۆمدا دەموت (ئەم مامۆستایە دیارە نیازی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی هەیە بۆ هێنانەدی خەونەکانی، ئەگینا بۆ لەجیاتی بایەخدان بە قوتابیەکانی هەر خەریکی ئەم بابەتەیە)!!

ئەو مامۆستایەی زانکۆ هەر بەوەندەش نەدەوەستا، بەڵکو شاشەی زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی بە ئامانو زەمان گرتبوو وەکو بنیشتە خۆشە هەموو ڕۆژێك هەر باسی سەربەخۆییو ئیمارەتە کوردییەکانی

دەکردو دەیوت: کورد لە کۆنەوە چەندین ئیماراتی سەربەخۆی هەبووە، چی تیایە ئەگەر دەوڵەتێکی هەبێت، نموونەشی بە فاتیکان دەهێنایەوەو دەیوت: ئەوی ئەوە نیە فاتیکان بەقەدەر شارۆچکەی شەقلاوەیەو دانیشتوانەکەشی هەزار کەس نابێت کەچی دەوڵەتیشە.

ئەو مامۆستایە کە ئەم نموونانەی دەهێنایەوە، زۆر گەشبین دەبووینو قەستی ئەوەمان دەکرد پشتێنی خۆمان بکەینەوەو ئاڵایەکی لێ دروست بکەینو سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنین.

بەیانییێك تازە دوکانەکەی خۆم کردبۆوە، خەریکی ڕێکخستنی کەلو پەلەکانی بووم، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا، هەڵمگرت، ئەو برادەرەم بوو، وتی: هەر ئێستاو بە پەلە وەرەلام بارەگای حیزبەکەم لە نزیك خانووەکانی پەرلەمانە لەسەر شەقامی شەست مەتری. منیش وتم: چ کارێکت پێم هەیە؟ وتی: کە هاتیتەلام دەیزانی. زۆرم مەراق بوو، بزانم بۆچی دەیەوێ بمبینێ، زۆر هەوڵمدا پێم بڵێت بەڵام بێ سوود بوو. ئەو سوور بوو لەسەر قسەی خۆیو وتی: کە هاتیت هەموو شتێك دەزانیت. منیش وتم: ناوی حیزبەکەتان چیە؟ وتی: ناوی (حیزبی ویلایەتی موسڵە).

دوکانەکەم داخستو قەمارەیەکی تاکسیم ڕاگرتو پێم وت: دەمەوێ بچمە بارەگای حیزبی ویلایەتی موسڵ. شوفێری تاکسییەکە کوڕێکی گەنج بوو، بە سەرسوڕمانەوە وتی: لە ناو دەقەکانی پەیماننامەی سیڤەرو لۆزان ئەم ناوەم گوێ لێبووە، بەڵام نەمزانیوە لە کوردستان حیزبێك بەم ناوە

هـەبێت. وتم: تـۆ لێبخـوڕە بمگەیەنـە خانووەكـانی پەرلـەمانتاران لەسـەر شەقامی شەست مەتری خۆم دەیدۆزمەوە.

كە گەیشتمە جیٚ، لە تاكسییەكە دابەزیمو بە دەم پرسیارەوە لـەویٚ بـۆ ئەویٚ زۆربەی خانووەكانی ئـەو نـاوەم بەسـەركردەوە، هـەر بـۆ دەرمـانیش پارچـە نووسـینێك یـان لافیتەیـەكم بـەم نـاوە لـەهیچ شـوێنێك نـەبینی. لـە هەركەسێكیشم دەپرسی دەیوت (حیزبی وام گویٚ لیٚ نەبووە)!!

دوای كاتژمێرێك گەڕانو سوڕان، گەنجێك بە دەستەكانی ئیشـارەتی بـۆ خانوییێكی گەورە كردو وتی: خەڵكانێكی زۆر بەیانیانو نیوەڕۆیانو ئێـواران بۆ نانخواردن ڕوو لەو خانووە دەكەنو لەوەدەچیٚ چێشـتخانە یـان دەزگـای خێرخوازی بێت. جارێك منـیش نـانم لـەویٚ خـوارد، بـەڵام نـازانم بۆچـی كـە هاتمە دەرەوە كەس داوای پارەی لێنەكردم؟ ئەگەر سەردانی ئەویٚ بكەیت، كەسـانێكی زۆری لێیـە، ئەگـەر لێیـان بپرسـیت لەوانەیـە شـتێك بـە شـتێك بكەیتو پێت بڵێن.

بەقسەی ئەو كوڕە گەنجەم كردو چوومە ئـەویٚ. قسـەكەی وا دەرچـوو، دەیـان كەسـی گـەورەو بچـووك لــە دیوەخانەكـە دانیشـتبوونو ماسـتو سـەرتوویان لەبـەردەم بـوو لەگـەڵ سـەموونو چـایە دەیـانخوارد. سـڵاوم لێكـردنو بـەدەم نانخواردنـەوە سـڵاویان لێوەرگرتمـەوەو پـێم وتـن: نـازانن حیزبی ویلایەتی موسڵ لەكوێیە؟ وتیان (ئێرە حیزبی ویلایەتی موسڵە).

وامزانی گاڵتەم پێدەکەن، چونکە ئەو وەزعەو حیزبیان نەوتبوو، ئەو شوێنە لە چێشتخانەیەکی خێرخوازیو تەکیەو خانەقا دەچوو.

دیسان لێیانم دووبارە کردنەوەو وتم: مەبەستم حیزبی ویلایەتی موسڵە لێم تێدەگەن؟ کوڕێکی گەنج لەناو ئامادەبوان وتی: خاڵە شەرم مەکە، ئەگەر نانت نەخواردووە سینییەك ڕاکێشەبەردەمی خۆتو نانمان لەگەڵ بخۆ.

کەوتمە گومان، لەبیری خۆم دەموت (ئەگەر چێشتخانەش بێت وانابێت، تۆ بڵێی تەمبەڵخانە یان هەتیوخانە نەبێت؟! یان دەزگای سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی بێت؟ بۆ نا؟ ئەی ئەوە نەبوو منیش نیازی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵانم هەبوو، دیارە خاوەنی ئەم دیوەخانەیەش بیری لە بەزەییهاتنەوە بە مرۆڤە کەمدەرامەتەکان کردۆتەوەو ئەم چێشتخانە بەخۆڕاییەی بۆ تێرکردنی برسییەکان دروستکردووە ! !)

جارێکی تر ڕاوێژی مێشکی خۆمم کردەوەو بۆ دڵنیابوون بەباشم زانی هەمان پرسیار دووبارە بکەمەوە، ڕووم لە کوڕە گەنجەکە کردەوەو پێم وت: تێنەگەیشتم تۆ چیت وت؟ وتی: هەروەکو وتم: ئێرە بارەگای حیزبی ویلایەتی موسڵە. وتم: هاتوومە بۆ لای مامۆستا شەوکەت. وتی: ڕاست بڕۆ تا دەگەیتە ژووری چایەچیەکەو لەوێشەوە بە پێبلقانەکە سەربکەوەو پرسیار بکە پێت دەڵێن.

چـــوومە نهـــۆمی ســـەرەوە، کەســـێکم بینـــی خاولییێـــك‌و لیفکەیـــەکی بەدەستەوە بوو، چووە ژووری گەرماوەکە، ئەو کەسەم پێشتر نەبینی بـوو، بۆیــە نەمناســی. لــەبیری خــۆم دەمــوت (بارەگــای حیــزب‌و گەرماوخانــەو چێشتخانەیان نەوتووە، تۆ بڵێی بارەگای حیزب بێت؟!).

من لەم خەیاڵانەدابووم، برادەرەکەم کوپێك چایەی بـە دەسـتەوە بـوو هاتــە بەرامبــەرم‌و پێــی وتم: دەمێکــە چاوەڕێت دەکــەم بۆچــی دواکــەوتی؟ منیش وتم: کاتژمێرێك زیاترە لێتان دەگەڕێم، کەس بارەگـای حیزبەکـەتانی پێنەدەزانی. وتی: دەنا خەڵکانێکی زۆر دێنە لامان‌و شەوو ڕۆژ جمەی دێت. منــیش وتم: ئەمــە بارەگــای حیزبــە یــان چێشــتخانەیە؟ بەێکەنینــەوە وتــی: هەردووکیانە.

دەستی گرتم‌و ڕایکێشام بۆ ژوورەکەی خۆی، سەرم خستە بن گوێی‌و بە ئەسپایی پێم وت: ئەم زەلامە کێیە کە لیفکەو خاولی بەدەستەوەیەو لەبـەر دەرگـــای گەرماوەکـــە ڕاوەســـتاوە؟ وتـــی: بـــۆ نایناســـیت؟ وتم: نـــەخێر یەکەمجارە بیبینم. وتی: جێگری سـەرۆکی حیزبەکەمانـە. وتم: بۆچـی لێـرە خۆی دەشوات، ئەی لە ماڵی خۆیان گەرماوی نیە؟ وتـی: ئـەم خـانووە هـی خۆیەتی، هەم ماڵی ئەوەو هەمیش بارەگای حیزبەکەمانە، باشـتر وایـە بڵـێم دیوەخانەکەیەتی.

چەندی کردم سەرم لەم قسانە دەرنەچوو، لەبیری خۆم وتم (هـەتا سـەر بمینــیٚ قــوون عاجباتیــان دەبینــیٚ). بەهــەرحاڵ لەگــەڵی چــوومە ژوورەوە.

جەنابی مامۆستا دوای بەخێرهێنان و ڕێزلێنانێکی زۆر، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و قسەی لەگەڵ کەسێك کرد بۆ ئەوەی ناوی بهێنێت وتی: میوانێکی خۆشەویستمان هاتووە، لەگەڵ خۆت کوپێك چایەی بۆ بێنە و وەرە.

له دڵی خۆم وتم (دیارە ئەو پیاوە خزمەتکاری بارەگاکەیە). هەندەی پێنەچوو، پیاوێکی سورو سپی ڕەقەڵەی بەژن درێژ بەخۆی و کوپێك چایەوە هاتە ژوورەوەو وتی: مامۆستا ئەم چایە لە کوێ دابنێم؟ ئەویش ئیشارەتی بۆمن کردو وتی: ئەم چایە لەبەردەم ئەم مامۆستایە دابنێ و دوایی بڕۆ بانگی بەرپرسی ڕێکخراوی خوێندکاران و گەنجانیش بکەو بەیەکەوە وەرنە ژوورەوە. وتی: بەڵێ مامۆستا. ئەمەی وت و چووە دەرەوە. دوای تۆزێك لەگەڵ پیاوێکی چوارشانەی باڵا بەرزی سەرکەچەڵ هاتە ژوورەوە.

کە سەیری قەڵافەت و جل و بەرگی ئەو دوو پیاوەم دەکرد، لەوە نەدەچوو خزمەتکاربن، بەڵام بەگوێرەی چای هێنان و ئاوهێنان و ئامادەباشیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ناو دیوەخانەکە هەر لە خزمەتکار دەچوون.

بەهەرحاڵ، برادەرەکەم ڕووی تێکردم و وتی: با سەرەتا بەم دوو زاتەت بناسێنم، یەکەمیان: بەرپرسی لقی پایتەختەو ئەوی تریش بەرپرسی ڕێکخراوی خوێندکاران و گەنجانەو هەردووکیشیان ئەندامی سەرکردایەتی حیزبن. ڕووی لەوانیش کردو وتی: ئەم مامۆستایەش (مەبەستی من بوو) پێشمەرگەی دێرینەو بە بڕیاری ئاغا لە دوێنێوە بووەتە ئەندامی

سەرکردایەتی‌و لەمەودوا لەگەڵ ئێمە کاردەکات. کە ئەمەی وت هەردووکیان سەیری یەکتریان کردو منگە منگێکیان لێوەهات‌و ڕوویان تێکردم‌و وتیان: پیرۆزباییت لێدەکەین.

ئەمە بۆمن شتێکی کتوپڕ بوو، پێشتر هیچ زانیاریم لەسەری نەبوو، بۆیە سەرم خستە بن گوێی برادەرەکەم‌و وتم: تۆ ئاگات لێیە چی دەڵێی؟ وتی: بۆیە پێشتر پێم نەوتیت ویستم بۆت بکەمە سوپرایز. وتم: ئەی تۆ لێرە چ کارێك دەکەیت؟ وتی: من سکرتێری حیزبم. وتم: ئێوە بۆچی تێدەکۆشن؟ ئیشارەتی بۆ تابلۆیەك کرد کە لە پشت سەریەوە بە دیوارەکە هەڵواسرابوو وتی: دروشمی حیزبەکەی ئێمە دابینکردنی نان‌و ژنهێنانی ئاسان‌و سەربەخۆیی هەرچوار پارچەکەی کوردستانە.

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، لە نهۆمی خوارەوە دەنگیان داین وتیان: نانی نیوەڕۆ ئامادەبووە، وەرن نانەکەتان بخۆن هەتا سارد نەبۆتەوە. برادەرەکەم قسەکانی خۆی بڕی‌و وتی: بابچین نانبخۆین دەنا بەشمان نامێنێ، دوایی قسەکانمان تەواو دەکەین.

چووینە ژووری دیوەخانەکە، پڕی کورسی‌و مێزیان کردبوو، دەتوت چێشتخانەیە، بەچاو تروکانێك جێگا نەما کەس لێی دابنیشێت، نەمزانی ئەم هەموو کەسە لەکوێ پەیدا بوون، قۆڵ‌و باسکیان لێی هەڵکردبوو، مرە مڕو فلچە فلچی دەمیان دەگەیشتە دەرەوە، دەتوت سن‌و کیسەڵەن بەچاوتروکانێك مێزەکانیان پاك کردەوە.

پیرەمێردێکی قەڵەوی لێبوو، دەتوت بنە کوپەیە، هەندەی خواردبوو، سکی گەیشتبووە لای قورگی، ناوە ناوە شیشێك تکەی ڕادەکێشاو هەر بە شیشەوە بۆ ناو دەمی دەبردو هەموو پارچە گۆشتەکانی بەجارێك هەڵدەلووشی.

سەرم خستە بن گوێی برادەرەکەمو پێم وت: ئەم پیرەمێردە کێیە؟ وتی: ئەمە کۆنە شۆڕشگێڕەو جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزبەکەمانەو ئاغای دەشتی (کۆیە)یە، زەویو زارێکی زۆرو کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی هەیە.

پیاوێکی تریش هەندەی لە سکی پەستابوو، وەکو فتبۆڵی لێهاتبوو، خۆی لەسەر کورسییەکە ڕانەدەگرت، بۆیە لەسەر زەویەکە چوار مەشقی لێی دانیشتبوو. سینییێکی پڕ لە کەبابو گۆشتی برژاویشی لەناو کۆشی دانابوو، ئەوەندەی خواردبوو، ناوە ناوە هێڵنجی دەهاتێ. وتم: ئەی ئەم زەلامە کێیە؟ وتی: بەرپرسی کارگێڕیو دارایی حیزبەکەمانە.

ئەفەندییێکی تریش وەکو پشیلە بە دەوری سفرەکاندا دەسوڕایەوەو لە هەر شتێك لوقمەیەکی دەخوارد. وتم: ئەم ئەفەندییە کێیە؟ وتی: ڕاوێژکاری حیزبەکەمانە.

هێشتان دەستم لە خواردن هەڵنەگرتبوو، دوو منداڵی سەر خڕی ئەسمەر بە پێ خواسی بەژوورکەوتنو هاتنە سەر خوانەکەو کەوتنە

سەرخواردن. وتم: ئەی ئەمانە کێن؟ وتی: ئەمانە بێکەسن‌و جێگری سەرۆکی حیزب ڕایگرتوون‌و لە ڕاهی خوا بەخێویان دەکات.

نانەکەمان خواردو دوای ئەویش هەندێك شفتی‌و گندۆرەیان هێناو کوز کوزیان کردو کەوتینە سەری‌و ئەویشمان بە دەردی نان‌و کەبابەکە بردو دوای ئەویش تاقمە چایەکمان بۆ هات‌و هەر بە گەرمی ئەویشمان بەسەریدا فڕکردەخوارەوە. ڕووم لە برادەرەکەم کردو پێم وت: ئەوجا چیبکەین باشە؟ وتی: تۆ هیچ مەکە، لەسەر دوکانەکەی خۆت بەردەوام بەو جاروباریش پیاسەیەکی ئێرە بکەو نان‌و چایەکمان لەگەڵ بخۆ، ئەگەر ڕاو سەرنجێکیشت هەبوو پێمان بڵێ دەنا هیچ. وتم: ئەی گلەییت نایەتەسەر ئەگەر ڕۆژانە لێرە ئامادەنەبم؟ وتی: نا پێویست ناکات، ئێمە بە پێچەوانەی حزبەکانی تر، لەجیاتی ئەوەی جەماوەر بۆلای خۆمان بێنین، خۆمان دەچینە ناو جەماوەرو نامانەوێ ئەزیەتیان بدەین، جا تۆ لەدوکانەکەی خۆت چەند چاوت بە خەڵك بکەوێت‌و قسەت لەگەڵیان خۆشبێت هێندە بۆ ئێمە باشەو ئەوان بە جەماوەری خۆمان دادەنێین. وتم: ئەی من پەیوەندیم بە کێ وەهەیە؟ وتی: پەیوەندی ڕاستەوخۆت بە منەوە هەیەو ئەگەر حەزیش بکەیت پێم باشە بۆ هەرسێ ژەمەکانی نانخواردن بێیتە ئێرەو بەیەکەوە نانێك دەخۆین‌و دوو قسەش دەکەین. وتم: بێ لە نانخواردن چیتر هەیە بیکەم؟ وتی: جارێ هیچ ئیشمان نیە، کەی سەربەخۆییمان بۆ کوردستان بەدەست هێناو بنکەو بارەگاکانمان لە هەموو شارو

شارۆچکەیەك کردەوە، ئەوکات ئیش و کارمان زۆردەبێت، بەڵام تاکو ئەوکاتە دەتوانی بە ئیش و کاری خۆتەوە خەریك بیت و سەری مانگانیش سەردانمان بکەیت و مووچەکەت کە بڕی هەزار دینارە وەریبگریت.

زۆر سەرم لە قسەکانی دەرنەچوو، بەڵام شەرمم کرد ئەو هەموو پرسیارەی بە جارێك لێبکەم، بۆیە بڕیارمدا بێدەنگ بم و وەڵامی ئەو پرسیارانەش کە لەناو مێشکم دەخولانەوە بۆ ڕۆژانی داهاتوو بەجێبهێڵم.

بە هەقیقەت دیوەخان بوو، بەیانیان تا نیوەڕۆ لەسەر دوکانەکەی خۆم دادەنیشتم و لە ئێوارەشەوە تا درەنگی شەو دەچوومە ئەوێ. کۆمەڵێك برادەرم بۆ پەیدابوو، تاوڵەمان بەیەکەوە دەکردو بە قسەی خۆش و گێڕانەوەی نوکتەو گاڵتەو گەپ، کاتەکەمان بەسەردەبرد.

گەنجەکانیش لە کونجێکی بارەگایەکە خەریکی مۆسیقا ژەنین و گۆرانی وتن بوون و لە ناو باخچەکەش هەندێکی تر یاری کاراتی و کۆنفۆیان دەکرد. سەرۆکی حیزبیش چوار مانگ جارێك دەهاتە بارەگای حیزب و سڵاوی لە ئامادەبووان دەکردو باسی ویلایەتی موسڵی بۆ دەکردن و پارەی بەسەر دەبەخشینەوە، جێگری سەرۆکی حیزبیش هەر لەناو بارەگایەکە دەخەوت و ڕۆژی سێ جار دەچووە گەرماوەکەو خۆی دەشوشت.

کەناڵێکی تەلەفزیۆنیشمان هەبوو، دەتوت بەرنامەی گۆرانی داواکراوە، بە دەقیقەو بە سەعات بەرنامەکانی خۆی لەسەر ویست و ئارەزووی ئێمە دەگۆڕی، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە دڵی کەسیانی نەدەشکاند، بۆ پیاوە

پیرو بە سالا چووەکان لە نیوەی شەوەوە گۆرانییەکانی ئوم کەلسومو تاهیر تۆفیقو عەلی مەردانی دەخستە سەرو بۆ گەنجەکانیش ناسری ڕەزازیو حەسەن زیرەكو حەمە جەزاو چەندین گۆرانی تری عەرەبیو بیانی لێدەدا.

بێژەری هەواڵەکانی یانزەی شەو زۆر حەزی لە گۆرانیەکانی ئوم کەلسوم بوو، بۆیە لەبەر خاتری ئەو تا دوانزەی شەو کاسێتێکی ئەو گۆرانی بێژەی دەخستە سەرو دواییش بە فلیمێکی هیندی کۆتایی بە پەخشەکانی ئەو ڕۆژەی دەهێنا.

ئەو تەلەفزیۆنە بۆ ئێمە هەموو شتێك بوو، لە سایەیدا جەماوەرێکی زۆرمان پەیداکردبو، ئەوەی دەرزییێکی لێ وون بووبا، تەلەفۆنی بۆ دەکردینو ئێمەش لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەمان وەکو بڵندگۆی مزگەوتەکان بۆمان جاڕدەدا. دوکاندارو کاسبکارانیش لەلای ئێمە بە خۆڕایی پڕۆپاگاندەیان بۆ کەلو پەلەکانیان دەکرد.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبەکەشمان تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرە بوو، لە مەلاوە تا مولحیدو لە چەپیشەوە تاکو ڕاست، لە نیشتمانپەروەریشەوە تا نیشتمانفرۆشی تیا بوو.

یەکێك لەو کەسانە، سەرۆك جاشێکی کۆن بوو، ڕۆژانە کە دەهاتە بارەگا، جگارەیەکی دەخستە سەرلێویو کە قسەشی دەکرد جگارەکەی بەلێوی سەریەوە دەنووساو هەر دەرینەدەهێنا هەتا بۆخۆی دەکوژایەوە.

ناوەناوەش هەناسەیەكی قووڵی هەڵدەكێشاو ڕووی لە من دەكردو دەیوت: خارە وەختی خۆی برای تۆ دوو سەد زەلامی شەڕكەرم هەبوو، كەچی ئێستاش خۆم بوویمە زەلامی خەركی. ئیشارەتی بۆ لای هاوینەهەواری پیرمام دەكردو دەیوت: ئەو سەری ڕەشەی دەبینی، برای تۆ هوتێلێكی پێنج ئەستێرەی لەوێ هەبوو، هەموو شتێكی تێدابوو، لە هاوینان گەشتیاری عەرەب ڕوویان تێیدەكردو كە دەچوونە ناو مەلەوانگەكەی‌و مەلەوانیان دەكرد، دەتوت ماسینە لەناو ئەو ئاوەی دەخولانەوە، برای تۆش لە دیاریان دادەنیشت، دەتوت لە بەهەشتێمەو حۆریم لە چواردەورەدایە.

هەر ئەو كەسە بۆی گێڕامەوە وتی: لەساڵی هەشتاكان، ئەبو عەلا بەڕێوەبەری ئەمنی باكوور تەلەفۆنی بۆكردمو پێی وتم: خۆت بپاڵێوە بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان لە بازنەی دەشتی كۆیە. منیش پێم وت: كاك ئەحمەد بۆ خۆپاڵاوتن بەدەست ئەوان بوو؟ وتی: ئەدی خوارزا، ئەگەر ئەوان مەیلیان لێنەبا كەس بۆی نەبوو خۆی بپاڵێوێ، بەڵام ئەگەر ئەوان بە كەسێكیان وتبا ئیشیان بۆی دەكردو دەرچوونی مسۆگەر بوو. منیش وتم: خۆ ئەو خەڵكە هەمووی بەعسی‌و پیاوی ڕژێم نەبوو هەتا بەگوێیان بكەن. وتی: ئەوان هەقیان لەو خەڵكەی نەبوو دەنگی خۆی دەداتە كێ‌و نایداتە كێ، كە هەڵبژاردنەكە تەواو دەبوو بە ئارەزووی خۆیان ئەنجامەكەیان

دەگۆڕیو ئەوكەسەی بیانویستبا دەربچێت دەریان دەچوواندو ئەوەی نەشیانویستبا دەنگیشی بهێنابا دەنگەكانیان دەسووتاند.

منیش وتم: ئەگەر وا بێت دەرچوونی تۆ مسۆگەر بووە، چونكە خۆیان داوایان لێكردیت، ئەمە وایە؟ بە پێكەنینەوە وتی: منیش وەكو تۆی تێگەیشتبووم، زۆر كەیفم هات كە داوایان لێكردم خۆم بپاڵێوم، بەڵام غەدریان لێكردمو دەنگەكانی منیان دا كەسێكی تر. منیش وتم: چۆن شتی وا دەبیَ؟ وتی: دوای ئەوەی هەڵبژاردن تەواو بوو، دەستیانكرد بە جیاكردنەوەی دەنگەكان، بەڕێوەبەری ئەمنی باكوور لەگەڵم لەسەر هێڵ بوو، ناوە ناوە مزگێنی دەمامیَو پێی دەوتم: تاكو ئێستا تۆ لە زۆربەی بنكەكانی هەڵبژاردن لە پێشەوەی ڕكابەرەكانی خۆتیو تەنانەت كاتژمێر دوانزەی شەوی ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ كردمو دڵنیای كردمەوە كە دەرچوومەو وتیشی: بەیانی بەم بۆنەیە كاوڕێكمان بۆ بكوژەوەو لەلای تۆ میوان دەبین.

كاك ئەحمەد لە درێژەی قسەكانیدا وتی: بەڵام هەندەی پێنەچوو، بەڕێوەبەری ئەمنی باكوور تەلەفۆنی بۆكردمەوەو پێی وتم: ئەو هەواڵەی پێم وتی لەبیری بكەو بە ژنو منداڵەكانیشت بڵیَ لەلای كەس باسی نەكەن، دەنگەكانی تۆمان داوە بە كەسێكی تر، گوێشمان لیَ بێت ئەم نهێنیەت لای كەسێك دركاندووە زمانت لە قوڕگت دەردەهێنین. منیش پێم وت: ئەی تۆ

چیت وت؟ کاک ئەحمەد وتی: تەلەفۆنەکەی لەسەرم داخستو ماوەی نەدام هیچ قسەیەك بکەم.

یەکێکی تریش ئاغای گوندێکی دەشتی تەقتەق بوو، زەوی‌و زارێکی زۆری لە گوندەکەی خۆیان هەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین لەبەر خراپییەکەی، خەڵکی گوندەکەی لێی هەڵگەڕابوونەوەو لوتیان: بڕی بووو لە گوندیش وەدەریان نابوو. ئەویش هەر ئاخ‌و ئۆفی بوو، دەیوت: بەس ئەوجارە خوا بکات حکوومەت بێتەوە، خۆم دەزانم چیان لێدەکەم.

جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزبیش فەرماندەی سووپابوو لە کۆماری مەهاباد، کەسێکی بە تەمەن بوو، ڕابردووێکی پاکی هەبوو، ڕۆژانە دەهاتە بارەگاو هەر سێ ژەمی خواردنەکانی لەوێ دەخواردو باسی ڕۆژانی دێرینی بۆ دەکردین. ڕۆژێك پێم وت: وەکو دەزانین جەنابتان لە دوو شۆڕشی کوردان ڕۆڵی بەرچاوتان هەبووەو خاوەن ئەزموونێکی زۆرن، بۆ یادەوەرییەکانی خۆتان نانووسنەوە، حەیفە بچێتە ژێرگڵ. سەری خۆی لەقاندو بە نەرمە پێکەنینێکەوە وتی: باسی چی بکەم‌و چی بگێڕمەوە؟ ئەگەر ڕاستییەکان بڵێم ئەو گەنجانە ورەیان دەڕوخێت‌و باوەڕیان بە هیچ نامینێت. منیش وتم: چۆن؟ وتی: ئێمە هەموو شتێکمان جێگەی شانازی نیە، کەموکورتیمان زۆر بووەو هەموو ڕاستییێکیش ناوترێت، ئەی خوا نەیفەرمووە ﴿ وَأَكْثَرُهُم لِلحَقِّ كَارِهُونَ ﴾ واتە: زۆربەی خەڵکی ڕقیان لە ڕاستییەکان دەبێتەوە.

جارێك زۆر هـەولْم لەگەڵدا هەنـدێك لـەو یادگاریانـەم بـۆ بگێڕێتـەوە کـە نیگەرانی کردوونو ناتوانێ باسیشیان بکات. وتی: باشە بۆت بـاس دەکـەم، بەڵام نەکـەی لـەلای کـەس باسـی بکـەیت، بـا ئـەوە تـەنها لـەنێوان خۆمـان بمێنێتەوە. دوای ئەوەی بەڵێنم پێـی دا، چـەند یـادەوەرییێکی تـاڵی ڕۆژانـی ڕابردووی خەباتی شاخی بۆ گێڕامەوەو ئەوجا وتی: ئێستا چی دەڵێی ئەگەر تۆش لـەجیاتی مـن بیـت دەتـوانی ئـەو شـتانە بنووسـیتەوە؟! وتم: هـەقی خۆتە، پێشینان ڕاستیان وتووە (وتنی ووشـەی هـەق تاڵـە یـان هـەق ڕەقـە بۆیە بە هەموو کەس قبوڵ ناکرێت).

لە ساڵیادی دامەزراندنی حیزبدا، لـە ڕێـوڕەسمێکی جەماوەریـدا، ئـاڵای کوردستان بەسەر بارەگاکەمان هـەڵکراو خـەڵکێکی زۆرو چـەندین کەسـێتی نـاودارو پلـەداریش ئامـادەی ڕێوڕەسمەکـە بـوون. یـەکێك لـەو کەسـانەی بانگێشتی ئاهەنگەکە کرابوو، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری حکوومەتی ئێران بـوو لـە کوردسـتان، یـەکێکی تـریش لـەو کەسـانە سـەرۆکی حیزبێکـی ئۆپۆزسیۆنو نەیاری ڕژێمی ئێـران بـوو. جـا لـە هـەمووی سـەیرتر ئـەو دوو مێوانە یـەکێکیان لـەلای دەسـتە ڕاسـتو ئـەوەی تـر لـەلای دەسـتە چـەپی سـەرۆکی حیزبـەوە دانیشـتبوونو سـەرۆکی حیـزبیش ڕووی لـە بەرپرسـی هـەواڵگری ئێـران کـردو پێـی وت: بـا لەگـەڵ ئـەو بـرادەرەی تەنیشـتم بـە یەکتریتان بناسێنم؟ ئەویش بە گرژیەوە ڕووی خۆی وەرگێڕاو وتی: گوێم لە ناوی بووە.

مەراسـیمەکە تـاکو دوای نیـوەڕۆ بـەردەوام بـوو، دوایـی میوانـەکان بڵاوەیان لێی کردو چوونەوە، تەنها هەنـدێك دۆسـتو لایـەنگیرو هـەوادارانی حیزبو کادیرەکانمان مانەوە.

-٢٦-

# خەونی گەورە....خەیاڵی بەرزەفڕ

دکتـۆر فریـاد پزیشـکێکی پسـپۆری نەخۆشـیەکانی هـەناو بـوو، زاوای یـەکێك لـە موتەسـەریفەکانی شـاری هـەولێر لـە سـەردەمی حـوکمڕانی عەبـدولکریم قاسـم بـوو. ئـەو ڕۆژە تـا درەنگـی شـەو لـە بارەگـای حیـزب مایەوەو قاچەکانی خستبووە سەر یەكو لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینو سەربەخۆیی کوردستانیشەوە بەهاری هینابووە سەرچۆکانو دەیوت: کـاتی خۆی ئینگلیزەکان خیانەتیان لە کورد کردو پەیماننامـەی لۆزانیـان لـە دژی ئێمە دەرکردو لەو بەڵێنانە پەشیمان بوونەوە کە لە پەیماننامـەی سیڤر بـە ئێمەیان دابوو، بەڵام ئەوان ئێستا زۆر پەشیمانو بەرامبەر کـوردان هەسـت بە ئازاری ویژدانیان دەکەن بۆیە ئەوان پشتگیریمان دەکەن لـە دامەزرانـدنی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت ئەگەر وڵاتانی زلهێزو دراوسـێکانیش نـاڕازی بـن، ئـەوان ئـاڵای کوردسـتان لەسـەر دورگەیـەك لـەو دورگانـەی کـە هەیانـە بەرزدەکەنەوەو ناوی کوردستانی لێدەنێن.

سەرۆکی حیزب قسەکانی ئەم پزیشکەی زۆر پێخۆش بوو، ڕووی تێکردو پێی وت: جـا ئەگـەر وابێـت مـن دورگەیـەك لـەوێ دەکـڕمو ئێـوەش هـەموو لەگەڵ خۆم دەبەمە ئەوێ، با خەونەکانتان بێتەدی.

ئـــەویش وتـــی: ئەگـــەر تـــۆ دورگەکـــە بکڕیـــت ئیشـــی ئـــەوانیش ئاســـان دەکەیتو هەر هیچی ناوێ، با جارێ لەوێ دەوڵەتێکی بەقـەدەر فاتیکانمـان هەبێت، خوا کەریمە لەبۆ کوردستانی گەورەش.

سەرۆکی حیزب قسەکانی ئەو پزیشکەی زۆر بە هەند وەرگرت، ڕووی لە سکرتێری حیزب کردو وتی: پەیوەندی بە حیزبی کرێکارانی بـەریتانی بکـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەردانیان دەکـەینو دکتـۆر فریـادیش لەگـەڵ خۆمـان دەبەین، مادام هەنـدەی لێـدەزانێ بـا ئـەو لـەوێ ئـیش لەسـەر دامەزرانـدنی دەوڵەتی کوردی بکات.

دکتۆر فریاد کە ئەمەی بیست لەخۆشیان وەخت بوو باڵبگرێتو بفڕێـت، دەستی خستەوە گیرفانیو پاسـپۆرتەکەی دەرهێنـاو دایـە دەسـتیو وتـی: ئەمــە پاســپۆرتەکەمە، هــەر ڕۆژێــك بڕیارتانــدا مــن ئامــادەم لــە پێنــاوی کوردستان هەموو قوربانییێك بدەم.

بـەم شـێوەیە، ماوەیـەکی زۆری نـەبرد، دوای چـەند ڕۆژێـك، حیزبـی کرێکارانی بەریتانی دەعوەتنامەیەکی ئاراستەی حزبەکەمان کـرد. سـەرۆکی حیزبیش سکرتێری حیزبو کاکی پزیشکی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو گەشتە بـرد. ماوەی مانگێکیان پێچوو، لەو ماوەیەدا هـیچ هـەواڵێکیان نـەبوو، دوای ئـەو ماوەیە گەڕانەوە بەڵام تا دوو ڕۆژان نەهاتنـە بارەگـای حیـزبو ئێمـەش زۆر بە مەراق بـووین بـۆ مەسـەلەی دەوڵەتـە کوردیەکـەو چـاوەڕوانی هـەواڵێکی خۆشمان لێیان دەکرد. ڕۆژانە لە نێوان خۆمان باسی ئەو بابەتەمان دەکردو

لە نێوان خۆمان دەمانوت دیارە لەو ماوەیەدا کارێکی زۆریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووە بۆیە زۆرماندو بوونەو پێویستیان بە حەسانەوەیە.

دوای چەند ڕۆژێك هاتنە بارەگاو داوای کۆبوونەوەیەکی خێرایان کرد بۆ تیشك خستنەسەر چالاکییەکانی شاندەکە لە دەرەوەی وڵات. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی حیزب گلەییێکی زۆری لە سکرتێری گشتی حیزب کردو وتی: ئێمە بە بڕوانامەکەی هەڵخەڵەتاوین، ئەو زۆر بەخۆی دەنازێت، کەچی هیچی لە هەگبەدا نیە، تەنها دوو ڕستەی ئینگلیزی بە پچڕ پچڕی دەزانێت بۆیە خۆی لەلا ئەفلاتوونەو ئێمەشی پێ نەخوێندەوارە. لەبەر بێ بەرنامەیی، ئەو خەرجییە زۆرەی بە ئێمەکرد بەبێ ئەوەی هیچ بە هیچ بکەین. تەنانەت سەرۆکی حیزبی کرێکارانیش بەخۆی پێشوازی لێنەکردین تەنها بەرپرسی پرسگەکەیان لەگەڵمان دانیشت، ئەویش تەنها سەری خۆی دەلەقاندو نە هیچی لێ وەرگرتین وە نە بەڵێنیشی پێداین هاوکاریمان بکات.

سکرتێری حیزبیش ڕووی لە سەرۆکی حیزب کردو بە توڕەییەوە پێی وت: ئەوە بێ بەرنامەیی منە یان هی تۆیە، تۆ هەروا دەزانی لە گوند دانیشتووی خەڵکی لەندەن هەموویان ڕژابوونە سەر شەقامەکانو جەژنی سەری ساڵی زاینییان پیرۆزدەکرد، کەچی تۆ شەرواڵێکی سپی خامتان لەبەرکردبوو، لەناو چوار دیواری هۆتێلەکە خۆت حەپس کردبووو یاری ناپلیۆنت لەگەڵ خۆت دەکردو لێنەگەڕایت ئێمەش بچینە ناو خەڵكو دوو

کەس ببینین. دوایی ڕووی قسەکانی لە ئێمە کردو وتی: سەبارەت بە زیارەتەکەمان بۆ لای پارتی کرێکارانی بەریتانیش، خۆ ئەو هیچ مەجالی منی نەدا قسەیەك بکەم، تەنانەت حیزبی کرێکاران‌و موحافزینیشی لە یەکتری جیانەدەکردەوە، لەبیری چوو بوو کە ئێمە لە بارەگای حیزبی کرێکاران دانیشتووین، کەچی لە سەرۆکی حیزبی موحافزینی دەپرسی‌و دەیوت: من جۆن مێجەرم زۆر خۆشدەوێ دەمەوێ بیبینم. هەر بۆیە بەرپرسی پرسگەکە ئێمەی بەڕێکردو وتی: ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە، ئێوە خۆتان دەتوانن بیبینن.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا، ڕووی لە سەرۆکی حیزب کردوو پێی وت: ئەی بۆ باسی دکتۆر فریاد ناکەیت چۆن بە قسەکانی هەڵخەڵەتایت‌و ڤیزەی تورکیات بۆی وەرگرت‌و دوای ئەو هەموو خەرجییەی کە لێمانکرد، کەچی هەر کە گەیشتینە تورکیا خۆی لێشاردینەوەو بەجێی هێشتین.

سەرۆکی حیزبیش دەستەسڕە قوماشەکەی لە گیرفانی دەرهێناو ئارەقەی نیوچەوانی خۆی پێ سڕیەوەو ڕووی لە ئێمەکردو وتی: توخوا ئێوەش لە شوێنی من بان باوەڕتان بە قسەکانی نەدەکرد؟ئێمەش تەماشایەکی یەکتریمان کردو هیچ دەنگمان نەکرد. مستەکۆڵەیەکی کێشا بە مێزەکەی بەردەمی‌و بە توڕەییەوە وتی: بۆ قسەیەك ناکەن؟ بەرپرسی لقی پایتەخت کە لە هەمان کاتدا ئەندامی سەرکردایەتیش بوو، وتی: ئاغا ئێمەش باوەڕمانکرد، وتمان: چۆن ئەمریکا ئەو کیشوەرەی دۆزیەوەو

هیندە سۆرەکانی لێوەدەرناو ئەم دەوڵەتەی ئێستای بۆخۆیان لەسەری دروستکرد، ئەوهاش ئەگەر بەریتانیا دورگەیەکمان بداتێ دەتتوانین دەوڵەتی کوردی لەسەر دروستبکەین.

سەرۆکی حیزب بە قسەکەی بەرپرسی لقی پایتەخت هەناسەیەکی هاتەوەبەرو ڕووی لە جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزب کردو وتی: تۆش لە دوو شۆڕش بەشداریت کردووەو لە شت تێدەگەیت، بۆ قسەیەك ناکەیت؟ جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزبیش وەڵامی دایەوەو وتی: بەرپرسی لقی پایتەخت ڕاست دەکات، جوولەکەکانیش هەر بەم شێوەیە بوونە خاوەنی دەوڵەت، ئەی ئەوە نەبوو ئینگلیزەکان لە وەعدی بەلفۆر بەڵێنیان پێدانو دەوڵەتی بۆ دروستکردن. سەرۆکی حیزب بە قسەکانی جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزب هێندەی تر دڵخۆش بوو، ڕووی لەمنیش کردو وتی: تۆش بەشداری شۆڕشێکت کردووەو شتێکی هەر لێدەزانی، ڕای تۆ چیە؟ منیش وتم: منیش هەمان بیروڕای ئەو بەڕێزانەم هەیە، فەلەستینییەکان خاکی خۆشیان هەیە کەچی وەکو ئێمە تاکو ئێستا نەبوونەتە خاوەن دەوڵەت، بەڵام ئینگلیزەکان چونکە مەیلیان لێ بوو دەوڵەتیان بۆ جوولەکەکان دروست کرد کەچی دژی دەوڵەتی فەلەستین وەستان. بۆیە منیش دەڵێم ئەگەر ئەو دەوڵەتە زلهێزانە ئارەزوویان لێنەبێ، سەدساڵی تریش نابینە خاوەن دەوڵەت.

سکرتێری حیزب لە خەفەتی قسەکانی ئێمە وەخت بوو شەق ببات، ڕووی تێکردین‌و وتی: ئەی ماستاوچینە، ئێوە لەمن باشتر دەزانن دەوڵەت یاری منداڵان نیە لەسەر دوورگەی وڵاتێکی تر بۆ ئێمە دابمەزرێت، بەڵام ناتانەوێ لەقە لە بەختی خۆتان بدەن، بۆیە بەو درۆو دەلەسانە موجامەلەی سەرۆکی حیزب دەکەن.

سەرۆکی حیزبیش وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی، خۆ من چاوم لێیان سوور نەکردۆتەوەو هەڕەشەشم لێیان نەکردووە هەتا پشتگیری قسەکانم بکەن. سەردەمی دیکتاتۆریەت‌و تاکڕەوی‌و سەپاندنی بیروڕای بە زۆری بەسەرچوو، لەسایەی ئەو ئازادی‌و دیموکراتییەی لە کوردستان بە خوێنی شەهیدان هاتۆتە کایەوە، ئەوان دەتوانن بە ئازادیی گوزارشت لە بیروڕای خۆیان بکەن.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا ڕووی لە سکرتێری حیزب کردو بە تووڕەییەوە پێی وت: هەر ئێستا داوا لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەکەم تا بەستنی کۆنگرە سڕت بکەن، چونکە تۆ خیانەتێکی گەورەت لە حیزب‌و لە میللەت کردووە؟

ئەویش بە سەرسوڕمانەوە وتی: من هیچ خیانەتم نەکردوە، ئەگەر شتێکیشت هەیە بەبێ پەناوپێچ بیڵێ با برادەرانیش بزانن؟ سەرۆکی حیزب ڕووی تێکردوو وتی: تۆ لە تورکیا خۆت لە ئێمە دزیەوەو چوویتە سەفارەتی عێراقی. سکرتێری حزبیش وەڵامی دایەوەو وتی: جا بۆچی ناڵێی کە ئەمەم

بۆ سیخوڕیکردن کردبێت؟! ئەی تۆ نەتوت سەردانی جەنابی سەفیر بکەو دیدارێکم بۆ وەربگرە بۆ دروستکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان حیزبەکەمانو حکوومەتی عێراقی؟!

سەرۆکی حیزب مستێکی بە مێزەکەی بەردەمیدا کێشاو بە تووڕەییەوە وتی: هەر ئەو بوختانە مابوو پێمی بکەیت، ئەوەندە ئابڕووەی هەشمانە لەکەداری بکەیت.

سکرتێری حیزب ڕووی تێکردو وتی: تۆ تەماشایەکی بەردەمی خۆتت کردووە، کێن ئەوانەی لە دەوروپشتت کۆ بوونەتەوە، تاکو باسی ئابڕووم بۆ بکەیت؟ ئەویش وتی: ئەوان لە تۆ باشترن چونکە خیانەتیان نەکردووە.

سکرتێری حیزبیش وتی: ئەی ئەوانە کێ بوون کە بەپێش سووپای حکوومەت دەکەوتنو خەڵکی بێتاوانیان ئەنفال دەکرد؟ سەرۆکی حیزب بەم قسەیە زۆر توڕەبوو، وتی: بۆ باسی خۆشت ناکەیت، کاتێك لەساڵی ١٩٧٤ خەڵکی کوردستان لە دژی حکوومەت چوونە سەرەوە، تۆ لەگەڵ چەند کەسێکی تر حیزبێکی کارتۆنیتان بەناوی حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان دامەزراندو پارەشتان لە ئەمنی عامە وەردەگرت.

کە سەرۆکی حیزب ئەمەی وت سکرتێری حیزب وتی: تازە تۆ بڕیاری خۆتت داوەو دەتەوێ لە حیزب دەرم بکەیت بۆیە من هیچ قسەیەکم نییە.

سەرۆکی حیزب ڕووی تێکردینو وتی: خۆ بەچاوی خۆتان بینیتانو بە گوێی خۆشتان گوێتان لێبوو نەیتوانی ئینکار بکات. ئێمەش وەکو هەموو

جارێك، بەیەکەوە دەستمان بەرزکردەوەو داواکەی سەرۆکی حیزبمان پەسند کردو سکرتێری حیزبیش هەستایە سەرپێ‌و وتی: وا من لە حیزب چوومە دەرەوەو لە ڕقی ئێوە کوردستانیش بەجێ دەهێڵم‌و دەچمە هەندەران، بەڵام ڕۆژێك دێت ئێوە باجی ئەو ملهوڕی‌و بێهەڵوێستییەی خۆتان دەدەن.

ئێمە هیچ گومانمان لە قسەکانی سکرتێری حیزب نەبوو، دەمانزانی ئەو ڕاست دەکات، ئەگەر ئێمەش گوێڕایەڵی نەبین، فایلێکیش بۆ ئێمە دەکاتەوەو هەریەکەمان بە شتێك تۆمەتبار دەکات. بەڵام چیبکەین دوای گرتنی کوێت لەلایەن سووپای عێراقەوە، گەمارۆیەکی ئابوری نێودەوڵەتیمان لەسەر داندرابوو، هەروەها دوای کشانەوەی حکوومەتیش لە کوردستان ، حکوومەتی ناوەندیش گەمارۆیەکی تری خستبووە سەرمان، بۆیە ناچاربووین لەپێناوی لەتێك نان دەست بۆ هەموو شتێك درێژ بکەین. هەزار دینارش پارەیەکی کەم نەبوو مانگانە وەرمان دەگرت‌و لە هەموو جەژن‌و بۆنەیەکیشدا سەرۆکی حیزب سەفتەیەك دیناری تری دەداینێ، بۆیە دەستمان لێی بەرنەدەبوو.

یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا حیزبایەتی بکەم، بۆیە من هەروام دەزانی تەنها بارەگایەکەی ئێمە لە دیوەخان دەچێت، کەچی بە تێپەڕبوونی کات بۆم بەدیارکەوت ئەو حیزبانەی تریش کە سەردانمان کردن، هەر لە دیوەخانەکەی ئێمەی دەکرد.

یەکێك لەو حیزبانەی کە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی سەردانمانکرد، حیزبێکی برا تورکمانەکان بوو، موسیقا ژەنێك سەرۆکی بوو، پێشتر دەمناسیو بەیەکەوە زۆر کاری هونەریمان کردبوو، مۆسیقا ژەنێکی زۆر قسە خۆشو لێهاتوو بوو. یەکەم جارم بوو لەگەڵ شاندێکی حیزبەکەمان سەردانیان بکەین، پاسەوانەکانی بەردەرگا پێشوازییێکی گەرمیان لێکردینو بەرەو ژوورەوەیان بردین. دەنگی تەپڵو مۆسیقا لەناو ژوورەکان دەنگی دەدایەوە، سەرۆکی حیزب بەرامبەر تیپەکەی وەستابوو دەتوت مایسترۆیە بە هەردوو دەستەکانی فەرمانی دەداو کەمانجەکەشی خستبووە بن ملیو دەیژەنیو ئەوانی تریش هەریەکەو ئامێری خۆی بە دەستەوەبوو دەیانژەنیو گۆرانییێکی منداڵانیان دەوت. سەرۆکی حیزب بە دەنگێکی خۆش دەیوت (ئەی پشە تورەی ڕەنگ ڕەش، چیتر ناتکەمە باوەش)، مۆسیقاژەنەکانی تریش بەیەکەوە بەیەك دەنگ دەیانوت (میاو، میاو). سڵاومان لێکردنو هەر بە ئیشارەت وەریانگرتەوە.

دیمەنێکی زۆر سەیربوو، بە بارەگای حیزب نەدەچوو، بە هۆڵی ئاهەنگەکان دەچوو. ساتێك بە بێدەنگی بە دیاریانەوە دانیشتین، دوایی کە لە مۆسیقا ژەنینو گۆرانی وتن: بوونەوە، ئامێرەکانیان خستە لایەکەوەو بەخێرهاتنیان لێکردین.

سەرۆکی حیزب لە تەنیشتم دانیشت، سەرم خستە بن گوێیو پێم وت: بارەگای حیزبەکەی ئێوەش لەگەڵ بارەگای حیزبەکەی ئێمە جیاوازییێکی

ئـەوتۆی نیـە، بارەگـای ئێمـە دیوەخـانی ئاغایـەو بارەگـای ئێـوەش تیپـی مۆسیقایە.

لـە قاقـای پێکـەنینی داو وتـی: جـاریٚ تـۆ چـیت بینیـوە، بـا سـەردانی حیزبەکانی تریش بکەیت ئەوسا دەبینی ئەوانیش لەچی دەچن؟!

هەر ئەو ڕۆژە سەردانی دوو حیزبی تریشمان کرد، یەکێك لـەو حیزبانـە، ئالآیەکی ڕەشی وەکو سـەردەمی فتوحـاتی ئیسـلامی لەسـەر بارەگایەکـەی بـەرزکردبۆوەو بـە گـەورەیی لەسـەری نووسـرابوو (الله اکـبر). هـەر لـە بەردەرگاکەیـەوە تـا دەگاتـە ژووری سـەرۆکی حیزبەکـە، هـەموو دارو دیوارەکانی ئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەریان لەسەر نووسرابوو، دەتـوت حوجرەی مزگەوتە نەك بارەگای حیزب.

سەرۆکی حیزب پێشوازی لێکردینو ئێمەی بەرەو ژوورەکەی خۆی بـرد، لافیتەیەکی گەورە لەپشت سەری هەڵواسرابوو، بە خەتێکی گـەورەی کـوفی لەسەری نووسرابوو پێغەمبەر دەفەرمویٚ: ((وَإِنَّ اللَّهَ فِـي عَـوْنِ الْعَبْـدِ مَـادَامَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ ))، هەروەها تابلۆیەکی لەبەردەمدابوو بە ئاوی زێڕ لێـی نووسرابوو خـوای گـەورە دەفـەرمویٚ:﴿ لَـئِن شَـكَرْتُمْ لأَزِيـدَنَّكُمْ﴾. هـەردوولا جەختمان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان حزبەکانمان کردەوەو باسـی زۆر بابەتیشمانکرد، لەوانە بایەخدان بـە بـژێوی خـەڵكو دادی کۆمەلآیـەتیو یەکسانیو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

لە نیوان چەند چرکەیەك کەسێك دەهاتە ژوورەوەو سڵاوی دەکردو لە مەجلیسەکە دادەنیشتو هەر هەمووشیان بەناوی (مەلا) بەخێرهاتنیان دەکردن.زۆرم چاوگێڕا، لەناو ئەو هەموو مەلایانە، مەلای گوندەکەی خۆمان یان مەلای مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆمان ببینم، بەڵام نە ئەوانم بینی وە نەکەسیشم لەو مەلایانەی ئەوێ ناسی. دوای تۆزێك یەکێکی تر هاتە ژوورەوەو ئەویش وەکو ئەوانی تر ئاسا بە ناوی مەلا بەخێرهاتنیان لێی کردو لەبەرامبەر ئێمە جێگایان بۆی کردەوە. کە سەیریم کرد، ئەوم دەناسی، هونەرمەندێکی میللی شاری هەولێر بوو، زۆرجاران لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە ئەگلەنجەکان لەگەڵ تیپی مۆسیقا گۆرانی دەگوت، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، کە قۆریاتی دەوت، وەکو بولبول دەیچریکاند.

بەخێرهاتنم لێی کردو پێم وت: من دەمێکە سەرسامی دەنگە زوڵاڵەکەی تۆم. زۆری پێناخۆش بوو، بە تووڕەییەوە ڕووی خۆی وەرگێڕاو نقەی لێوەنەهات. سەرۆکی حیزب کە زانی ئەو برادەرە قسەکانی منی پێناخۆش بوو، ڕووی لە من کردو وتی: ئەو هونەرمەندێکی دەنگ خۆشە، پێشتر گۆرانیەکانی بۆ خەڵك دەگوت، ئێستاش خوا هیدایەتی داوەو لە خزمەتی خواو ئایینە پیرۆزەکەماندایە.

دانیشتنەکە زۆرخۆش بوو، قسە قسەی ڕادەکێشا، دەتوت لە حوجرەی مزگەوت دانیشتووینەو سەرۆکی حیزبیش لەسەر مینبەری مزگەوتەکەیە، بۆ

هـەر قسـەيەك دەيـان ئايـەتو فـەرموودەی دەهێنايـەوەو ناوەنـاوەش ئامادەبووان دەيانوت (الله اكبر، الله اكبر).

نيوەڕۆداهات، ويستمان هەستين، ڕێگـەيان پێنـەداين، سـەرۆكی حيـزب وتی: ئێستا كـاتی نانخواردنـەو ئێـوەش بەسـەر ڕسـقی خۆتـان داهاتوونـەو بابەيەكـەوە نـانێكی دەروێشـانی بخـۆين. ئێمـەش دڵمـان نەشـكاندنو لەژوورەكەی بەرامبەر خوانێكی گـەورەيان ئامـادەكردبوو. سـەرۆكی حيـزب بەپێشمان كەوتو ئێمەی بردە سەر خوانەكەو چوار مەشقی لێی دانيشتين.

خوانەكە بە دەيان خواردنی جۆراوجۆر ڕازابۆوە، هەر لە قـەلی بـرژاو تـا دەگاتە بەرخی مەحشی، بۆنی ئەو خواردنە خۆشانە مێشـكمانی پڕكردبـوو، دەمێـك بـوو گۆشـتی قـەلو بـەرخی مەحشـيم نـەخواردبوو، بۆيـە پـەردەی شەرمم فڕێداو وەكو ئەوان قۆڵو باسكم لێی هەڵكردو تێرو پڕم لێی خـوارد. ناوە ناوەش سەرۆكی حيـزب ڕووی تێمـان دەكـردو دەيـوت: خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ يَاأَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا كُلُـوا مِـنْ طَيِّبَـاتِ مَـا رَزَقْنَـاكُمْ ﴾، ئامادەبووانی سەرخوانەكەش بە گوپی پڕ لە خواردنەوە دەيانوت (صدق الله العظيم).

دوای نيـوەڕۆ، بارەگـای ئـەو حيزبـەمان بەجێهێشـتو ويسـتمان بگەڕێينەوە بارەگای خۆمان، بەڵام بەرپرسی پەيوەندييەكانی حيزبەكـەمان وتی: زەحمەتە جـارێكی تـر وا كۆببينـەوە، چـی دەڵـێن يـەك دوو بارەگـای حيزبی تريش بەسەربكەينەوە؟

بیرۆکەکەمان زۆر پێ باش بوو، برادەرێکمـان هـەبوو، ئـەویش بـەخۆی‌و ئەندامانی خانەوادەکەی حزبێکی بچکۆلانەی لەناو شوقەیەکی بالاخانەیـەکی بازرگانی لەناو جەرگـەی بـازاڕ دانـابوو، شـووقەکانی دەوروپشـتی هـەمووی نووسینگەی پارێزەری‌و شوێنی کڕین‌و فرۆشتنی زەوی‌و زاربـوو، تابلۆیـەکی بچـووکی لـە پێشـەوەی بالاخانەکـە هەڵواسـی بـوو، لـە سـەر پێبلقـەکانی بالاخانەکەش ئاماژەیـەکی دانـابوو تـا دەگاتـە بارەگـای حیزبەکـەی کـە لـە نهۆمی چوارەم بوو.

کـە چـووین سـەرۆکی حیـزب لەگـەڵ جێگرەکـەی‌و بەرپرسـی کاروبـاری جووتیاران‌و کرێکاران‌و بەرپرسی ژنان مەنجـەڵێك دۆڵمـەیان لەبـەردەم بـوو، چوارمەشقی لێی دانیشتبوون دەیانخوارد.

سـڵاومان لێکـردن‌و وەریانگرتـەوە، وتیـان: فـەرموون نانێکمـان لەگـەڵ بخۆن؟ داوای لێبووردنمان لێکردن‌و وتمان: نانمان خواردووە.

من لەگەڵ ئەم خانەوادەیە زۆر تێکەڵ بووم، خەڵکی یـەك گونـد بـووین، سەرۆکی حیزب کە دەکاتە کوڕی گەورەی بەرپرسی کاروبـاری جووتیـاران‌و کرێکـاران، منـداڵ بـوو ئـەو کاتـەی مـن گونـدم بەجێهێشـت‌و هاتمـە شـار، هەروەها دایکی کە بەرپرسی کاروباری ژنان بوو، ژنێکی زۆر بە زارو تەکلیف بـوو، زۆرجـاران لـە گوندەکـەمان لـە مـاڵی ئـەوان نـانی دەسـتی ئـەومان دەخـوارد، بۆیـە بەلامـەوە زۆر ئاسـایی بـوو کـە بـەبێ ئاگادارکردنـەوە بـەم ناوەختە سەردانمان کردن.

هەندێك لەلایان دانیشتین‌و باسی گیروگرفتی جوتیاران‌و کرێکارانمان کردو دوایی بەرەو بارەگای حیزبەکەمان گەڕاینەوە.

بۆ بەیانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبمان هەبوو، بەرپرسی پەیوەندییەکان ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەو سەردانانەی کە ڕۆژی پێشتر بۆ بارەگای ئەو حیزبانە کردبوومان خوێندەوەو سەرۆکی حیزب‌و ئامادەبووانیش دەستخۆشییان لێکردین‌و وتیان: ئەم سەردانانە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو حیزبانە شتێکی باشە. هەروەها پێشنیاریانکرد سەردانی بارەگای حیزبەکانی تریش بکەین.

دوای ئەوە، سەرۆکی حیزب ڕووی لە جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزب کردو پێی وت: سەبارەت بە نووسراوەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ پێشکەشکردنی لیستی ناوی دامەزرێنەرانی حیزبەکەمان، با هەر ئێستا لەم دانیشتنەدا وەڵامیان بدەینەوە. جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزبیش کاغەزێکی سپی دەرهێناو دەستیکرد بە ناونووسین، یەکەمجار لە ناوی سەرۆکی حیزبەوە دەستی پێکرد ئینجا ناوی خۆی‌و ناوی جێگرەکەی ترو دواییش ناوی گشت ئەندامانی تری سەرکردایەتی بەدوای یەکەوە ڕیزکرد.

سەرۆکی حیزب چاوێکی پێداخشاند، دوایی پارچە کاغەزێکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا ناوی سێ ئافرەتی لەناو نووسرابوو، دایە دەست جێگری یەکەمی سەرۆکی حیزب‌و پێی وت: ناوی ئەم سێ ئافرەتانەش

زیادبکــە بــا نــەڵێن حیزبــی ویلایــەتی موســڵ حزبێکــی کۆنەپەرســتو دواکەوتووەو مافی ئافرەتی خواردووە.

جێگری یەکەمی سەرۆکی حیـزبیش قەڵەمەکـەی دانـاو بـە تووڕەییـەوە وتی: ئەمانە کەی دامەزرێنەری حیزبەکەمان بوونە هەتا ناویان بنووسین؟

سەرۆکی حیزبیش وەڵامی دایەوەو وتی: من دەزانم ئەوانە دامەزرێنـەری حیزب نینە، بەڵام با لـە دەرەوە پێمـان نـەڵێن ئێـوە حیزبێکـی عەشـایەری کۆنەپەرستنو بایەخ بە ئافرەت نادەن، ئەوە بۆناوبانگی ئێمە لـە دەرەوەی وڵات زۆر باشە.

جێگری سەرۆکی حزب بە قسەکانی سەرۆکی حیـزب هێنـدەی تـر تـوڕە بوو، خەتێکی بەسەر ناوی خۆیدا هێناو وتی: هەموو ئەندامانی ئەم بارەگایە دەزانـن کـە ئـەو سـێ ئافرەتـە ناویـان بـە خـراپ ڕۆیشـتووە، بـۆ ناوبـانگی حیزبەکەمان باش نیە، لەناو دامەزرێنەرەکانیدا ناوی کەسـانی بـێ ڕەوشـتی تێدابێت، ئەگەر هەر سووریشی لەسەر داواکـەت، مـن ئامادەنیمـە نـاوم لـەو لیستەدابێت.

سەرۆکی حیزب ڕووی لە جێگری یەکـەمی سـەرۆکی حیـزب کـردو وتـی: ئەی هەر ئێوە نین هەمووکاتێك دەڵێن بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگـەی خۆمـانو لـە دەرەوەی وڵاتـیش بـە حیزبێکـی مـەدەنیمان دابنـێن، دەبـێ هەنـدێك ئافرەتمان لەگەڵ بێت؟

جێگری سەرۆكی حیزب وەڵامی دایەوەو وتی: بۆ پێت وایە بە زیادكردنی ناوی سێ ئافرەتی لەشفرۆش دەبینە حیزبێكی مەدەنی؟

سەرۆكی حزبیش وتی: ئەوە من قسەی خۆم كێشایەوە، بابزانم ئێوە چۆن ئەمە چارەسەر دەكەن؟ ئایا ئێوە كچەكانتانو خوشكەكانی خۆتان دێننە ناو حیزب؟

كە سەرۆكی حیزب ئەمەی وت جێگری یەكەمی سەرۆكی حیزب دەتوت جامێك ئاوی ساردیان پیاداكردووە لە شوێنی خۆی حەپەساو هیچ قسەی نەكرد.

دوای ئەوەی لیستی ناوەكان تەواو بوو، بە نووسراوێك بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرزكرایەوەو كۆبوونەوەكەشمان بە هەندێك قسەی خۆشو گێڕانەوەی هەندێك یادگاری ڕۆژانی دێرین كۆتایی پێهات. سەرۆكی حیزبیش بۆ دڵدانەوەی جێگری یەكەمی سەرۆكی حیزب لەسەر ئەو دەمەقاڵێیەی لەنێوانیان لەسەر زیادكردنی ناوی ئەو سێ ئافرەتە دروست بوو بوو، دەستی خستە سەر شانەكانیو بە پێكەنینەوە پێی وت: دەزانم تۆ ئەوەت زۆر بە دڵ نەبوو، بەڵام هیچ گوێی مەدێ، ئێمە ئەوەمان بۆ بەرژەوەندی حیزبەكەمان كرد، تۆش لەبیری خۆتی ببەوە، باشتر نیە لە دەرەوەی وڵات بەچاوێكی مۆدێرنانەو مەدەنیانەوە سەیرمان بكەن نەك بە حیزبێكی دواكەوتووو كۆنەپەرست هەژمارمان بكەن؟! دوایی ڕووی لە ئێمە كردو

وتی: ئەمڕۆ هەر هەموتان دەعوەتن، دەنێرین لە کەبابخانەی ناو دارتاشان کەبابمان بۆ بێت.

بارەگای حیزب بۆ ئێمە وەکو ماڵی دووەممان وابوو، ئەوەندەی لەوێ کاتمان بەسەردەبرد هەندە لە ماڵی خۆمان نەبووین، بەڵام هێندەی نەبرد، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەسەر گومرگی ئیبراهیم خەلیل پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری تێکچوو، شەڕی ڕاگەیاندنیان لە دژی یەکتری بەرپاکردو بارودۆخە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو تا وایلێهات لە کۆنترۆلی هەردوولایان دەرچوو، لە ئاکامدا شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوەو دوای شەڕێکی خوێناوی، حزبێکیان ئەوەی تری لەشاری هەولێر وەدەرنا. بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، بنکەو بارەگایەکانی یەکترییان سوتاندو ئەندامانو هەوادارانیشیان کەلو پەلەکانیان تالانکرد.

ئەو حیزبەی لە هەولێرمایەوە، گشت دەسەڵاتی گرتە دەست خۆیو بە تاکڕەوی حوکمڕانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی دەکردو حیزبەکەی تریش بە هەمان شێوە لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون، بنکەو بارەگاکانی خۆی لێ قایم کردو بە هەردووکیشیان کاریان دەکرد لەسەر ڕاکێشانی حیزبو ڕێکخراوەکانی تر بۆناو ململانێکانی نێوانیان.

حیزبەکەی ئێمەش لەو نێوەندەدا نەیدەزانی چی بکاتو چۆن بێلایەنی خۆی بپارێزێت. هەرچەندە توانیمان تاماوەیەك بێلایەنی خۆمان بپارێزین، بەڵام دواتر ئەندامانی سەرکردایەتیو ئەندامانو لایەنگرانمان لەژێرەوە

دابەش بوونە سەر هەردوو لایەنی شەڕکەرو بەمەش بێلایەنی خۆمان لەدەستداو داهاتووی حیزبەکەمان کەوتە مەترسیەوە. منیش کە هەستم بەوەکرد، دەستلەکارکێشانەوەی خۆم پێشکەشی مەکتەبی سیاسی کردو چوومەوە سەر دوکانەکەی خۆمو دەستم کردەوە بە شەکەرات فرۆشتن.

سەرۆکی حیزب زۆر هەوڵیدا پەشیمانم بکاتەوە بەڵام بێ سوود بوو، کە تەماشام دەکرد، ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ، منیش کەوتبوومە ناو ساڵانو زەوقو سەلیقەی ئەم شەڕو ململانێیەم نەبوو، بۆیە بڕیارمدا کە بۆ هەتاهەتایە تخوونی هیچ حیزبێکو لایەنێك نەکەومەوەو بەبێ لایەن بمێنمەوە.

شەڕو ململانێکانی نێوان ئەو دوو حیزبە زۆری خایاندو پڕوشکەکانی ئاگرەکەی بەر زۆربەی ماڵەکان کەوتو تا ڕادەیەك ژیانی هاوڵاتیان لە سەرتاسەری کوردستان کەوتە مەترسیەوە، بۆیە پیاوماقوڵانو ڕۆشنبیران دەستە دەستە دەچوونە لای هەردوولایانو داوای ئاگربەستو دانیشتنی سەرمێزی گفتوگۆیان لێدەکردن بەڵام بێسوود بوو.

ئێوارەیەك لە دوکانەکەم دانیشتبووم، برادەرێکی نووسەر هاتەلامو باسی لەوە کرد کە کۆمەڵێك نووسەرو ڕۆشنبیری شارەکە نیازیان وایە کۆبوونەوەیەکی فراوان ببەستنو تیایدا پرۆژەیەك بۆ ئاگربەست گەڵاڵە بکەنو بیدەنە هەردوو حیزبی شەڕکەر، داوای لێکردم لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبمو بەشدارییان لەگەڵدا بکەم.

ڕۆژی دواتــر ڕێکخــەرانی گردبوونەوەکــە بــە فــەرمی پەیوەنــدییان پێوەکردمو منیش ئامـادەی گردبوونەوەکـە بـووم. نزیکـەی پـەنجا کەسێك دەبوون، یەکێك لە ئامادەبووان کە شاعیرو ڕۆماننووس و نووسەرێکی شـاری هەولێر بوو، ماوەیەکی زۆر بوو لە هەندەران دەژیاو لە فەڕەنسا بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە زمـانو ئـەدەبی کـوردی هێنـابۆوە، پێدەچـوو ئـەو خـاوەنی بیرۆکەی کۆبوونەوەکە بێت، چونکە هـەر ئـەو قسـەی دەکـردو هـەموانیش تەماشای دەمی ئەویان دەکرد. ئەو شاعیرە وتی: بۆئەوەی ئـەو دوو حیزبـە شەڕ ڕابگرن، با ئێمە یاداشتنامەیەکیان بدەینیّو پێیـان بڵـێین ئەگـەر شـەڕ ڕانەگرن خۆمان دەسوتێنین.

ئامـادەبووان بیرۆکەکـەیان زۆر پـێ بـاش بـوو، هـەموو بەیـەك دەنـگ پەسندیانکرد. زۆرم بەلاوە سەیر بوو، دەستم بەرزکردەوەو پـێم وتـن: ئـەی ئەگەر شەڕیان ڕانەگرت؟ خۆ دەبێ ئێمە خۆمـان بسـوتێنین. چـۆن شـتی وا دەبـێ، ئێمــە خــاوەن منــداڵینو ژنو منداڵــەکانمان بــەبێ سەرپەرشــتیار دەمێننەوە، ئەو حیزبانە چ منەتێکیان پێیە، کـە ئـەوان لەسـەر پـارە شـەڕ ڕانەگرن بۆچی ئێمە خۆمانیان بۆ بسوتێنین.

عومــەر شــێخەللا دەشــتەکی یــەکێك بــوو لــە ئامــادەبووانی ئــەو گردبوونەوەیە، کورد پەروەرێکی باشو ڕووناکبیرێکی چەپڕەوی مەزن بـوو، ڕووی تێکردمو وتی: تۆش لەگەڵمان بە، ئەو ڕاست دەکات ئەگەر هەڕەشەی خۆسوتاندنیان لێ نەکەین، ئەو شەڕە نەگریسە ڕاناگرن.

منیش وتم: بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە بەقسەمان بکەن‌و شەڕەکە ڕابگرن. ئەوان ڕێزیان لە شێخ‌و مەلاو پیاوماقولانیش نەگرتوە چۆن ڕێز لە ئێمە دەگرن.

کە ئەمەم وت شاعیرو ڕۆماننووس‌و نووسەرەکەی پێشتر ناومان هێنا وتی: جا کە ئەوان بە قسەی ئێمەیان نەکردو شەڕەکەیان ڕانەگرت، ئێمەش درۆیان لەگەڵ دەکەین، پەشیمان دەبینەوەو خۆمان ناسوتێنین. جا ئەوەبوو بڕیارماندا یاداشتنامەیەکیان ئاراستەبکەین‌و تیایدا جەخت بکەینەوە ئەگەر بەدەنگ داوایەکەمان نەهاتن، دوای سێ ڕۆژ لەبەردەم پارێزگای هەولێر بەکۆمەڵ خۆمان بسوتێنین.

ڕۆژەکان زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتن، خۆشم نەمزانی ئەم سێ ڕۆژە چۆن تەواو بوو. بۆ ڕۆژی چوارەم هەروەکو بڕیارماندابوو، هەموومان بە ڕێپێوان بەرەو بەردەم باڵاخانەی پارێزگای هەولێر ڕۆیشتین‌و هەریەکی بتڵێک نەوتیشمان لەگەڵ چەرخێك بە دەستەوە گرتبوو، خەڵکی شاریش لەدەورمان کۆببوونەوەو هەروایان دەزانی بەڕاستی خۆمان دەسوتێنین، تیمی ئاگرکوژێنەوەش لەبەردەم پارێزگا لە ئامادەباشیدابوون، چاوەڕێیان دەکردین، کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی ناوخۆو بیانیش بە کامێراکانیانەوە چاوەڕێی چرکەساتی خۆسووتاندنەکەیان دەکرد تاکو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان بڵاوی بکەنەوە.

تا دەهات ژمارەی ئەوکەسانەی کە لە دەورمان کۆببونەوە زیادی دەکرد، دەتوت ڕۆژی قیامەتە، وەکو لافاو خەڵك ڕژایە ئەم ناوەوە، خاوەن بیرۆکەکەش لەلایەن خەڵکەوە بەرزکرابۆوەو شیعری دەخوێندەوەو تیایدا هێرشی توندی دەکردە سەر هەردوو لایەنی شەڕکەرو دەیوت (گو بە شەڕەفت بێت ئیبراهیم خەلیل) وەك ئاماژەیەك بۆ گومرگی ئەو مەرزە کە شەڕەکەی لەسەر هەڵگیرسا.

دایکی یەکێك لەو کەسانەی کە لە ڕێپێوانی خۆسووتاندنەکە لەگەڵمان بوو، خۆی گەیاندە لای کوڕەکەی‌و توند یاخەی گرت‌و بە چاوی گریانەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کردو وتی شیری مەمکەکانی منت لێ حەرام بێت ئەگەر خۆت بسوتێنیت. یەکێکی تریش لەو کەسانەی لە ڕێپێوانەکە لەگەڵمان بوو، مۆبایلی بە دەستەوە گرتبوو، قسەی لەگەڵ دایکی دەکردو دەیوت: زۆرم حەز لە شلە ساوارە بۆم لێنێ، نیوەڕۆ دێمەوە.

دیمەنێکی سەیرو سەمەرە بوو، کە تەماشای ئەو خەڵکەم دەکرد، زۆر شلەژابوون‌و مەسەلەکەیان بە ڕاستی وەرگرتبوو، هەروایاندەزانی بە ڕاستی ئێمە خۆمان دەسوتێنین. بۆ خەڵکەکە دیمەنێکی تراژیدی بوو، بەڵام بۆ ئێمە سیناریۆی فلیمێکی کۆمێدی بوو.

بەهەرحاڵ، هەرهەموومان چاوەڕێی تێپەڕبوونی ئەو کاتەمان دەکرد کە لە یاداشتنامەکەمان بۆ سەرکردەی هەردوو حیزبی شەڕکەر دیارمان کردبوو. ئەو خەڵکەش ڕوویان لە ئاسمان کردبوو لە خوا دەپاڕانەوەو

دەیانوت: بیکەیتە خاتری گەورەیی خۆت ڕەحمێك بەو بەستەزمانانە بکەیت دڵی هەردوو سەرکردە نەرم بکەیت، ئەم شەڕە نەگریسە ڕابگرن.

تەنها چەند چرکەیەکی مابوو ئەو ماوەیەی دیارمان کردبوو تەواو بێت، یەکێك لە سەرکردەکان بە زمانێکی دبلۆماسیو ئەوەی تریش بە زمانێکی زبر وەڵامیان داینەوە، لە ناوەڕۆکدا هەردووکیان یەکیان دەگرتەوە کە نیازی ڕاگرتنی شەڕیان نییە. ڕاوێژمان لە نێوان خۆماندا کرد، خاوەن بیرۆکەی خۆسووتاندنەکە وتی: چۆن چاوەڕێم دەکرد وادەرچوو، خۆ ئەوانە بەلایانەوە گرینگ نیە ئێمە هەر هەمووومان خۆمان بسوتێنین، توخوا ئەمە وەڵامە؟ منیش وتم: ئەی من نەموت با ئەمە نەکەین، مناڵەکانمان بەبێ باوك دەمێننەوە؟

وتی: ئەوان چۆن بێڕێزییان بەرامبەر ئێمەکرد، ئێمەش درۆیان لەگەڵ دەکەینو خۆمان ناسوتێنین. منیش وتم: ئەی باشە چی بەو خەڵکە بڵێین؟ لە قاقای پێکەنینی داو وتی: هەر ئێستا پێیان ڕادەگەیەنین کە هەردوو سەرکردەکە وەڵامیان داوینەتەوەو بەڵێنیان داوە شەڕ ڕابگرن.

بەم شێوەیە هەردو برووسکەکەمان خوێندەوەو دواییش پەرتەمان لێی کردو تێکەڵ بە خەڵکەکە بووین، لەخۆشیان لە هەموو لایەك بووە چەپڵە ڕێزانو هەلهەلەی خۆشی، خەڵکەکە پەرتەیان لێکردو ئێمەش بەرەو ماڵەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

بەڵام هەروەکو پێشبینیمان دەکرد، شەڕ ڕانەوەستاو تا دەشهات گەرمو گوڕتر دەبوو، بەڵام ئێمە پەیامی خۆمان پێیان گەیاندو چینو توێژەکانی تریش هەریەکەو بەچەشنێك هەوڵو تەقەلای خۆیان بۆ شەڕ ڕاگرتن خستبووە گەڕو هەوڵەکان هەر بەردەوام بوون.

ئێوارەی سی ئابی ساڵی ١٩٩٦ یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی شەڕکەر بە حیزبەکەی تری دەوت (جارێکی تر ناگەڕێنەوە شاری هەولێر، مەگەر بە دووربین تەماشای بکەن)، کەچی بۆ بەیانی ئایەتەکە ئاوەژوو بۆوەو ئەو لایەنە لەگەڵ سووپای عێراق هێرشی کردە سەریانو ئاودیوی سنووری ئێرانیان کردن .

بەڵام ئەم مانگی هەنگوینییەش زۆری نەخایاندو جارێکی تر ئەو حیزبە بە یارمەتی تۆپخانەکانی ئێرانو بێدەنگی ئەمریکا، لە قاسمەڕەش هاتنە خوارەوەو ئەمجارەیان لایەنەکەی تر ئەو شوێنانەی گرتبوونی چۆڵی کردنو لە پشت دێگەلەو قوشتەپە گیرسانەوە.

تەنانەت چەند هونەرمەندێکی شێوەکاریش چوون لە (پیرەر) کە هێڵی سنووری هەردوولایان بوو داروبەردیان کردە تابلۆ و هێمای ئاشتی.

بەم شێوەیە وەکو یاری منداڵان، هەروەکو بۆیان دانرابوو، دێگەلەیان کردە سنووری نێوانیانو تاکو ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ئەم سنوورە لە ئەندێشەی هاوڵاتیان کاڵ نەبۆتەوەو بەناو حکوومەتو پەرلەمانێکمان هەیە، بەڵام لە واقیعدا ئێمە خاوەنی دوو ئیمارەتین.

ئێوارەیەك لە دوکانەکەم دانیشتبووم، هاوڕێیەکی منداڵیم هاتە لام و چایەکی لەلا خواردمەوەو باسی وەزعی خۆمان بۆ یەکتری کرد، وتی: لە خوا بە زیاد بێت لەوەتی مەعاشی پێشمەرگەی دێرینم بۆ بڕاوەتەوە وەزعم لە جاران باشترە، منیش وتم: دەنا منیش پێشمەرگەی دێرینم بۆ کەس بە منی نەوتووە؟ وتی: چاوەڕێ مەبە کەس پێت بڵێ، ئەمڕۆ هەرکەس بۆخۆیەتی، تۆش ئازابە بۆخۆت شتێك بکە.

ئەو برادەرە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: من کەسی وا دەناسم یەك دانە ڕۆژیش پێشمەرگایەتی نەکردووەو بۆیەك شەویش لە زیندان نەماوەتەوە کەچی ئێستا بە ناوی پێشمەرگەی دێرین و زیندانی سیاسی مووچە لە حکوومەت وەردەگرێت.

بیرۆکەکەم پێ باش بوو، بۆ بەیانی چوومە لای وەزیری پێشمەرگەو نوسراوێکم لێی وەرگرت بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و لەگەڵ خۆم بردم و دامە بەرپرسی پرسگاکەو داوای بینینی سەرۆکی حکوومەتم کردو وتم: لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە هاتوومەو ئەو قسەی لەگەڵ کردوومەو لەناو ئەو نووسراوە هەموو شتێکی بۆ نووسیوە.

نووسراوەکەی لێوەرگرتم و وتی: هەندێك چاوەڕێ بکە تا بۆی دەنێرم. منیش لە ژووری پرسگەکە دانیشتبووم و چاوەڕێم دەکرد، لەوکاتەدا خانمێك هاتە ژوورەوە، پاپوجێکی بڵندی لەپێی کردبوو، جانتایەکی گەورەشی بە شانیەوە کردبوو، سڵاوی کردو چووە لای بەرپرسی پرسگەکەو داوای

دیداری سەرۆکی حکوومەتی کرد. بەرپرسی پرسگەکەش ناونیشانەکەی لێوەرگرتو وتی: لە هۆڵەکە دانیشە تاکو بانگت دەکەین.

من ئەو خانمەم زۆر باش دەناسی، گۆرانیبێژێکی دەنگ خۆش بوو، چەند ساڵێك پێش ئێستا هەردووکمان ئەندامی ڕێکخراوێکی هونەری بووین. ئێوارەیەك لە بارەگای تیپەکەمان دانیشتبووم، ئەویش دەستی منداڵە ساوایەکەی خۆی گرتبوو، هاتە ژوورەوە، یەکێك لە ئەندامانی تیپەکەمان تەنوورەکەی هەڵدایەوەو دەستی خستە ناو گەڵیو وتی: وەزعی ئێرەت چۆنە؟

ئەم دیمەنەم بەلاوە زۆر سەیر بوو، قەت چاوەڕێی ئەم ڕەفتارەم لەو ئەندامە نەدەکرد، تەنانەت هیچ حسابێکیشی بۆ ڕیشی من نەکردو شەرمی لە خۆی نەکردەوە، ئەم ڕەفتارە ناشیرینەی بەرامبەر ئەو خانمە هونەرمەندە کرد.

چاوەڕێ بووم تفێکی لێبکاتو شەڕەفی بشکێنێت. بەڵام ئەو زۆر بە ئاسایی وتی: ئێوە چەند بێ ئسوولن، دەزانن پیاوەکەم سەربازەو لە بەرەکانی جەنگدایە، کەچی هەر لە خەمی شەوی سووری خۆتان دانە، نە لە ماڵەوە لێم دەگەڕێنو نە لێرە.

سلاوم لێی کردو پێم وت: تۆ بۆچی دەتەوێ سەرۆکی حکوومەت ببینی؟ وتی: دەمەوێ هەندێك پارەی لێ وەربگرم. منیش وتم: ئەو ئاگادارە

کـە تـۆ دەتـەویٚ سـەردانی بکـەیت؟ بـە پێکەنینـەوە وتـی: ئاگـاداربوونی بۆچییە؟ ئێستا تەلەفۆنی بۆ دەکەن‌و دەچمە لای.

لە دڵی خۆمدا وتم: کێشەی خۆیەتی. هیچی تـر لەگـەڵی پێـدا نەچـووم‌و زیاتر خەریکی خۆم بووم، زەینم هەر لەلای بەرپرسی پرسـگەکە بـوو بـانگم بکات‌و بچمە لای سـەرۆکی حکوومـەت. بـەڵام هەنـدەی نـەبرد، بـانگی ئـەو خانمەیان کردو باجی چوونە ژوورەوەیان بە شانی وەکردو بردیانە ژوورێکی تر.

منـــیش لـــە چـــاوەڕوانیدا مامـــەوەو ناوەنـــاوەش ســـەیرێکی میلـــی کاتژمێرەکەم دەکرد. کاتەکـە درەنـگ بـوو، زۆری نـەمابوو دەوامـی فـەرمی تـەواو بێـت، ئـەو خانمـە بـە دڵێکـی خـۆش‌و دەموچـاوێکی بـە خەنـدەوە گەڕایەوەو وتـی: تـۆ هـەر لێرەیـت؟ وتم: بـەڵێ چاوەڕێی دیـداری سـەرۆکی حکوومـــەت دەکـــەم. وتـــی: دەنـــا مـــن چـــوومە لای‌و دووســـەدو پـــەنجا هەزاردیناریشم لێی وەرگرت.

مەلای نیوەڕۆ بانگی دابوو، بەرپرسی پرسگەکە بـانگی کـردم‌و بـاجێکی چـوونە ژوورەوەی بـە شـانی منیشـەوە کـردو بـۆ ئۆفیسـی بەڕێوەبـەری نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتیان بردم.

مـن ئـەو بەرپرسـەم زۆر چـاك دەناسـی، بـەخێرهاتنێکی گـەرم‌و گـوڕی لێکردم‌و وتـی: چـایە دەخۆیتـەوە یـان قـاوە؟ وتم: پێویسـت بـەوە ناکـات، کاتەکەی درەنگـەو باشـتر وایـە هـەتا زووە بچـمە لای سـەرۆکی حکوومـەت

نەوەك ئیش‌و کارێکی لەناکاوی بۆ پەیدابێت‌و نەتوانێ بمبینێ. وتی: نا مەترسە، سەرۆکی حکوومەت منی ڕاسپاردووە کە قسەت لەگەڵ بکەم‌و گوێ لە داواکاریەکەت بگرم. منیش وتم: من بۆ بینینی ئەو هاتووم، ئەگەر نیازی بینینی تۆم هەبا، دەهاتمە ماڵەوەتان‌و چایەکیشم لەلات دەخواردەوەو لێرە کاتم لێنەدەگرتیت. وتی: قەیناکات فەرموو پێم بڵێ بۆچی هاتوویت تا بۆتی جێبەجێ بکەم؟ منیش وتم: پێویست ناکات، ئەگەر بمزانیبا کاتی بۆ من نییە، منیش واسیدەیەکم بەو خانمە گۆرانی بێژە دەکرد کە بەبێ ژوانی پێشوەخت چووە لای‌و بە گوژمەیەك پارەش گەڕایەوە.

ناردی قاوەیەکم بۆهات، هێشتا تەواوم نەکردبوو، پیاوێکی پیری سەروڕیش سپی هاتە ژوورەوەو کۆمەڵێك وێنەی فۆتۆگرافی بەدەستەوە بوو، دانەیەکی لێدەرهێناو خستیە سەر مێزی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی حکوومەت‌و پێی وت: زانیم تۆش زۆر سەرسام بوویت بەم دیمەنە، بۆیە دانەیەکیشم بۆ تۆ هێناوە.

ئەویش وتی: ئەی ئەو هەموو وێنانەی تر بۆ کێ دەبەی؟ وتی: بەخۆت دەزانی سەرۆکی حکوومەتیش زۆر پێی سەرسام بوو، بە وێنەگرەکەی خۆی وت وێنەیەکی بۆ بگرەو کە چاپیشتکرد بەشی من‌و وەزیرەکان لەبیرمەکە. جا ئەو وێنانە بۆ ئەو دەبەم‌و بۆئەوەی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بیداتە وەزیرەکان.

زۆر مەراقم کرد، کە دەبێ ئەو وێنەیە چی بێت وا هەموو حکوومەتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بۆیە داوام لە بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی حکوومەت کرد پیشانم بدات. وێنەکەی دایە دەستمو وتی: زۆر جوانە دەمانباتەوە ساڵانی خەباتی شاخ، وانیە؟

بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە بە وردی سەیری وێنەکەم کرد. هەروەکو لە وێنەکەدا دیاربوو، ئەو پیاوەی کە وێنەکانی بەدەستەوە بوو (مەبەستم بەردەستەکەی سەرۆکی حکوومەتە) لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران وێنەی لەسەر پشتی گوێدرێژێکی بێ کورتان گرتبوو.

لە پێکەنینان هیچ قسەم بۆ نەهات، کابرای پیرەمێرد بە توڕەییەوە سەیری کردمو وتی: بۆ پێم پێدەکەنیت، دەڵێی قەشمەریت پێم دێت؟ منیش وتم: جا حەدم چیە قەشمەریت پێ بکەم، زۆر پێی سەرسامم، بەڵام خۆزگا تاپڕێکیشت بە دەستەوە دەبوو، لەگەڵ جوتێك تاژی، ئەوکات لە ڕاوچییێکی زۆر باش دەچوویت.

باش بوو باوەڕی پێکردمو بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: منیش حەزم دەکرد جوتێك تاژیو تاپڕێکیشم پێ بایە، بەڵام ئەو گوێدرێژەشم بە ڕێکەوت لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بینیو باش بوو فریای کەوتمو ئەم وێنەیەم لەگەڵ گرت.

قاوەکەم تەواوکردو بە بێ ئومێدی گەڕامەوە، پێش ئەوەی بگەمە پرسگەکە یەکێك لە دواوە بانگی کردمو وتی: ئەوە چیە دێیتە ئەنجوومەنی وەزیرانو سلاوێکیشمان لێناکەیت؟

کە ئاوڕم لێی دایەوە، برادەرێکی خەباتی شاخ بوو، وتم: ئەوە لێرە چی دەکەی؟ وتی: ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتم. دەستی گرتمو منی بردە ژوورێکی گەورە، دەتوت هۆڵی بۆنەکانە، هێندە گەورەبوو، نزیکەی نەوەد کەسێك لەسەر قەنەفەو کورسییەکانی ئەو ژوورە دانیشتبوونو گاڵتەو گەپیان دەکردو چایەی گەرمیشیان فڕ دەکرد.

سلاوم لێکردنو منیش لەسەر کورسییێك لە بەرامبەریان دانیشتم. سەرم خستە بن گوێی برادەرەکەمو پێم وت ئەمانە کێن لێرە دانیشتوون؟ ناکات ئەو هەموو هاولاتیانە کێشەکانیان لای تۆ بێت؟

بە پێکەنینەوە وتی: ئەوانیش ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتن.

زۆر سەیرم بە قسەکانی هات، نەدەچووە ئەقڵی هیچ کەسێکەوە ئەو هەموو حەشاماتە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت بن، دەتوت مەجلیسی فاتیحە خوێندنە، لە دڵی خۆم دەموت (تۆ بڵێی بەگاڵتەی نەبێت)؟

جارێکی تر لێم دووبارە کردەوەو پێم وت: ئەگەر وایە بۆ هەر یەکێك لە ئێوە ژووری خۆی نیە؟ ئێرە لە قاوەخانە دەکات نەك ژووری ڕاوێژکار.

وتی: ئەگەر ڕاستت دەوێ ژمارەکەمان لەوەش زیاترە بەلام هەندێکیان لێرەنین، پێشتر تەنها سەری مانگان بۆ مووچە وەرگرتن دەهاتینە ئێرە،

بـەڵام ماوەیەکـە لـەوەتی کابینــەی حکوومــەت گـۆڕاوە، ســەرۆکی نـوێی حکوومـەت فـەرمانی داوە ئێمـەش وەکـو کارمەنـدەکانی تـر هـەموو ڕۆژێـك دەوام بکەین.

ڕووی تێکردمو وتی: پێم بڵێ ئەی تۆ بۆچی هاتوویتو چ کارێکت لێرە هەیە؟ منیش وتم: نووسراوێکم لە وەزیـری پێشـمەرگە هێنـابوو دەمەویسـت سـەرۆکی حکوومـەت ببیـنم بۆئـەوەی مووچـەی پێشـمەرگەی دێـرینم بـۆ ببڕێتەوە بەڵام کاتی بۆ من نەبوو بمبینێ.

چاوەڕێم دەکرد ئەو برادەرەم مەعامەلەکەم لێ وەربگرێتو بۆمی بکـات، کەچی خۆی بێئاگا کردو نقەی لێوە نەهات. منیش ڕووم تێی کـردو پـێم وت لەوانەیە ئێوە سەرۆکی حکوومەت لە ئێمە ئاسانتر ببیـنن؟ بـە پێکەنینـەوە وتـی: بینینـی چـی؟ تـەنها جـارێکیش چـاومان پێـی نەکـەوتووە، ئـەو لـە ژوورەکەی دانیشـتووەو کـاری خـۆی دەکـات، ئێمـەش لێـرە دانیشـتووینەو چایەو قاوە دەخۆینەوەو بە گاڵتەو گەپ کاتەکە بەسەردەبەینو دواییش کە دەوام تەواو بوو دەچینەوە.

دوای ئــەوەی لــە خانەنشـینی زینـدانی سیاســیو پێشـمەرگایەتی بـێ ئومێدبووم، ئەو بڕە پارەیەش کـە لـە خانەنشـینی شارسـتانی وەرمـدەگرت زۆر کەم بوو بەشی بـژێوی ژیـانی نـەدەکردم، بۆیـە ناچـاربووم جـارێکی تـر دەسـت بـە لێخـوڕینی تەکسـی بکەمــەوە. بـۆ ئــەم مەبەسـتە بـە قــەرز ئۆتۆمبێلێکی تەکسی دەستی دووم کڕیو خۆم پێیەوە خەریك دەکرد.

ماوەیەك ئیشو کارم باش بوو، بەو بڕەپارەیەی ڕۆژانە دەستم دەکەوت لەگەڵ مانگانەکەم پێی دەگەیشتمەوە سەری مانگ. بەڵام دوایی بەهۆی گرانبوونی سوتەمەنیو خراپبوونی جۆرەکەی، ڕۆژێك ئیشم دەکردو دوو ڕۆژ لە فیتەربووم، دەبوو زوو زوو فیتپەمپەکەی بگۆڕم، ئەمەش وایکرد هەندێك ڕۆژ نەك خەرجیماڵەوەم پێ دەرنەچێت، بەڵکو خەرجی ئۆتۆمبێلەکەشم پێ دەرنەدەچوو.

ئەم وەزعە زۆری خایاند تا لە ٢٠٠٣/٤/٩ عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیرکراو لە ئاکامدا ڕژێمی بەعس ڕووخاو هێزەکانی داگیرکەر حکومەتێکی کاتییان لە ناوچەی سەوزی شاری بەغداد پێکهێناو سەرەتا ئەنجوومەنێکیان بە ناوی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵێك سەرکردەی حیزبو لایەنە سیاسییە نەیارەکانی حکومەتی پێشوو پێکهێناو هەریەکێك لەوانە بۆ ماوەی یەك مانگ سەرۆکایەتی وڵاتی دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا دیپلۆماتکاری پێشووی ئەمریکی بۆل برێمەر حاکمی مەدەنیو کەسی یەکەم بوو لە عێراقو حیسابی بۆ هیچ یەکێکیش لەو کەسانە نەدەکردو تەنانەت هەندێك جار سووکایەتیشی پێدەکردن.

هەر لەو ماوەیەدا ئەمریکیەکان، ئەیاد عەلاوی دەکەنە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ قۆناغی ئینتقالیو بارەگای حکومەتەکەشی لە ناوچەی سەوز دادەنێن. ئەو ناوچەیە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەمریکییەکان ناسرابوو، لە کاتێکدا لە هەموو ناوچەکانی تری عێراقدا ڕۆژانە دەیان ئەمریکی لەلایەن

هێزە چەکدارەکانی پاشماوەی حیزبی بەعس دەکوژران و بریندار دەبوون، تەنها لەو ناوچەیە هەستیان بە ئارامی دەکرد، بۆیە چەندین خاڵی پشکنینی تۆکمەیان بە کەرەستەو تەکنەلۆژیای نوێوە لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە دانابوو، کە هەر هەموو خاڵەکانیش بە دەست سووپای ئەمریکاوە بوو. تەنانەت ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکمو دواتریش ئەندامانی ئەنجوومەنی دارشتنی پرۆژەی دەستوورو سەرۆکی حکوومەتو وەزیرو بەرپرسەکانیش دەبوایە بەو خاڵانەی پشکنیندا برۆن و پابەندی رێنماییەکانیان بن.

یەکێك لەو مامۆستا بەڕەگەز عەرەبەی کە لەسەر پشکی کورد ببووە ئەندام لە ئەنجوومەنی دارشتنی پرۆژەی دەستووری عێراق لە نزیکەوە دەمناسی لە دانیشتنێکدا لە هوتێلی شیراتۆن بۆی گێڕامەوە وتی: ڕۆژێکیان ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیرانی عێراق پێی وتم: با بچینە ئۆفیسەکەی من و قاوەیەك بەیەکەوە بخۆینەوە. جا ئەوەبوو منیش چوومەلای و بەیەوەکەوە بەرەو بارەگای ئەنجوومەنی وەزیران ڕۆیشتین. کە گەیشتینە پرسگەی ئەمریکییەکان، ئەفسەرێکی ئەو پرسگەیە وتی: جلو بەرگەکانتان دابکەنن تەنها فانیلەو شۆرت نەبێت و بە پێ خواسی بەناو ئامێری سۆنارەکەدا برۆن. ئەیاد عەلاوی بەم فەرمانە زۆر توڕەبوو، بە ئەفسەرەکەی وت: تۆ نازانی من کێم؟ من سەرۆك وەزیرانی عێراقم و خۆم ڕوت ناکەمەوە. ئەفسەرەکەش وتی: منیش ڕێگات پێ نادەم برۆی. ئەیاد عەلاوی ویستی بەبێ ئیجازە تێپەڕێت، ئەفسەرەکە لێی هاتە پێش و هەتا هێزی لەبەردابوو

شەقازللەیەکی لە بن گوێی داو بەسەریدا هاواری کردوو وتی: لەسەر زك ڕابکشێ. من چوومە نێوانیانو ناسنامەی خۆمم بۆی دەرهێنا کە لەلایەن پنتاگۆنەوە دەرچوو بوو، وتم: من ڕاوێژکاری پنتاگۆنم ڕێگامان پێ بدە؟ بەڵام ئەم قسانە هیچ سوودێکی نەبوو، ئەفسەرەکە سوور بوو لەسەر فەرمانی خۆی تەنانەت وتی: دەبێ تۆش ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەیتو خۆت ڕوتبکەیتەوە.

ئەو برادەرەم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: من تەلەفۆنێکی سورەیام لەلابوو، پەیوەندیم بە حاکمی مەدەنی عێراق پۆل بریمەر کردوو داوام لێی کرد کە قسە لەگەڵ ئەو ئەفسەرە بکاتو پۆزش بۆ ئەیاد عەلاوی بهێنێتەوە. بەڵام بریمەر پشتگیری ئەفسەرە ئەمریکییەکەی کردو وتی: پێی دەڵێم سزاکەی لەسەر لابدات، بەڵام دەبێ ئێستاو لە داهاتووش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو بێت. ئیتر بەم شێوەیە منو ئەیاد عەلاوی جلی خۆمان داکەندو بە شۆرتو فانیلەوە چووینە ناو ئامێری سۆنارەکەوەو دواتر چووینە بارەگای ئەنجوومەنی وەزیران.

منیش بەو برادەرە عەرەبەم وت: ئەی ئەو بەچی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، چۆن دەبێ لەسەر خاکی وڵاتی خۆشمان سووکایەتی وامان پێبکرێت؟ بەپێکەنینەوە وتی: ئەمریکاییەکان شتی وا نازانن، بەخۆت دەزانی من ساڵانێکی زۆرە لەوێ نیشتەجێمەو تەنانەت بەحوکمی ئەوەی ڕاوێژکاری پنتاگۆنیشم خزمەتێکی زۆرم پێشکەشی ئەو هێزە داگیرکەرانە

کـردووە بـەڵام ئـەوان ئەمانـەیان هـیچ لەبەرچـاو نیـەو هەرچـەندە لـە دەستوورەکەیان دانی یەکسانی هـەمووان دانـاوە بـەڵام لـە واقیعـدا ئێمـە هاوڵاتی پلە دووین، هەربۆیـە منیشیان لەڕێنماییـەکانی پشکنین هـەڵاوێرد نەکرد.

منـیش وتم: ئـەی چـۆن تەماشـای ئەنجوومـەنی حـوکم دەکـەن؟ وتـی: حـاکمی مـەدەنی ئـەمریکی وەکـو سـەربازێکی ژێردەسـتی خـۆی سـەیریان دەکات، هەر بۆیە هەمووان تەماشای دەمی ئەو دەکـەنو بڕیـاری کۆتـاییش لای ئـەوە. منـیش وتم: بۆچـی لێـی قـەبوڵ دەکـەن؟ وتـی: ئـەوان هـیچ چارەیەکی تریان نیە، چونکە ئەگەر ئەمریکا نەبوایە بە دەیان سـاڵی تـریش ئەوان ڕژێمی بەعسییان پێ نەدەگۆڕا، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حاکمی مەدەنی نەبن، لەناویان دەبات.

ئێمە لەو قسانەدابووین، دوو بەرپرسی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هاتنە ژوورەوەو لەنزیك ئێمـە لـە سـەر مێزێـك دانیشـتن. برادەرەکـەم ڕووی تێکردمو وتی: ئەو دوو کەسـە دەبینـی کـە ئێسـتا هاتنـە ژوورەوە؟ منـیش وتم: بەڵێ، مەبەستت چیە؟ وتی: کاتێك لە شاری بەغداد بووم، بـەر لـەوەی بچمە ئەمریکا، من بەرپرسی حیزبی هەردووکیان بـووم لـە ڕێکخسـتەنەکانی حیزبی بەعس.

منـــیش وتم: باوەڕناکـــەم، ئەوانـــە دوو بەرپرســـی گـــەورەن لـــە حکوومەتەکەمان، چۆن شـتی وا دەبێ؟ وتـی: سـەیرکە ئێسـتا خۆمیـان لێ

ئاشـكرادەكەمو سـڵاوێكیان لێ دەكـەم، بزانـە ڕەنگـی دەموچـاویان چـی بەسـەردێت؟ منـیش وتم: بـابزانین. دوای ئـەوەی سـڵاوی لێكـردن، دەتـوت خزمەتكاری ئەون بۆی هەستانە سەرپێ‌و بە گـەرموگوڕی سـڵاوەكەیان لێـی وەرگرتەوە.

دوای ڕوخـــانی ڕژێـــم گـــەمارۆی ئـــابووری لەســـەر عێـــراق هـــەڵگیراو پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردسـتانو حكوومـەتی بەغـدادش ئاسـایی بۆوەو تەنانەت حیزبە كوردییەكان پلەو پایەیەكی وەزیفی باڵای زۆریـان لـە حكوومەتی ناوەند وەرگرتو بەشێكی زەبەلاحیشمان لە بوودجەی عێراق بۆ دەهـات، بەمـەش تـا چـەند سـاڵێك خـەڵكی هـەرێم كەوتنـە خۆشـیو بـاری گوزەرانیـان زۆر بـاش بـوو. بـەڵام ئـەو وەزعـەش زۆری نەخایانـدو دوای دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی كوردستانو بە بازاڕكردنی لەلایەن حكوومـەتی هەرێمی كوردستانەوە، پەیوەندیی نێـوان حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتانو حكوومـەتی ناوەنـد تێكچـوو، هـەردوولا یـەكترییان تۆمـەتباردەكرد بـە نـا شەفافیەت لـە برسـی نەوتـداو لـە ئاكامـدا حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان داهاتی نەوتی نەگەڕاندەوە بۆ بەغدادو ئەوانیش بەشە بوودجـەی هـەرێمیان بڕیو بەمەش خەڵكی هەرێمی كوردستان وەكو سـاڵانی ڕابـردوو ڕووبـەڕووی قەیرانێكی دارایی سەخت بۆوە.

-٢٧-

# بەکۆیلەکردنی کچانو ژنانی ئێزدی

لەلایەکی تریشەوە هێندەی نەبرد، گرووپێکی چەکداری تیرۆریست بەناوی (داعش) لە کتوپڕەوە پەیدابوو، وەکو دۆمبەلان لە چەند ناوچەیەکی عێراق بەدەرکەوتنو دەستیانگرت بەسەر چەند شاروشارۆچکەیەکی عێراق.

لەو هێرشانەی داعشدا، ئێزدیەکان زەرەرمەندی یەکەم بوون، کاتێک داعش پەلاماریدان، لە شیرینی خەودابوون، ئەوان پشت ئەستووربوون بەو لەشکرانەی چەند ساڵێك بوو بە چەکو تەقەمەنییێکی زۆرەوە لەناو شەنگالّ جێگیرکرابوون، کەچی بە یەك فیشەکیش وەڵامی ئەو چەتانەیان نەدایەوەو پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، ترسنۆکانە تێیان قوچاندو هەڵاتنو شەنگالّیان تەسلیمی داعش کردو هەزاران کچو ژنی ئێزدیان دایە دەست دڕندەکانی داعشو ئەوانیش دەستدرێژییان کردەسەریانو بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە کردیاننە کەنیزەكو بەسەر ئەمیرو چەکدارەکانی خۆیان دابەشیان کردنو هەندێکیشیان وەکو کۆیلە لەبازاڕەکانی ڕەقەو سعودیەو تورکیا کڕینو فرۆشتنیان پێوەکردن.

ڕۆژانــە بــەخۆمو ئۆتۆمبیلەكــەم دەهاتمــە دەرەوەو لەبــەردەم گــەراجی بەغـداد ڕادەوەسـتامو چـاوەڕوانی نەفـەرم دەكـرد. ڕۆژێـك هێشـتان خـۆر هەڵنـەهاتبوو، لەبـەردەم دەرگـای گەراجەكـە ڕاوەسـتابووم، ئۆتـۆمبێلێكی لانـدكرۆزەری وەنەوشـەی جـام ڕەش لـە تەنیشـتم ڕایگـرتو شـوفێرەكەی لێهاتــە خــوارەوەو وتــی: دوو ئــافرەتی عــەرەبی خــەڵكی شــاری بەغــدادم لەگەڵدایە، دەتوانی بۆمان بیانگەیەنیتەوە شاری بەغداد؟ منیش وتم: من بۆ كاسبی بەو بەیانی زووە لە ماڵەوە هاتوومەتە دەرەوە، ئەگەر هـەقی خـۆمم پێبدەن بۆ كوێتان بوێ دەیانبەم. دەستی بردە گیرفانیو گوژمەیەك پارەی دامیو وتـی: ئەمانـە میـوانی بەرپرسـەكەی مـنن، ئەمانـەتی تۆیـان دەكـەم بیانبــەوە بــۆ ئــەو شــوێنەی خۆیــان دەیــەوێت؟ وتم: باشــە چــۆنیان بــوێ وادەكەم.

دوو ئافرەتەكـــە لـــەناو لاندكرۆزەرەكـــە هاتنـــە خـــوارەوەو ســـواری ئۆتۆمبێلەكەی من بـوونو منـیش هـەقی خـۆم لـە شـوفێری لاندكرۆزەرەكـە وەرگـرتو بـەرەو بەغـداد بەڕێكـەوتم. هـەر لەوكاتـەی لـە خـاڵی پشـكنینی هـەولێر دەرچـووین تـا گەیشـتینە نزیـك شارۆچـكەی پـردێ، ئـەو دوو ژنـە سـەریان خسـتبووە بـن گـوێی یـەكترو بـە عـەرەبی قسـەیان دەكـردو نـاوە ناوەش لە قاقای پێكەنینیان دەدا.

ڕێگای بەغداد زۆر دوورە، ئەگەر كەسێك لەگەڵ شوفێر قسەنەكات، ئـەو ڕێگایە بە ئاسـانی نابڕدرێـت، منـیش شـەوی ڕابـردوو هـەر بـەخۆم تێرخـەو

نەبووبووم بۆیە حەزم لێ بوو بیاندوێنم بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت خەوەکەم بڕەوێتەوە.

ئاوڕێکم لێیان دایەوەو بە عەرەبی پێم وتن: سەیری جلو بەرگەکەم مەکەن، کورتەکو شەرواڵی کوردیم لەبەردایە، من ساڵانێکی زۆر لەگەڵ عەرەب ژیاومو وەکو ئێوە عەرەبی دەزانم، بۆ منیش باس بکەن، ئێوە باسی چی دەکەن تا منیش وەکو ئێوە پێبکەنم؟

کە ئەمەم وت هەردوو ژنە عەرەبەکە سەیری یەکتریان کردو بەسەر سوڕمانەوە وتیان: ئێمە واماندەزانی تۆ لێمان تێناگەیت بۆیە بە ئارەزووی خۆمان قسەمان دەکرد. منیش وتم: جا چی تیایە، ئەم ڕێگایە دوورو درێژە تا دەگەینە شاری بەغداد زۆرمان پێدەچێت، بۆیە حەزدەکەم منیش لەگەڵتان بەشداربم.

ژنێکیان ڕووی تێکردمو پێی وتم: قسەیەکی نێوان خۆمان بوو، پێویست ناکات تۆ بیزانی؟ منیش وتم: بەخوا مەراقم کردووە، لە پێکەنینەکانتان دیاربوو، باسی شتێکی خۆشتان دەکرد، لێم مەشارنەوە، لە خەفەتی ئەم دونیایە وەختە دڵم شەق ببات، لەلایەك مووچەی خانەنشینییەکەم هێندە کەمە بەشی بژێوی ژیانم ناکات، لەلایەکی تریشەوە ئیشو کاری تەکسیش کەم بۆتەوەو ڕۆژێك نەفەرم هەیە دوو ڕۆژ نیمە، جا خێرتان دەگاتێ منیش وەکو خۆتان بە پێکەنین بێنن؟

هاوڕێیەکەی ڕووی تێکردو وتی: ئـەم پیـاوە ڕاسـت دەکـات، دەبـا بـۆی باس بکەین، خۆ ئەو نامانناسێتەوە هەتا لێی بترسێین؟

ئەوەنـدەی وتو چـاوەڕێی هاوڕێیەکـەی خـۆی نـەکردو پێـی وتم: لێـت ناشێرمەوە، ئێمە هەردووکمان لەشفرۆشینو لە شـاری بەغـداد دادەنیشـین، ئێمەیان بۆ بەرپرسێکی گەورەی ئێرە هێناوە، هەفتەیەك لە کۆشـکێکی نـاو کێڵگەیەکی کشتوکاڵی لە دەوروبەری شاری هەولێر شوێنی حەوانەوەیان بـۆ دابـین کـردینو بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـە ئـەو بەرپرسـە لەگـەڵمان بـوو، هەردووکمان مەساجمان بـۆی دەکـرد، زۆری حـەزلێ بـوو سێکسـمان لەگـەڵ بکات بەڵام دەتوت جادووی لێکراوە بەدرێـژایی ئـەو چـەند ڕۆژە هیچـی پـێ نەکرا.

منــیش وتم: وەکــو بیســتوومە ئەوکەســانەی زۆر خــەریکی ڕابــواردنو سێکسکردنن، ڤیاگرا بەکاردەهێنن، بۆ پێتان نەوت بـەکاری بهێنـێ؟ ژنەکـە وتی: پێمانوت، ئەو بەرپرسە لە بەکارهێنانی ڤیاگرا زۆر شارەزا بـوو، بـەڵام هـەروەکو خـۆی وتـەنی (یادگـارییێکی تـاڵی لەگـەڵ ڤیـاگرادا هـەبوو)، بۆیـە بەکاری نەهێنا.

منیش هێندەی تر کەوتمە مەراقەوەو پێم وت نەتزانی ئەو یادگاریە تاڵە چی بوو؟ وتی: بەڵێ بۆی باسکردین. منیش وتم: دەتـوانی بـۆم باسـکەیت؟ وەکو بۆی باسکردین، ئەوانە دوو بەرپرسی هاوڕێی یەکتری بوونە، ساڵانێکە خەریکی ڕابواردنو ژنبازین، هاوڕێیەکەی بەهۆی زێدەڕۆیی لە سێکسـکردنو

بەکارهێنانی ڤیاگرا گیانی لە دەستداوە، بۆیە ئەویش نەیدەوێرا هیچی تر بەکاری بێنێت.

منیش وتم: کەواتە ئێوەش لەو گەشتەدا هیچتان پێ نەبڕا؟ بە پێکەنینەوە وتی: بۆ ئێمە وەکو یەکە، ئەو کەسانە پێیان بکرێت یان نەکرێت، ئێمە لەسەر هەقی خۆمانین، بۆیە هەقی خۆمان وەرگرتو ئێستاش دەگەڕێینەوە.

منیش وتم: کەواتە ئێوە بەو بەرپرسە پێدەکەنین کە لەبەرامبەرتان شەرمەزار بوو؟ وتی: نا لەبەر ئەوە نییە، ئێمە حاڵەتی وامان زۆر بینیوە، بۆیە لەلامان بۆتە شتێکی ئاسایی. منیش وتم: ئەی بەچی پێدەکەنین؟ وتی: بەو دەبەنگە پێدەکەنین، یەك دەفتەر دۆلاری داینێو هیچیشی پێ نەکرا.

منیش زۆر پێکەنیمو وتم: هەبێ و نەبێ ئەو بەرپرسە بەتەمەن بووە بۆیە هیچی پێ نەکراوە، دەنا ئێوە زۆر شۆخو شەنگن، ڕوخسارتان لەو پەریانە دەچێت کە مەلایەکان لەسەر مینبەری مزگەوتەکان باسیان دەکەن وتی: بەڵێ ئەو پێدەچوو تەمەنی لەسەرووی حەفتا ساڵیەوە بێت، بەڵام هێندە بۆیاغی ڕەشی لە سەروسمێڵی خۆی دابوو، هەروای دەزانی کوڕێکی گەنجە، لە بیری چوو بوو کە هیچ فیشەکی پێ نەماوە بیتەقێنێ.

قسەکانی ئەو دوو ژنە لەشفرۆشە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەبیرهێنانەمەوە کە دەڵێ:

هەر قوز قوزت بوو سەرزلی بیٚ خێر

شەرتە تا ماوم قەت پێت نەڵێم کێر

من هانت دەدەم بەرەو کونەوە

تۆ سەر شۆڕ دەکەی بەرەو گونەوە.

هەروەها لە چوارینەیەکی تریشدا دەڵیٚ:

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی جارانی نییە

تاقەتی کەشمە کەشمو گەردشی شارانی نییە

دەست بە گۆچان دەگەڕیٚ، ئێستە لەبەر زەعفی وجود

مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە.

ڕووم لە هەردوو ژنەکە کردو ئەو دوو چوارینەیەی شێخ ڕەزام بۆیان وەرگێڕا سەر زمانی عەرەبیو بۆم خوێندنەوە، ئەوانیش گەلێك پێکەنینو یەکێکیان وتی: کاکە بۆچی ئێوەی کورد بەگشتی ئەقڵتان هەر لەلای کێرتانەو بەرامبەر بە قوز هێندەلاوازن؟ منیش وتم: ئەمە خاڵی لاوازی ئێمەیە، هەر بۆیە پارەو پوولی دونیا و لەشفرۆشەکانی هەموو دنیاش بەشمان ناکات!!

تاگەیشتمە شاری بەغداد ئێوارە داهات، هەردوو ژنەکانم برد بۆ گەڕەکی کەمالییەو منیش لە ئەبو نەواس بۆ ژەمی نیوەڕۆ ماسیێکی برژاوم خواردو

چوومە گەراجی نەهزە، لە بەرامبەر ئۆتۆمبێلەکەم ڕاوەستابووم چاوەڕێی نەفەری شاری هەلێرم دەکرد تاکو بگەڕێمەوە.

هێندەی پێنەچوو، دوو ئافرەتی گەنج هاتنەلام سلاویان لێکردمو وتیان: دەمانەوێ بگەڕێینەوە کوردستان. وتم: کوردستان چەند شارێکی هەیە، ئێوە دەتانەوێ بچنەکوێ؟ وتیان: ئێمە خەڵکی گوندی کۆجۆین لە قەزای شەنگاڵ، بەڵام گوندەکەمان لەلایەن چەکدارانی داعش داگیرکراوە، بۆیە دەمانەوێ بگەڕێینەوە شاری دهۆك ئەگەر خزمو کەسێکمان مابێت لە خێوەتگاکانی ئەوێنە. منیش وتم: من دەچمەوە شاری هەولێر. دوو ئافرەتەکە وتیان: دەزانین، بەڵام لەو دەمەدا لە ئۆتۆمبێلەکەی تۆ زیاتر هیچ ئۆتۆمبێلێکی ترمان لە گەراج نەبینی، بۆیە لەگەڵ تۆ دەگەڕێینەوە شاری هەولێرو لەوێشەوە دەچینەوە دهۆك.

وتم: ئەی ئێوە چیتان دەکرد لێرە، کاتێك داعش گوندەکەی ئێوەی داگیرکرد؟ وتیان: چیرۆکی ئێمە زۆردرێژە، بەسەرپێیی تەواونابێت، بۆ شەش مانگ دەچێت لە خزمو کەس‌و کارمان دوورکەوتینەتەوە، نازانین ئەوانیش چیان بەسەرهاتووە، ئایا جارێکی تر چاومان پێیان دەکەوێتەوە یان نا؟

وتم: منیش بە ڕێکەوت هاتوومەتە بەغداد، تۆزێك پێش ئێستا گەیشتمەجێ، دوو ئافرەتی عەرەبم لە هەولێرەوە بۆ ئێرە هێناو هاتمە گراج

وتم (ئەگەر یەك دوو نەفەریشم دەستکەوێت بۆ ئاوەدانی هەر باشە، چونکە ڕێگاکە دوورەو بە تەنیا مرۆڤ تووشی مەلەل دەبێت).

دیارە خوا ئێوەی بۆناردم، فەرموون لە پشتەوە دابنیشن‌و بەڕێ دەکەوین، ئەگەر خوا بیکاتە بەشم لە ڕێگاش یەك دوو نەفەری ترمان دەست بکەوێ باشە.

بەم شێوەیە بەڕێ کەوتم، کە لە خاڵی پشکنینی ڕاشدیە دەرچووم، رووم لە هەردوو ئافرەتە ئێزدیەکان کردوو پێم وتن: کچەکانم ئێوە وتتان چیرۆکی ئێمە زۆر درێژە، دەکرێ بۆم باسبکەن بزانم چی ئێوەی گەیاندە ئێرە؟

یەکێك لە ئافرەتەکان وتی: من ناوم ڕەنایەو تەمەنم بیست‌و پێنج ساڵەو ئەوەی تەنیشتیشم ناوی وەفایەو تەمەنی بیست‌و یەك سالە، هەردووکمان خەڵکی گوندی کۆجۆین. ڕۆژی سێی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ چەکدارەکانی داعش بەسەر گوندەکەی ئێمەیان دادا، ئەوەی زوو فریای خۆی کەوت توانی دەربازبێت‌و ڕابکاتە سەر چیای شەنگاڵ، بەڵام ئێمە بەخت یاوەرمان نەبوو، هەرچەند لە دەست ئەو چەکدارانە ڕامانکرد، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە چیای شەنگاڵ، هەندێك عەرەبی خەڵکی گوندەکانی دەوروپشتمان ئێمەیان گرتەوەو تەسلیمی چەکدارەکانی داعشیان کردین.

ئیتر بەم شێوەیە، ئێمەیان لەگەڵ ژن‌و پیاوەکانی تری گوندەکەکمان‌و گوندەکانی دەوروبەرمان بردە ناو قوتابخانەیەکی قەزای شەنگاڵ‌و لەوێ

هــەمووومانیان دەستبەســەرکرد. پیاوەکانیــان لــە نهــۆمی ســەرەوە دانــاو ئێمەشـیان لـە نهـۆمی ناوەڕاسـت دانـا. دوای کاتـژمێرێك، دەسـتە دەسـتە پیاوەکانیان بردە دەرەوەو لەبەرچاوی ئێمە بە فیشەك کوشتنیان.

کە ڕەنا ئەمەی وت، دڵم بۆیان ژانیکرد، ڕووم تێی کردو پـێم وت: کچـی خۆم نەتزانی بۆچی ئەوانیان کوشت؟

ڕەنا بەچاوی پڕلە فرمێسکەوە وتــی: بـاوكو برایـەکی منیشـیان لەگـەڵ بوو، کە ئەوانیان بەبەرچاوی منەوە بردو دوای تۆزێك گوللـە بارانیـان کـردن زۆر بۆیان گریام، بەو داعشەم وت: کە چـاودێری ئێمـەی دەکـرد گوناهیـان چی بوو ئەوانەتان بـەبێ تـاوان کوشـت؟ داعشـەکە وەڵامـی دامـەوەو وتـی: ئەوانە کـافرنو شـەیتان دەپەرسـتن، شـەریك بـۆ خـوا پەیدادەکـەن، دەبێ ئەوانە بکوژرێنو ئیسلامیان لێ پاك بکرێتەوە.

منیش وتم: کچی خۆم ئەی ژنـەکانیان چـی لێکـرد؟ وتـی: دوای ئـەوەی هەموو پیاوەکانیان کوشت، ژنو منداڵـەکانیان بـە چـەند پاسـێك بـۆ شـاری موسڵ بردینو بە درێژایی ئەو ڕێگایەش دەستدرێژییان دەکردینەسەر.

پــاش ئــەوەی گەیشـتینە شـاری موسـڵ، ئێمـەیان بـردە بارەگایـەکی خۆیــانو ئێمــەیان لــە هــۆڵێکی گــەورە کــۆکردەوەو دوای نیــو کاتــژمێر کچەکانیان لە ژنەکان جیاکردەوەو تەنانەت ئـەو ژنانـەش کـە تەمـەنیان لـە سەرووی شەست ساڵیەوە بوو، هەر هەموویان جیاکردنەوە، ئەوانیان بردنـە دەرەوەو دواتر زانیمان کە ئەوانیشیان وەکو پیاوەکان کوشتووە.

کە ئەمەی وت زۆر خەفەتم خوارد، وتم: کچی خۆم من هیچ لەو ڕووداوە تێناگەم، بۆم باسبکە لەبەرچی ئەوانیان کوشت؟ وتی: منو دایکم بەیەکەوە بووین، لە ترسی داعشەکان توند دەستی دایکی خۆمم گرتبوو، کاتێك ئەوان هاتن ژنە بە تەمەنەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە، داعشێك هات دەستی منی لەناو دەستی دایکم دەرهێناو دایکمی دایە پێشەخۆیو لەگەڵ ژنەکانی تر بردیە دەرەوە. منیش زۆر بۆ دایکم گریام، ویستم لەدوای ڕابکەم، بەڵام داعشەکە لوولەی تفەنگەکەی لەمن کردو وتی: ئەگەر نەگەڕێیتە دواوە تۆش وەکو ئەو دەکوژم. کە ئەمەی وت زیاتر بۆ دایکم گریامو زۆری لێپاڕامەوە، وتم: ئەو دایکی منەو زۆرم خۆشدەوێ چ گوناهێکی کردووە تا بیکوژن؟ داعشەکە وەڵامی دامەوەو وتی: ئەوانە گەورەنو تەمەنیان بەسەرچووە، بۆ هاوسەرگیریو نیکاح دەست نادەن، بۆیە دەیانکوژین.

ڕەنا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: منیش بەچاوی گریانەوە خۆم فڕێدایە سەر هەردوو قاچەکانیو لێی پاڕامەوە کە دایکم نەکوژێت. کەچی زۆر بێویژدانو دڵڕەق بوو، جارێکی تر هەڕەشەی کوشتنی لێکردمەوەو وتی: ئێوە بۆ هیچ لە شەریعەتی ئیسلام تێناگەن، ئێوەی ئێزدی شەیتان دەپەرستنو شەریك بۆ خوا پەیدادەکەن، تۆش شوکری خوا بکە کە گەنجیتو بۆ هاوسەرگیریو نیکاح دەست دەدەیت، دەنا تۆشمان لەگەڵ ئەو دەکوشت.

بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەحەپەسام، وتم: کچی خۆم دەزانم ئێستا تۆ بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە لە ناختەوە دەکوڵێیت، بەڵام لێم مەگرە زۆرم مەراقە بزانم مەبەستیان لەوە چی بوو کە تۆ بۆ هاوسەرگیریو نیکاح دەست دەدەن بەڵام ژنە بەتەمەنەکان دەست نادەن؟

ڕەنا بەچاوی گریانەوە وتی: خاڵە ئەوان مرۆڤ نەبوون، وەحشیو درندەبوون، هەرهەموویان لە وڵاتانی خۆیان بۆ ڕابواردنو سێکسکردن هاتبوون، بۆیە چاویان بڕیبووە ئافرەتە گەنجەکانو زیاتریش ئارەزوویان بەو کچانە دەهات کە تەمەنیان لەخوار شانزەساڵیەوە بوو.

منیش وتم: کچەکەم دوایی چیتان بەسەرهات؟ ڕەنا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە ژمارەمان نزیکەی سەدوپەنجا کچو ژن دەبوو، دوای ئەوەی ژنەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە، ئێمە تەنها شەست کەس لە هۆڵەکە ماینەوە. ناوە ناوە هەندێك داعش دەهاتنە هۆڵەکەو بەناوماندا دەسوڕانەوەو زەوقیان کێی بگرتبا دەستیان دەگرتو لەگەڵ خۆیان دەبردە ژوورێکی بەرامبەرمانو لەوێ دەستدرێژی سێکسییان دەکرد سەر.

ڕووم لە ڕەنا کردو پێم وت: ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ چۆن بەبەرچاوی ئێوەوە ئەم کارە قێزەونەیان کردووە؟

بەچاوی گریانەوە وتی: کاتێك بەناوماندا دەسووڕانەوە، لە ترسان دڵم خێرا لێی دەدا، لە دڵی خۆم دەموت (چاك نەبوو وەکو کچەکانی تر زۆر جوان نەبووم، دەنا منیشیان دەبرد). کچێکی تەمەن دەساڵانم لە تەنیشت

بوو، لە خوشکو دایکی دابڕابوو، داعشێکی بەتەمەن گەورە وەکو باپیری وابوو، دەستی گرتو ویستی لەگەڵ خۆی بیبات، کچەکە توند دەستی منی گرتو دەستی بە گریانکردو پێی وتم: توخوا مەهێڵە لەگەڵ خۆی بمبات، زۆری لێ دەترسێم. منیش ڕووم لە داعشەکە کردو پێم وت ئێوە بەچی موسڵمانن، تۆزێك ویژدانتان هەبێت، کەی خوا ڕێگای داوە ئەم زوڵمە گەورەیەمان لێبکەن، ئەو منداڵە بۆ کوێ دەبەن؟ داعشەکە پێی وتم: با نەترسێت، وەکو کچی خۆم تەماشای دەکەم.

بەم شێوەیە ئەو کچە بچکۆلانەی لەگەڵ خۆی برد، دوای تۆزێك کچەکە بە شەتو گێڕی گەڕایەوە لامو خۆی خستە ناو باوەشمو دەستی بە گریانکرد. خوێن بە هەردوو قاچەکانیدا دەچۆڕایەوە. پێم وت: ئەو داعشە چی لێکردیت؟ بە گریانەوە ئامارەی بۆ ناو ڕانەکانی کردو وتی: دەستدرێژی کردەسەرم.

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو ڕووم لە ڕەنا کردو پێم وت: بۆتان باسنەکردم، ئێوە چۆن لە دەست ئەو درندانە ڕزگارتان بوو؟ وەڵامی دامەوەو وتی: تۆزێك ئارام بگرە، بۆت باس دەکەم، ئەی پێم نەوتی: چیرۆکی ئێمە درێژە، لەوانەیە بگەینەوە هەولێرو هێشتا چیرۆکەکەمان تەواو نەبێت.

منیش وتم: ببورە کچی خۆم لێم مەگرە، ئەوە یەکەمجارە سەربردەی وام گوێ لێبێت، ئەگەر لە کەسێکی ترم گوێ لێبا، قەت باوەڕم نەدەکرد.

من زانیومە پێش هەزارو چوارسەد ساڵ كاتێك ئیسلام هێرشی بردۆتە سەر جوولەكەكانی گوندی خەیبەرو بەنو قورەیزە پیاوەكانیان كوشتن‌و كچو ژنەكانیشیان كردنە كەنیزەك‌و وەكو دەسكەوتی جەنگ بەسەر شەڕكەرەكانیاندا دابەشیان كردوون. بەڵام ئەمە ماوەیەكی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، چۆن دەبێ دووبارە ببێتەوە؟

كە ئەمەم وت ئەو كچەی ، كە ناوی وەفا بوو، ڕووی تێكردم‌و وتی: ئێمەش ئەوەمان پێ وتن، بەڵام ئەمیری داعشەكان وتی: دوای ئەو ماوە زۆرە كە بەسەر بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام تێپەڕیوە، هەموو ئەو نەتەوانەی كە پێشتر شەریكیان بۆ خوا پەیدادەكرد، یان لەناوچوون یان هاتنە سەر ئایینی ئیسلام، تەنیا ئێوە نەبێت تاكو ئێستا شەیتان دەپەرستن‌و شەریك بۆ خوا پەیدادەكەن. بۆیە دەبێ پیاوەكانتان بكوژین‌و لەگەڵ ژن‌و كچەكانیشتان نیكاح بكەین تاكو پاك ببنەوە.

كە وەفا ئەمەی وت ڕووم تێی كردو پێم وت: بمبوورە كچی خۆم كە زۆر پرسیاردەكەم، ئێوە پێتان نەوتن كە لە ئایینی ئیسلام جائیز نیە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی بەمێرد بكرێت؟ هەروەها خوا نەهی لەزینا كردووە، چۆن مرۆڤ بە زینا پاك دەبێتەوە؟

وەفا هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو وتی: ئەوكەسەی یەكەمجار منی لەگەڵ خۆی برد، پێش ئەوەی دەستدرێژی سێكسیم بكاتە سەر، بەرماڵەكەی ڕاخستو دوو ڕەكعات نوێژی كردو كە تەواو بوو دوو جاران بە

دەنگی بەرز وتی: (الله اکبر، الله اکبر)، ئەوجا هاتە لامو ئەوەی ویستی لەگەڵی کردمو دیسان چووە سەر بەرماڵەکەیو دوو ڕەکعات نوێژی تری کردەوەو وەکو جاری پێشوو وتی:(الله اکبر، الله اکبر)، دواییش دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی: (الحمد لله).

هەر لە درێژەی قسەکانیدا وەفا وتی: منیش بەو داعشەم وت ئێوە موسڵمان نین، کەی خوا لەگەڵ ئەم دەستدرێژیکردنەدایە، تا تۆ نوێژی بۆ بکەیتو ستایشی بکەیت؟

داعشەکە پێی وتم: ئێمە بە نیکاحکردنو جوت بوونمان لەگەڵ ئێوەی موشریك لە خودای خۆمان نزیك دەبینەوەو ئەمە باشترین خواپەرستییە کە ئێمە دەیکەین، بۆیە دەبێ نوێژی بۆ بکەینو ستایشی بکەین.

ڕووم لە ڕەنا کردو پێم وت کچی خۆم بۆت تەواونەکردم، دوایی ئێوە چیتان بەسەرهاتو چۆنیش ڕزگارتان بوو؟

ڕەنا وەڵامی دامەوەو وتی: منو وەفا خەڵکی یەك گوندین، هەرچەندە کاتێك ئێمەیان بردە شاری موسڵو لەبارەگای خۆیان ئێمەیان بەسەر چەکدارەکانیان دابەشکرد، منو وەفا لە یەکتری دابڕاینو هەریەکەمان کەوتینە شوێنێك. بەڵام دواجار لەشاری فەلووجە یەکتریمان دیتەوە.

وتم: چی ئێوەی گەیاندە شاری فەلووجە؟ وتی: وەکو پێشتر بۆم باسکردی، ئەو داعشانە لە خۆشی ئافرەت لە وڵاتەکانی خۆیان هاتبوونە عێراق، جا ئەوان بەدوای شەهوەتی خۆیان کەوتبوون، بۆ ماوەیەکی کورت

لەگەڵ هەریەكێك لە ئێمە دەمانەوەو دوایی لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕییان پێدەكردین یان بە پارەیەكی كەم دەیانفرۆشتینو ئافرەتی تریان دەكڕیەوە.

جا ئەوەبوو پاش ئەوەی هەردووكمان چەندین دەستمان پێكرا، لە شاری فەلووجە چارەنووس ئێمەی بەیەكتری شادكردەوە.

منیش وتم: توخوا بۆم باسبكە ئەمە چۆن ڕوویدا؟ وتی: ئەو داعشەی كە دواجار لە شاری موسڵ منی بە شەست دۆلار كڕیەوە، داعشێكی بە ڕەگەز ئەوروپی بوو، بە زمانی ئینگلیزی قسەی دەكرد، لەگەڵم زۆر خراپ بوو، هەموو سەرە سەعاتێك دەهاتە لامو كەڵبەكانی لە ڕوومەتم دەبردە خوارەوەو تا ماندوو دەبوو مەمكەكانمی دەمژی ئینجا گەزەیەكی لێ دەدا.

ڕۆژێك زۆر لێی پاڕامەوەو پێم وت: تووشی خوێن بەربوون بوومە تاكو خاوێن دەبمەوە لێم گەڕێ. كەچی هیچ گوێی نەدامیو وەكو ڕۆژانی پێشوو هەموو سەرەسەعاتێك یەك دوو گلاس كحوولی دەخواردەوەو وەكو ئاژەڵ دەكەوتە گیانم، تا وای لێهات نەمتوانی هیچی تر بەرگەی بگرمو هەوڵی ڕاكردنم دا.

ئێوارەیەك، ئەو زۆری خواردبۆوەو سەرخۆش ببوو، منیش ئەمەم بە هەڵ زانیو لە دەرگای حەوشەی دواوە ڕامكرد، بەڵام پاسەوانەكان منیان گرتەوەو تەسلیمی ئەویان كردمەوە.

منیش وتم: کچی خۆم ڕەنا کە تەسلیمی ئەویان کردیتەوە، ئەو چی پێ وتی؟ ڕەنا وەڵامی دامەوەو وتی: کە پاسەوانەکان منیان تەسلیمی ئەو کردەوە، تێروپڕ لێی دامو دواییش منی خستە ژوورێکی بچکۆلانەو بانگی پاسەوانەکانی خۆی کردو پێی وتن: ئەم کەنیزەکەی خۆمتان پێشکەش دەکەم تا بەیانی بە ئارەزووی خۆتان لەگەڵی ڕابوێرن.

ئیتر ئەوەبوو بەخۆشم نەمزانی ئەو شەوەم چۆن لێ ڕۆیشت، ئەو داعشە وەحشییانە سەرەیان بۆ گرتمو وەکو دڕندە تا لە هۆشی خۆم چووم کەوتنە گیانم. کاتێك وە ئاگاهاتمەوەو سەیری خۆمم کرد، خوێنی دامێنم بە هەردوو قاچەکانم دەچۆڕایەوە.

دوای ئەوە، داعشە ئەوروپیەکە منی پێشکەشی ئەمیرێکی داعش کرد، ئەویش چەند ڕۆژێك منی لەگەڵ ژنێکی تر لە خانوێك داناو بە ڕۆژ دەڕۆیشتە دەرەوەو درەنگی شەو دەگەڕایەوە، بەو ژنەشی دەگوت کە لە ماڵەوە لەگەڵم بوو (ئاگات لێی بێت ڕانەکات دەنا سزات دەدەم). کە شەویش دەهاتەوە پێی دەگوتم( برۆ گەرماوەکە خۆت جوان بشۆو هەندێك سووراوو دەرمانی جوانی لەخۆت هەڵبسوو تا جوان بیت).دەستێك جلی نیمچە ڕوتیشی دەدامێو دەیگوت( کە لە گەرماوەکە هاتیتە دەرەوە، ئەم جلانە بپۆشەو هەندێك خۆتم بۆ بابدەو گۆرانیم بۆ بڵێ.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا ڕەنا وتی: بەو شێوەیە ئەویش تا بێزار دەبوو بەدەم کحوول خواردنەوە گوێی لێ دەگرتمو تەماشای دەکردم،

دواییش هەر لە شوێنی خۆی لەبەرچاوی ژنە چێشلێنەرەکەی، نیکاحی لەگەڵم دەکرد. لە بێزارییان چەندجارێك هەوڵی خۆکوشتنم دا، تەنانەت جارێك لە گەرماوەکە دەستم دایە وایەری کارەباکە، بۆ ئەوەی بمکوژێت، بەڵام کارەبای تیا نەبوو.

دوای چەند ڕۆژێك ئەو ئەمیرە منی لەگەڵ خۆی بردە شاری فەلووجەو لەوێ لە خانوێکی دانامو بە پاسەوانەکانی وت: تاکو دێمەوە ئاگاتان لێی بێت ڕانەکات. دوای حەفتەیەك گەڕایەوەو وەفای دەستەخوشکمی لەگەڵ بوو. کە چاوم بە وەفا کەوت لە خۆشیان شاگەشکە بوومو پێم وت: ئەوە تۆ چی دەکەیت لەگەڵ ئەم داعشە؟ وتی: ئەی تۆ چی دەکەیت لێرە؟

منیش وتم: ماوەکە منی بە دیاری وەرگرتووەو بۆ ئێرەی هێناوم. ئەویش وتی: دەنا منیشیان وەکو تۆ پێشکەشکردووە.

چیرۆکی ئەو دوو ژنە ئیزدییە زۆر تراژیدی بوو، بە چەشنێکی وا لەگەڵ ڕووداوەکانیان تێکەڵ ببووم، بە تەواوی ئاگام لە هاژوتنی ئۆتۆمبێلەکە نەبوو، خۆشم نازانم چۆن گەیشتینە نزیك بەعقوبە. ڕووم لە وەفا کردو پێم وت: ڕەنا زۆر شتی بۆ باسکردین، دەکرێ تۆش چیرۆکی خۆتم بۆ باس بکەیت؟ ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: چیرۆکی ئێمە زۆر نزیکە لە یەکتری، منیش وەکو ئەو هەر لەو ڕۆژەی چەکدارەکانی داعش پەلاماری گوندەکەی ئێمەیانداو دەستبەسەریانکردین، چەندجارێك کڕینو فرۆشتنیان پێوەکردم. یەکەم چەکداری داعش کە دەستدرێژی سێکسی

کردەرسەرم کەسێکی بە ڕەگەز ئەمریکی بوو، بەرلەوەی لەگەڵم جوت بێت، هەردوو دەستو قاچەکانی دەبەستمەوە. دوایی منی فرۆشتە داعشێکی بە ڕەگەز ڕووسیو ئەویش بۆ ماوەیەك دەستدرێژی سێکسی کردە سەرمو دوایی منی فرۆشتە داعشێکی تورك، دوای مانگێك ئەویش منی دایە داعشێکی سعودیو ئەویش بۆ ماوەی دوو مانگ کاری خۆی لەگەڵ کردمو دوایی منی پێشکەشی ئەم ئەمیرە کرد. ئەویش منی هێنا بۆ فەلووجەو لەوێ چاوم بە ڕەنا کەوتو بەیەکتری شاد بووینەوە.

منیش وتم: بۆتان باس نەکردم چۆن لە دەست ئەو دڕندانە ڕزگارتان بوو؟ وتی: شەوێك ئەو ئەمیرەی کە ئێمەی لەلابووین، تەلەفۆنێکی بۆهاتو بەپەلە چووە دەرەوەو بە ژنە چێشتلێنەرەکەی وت زۆر ئاگات لەو دوو کەنیزە ئێزدییەبێت ڕانەکەن تا لە ڕەقە دەگەڕێمەوە؟

ئیتر ئەوەبوو بە هەڵمان زانی ڕابکەین، کە درەنگی شەو داهات، ژنە چێشتلێنەرەکە خەوی لێکەوتبوو، پەنجەرەی ژووری نووستنمان شکاندو هەردووکمان چوینە دەرەوە، خۆمان گەیاندە ماڵی عەرەبێکی سوننیو زۆری لێ پاڕاینەوە کە فریامان بکەوێتو لەو میحنەتە ڕزگارمان بکات.

منیش وتم: کچی خۆم ئەو پیاوە ئێوەی تەسلیمی داعشەکان نەکردەوە؟ وەفا وەڵامی دامەوەو وتی: گریانو پاڕانەوەی منو ڕەنا زۆر کاری تێکردن، بۆیە خوا دڵی نەرم کردو سێ حەفتە ئێمەی لە ماڵی خۆی حەشاردا، دواییش دوو ناسنامەی ساختەی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامیەوە

بۆ دروستکردنو دوو دەست جلوبەرگی دەستووری ئەوانیشی بۆ هێنـاینو بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی ئێمەی گەیاندە نزیك شاری بەغدادو پێی وتین (ئێرە دوا سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیە، لێرەش بەولاوە ڕێك بڕۆن تا دەگەنە دەوروبەری شاری بەغدادو لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلێك خۆتان بگەیەننە شاری بەغداد).

منو ڕەنا زۆر زۆر سووپاسگوزاری بووینو وتمان تا دەمرین ئەو چاکەیەت لەبیرناکەین، خوا پاداشتی چاکەتان بداتەوە.

ئیتر ئەوەبوو لەگەڵ تۆ دەمانەوێ بگەڕێینەوە زێدی خۆمان، بەڵام چ گەڕانەوەیەك؟ ئێمە هەموو شتێکمان لەدەست داوە، وەکو لاشەیەکی بێ گیان دەگەڕێینەوە.

وتم: کچی خۆم بۆ وادەڵێی؟ شوکور بۆ خوا کە ئێوە ئێستا سەرفرازنو بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە ناو خزمو کەسو کارتانو هیچ نیگەران مەبن لەسەر ئەوەی کە بەسەرتان هاتووە، خۆ ئێوە دەستتان لەوە نەبوو کە بەسەرتان هاتووە، هەروەها بە ویستو ئارەزووی خۆتان لەگەڵ ئەم دڕندانە نەخەوتوونە تا هەست بە شەرمەزاری بکەن. ئێوە لە شیرینی خەودابوون کە داعشەکان هێرشیانکردەسەرتان، پاراستنی سەرو ماڵو شەرەفی ئێوە لە ئەستۆی ئەو لەشکرەدابوو کە پاراستنی گوندی کۆجۆو شەنگاڵی لە ئەستۆدابوو، بۆیە ئەگەر باسی شەرمەزاری بکەین، دەبێ ڕووی دەممان لەو کەسانە بکەین کە هەڵاتنو ئێوەیان گورگەخۆرە کرد.

وەفا ڕووی تێکردمو وتی: من سووپاست دەکەم بۆ ئەم هەستە پاكو بێگەردەت بەرامبەر ئێمە، بەڵام هەمووکەس وەکو تۆ بیرناکاتەوەو دەمی خەڵکیش کونی دیوار نیە تۆپەڵە موییێکی تیَ بئاغنینو بیگرین.

منیش وتم: ڕۆڵەکانم هەر بۆ زانیاریتان، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا، بابە شێخ گەورە مەرجەعی ئایینی ئێوەی ئێزدی لە شێخان، لە فەتوایەکیدا جەختی کردەوە، وتی: ئەو ژنە ئێزدیانەی لەلایەن داعشەوە کراونەتە کەنیزەكو کڕینو فرۆشتنیان پێکراوەو دەستدرێژییان کراوەتە سەر، کەسانی بیَ گوناهنو ستەمیان دەرهەقکراوە. هەروەها وتی: ئەوان پاکیزەنو هەر بە پاکیزەییش دەمێننەوە. داواشی لە خەڵکی ئێزدی کرد کە بە چاوێکی سووك تەماشایان نەکەنو ڕێزیان لێبگرن.

کە ئەمەم وت ڕەناو وەفا بە قسەکانم زۆر دڵخۆش بوون، تەماشایەکی یەکتریانکردو بزەیەك هاتە سەر لێوەکانیانو پێیان وتم: خاڵە گیان زۆر سووپاست دەکەین کە ئەم هەواڵە خۆشەت پێڕاگەیاندین، ئێمە وێڕای ئەو هەموو ئێشو ئازارەی بە دەست داعشەکان چێشتمان، بەڵام هەر خەمی قسەو قسەلۆکی خەڵکمان بوو.

کە گەیشتینە نزیك سەلمان پاك، سەربازێکی عێراقی دەستی لێڕاگرتم، منیش بۆم ڕاگرتو بەعەرەبی پێم وت: بۆ کویَ دەچی؟ سەربازەکە بە زمانی کوردی وەڵامی دامەوەو وتی: خاڵە دەگەڕێمەوە شاری هەولێر. منیش هەڵمگرت، ماوەیەك ڕۆیشتم ئەو سەربازە قڕو قپ بوو، منیش وەکو

ئـەو بێـدەنگ بـووم، بـەڵام بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـە چـەندین پرسـیارم بـە خەیاڵدا دەهات لێی بکەم، دوایی خۆم پێ نەگیراو ڕووم تێی کردو پـێم وت: من ئەو کاتەی لە تەمەنی ئێستای تۆدا بـووم، کـە نـاوی سـەربازیم هـات لـە سووپای عێراقی، لە چەند مانگێك بەولاوە زیـاتر بەرگـەم نـەگرتو ڕامکـرد. نـەوەی ئێمـە زۆر ڕقمـان لـە سـەربازی دەبـۆوە، تەنانـەت لـەکاتی شـەڕی عێـراقو ئێـرانیش لـە سـاڵانی هەشـتاکان جـارێکی تـر داوامـان لێکرایـەوە خزمەتی سەربازی بکەین، ئەوکاتیش ئێمەی کورد بە کۆمـەڵ ڕامـان دەکـرد تا وایلێهات حکوومـەتی ئـەوکات بەرگـەی نـەگرتو بڕیـارێکی دەرهێنـاو بـە ناچاری گشت سەربازە کوردەکانی لە خزمەتی سەربازی بەخشی. کە ئەمەم وت سەربازەکە وتی: من تێت دەگەم، تۆ دەتەوێ پێم بڵێی کاتێك سەربازی بەزۆری بوو ئێمە نەمانکرد، ئێستا کە سەربازی بەرۆرەملێ نەماوە خێرە تۆ سەربازی دەکەیت؟!

منـیش وتم: ڕێـك وایـە، بـەلای منـەوە سـەیرە لـە جیـاتی لـە ڕیزەکـانی لەشـکری کوردسـتان خزمـەت بکـەیت، هـاتووی لـە دەرەوەی هـەرێمی کوردستان لە سووپای عێراقیدا خزمەتی سەربازی دەکەیت. وتی: خاڵە هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێت، زۆری وەکو من هەن لێرە خزمەت دەکـەنو تەنانـەت ئەوانی تریش ئەگەر بۆیان بلوێ چاو لە ئێمە دەکـەن، بـەڵام بۆیـان دەسـت ناداتو هەرکەسەو هۆکاری خۆی هەیە.

منیش وتم: بۆچی؟ وتی: کوڕی تۆ (مەبەستی خۆی بوو) چەند ساڵێك پێش ئێستا سەرباز بووم لە سووپای عێراقی، مووچەیەکی باشم وەردەگرتو جلو بەرگو خواردنێکی باشیشم هەبوو، بێ ئەقڵ بووم، بەقسەی هەندێك برادەر ڕامکردو پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەوە کرد. نزیکەی ساڵێك لەوێش خزمەتم کرد، لەو ماوەیەدا ئازارێکی زۆرم چەشت، بە دەستی کەم مووچەییو نارێکی لە کاتی دابەشکردنیو برسێتیو پاشاگەردانیش لەولاوە.

منیش وتم: چۆن؟ وتی: مووچەکەم لەچاو پێشان لە نیوەش کەمتر بۆوە، خواردنیشم لە برنجو شلەو گۆشت، زۆربەی ڕۆژان بووە پەتاتەو تەماتە یان تەماتەو ڕۆن. ئەمەو کوڕی تۆ بە هەقی خۆم دوو خەتم وەرگرتووە، کەچی کەسی وای تیابوو نەخوێندەوار بوو، هەر لەبەر ئەوەی ئیشیان پێی بوو یا هەبوو حیزب بەرزی کردبووەوە، سەرشانیان پڕکردبوو لە ئەستێرەو دەبوو ڕێنمایی لێوەربگرمو سڵاوی سەربازیشی لێبکەم.

منیش وتم: ئەی تۆ چیتکرد؟ وتی: نەمتوانی بەم مووچەکەمە بژیم بۆیە گەڕامەوە یەکە سەربازییەکەی خۆم لە بەعقوبەو چومە لای فەرماندەکەمان، زۆری لێپاڕامەوە تا وەریگرتمەوە. شوکور بۆ خوا دوای ئەو هەموو مەینەتییە، ئێستا بە مایەی خۆم هەستاومەتەوە، وادەزانم ئێستا لەدایك بوومەو سوێند بە خوای گەورە تا لە ژیاندا ماوم ئەم هەڵەیە دووبارە نەکەمەوە.

گەیشتینەوە شاری هەولێرو ئەو سەربازەی لەگەڵم بوو لە گەراج دامناو ڕووم لە هەردوو کچە ئێزدییەکان کردوو پێم وتن: زۆر حەزدەکەم لەگەڵ من بێنەماڵەوەو نانێکمان لەگەڵ بخۆن‌و خۆشتان بشۆرن‌و دەستێك جل‌و بەرگی نوێش لەبەربکەن، ئینجا بە ئارەزووی خۆتان بکەن، من پێم خۆشە لە ماڵی خاڵی خۆتان بمێننەوە، ئەگەرنا دوای پشوودان دەتانگەیەنمە گەراجی دهۆك‌و ئۆتۆمبێلێکیشتان بۆ دەگرم هەتا ناو کەمپی ئاوارەکانی شەنگاڵ بتانبات.

کە ئەمەم وت هەردووکیان زۆریان پێخۆش بوو، وتیان: تۆ کەسێکی زۆر باشیت، بۆ ئێمە بوویتە فریاد ڕەس، قسەت ناشکێنین‌و لەگەڵت دێینە ماڵەوەو ئێمەش حەزناکەین بەم سەرو پرچە ئاڵۆزو جل‌و بەرگە دڕاوە بگەڕێینەوە ناو کەس‌و کارمان.

بەم شێوەیە هەردوو خانمەکەم لەگەڵ خۆم بردە ماڵەوە، کە لە دەرگام دا، ژنەکەم دەرگای لێکردمەوە. کە چاوی پێکەوتن، حەپەسا، بەڵام هیچ دەنگی نەکرد. ڕووم تێی کردو پێم وت: ئەم دوو کچە جوانانە لە دەست داعش ڕزگاریان بووەو ئەمشەو میوانی ئێمەن.

کە ئەمەم وت ژنەکەم هەناسەیەکی هاتەوەبەرو هەردووکیانی لە ئامێزگرت‌و ماچی کردن‌و وتی: کچەکانم یاخوا بەخێربێن ئێرە ماڵی پووری خۆتانە نەکەن شەرم بکەن.

ژنەكەم ئەوانی بردە ژوورەوەو دوو دەست جلی خاوێنی پێدان‌و وتی: كچەكانم تا نانی ئێوارە ئامادەدەبێت، بڕۆن لە گەرماوەكە ئاوێك بەخۆتان دابكەن‌و دوشێك وەربگرن.

هەردووكیان چوونە گەرماوەكەو منیش زۆرم خەودەهات بۆیە لەسەر دۆشەكێك لێی ڕاكشام‌و سەرخەوێكم شكاند. دوای ئەوە ژنەكەم خوانەكەی ئامادەكردو هەرهەموومان بە یەكەوە لەسەر خوانەكە دانیشتین‌و نانمان خوارد.

هەر لەو كاتەدا لە كەناڵی تەلەفزیۆنی (سی ان ان – CNN) ی ئەمریكی بێژەرەكە بە زمانی عەرەبی وتی: نادیە موراد ئەو كچە ئێزدیە گەنجەی كە لە دەست توندوتیژی داعش ڕزگاری بوو، لە دانیشتنی ئەنجوومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی لەبارەی (بازرگانیكردن بە مرۆڤ لە ململانێكاندا) كە ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١٦ لە نیۆیۆرك سازیدا لە وتارەكەی لە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەن داوای لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كرد ئەو ئافرەت‌و منداڵە ئێزدیە دیلانە كە ژمارەیان لە سێ هەزارو چوارسەد كەس زیاترە كە تاكو ئێستا توندو تیژیان لە لایەن دوژمنێكەوە بەرامبەر دەكرێت كە هیچ ویژدانی نیە. هەروەها داوای كرد ئەم كوشتن‌و بە كۆیلەكردن‌و بازرگانیكردنەی بەسەر ئێزدیەكان هات، بە تاوانی پاكتاوی ڕەگەزی هەژماربكرێت‌و تاوانبارانیش لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بكرێن. لە خاڵێكی تردا داوای ئازادكردنی گوندەكەی‌و گشت ناوچە ئێزدییەكانی

كرد، هەروەها داوای كرد كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوناوچانە بپارێزێت تاكو ئێزدیەكانو هەموو كەمە نەتەوایەتیەكانی تریش بتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیانو بە ئاشتیو ئارامی بژین. لە دواخاڵیشدا داوای لە وڵاتانی ئەندام كرد كە دەرگای وڵاتی خۆیان لەبەردەم پەنابەرانی ئێزدی بكەنەوەو بەیەكجاری داعش لەناوببەنو هەموو ئەوانەی تاوانی كۆمەڵكوژییان ئەنجام داوە یان بازرگانیان بە مرۆڤەوە كردووە بدەنە دادگا تاكو ژنو منداڵانی عێراقو سوریاو نایجریاو سۆماڵو هەموو شوێنێكی تر لە جیهان بە ئاشتی بژین.

دوای ئەم پێشەكییە، بێژەرەكە وتی: فەرموون ئێستاش لەگەڵ نادیە موراد لە بەشێكی وتەكانیدا كە تیایدا باسی مەعاناتی خۆی لە ڕۆژی گرتنی لەلایەن چەتەكانی داعشەوە تا ئازادبوونی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات.

دوای ئەوە نادیە موراد بە دەنگو ڕەنگەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكە بەدیاركەوتو بەچاوی پڕ لە فرمێسكەوە ڕووداوی خۆیانی بۆ ئامادەبووان گێڕایەوەو وتی: لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ چەتەكانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشیان كردە سەر ناوچەكەمان، پیاوەكانیان كوشتنو ژنو منداڵەكانیشیان كردنە كۆیلەو بەرامبەر پارەیەكی كەم یان بێ بەرامبەر بازرگانیان پێوەكردن.

هەر لە درێژەی قسەكانیدا سەبارەت بەو ڕووداوە نادیە موراد وتی: دوای تێپەڕبوونی دوانزە ڕۆژ بەسەر گرتنی گوندەكەمان (كۆجۆ)، ئێمەیان

لە قوتابخانەیەك كۆكردەوە، پیاوەكانیان لە ژنو منداڵەكان جیاكردەوەو لەبەرچاوی ئێمە گشت پیاوەكانیان كوشت، شەش برای منیش لەنێو كوژراوەكاندا بوو، تەنیا سێ برام لەو كۆمەڵكوژییە ڕزگاریان بوو.

دوای ئەوە ژنو منداڵەكان كە ژمارەمان سەدو پەنجا كەس بوو، بە چەند پاسێك ئێمەیان بردە شاری موسڵو بە درێژایی ڕێگاش دەستدرێژییان دەكردە سەرمان بێ ئەوەی هیچ شەرم لە خۆیان بكەنەوە.

كە گەیشتینەجێ، ئێمەیان لە ژوورێكی گەورە كۆكردەوەو ئەمیرەكەیان لەگەڵ كۆمەڵێك چەكدارەوە لێمان هاتنە ژوورەوەو بە چاوی حیز بە دەورەماندا دەسوڕانەوەو ئەمیرەكەشیان ئەم ئایەتەی لە قورئان خوێندەوە كە دەڵێ ((حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ ...... وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ )) واتە مارەكردنی دایكانو ژنانی شودارتان لێ حەرامە مەگەر ئەوانەی كە موڵكی ئێوەن، دوایی ڕووی لە چەتەكانی كردو پێی وتن: ئەمانە شەیتان پەرستو موشریكن، دەسكەوتی جەنگنو لە ئێوە حەڵاڵن، بۆخۆتان بیانبەن، كەنیزەكی ئێوەن، چیان لێدەكەن بیكەن.

جا ئەوەبوو یەكێك لەو داعشانە لە من نزیك بۆوە، ویستی لەگەڵ خۆی بمبات، كە سەیرم كرد، زۆر زەبەلاحو ترسناك بوو، وەكو وەحش وابوو، زۆر لێی ترسام، دەستم بە گریانكردو هاوارم كرد وتم: من بچووكم تۆ زۆر زەبەلاحی. كە ئەمەم وت زۆری لێدامو بەجێی هێشتم. دوای ئەو داعشێكی تر لێم نزیك بۆوە، كە سەیرم كرد لەچاو ئەوی تر بچووكتر بوو، لێی

پاڕامەوە کە لەگەڵ خۆی بمبات. جا ئەوەبوو منی لەگەڵ خۆی بردو داوای لێکردم هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، وتم: من زۆر نەخۆشمو سوڕی مانگانەمە، بەڵام ئەو هیچ گوێی نەدامیٚو زۆری لێکردم جلی شەوانەی بۆ لەبەربکەمو خۆمی بۆ بڕازێنمەوە، هەر ئەو شەوە شوومە کردەوە قێزەونەکەی لەگەڵم کرد. هەر بەوەندەش نەوەستا، ڕۆژانە سووکایەتی پێدەکردمو ناچاری دەکردم جلو بەرگی نیمچە ڕوتی بۆ لەبەرخۆم بکەم، هیچ گوێشی پیٚ نەدەدام ئایا من نەخۆشم یان نا، هەرکاتێك ئارەزووی بکردبا بە زۆری کارە قێزەونەکەی لەگەڵ دەکردم. تا وایلێهات هیچی تر نەمتوانی بەرگەی بگرمو بڕیارمدا ڕابکەم. بەڵام پاسەوانێك منی گرتەوەو تەسلیمی ئەوی کردمەوە، ئەویش منی خستە ژوورێکی بچکۆلانەو گشت پاسەوانەکانی بانگ کردو پێی وتن: (بۆخۆتان لەگەڵی ڕابوێرن).

ئیتر ئەوەبوو ئەو شەوە لە تاوانەکانیان دەرهەق بە جەستەم بەردەوام بوون تا لە هۆش خۆم چووم. کاتێك وەئاگاهاتمەوە، زۆر نەخۆشو بێتاقەت بووم، دەستی گرتمو بە چەند دۆلارێکی کەم منی فرۆشتە داعشێکی تر.

ئیتر بەم شێوەیە لە ماوەی سیٚ مانگدا چەندین جار کڕینو فرۆشتنم پێوەکراو بیٚ ژمارە دەستدرێژیم کرایە سەر، تا دواجار توانیم بە یارمەتی خانەوادەیەکی عەرەبی سوننی لە شاری موسڵ ڕابکەمو ئێستاش لە ئەڵمانیا چارەسەری پزیشکی وەردەگرم.

قسـەکانی نادیـە مـوراد هێنـدە کاریگـەربوون، بەشـێوەیەکی وەهـا ئینسجامم لەگەڵی کردبوو، هیچ ئاگام لە مێوانـەکانم نـەمابوو، کاتێـك ئـاوڕم لێدانەوە، بینیم ئەوانیش وەکو من چاویان بڕیوەتە شاشەی تەلەفزیۆنەکـەو چاوەکانیشیان تك تك فرمێسکی لێ دەتکاو بەسەر لا ڕوومەتەکانیان دەهاتە خوارەوە.

ڕووم تێکردن‌و وتم: کچەکانم، بمبوورن کە ئاگام لە ئێوە نـەما، وادیـارە ئێوەش وەکو من گوێتان لە وتـەکانی نادیـە مـوراد گرتبـوو؟ وتیـان: بـەڵێ، ئەویش خەڵکی گوندەکەی ئێمەیەو لەگەڵ ئێمە گیرابوو، بەڵام پاش ئـەوەی لە شاری موسڵ بەسەر داعشـەکان دابەشـیان کـردین، لـە یـەکتری دابـڕاین‌و هیچ ئاگامان لە یەك نەما.

منیش وتم: ئاوێك بە دەموچاوی خۆتـان دابکـەن‌و ئـەم خـەم‌و خەفەتـە لـەبیرخۆتان ببەنـەوە، مـادام کێشەکەشـتان گەیشـتە بـەردەم ئەنجوومـەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئومێدم هەیـە لـە ئایندەیـەکی نزیکدا ناوچـەکانتان ڕزگاربێت‌و ئەو داعشە تاریك پەرسـتانەش بـە سـزای ڕەوای خۆیـان بگـەن‌و ئێوەش بەسەربەرزی بگەڕێنەوە زێدی باب‌و باپیرانتان.

وتـەکانی نادیـە مـوراد لەبـەردەم ئەنجوومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵـەتی کاریگەرییێکی زۆری هـەبوو، زۆری پێنەچـوو، هاوپـەیمانانی نێودەوڵـەتی بـۆ بەرەنگاربوونـــەوەی داعـــش، شـــەنگالیان ئـــازادکرد، لـــە ڕێـــوڕەسمێکی شایستەشـدا، ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە ٢٠١٦/٩/١٦ نازنـاوی

باڵێۆزی نیازپاكی بە نادیە موراد بەخشی. پەرلەمانی ئەوروپاش خەڵاتی (ساخارۆف)ی پێبەخشی. ئەم خەڵاتە ساڵانە دەبەخشرێتە ئەو كەسانەی كە ڕۆڵێكی بەرچاویان هەیە لە داكۆكیكردن لە مافەكانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهاندا.

هەرچەندە كەیسی ئێزدییەكان پێشكەوتنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام تاكو ئێستاش هەزاران منداڵو كچو ژنی ئێزدی لەژێر دەستی ئەو تاریك پەرستانەدا ماونو ئازادنەكراون.

-٢٨-

# ماڵی بزە

جارێکی تر چوومەوە بەردەم گەراجی باشوور، چەند نەفەرێکی شاری سلێمانی لەگەڵم سواربوونو بەرەو شاری هەڵمەتو قوربانی بەڕێکەوتم. یەکێك لەو نەفەرانەی لەگەڵم سواری ئۆتۆمبێل ببوون، ژنێکی شۆخو شەنگ بوو، لە کوشنی دواوە دانیشتبوو، ناوە ناوە دەیگوت کاکی شوفێر خێراکە، با زوو بگەینەجێ. هەرچەندی خێراترم دەکرد، ئەو هەر دەیوت خێراکە با زوو بگەینەجێ.

زۆر لێی توڕەبووم، ئەگەر لە شەرمان نەبا، هەر لەوێ دەمهێنا خوارەوەو پارەکەشم دەدایەوە، بەڵام دانم بەخۆمدا گرتو وەڵامم نەدایەوە. ئەویش وەکو بنیشتە خۆشە ئەم قسەی بە دەمی خۆیەوە گرتبوو، بە درێژایی ڕێگا دەیوتەوە.

گەیشتینە نزیك چەمچەماڵو لاماندایە چایخانەیەك بۆ ئەوەی پشوویێك بدەینو چایەکیش بخۆینەوە. بانگی ئەو ژنەم کردو پێم وت: کچی خۆم ئەوە تۆ ماندوو نەبوویت ئەوەندی پێم بڵێیت خێراکە خێراکە، خۆ زۆری نەمابوو لە ڕقی تۆ خۆم بە پەلێك دابدەم؟ ژنەکە وتی: ئاخر دەمەوێ بە

دادگا ڕابگەم، ئەمڕۆیان بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکەم داناوە، ئەگەر دوا بکەوم بۆ مانگێکی تر دوای دەخەن.

منیش وتم: داوایەکەت لەبارەی چیەوەیە؟ وتی: داوای جیابوونەوەم لە هاوسەرەکەم کردووە. منیش وتم: جارێ تۆ گەنجیت، ئەگەر خۆت باسی نەکەیت کەس نازانێت مێردیشت کردووە، بۆ جیادەبیتەوە؟

وتی: باوکم منی بەپارە فرۆشتووەو بەزۆری منی دایە سەرۆک جاشێك، سێ ژنی تری هەیەو لە تەمەنی باوکم دایە.

منیش وتم: جا ئەم پەلە پەلەییەت لە چیە، مادام بەزۆری بەمێردیان داویت، درەنگ یان زوو هەر تەواو دەبێت، خۆ نانت لەسەر سێر نەسوتاوە، لەتە نانێك هەر دەبێت لە ماڵی باوکت بیخۆیت، چاوەڕێ بکە لەم پەلە پەلەییە باشترە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: جا ئەگەر منیش شوێنێکم شك ببردبا لێی بحەوێمە، ئەم پەلەییەم نەدەکرد. منیش وتم: بۆچی باوك‌و دایکت نەماون؟ وتی: با هەردووکیان ماون، بەڵام ئەوان لە ترسی هاوسەرەکەم پشتگیریم ناکەن‌و نایانەوێ لێی جیاببمەوە. منیش وتم: کچی خۆم ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، خۆ ئێستا سەردەمی ڕژێمی بەعس نیە تا ئەو کەسە بتوانێ زوڵمتان لێبکات. دەبێ ئەو دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێت با نەیبات، لەسەر تاوانەکانی ئەنفال فەرمانی گرتنی هەندێك لەو سەرۆك جاشانە دەرچووە، ئەگەر ئەویش ناوی تیابێت دەبێ بگیرێت.

ژنەکە فرمێسك لە چاوەکانی قەتیس مابوون سەری خۆی لەقاندو وتـی: خاڵە دەڵێی تۆ لـەم وڵاتـە ناژیـت، بـۆ وادەزانـی ئـەو ئێسـتا وەکـو مـن بـێ دەسەڵاتە؟ منیش وتم: چۆن؟ وتی: بۆ ئەو هەر بـە ڕێـەی تەقتەقـەو ئێسـتا لەجیاتی سەرۆك جاشێتی، فەرماندەی لەشکرەو دەسـتی لـە جـاران باشـتر دەڕوات.

کە ئەمەم گوێ لێ بوو، زۆر خەفەتم بـۆی خـوارد، بـەڵام هـیچ دەسـەڵاتم نەبوو، پـێم وت: لـە شـاری هـەولێر شـوێنێك هەیـە بـە نـاوی مـاڵی بـزە بـۆ داڵدەدانو حەوانەوەی ژنانی بێچارەی وەکو تۆ، خۆت لەوێ ناونووس بکـەو وەکو پاشا بژی.

کە ئەمەم وت هێندەی تر تووڕە بوو، بە دەنگێکی بەرز وتی: تـۆ وەکـو باوکمی دەنا لەسەر ئەم قسەیە دەمزانی چیم پێـدەوتی. منـیش وتم: کچـی خۆم من شتێکی خراپم پـێ نـەوتووی، مـن دەزانم ئـەوێ قـەت وەکـو مـاڵی خۆت نابێ، بەڵام لەم سەرگەردانییەت باشترە.

بـە تووڕەییـەوە ڕووی تێکـردمو وتـی: دیـارە تـۆش دەتـەوێ وەکـو کارمەنـدەکانی ئـەوێ فێـری لەشفرۆشـیم بکـەیت؟ کـە ئەمـەی وت زۆر لێـی تورەبووم، لێی هەستامە سەر پێو پێم وت: من وەکو باوکتم، عەیب ناکەیت ئــەم قســە ناشــیرینانەم پــێ دەڵێیــت؟ تــۆ دەزانــی ئــەم قســەیە مانــای چیە؟بۆچی من گەوادم تا تۆ بەگان بدەم؟

یەکێك لە نەفەرەکان کە لە نزیکمانەوە دانیشتبوو، هاتە نێوانمانو هەردووکمانی سارد کردەوەو وتی: دەزانم هەڵە تێگەیشتنێك هەیە، بۆم باس بکەن بزانم لەسەرچی ئێوە لە یەکتری تورە بوونە؟

منیش ڕووم تێی کردو پێم وت: ئەم ژنە داماوە لە مێردەکەی تۆراوەو دەیەوێ لێی جیا بێتەوەو هیچ شوێنێکیشی نیە لێی بحەوێتەوە، منیش بە زمانی سوتاوم پێم وت: بڕۆ بۆ ماڵی بزە، لەوێ خۆت ناونووس بکەو وەکو پاشا دەتژیێنن. من بۆ چاکەی ئەوم بوو، کەچی شەرم لە خۆی ناکاتو پێم دەڵێ تۆ دەتەوێ وەکو ئەوان بەگانم بدەیت.

کە ئەمەم وت، بە تورەییەوە ڕووی لە ژنەکە کردو پێی وت: جا ئەم قسەیە چی تیایە، ئەو بۆ بەرژەوەندی تۆ ئەم پێشنیارەی کردووە، بەڵام پێشینان ڕاستیان وتووە چاکەی سەربەخۆ سەری خاوەنەکەی دەخوات.

ژنەکە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: بۆچی لێم تێناگەن، من لەوێوەهاتوومەو نزیکەی هەفتەیەك لەوێ بووم، لە ئێوە باشتر دەزانم لەو شوێنە چی ڕوودەدات، کەچی ئێوە بە شوێنی حەوانەوەو داڵدەدانی لێقەوماوانی دادەنێن، خۆ من ژنێکی بێ ئابڕووو لەشفرۆش نیمە هەتا گوێ نەدەمێ!

کە ئەمەم گوێ لێ بوو، سەرم سوڕما، ڕووم تێی کردو پێم وت ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ ماقولە بەناوی خانەی داڵدەدانو حەوانەوە ئەو داماوانەی دێنە ئەوێ فێری لەشفرۆشییان بکەن؟

ژنەکە دەستە سڕەکەی لە ناو جانتاکەی دەرهێناو فرمێسکی چاوەکانی خۆی پێ سڕیەوەو ڕووی تێکردمو وتی: خاڵەگیان بمبوورە پەشیمانم لەو قسانەی کە پێم وتی، نەمزانی تۆش وەکو من هیچ لەبارەی ئەو شوێنە نازانیت.

منیش وتم: کچی خۆم من ئێستا هیچت لێ تێنەگەیشتم، دەتوانی بۆمان ڕوونبکەیتەوە، چی لەو شوێنە ڕوودەدات؟ وتی: سەرپەرشتیارو چاودێرەکانی ئەوێ بۆ بەرپرسەکان گەوادییان بە ژنە جوانەکان دەکرد، جا ئەوەبوو کە داوای لەشفرۆشییان لێکردم، شەرەفم شکاندنو بەجێم هێشتن.

کە ئەمەی وت منیش داوای لێبووردنم لێی کردو پێم وت: کچم من چۆن بزانم ئەوانە هێندە بێ شەرەفن لە پەنای ئەم ناوە پیرۆزەوە خەریکی بێناموسیو بردنی ئابڕووی داماوی وەکو ئێوەن، یاخوا ئەو جۆرە کەسانە ڕیسوای دونیاو قیامەت بن.

کە لە شاری سلێمانی گەڕامەوە، بە درێژایی ڕێگا بیرم هەر لای ئەو ژنە داماوە بوو، زۆر خەفەتم بۆی خوارد، لە دڵی خۆم دەموت باشە ئەمجۆرە بەرپرسانە چییان لەو میللەتە داماوە دەوێ، دەستیان بەسەر قوتی ژیانی ئەم میللەتە گرتووە، بەوەندەش لێی ناگەڕێن دەیانەوێ شەرەفو ناموسیشی ببەن.

ئەو شەوە لە خەفەتی ڕەفتاری ئەو جۆرە کەسانە تاکو بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم، نانی بەیانیم پێ نەخورا، ویستم بە تەکسییەکەم بچمە

دەرەوە، ئیشی تەکسی بۆ من بەڵایەك بوو، بۆخۆم خەمم کەم نەبوو، خەمی ئەو خەڵکەشی دەهاتە سەر، بەهۆی ئەو تەکسیەوە ڕۆژی دەیان چیرۆکی تراژیدیم بەرگوێ دەکەوت.

-٢٩-

# باغی شار

وازم لـه ئـیش‌و کـاری تەکسـی هێنـاو قەناعـەتم بـەو بڕەپـارە کەمـەی مووچـەی خانـە نشـینییەکەم کـرد کـە چـەند مـانگ جارێـك بـە تڕومنـەت دەیانــداینێ. ئێــوارانیش دەچــوومە بــاغی شــارو لەگــەڵ هــاوڕێ خانەنشینکراوەکانم بە یاری شەترەنج‌و تاوڵەکردن کاتەکەمان بەسەردەبرد.

دوو هـاوڕێم هـەبوو، چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر لـە زیـارەتی مـاڵی خـوا یەکتریمان ناسی بوو، یەکێکیان عەقیدێکی سووپای عێراقـی خانەنشـینکراو بوو، ببـووە بەڕێوەبـەری یانـەی ئـەو باخچـەیەو ئـەوەی تـریش عەقیـدێکی پۆلیسی خانەنشـینکراو بـوو، ببـووە ژمێریـاری یانـەی باخچـەکە . زۆربـەی ئێواران سەردانم دەکردن‌و چایەکم لەلایان دەخواردەوەو دەیان سـەربردەی سەرییان بۆ دەگێڕامەوە، دواییش پێش خۆرئاوابوون دەگەڕامەوە ماڵێ.

جارێك سەرۆکی یانەکە بۆی گێڕامەوە وتی: لە ساڵی ١٩٦٢ لـە ناوچـەی مێرگەسۆر مفەوەزی بنکەیەکی پۆلیس بووم، برووسکەیەکم لە بەڕێوەبـەری پۆلیســی لیــوای هــەولێرەوە بۆهــات، داوای گرتنــی کەســێکی لێکــردم کــە تاوانبار بوو بە کوشتنی کەسانێکی نزیك لە دەسـەڵات، هەرچـەندە مـن ئـەو کەسەم لـە نزیکـەوە دەناسـی، دەشمزانـی کـە ئـەو تاوانبـارە بـە کوشـتنی

کەسانێك، بەڵام هەرچەندی دەمکرد بوێری ئەوەم نەبوو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەم چونکە کەسانێکی دەست ڕۆیشتوو لەو ناوچەیە پشتگیریان لێی دەکرد، بۆیە کە ئەو برووسکەیەشم بە دەست گەیشت خۆم لێی بێ ئاگا کردو وەڵامم نەدایەوە.

دوای چەند ڕۆژێك برووسکەیەکی بە پەلەم لەلایەن بەدرەدین عەلی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر بۆ هات، داوای لێکردبووم بە پەلە لەبەردەمیدا ئامادەبم. منیش پەیوەندیم بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر کردو پێم وت: بۆچی جەنابی موتەسەڕیف داوای منی کردووە؟ وتی: داوای منیشی کردووە، نازانم مەبەستی چیەو بۆچی داوای ئامادەبوونی هەردووکمانی کردووە.

هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە شاری هەولێرو لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس بەیەکەوە چووینە لای موتەسەڕیف. موتەسەڕیف کە چاوی پێم کەوت، لەجیاتی ئەوەی سڵاومان لێ وەربگرێتەوە، کۆمەڵێك جوێنی پیسی پێداین و ڕووی لە من کردو وتی: ئێمە تۆمان لەو شوێنە داناوە تاکو تاوانبارمان بۆ بگریت یان چاویان لێ داپۆشیت و خۆتیان لێ بێئاگا بکەیت؟ منیش وتم: گەورەم ئەو کەسە بەمن ناگیرێت. بە تووڕەییەوە وتی: کەواتە دەتگوازمەوە بۆ باشووری عێراق. منیش وتم: چی تیایە گەورەم، ئەویش شارێکی عێراقەو کاتی خۆی کە من هاتوومەتە ڕیزی پۆلیس بەڵێنم داوە لەهەر شوێنێك ئیشیان پێم بێت بۆی بچم و خزمەتی تیا بکەم.

کـە ئەمــەم وت بــانگی ســکرتێرەکەی کــردو پێــی وت: هــەر ئێســتا نووسـراوێك بـۆ ئـەم مفـەوەزە بکـەن‌و بـۆ لیـوای ناسـریە بیگوازنـەوە. بـەم شێوەیە، منیان گواستەوە بۆ ناحیەی دەوایـە لـە قـەزای شـەترە لـە لیـوای ناسریە.

کە چوومە ئەویٚ، زۆر دڵ تەنگ بووم، خەمی ئەوەم بـوو کـە هـەموویان عەرەبن‌و منیش کەس لەویٚ ناناسم. بەڵام هـەر زوو ئـەو خەمـەم ڕەویـەوەو بەڕێوەبەرێکی ناحیەی بەڕەگەز کـوردی خـەڵکی ئاکرێمـان بۆهـات. چـوومە لای‌و خۆم پێـی ناسـاندو سـەربردەی گواسـتنەوەی خـۆمم بـۆی گێڕایـەوە، وتی: هیچ خەم مەخۆ ئێـرە کـوردی تریشـی لێیـە، موتەسـەڕیفی ناسـریەش کەسـێکی کـوردەو هەنـدێك کارمەنـدی تـریش لـە دامودەزگاکـانی قـەزای شەترەو شاری ناسریە کاردەکەن، کوردن‌و کەوتوونەتە ئەویٚ.

منیش وتم: ئاخر ئەوان بە ئارەزووی خۆیان هاتوونە، بەڵام من بـە زۆری بــۆ ئێــرە گواســتراومەتەوەو ژن‌و منداڵــەکانم لــە شــاری هــەولێرن‌و زۆر پێویستییان پێم هەیە، ناشتوانم ئەوان بێنمە ئێرە، بۆ ئەوان ژیانی ئێرە زۆر زەحمەتـە. وتـی: ڕاسـتە ئێـرە شـارێکی عـەرەب نشـینە بـەڵام خەڵکەکـەی کەسانی زۆر باشن‌و کوردیان زۆر خۆش دەویٚ. تۆ لێرە لـە بارەگـای ناحیـە لەگەڵ من کاربکە، پاش ئـەوەی لێـرە خـۆت جێگیرکـرد، ئـەوکات دەتـوانی ماڵ‌و منداڵەکانیشت بهێنێتە ئێرە.

بەڕێوەبەری یانەی باغی شار بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی گواستنەوەکەی بۆ ناحیەی دەوایەو منیش هەستی خۆم لێی ڕاگرتبوو زۆر مەراقم بوو بزانم ئەنجامەکەی بەچی دەگات. بۆیە کاتێك ئەو ڕاوەستاو هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا، ڕووم تێی دەکردو پێم وت بۆم باس بکە دوایی چیت بەسەرهات؟

ئەویش لە گێڕانەوەی بەردەوام بوو، وتی: ئەو ناوچەیەی منی بۆ گواسترامەوە، بە ناوچەی هۆڕەکان ناسراوەو شوێنێکی گەشتو گوزارییەو خەڵکی ئەوێ ژیانێکی سادەو ساکار بەسەردەبەنو بە بەلەمی بچکۆلانە بەناو ئاوو قەمیشەلانەکانیدا دەسوڕانەوەو ڕاوی ماسیو باڵندەی کێوییان دەکرد. منیش برادەرێکی زۆرم بۆ پەیدا بوو، ئێواران بە سواری بەلەم لەو هۆڕانە لەگەڵیان دەسوڕامەوەو ڕاوی ماسیمان دەکردو بە تاپڕیش جاروبار باڵندەی کێویمان دەکوشت. بەم شێوەیە، لە ژیانی ئەوێ ڕاهاتمو ژنو منداڵەکانیشم هێنایە لای خۆمو سەری خۆمان بەیەکەوە ناو لەوێ دەژیاین.

ژمێریاری یانەی باغی شار ڕووی تێکردمو وتی: لێی بپرسە بزانە دوایی چی بەسەرهات؟ منیش وتم: لەوە زیاتر چی بەسەر بێت؟! وتی: با بۆخۆی بۆت باس بکات.

منیش ڕووم لە بەڕێوەبەری باغی شار کردو وتم: ناکات لەوێش دوورخرابیتەوە؟ وتی: جا لە باشووری عێراقەوە بۆ کوێ؟ منیش وتم: ئەی چی ڕوویدا؟ وتی: هەر لەو ماوەیەدا مامۆستایەکی بە ڕەگەز کورد کە

پێشتر لە قـەزای ڕوانـدز لەسـەر هەڵوێسـتی سیاسـی دژ بـە حکوومەتەکـەی عەبدولکـەریم قاسـم بـۆ قــەزای شــەترە دوورخرابـۆوە. ئـەو مامۆسـتایە بەڕێوەبـەری ناحیەکـەمانی دەناسـیو هـەموودەم دەهاتـە لایو بەیەکـەوە بیرەو ئارەقیان دەخواردەوەو بۆ ڕابواردنیش هـەموو ڕۆژانـی پێـنج شـەممە دەچوونە ناسریە بۆ شەقامی حەبووبی بۆ لای لەشفرۆشەکانی ئـەوێو تـاکو ڕۆژی دواتر نەدەگەڕانەوە.

دوای ماوەیەك ئـەو مامۆسـتایە خـۆی گواسـتەوە بـۆ ناحیەکـەی ئێمـە، بەمەش زیاتر لە بەڕێوەبەری ناحیەکەمان نزیك بۆوەو زۆربەی کـات دەهاتـە لایو چەند کاتژمێرێك بە تەنیا لەلای دەمایەوە. نەمدەزانی ئەوان باسی چی دەکــەنو پەیوەنــدییان بەیەکــەوە چــییە، هــەروام دەزانــی خــواردنو خواردنەوەو ڕابواردن ئەوانەی لەیەکتری نزیك کردۆتـەوە، بـەڵام دوایـی بـۆم بەدەرکـەوت ئــەو مامۆســتایە بەرپرســی حیزبــی بەڕێوەبەرەکەمانــەو لــە ژوورەوە باسی سیاسەت دەکەن.

قسەکانی بەرپرسی باغی شار زۆر سەرنجی ڕاکێشام، پێم وت: بەڕاستی زۆر سەیرە، باشە ئەوان لە باشووری عێراق چیان بۆ کورد پـێ دەکـرا؟ خـۆ بەتەمای کودەتا نەبوون؟

بەڕێوەبـەری بـاغی شـار وتـی: نـەخێر، ئـەوان پلانێکـی گڵاویـان لـەژێر سەردا بـوو، مـن زۆر نـەزان بـووم، کاتێـك پـێم زانـی، کـار لـەکار تـرازاو بـە هەردووکیان کڵاویان لەسەری منو کاتبی ناحیە نا.

کە ئەمەی وت زۆر سەرم سوڕما، خۆم پێ نەگیرا، ڕووم تێی کردو وتم: ناکات دەستی چەوری خۆیان بە تۆ سڕیبێتەوەو تۆیان بە تۆمەتی پەیوەندی بوون بە شۆڕشی کوردەوە بە گرتن دابێت؟

وتی: نەخێر، خۆزگا ئەوەیان لەگەڵم بکردبا، ئێستا منیش خۆم پێی هەڵدەدایەوەو دەموت لەسەر کوردایەتی سزا دراوم نەك ئەوان مەعاشی کارمەندانی ناحیەکە ببەنو منیش شەرمەزارببمو لە قوڕگی ماڵو منداڵم بگرمەوەو بیدەمەوە حکوومەت.

تا دەهات گێڕانەوەی ئەو سەربردەیە سەرنج ڕاکێشتر دەبوو، ڕووم لە بەڕێوەبەری باغی شار کردو پێم وت: تۆ دەزانی چی دەڵێی؟ تۆ باسی کەسێك دەکەیت خۆی بەڕێوەبەری ناحیەکەیەو گەورەی تۆیە، کەس هەیە دزی لەخۆی بکات؟

بەڕێوەبەری باغی شار هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو دەمێك داماو هیچ قسەیەکی نەکرد، دوایی ڕووی تێکردمو وتی: هەقی خۆتە باوەڕم پێ نەکەیت، ئاخر هەر لەبەر ئەوەش بوو، موتەسەڕیفی لیوای ناسریە بڕوای پێ نەکردمو بۆ لێکۆڵینەوە حەواڵەی دادگای کردم.

منیش وتم: بە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە زۆر سەرسامت کردم، حەزدەکەم بە تەواوەتی بۆم بگێڕیتەوە، دوایی چیت بەسەرهاتو ئەوان ئەو پارەیان چۆن بردو چیان لێی کرد؟

بەڕێوەبەری باغی شار درێژەی بە قسەکانیداو وتی: ئـەو ڕۆژەی ئـەوان بە دوو قۆڵی ئەو کارەیانکرد، ڕۆژی پێنج شەممەی کۆتـایی مـانگی ئـەیلولی ساڵی ١٩٦٢ بوو، بەڕێوەبەری ناحیە کاتبی ناحیەی نارده قەزای شەترە بـۆ هێنانی مەعاشی ئـەو مانگـە، تـا کـاتبی ناحیـە لـە شـەترە گەڕایـەوە بـووە نزیکی نیوەڕۆ، بۆیە بەڕێوەبەری ناحیـە پێـی وت ئێسـتا کاتەکـەی درەنگـە ناتوانین مووچەی ئەو کارمەندانە دابەشبکەین، بۆیە پارەکە بخە ناو قاسەی ژوورەکەی من، ڕۆژی شەممە دابەشی دەکەین. ئەمـەی وتو دوایـیش ڕووی لە هەردووکمانکردو وتی: ئێستاش هەردووکتان بڕۆنە ماڵـەوە پشـوو بـدەن، ئێمەش (مەبەستی خۆیو مامۆستاکەی هاوڕێی بوو) دەچینە ناسـریەو ئـەم شەو لەوێ دەمێنینەوە. جا ئـەوەبوو ئێمـە ئـەوانمان بەجێهێشـتو چـووینە ماڵەوە، کەچی ئـەوان لـەدوای ئێمـە قاسـەکەیان شـکاندبوو، مەعاشـی ئـەو مانگـەو هـەموو ئـەو پـارەو پوولـەی تـریش کـە تیـای بـوو لەگـەڵ خۆیـان بردبوویان.

منیش وتم: چۆن زانیتان؟ بەڕێوەبەری باغی شار وتی: ڕۆژی شەممە کە چوومە ناحیە، زۆر چاوەڕێم کـرد بەڕێوەبـەری ناحیـە هـیچ دەنگـی نـەبوو، کارمەنـدانی ناحیـەش هاتنـە لای مـنو کـاتبی ناحیـە بـۆ وەرگرتنـی مووچەکانیان بەڵام بێ سوود بوو، زۆر چاوەڕێیانکرد تـا دەوام تـەواو بـوو. بـەم شـێوەیە بـەیانیو دوو بـەیانیش ڕۆیشـت بەڕێوەبـەری ناحیـە هـەر بەدیارنەکەوت.

منـیش ڕووم لـە بەڕێوەبـەری بـاغی شـار کـردو پـێم وت: ئـەی بۆچـی ئاگاداری سەرووی خۆتانتان نـەکردەوە؟ وتـی: بـۆ ڕۆژی سـێیەم قایمقـامی قەزای شەترەم ئاگادار کردەوەو بە درێژی ڕووداوەکەم بۆی گێڕایەوە. ئـیتر ئەوەبوو هەر ئەو ڕۆژە منو کـاتبی ناحیـەیان دەسـگیرکردو لێکۆڵینـەوەیان لەگەڵ کردین. کاتبی ناحیەیان بە کەمتەرخـەم دانـا لـەوەی کـە هـەمان ڕۆژ مووچەکەی دابەش نـەکردووەو لەبـەر ئـەوەی منـیش کـوردێکی دوورخـراوە بووم بۆیە گومانی ئەوەیان لێکردم کـە ئاگـاداری پلانەکـەیان بـووبم، لەبـەر ئەوە منیشیان لەگەڵ کاتبی ناحیە گرت، دوایی بە کەفالەت ئێمەیان بـەرداو گشت پارە دزراوەکەشیان مانگانە لە مووچەی منو کاتبی ناحیە بـڕی تـاکو تەواو بوو.

منیش وتم: بڕینـی ئـەم پارەیـە لـە مووچـەکانتان زۆر کـاری لـە بـژێوی ژیانتـان نـەکرد؟ بەڕێوەبـەری بـاغی شـار وەڵامـی دامـەوەو وتـی: تـا ئـەو بڕەپارەیەمان دایەوە باری ئابووریمان زۆر خراپ بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێـت بـە هـەزار دەردەسـەری تێمانپەڕانـد، بـەڵام کـاتبی ناحیـە وێـڕای دانـەوەی پارەکە، لەخەمان جەڵتەی مێشکی لێیداو هەردوو چاوەکانی کوێر بوون.

منیش وتم: ئەی بەڕێوەبەری ناحیەو ئەو مامۆستایەی لەگەڵی بوو چیان بەسەرهاتو نەتزانی بـۆ کـوێ چـووبوون؟ بەڕێوەبـەری بـاغی شـار وەڵامـی دامەوەو وتی: دوایی زانیم کە هەردووکیان پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردەوە کردووە.

منیش وتم: ئەی لەو ماوە دوورو درێژە ئەوانت نەبینییەوە، داوای هەقی خۆتیان لێ بکەیتەوە؟ وتی: ماوەیەك پێش ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پەنجاوچوار ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە، بەڕێوەبەری پێشووی ناحیە لەگەڵ هەندێك هاوڕێی لەناو ئەم باخچەیە دانیشتبوون‌و تاوڵەیان دەکرد، چوومە لای‌و لەبەردەم هاوڕێکانی کردمە پەڕۆکی بێنوێژی.

منیش وتم: چۆن بوێری ئەوەتکرد بەم شێوەیە ڕیسوای بکەیت؟ نەدەترسایت بە پاسەوانەکانی ئازارت بدات؟ وتی: ئەو پێشتر بەرپرسی دەزگایەکی زۆر هەستیار بوو لەناو شۆڕش، بەڵام دوای هەرەسی شۆڕەکە بۆ سیخوڕیکردن چووە ئەمریکا. لەوەتی ڕژێمی بەعسیش ڕووخاوە زۆرجاران دێتەوە کوردستان، بەڵام هیچ حسابێکی بۆناکرێت‌و خواخوایەتی کەسێك سڵاوی لێ بکات.

منیش وتم: ئەی ئەو مامۆستایەت نەدیتەوە کە پارەکەی لەگەڵ ئەو برد ؟ وتی: نەخێر، بەڵام بیستم ئەو پاش ئەوەی پارەکەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەکەمان بردو چووە ناو شۆڕش، نزیکەی دووساڵ‌و نیو لەوێ مایەوە بەڵام دوای ئینشیقاقەکە کوردستانی بەجێهێشت‌و چووە دەرەوەی وڵات.

منیش وتم: ئەو ماوە زۆرە لە دەرەوەی وڵات چی دەکرد؟ وتی: مافی پەنابەرێتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەلات وەرگرت‌و خوێندنی دکتۆرای لە یاسا تەواوکردو لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو گەڕایەوە عێراق‌و لەگەڵ چەند کەسێکی نزیك لە دەزگای هەواڵگری عێراقی حیزبێکی کارتۆنیان بە ناوی

(حیزبی شۆڕشگێڕی کوردستان) دامەزراندو لەو ماوەیە لە حکوومەتیش چەند پلەیەکی وەزیفی بەرزی وەرگرت، بۆیە لە ترسان نەمتوانی داوای هەقی خۆمی لێ بکەم.

منیش وتم: ئەی بۆ لە دوای ڕاپەڕین داوات لێی نەکرد؟ وتی: ئەو کەسێکی زۆرزانە دەزانێت چۆن خۆی لەگەڵ بارودۆخەکان بگونجێنێ، بۆیە هەر زوو چووە ناو حزبێکی کارتۆنیو دیسان دەرەقەتی نەهاتم، هەرچەندە دوایی ئەو حیزبەشی بەجێهێشتو جارێکی تر چووە دەرەوەی وڵات ئەمجارەیان لە سویسرا مافی پەنابەرێتی وەرگرتو ئێستا لەوێ دەژیت.

منیش وتم: ئەی لەو ماوەیە هیچ نەگەڕاوەتەوە کوردستان؟ وتی: بیستوومە دەڵێن لەوەتی ژنەکەی بایەخی پێنادات زوو دەگەڕێتەوە ئێرە.

ئێمە لەم قسانەدابووین، پیاوێکی باڵا بەرز چاکەتو پانتۆڵێکی لەبەردابوو، بۆینباغێکی سووریشی بەستبوو، شەپقەیەکی خاکیشی لەسەر نابوو، دەتوت بیانییە، هاتە ژوورەوەو دوای سڵاوکردن ڕووی لە بەڕێوەبەری باغی شار کردو پێی وت: دەمناسیتەوە؟

بەر پرسی باغی شار بە بینینی ئەو کەسە ئەبڵەق بوو، ڕووی تێکردو پێی وت: باسی گورگیان کردو گورگ پەیدا بوو. دوایی ڕووی لەمنیش کردوو پێی وتم: دەزانی ئەم ئەفەندیە کێیە؟ وتم: نازانم. وتی: ئەوە ئەو مامۆستایەبوو کە لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی دەوایە پارەکەیان دزی.

کە ئەمەی وت، ئەفەندیەکە حەپەسا، ڕووی لە بەڕێوەبەری باغی شار کردو وتی: عەیب ناکەیت وام پێ دەڵێی، من ئەوەم بۆ سەربەرزی تۆو هەموو کوردێك کردووە، لەجیاتی ئەوەی ڕێزم لێبگریت کەچی سووکایەتیم پێدەکەیت.

ئەویش وتی: تۆ کارێکی باشت لەگەڵ نەکردوم تاکو ڕێزت لێبگرم، تۆو بەڕێوەبەری ناحیە ئێمەتان فرێودا، بە ئێمەتان وت دەچینە ناسریە، کەچی مەعاشی ناحیەکەتان دزیو ئێمەتان بە گرتندا.

ئەفەندیەکە وەڵامی دایەوەو وتی: من هیچ بەرپرس نیم لە گرتنی ئێوە، ئێمە ئەو پارەیەمان بۆ شۆڕش برد هەتا سەری کوردێکی وەکو تۆی پێ بەرز بکەین، کەچی تۆ ئێستا پێم دەڵێی ئەو پارەیەتان دزیوە، ئەوە چ بێ ئەدەبییێکە بەرامبەر منو بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی دەوایەی دەیکەیت؟

بەڕێوەبەری باغی شار لە تووڕەییان هەردوو چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، بە تورەییەوە پێی وت: دیسان دووبارەی دەکەمەوە، ئێوە ئەو پارەیەتان بۆخۆتان دزی، بەسای ئێوە حکوومەت منو ئەو قەرەبەسەرەی گرتو هەموو پارەکەی لە مەعاشمان بڕیو منو خانەوادەکەمت خستە بارودۆخێکی ئابووری زۆر دژوار.

تابلۆیەك لە پشت سەری بەڕێوەبەری باغی شار هەڵواسرابوو لە سەری نووسرابوو (هەر کەسێك تێبکۆشێ بۆ کوردستانی....مێژوو دەنووسێ کردەوەکانی)، کاکی ئەفەندی نووسینی سەر ئەو تابلۆیەی خوێندەوەو

ڕووی لە بەڕێوەبەری باغی شار کردو پێی وت: ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر کەسێك تێبکۆشێ بۆ کوردستانی... مێژوو دەنووسێ خراپەکانی نەك کردەوەکانی. ئەوەتا لەجیاتی ئەوەی تۆ شانازیم پێوە بکەیت کە ئەم کارەم کردووە، هێشتان سەرزەنشتم دەکەیتو بێڕێزیشم بەرامبەر دەنوێنی!

بەڕێوەبەری باغی شار وتی: جارێ چیتان بینیوە، ئێوە وادەزانن کە بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشتوونە، دەستم ناتان گاتێ، هەر بزانن لە دادگا شکایەتتان لێدەکەمو داوای ئەو پارەیەتان لێ دەکەمەوە کە بە ناهەق دزیتانو لە قوڕگیماڵو منداڵی من دەرتان هێنا، بە پۆلیسی ئەنتەر پۆل دەتانهێنمەوە کوردستانو فلس بە فلس ئەو پارەیەتان پێدەژمێرمەوە.

کە ئەمەی وت ئەفەندیەکە بە تووڕەیی چووە دەرەوەو لەپێش خۆی دەیوت من هەڵەبووم هاتمەلات.

هەر لەو کاتەدا برادەرێکم سەری لە دەرگا هێنا ژوورەوەو وتی: باش بوو تۆم لێرە بینی، پێت خۆشە لە ناو باخچەکە دابنیشینو بەیەکەوە دەستێك تاوڵە بکەین؟ پێم وت: بەڵێ پێم خۆشە، دەمێکە تاوڵەم نەکردووە، بەڵام لەسەر چی بیکەین؟ وتی: لەسەر هیچ. منیش وتم: ئەگەر لەسەر شتێك یاری نەکەین تامی نابێت.

دەستی خستەوە گیرفانەکانیو وتی: بۆ گیرفانمان هیچ پارەی تیایە تا یاری لەسەر بکەین؟ ئەم حکوومەتە کوردیەی خۆمان، وەکو مەڕوبزن

هەموومانی دۆشیو وەکو چەتە بەناوی پاشەکەوت دەستی بەسەر گشت پارەو پوولەکانماندا گرتووەو لێناگەڕێت بەو ئاخیری تەمەنەمان بحەسێینەوە.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، منیش ئەگەر لەبەر ئیشی تەکسی نەبایە ئێستا گیرفانم بەتاڵ دەبوو، هەرچەندە منیش ئێستا وازم لە ئیشو کاری تەکسی هێناوە. وتی: بۆچی وازت لێی هێنا، لە بێ ئیشی باشتر نەبوو؟

وتم: لەبەر دوو هۆ وازم لێی هێنا، چاوەکانم کز بوونەو تاقەتی جارانیشم نەماوە، هەروەها من دەمەوێ لە کێشە بە دووربم، کەچی ئەم تەکسییە وایکردبوو خەڵك بەخۆیانو کێشەو گرفتەکانیانەوە دەهاتنە بەر دەمم. من لە خەمو خەفەتی خۆم کەم نەبوو، خەمی ئەوانیشی دەهاتەسەر، ڕۆژی دەیان ڕووداوی سەیر سەیرم تووش دەهات، بێ لە خەمی ئەو خەڵکە داماوە کە وایاندەزانی من فریادڕەسم خەمەکانیان لای من بەتاڵ دەکردو ڕۆژێك نەبوو بەبێ خەم بگەڕێمەوە.

چووینە باخچەکەو لەژێر سێبەری دار توێك دانیشتینو خەریکی تاوڵەکردن بووین، هاوڕێ خالیدی شیوعی هاتەلامانو دوای سڵاوکردن کورسییێکی ڕاکێشا پشت مێزەکەو لەلامان دانیشت. دوای بەخێرهێنان پێم وت: زۆری نەماوە بۆ نیوەڕۆ، چۆنە دواکەوتیت؟

وتی: چووبوومە بانق بۆ وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیو پاداشتی زیندانە سیاسییەکان، بەڵام خۆزگا هەر نەچووبام!

منیش وتم: دیارە زۆر قەرەباڵغ بوو؟

وتـــی: نـــەخێر، لەبەرئـــەوەی دووەم ڕۆژی دابەشـــکردنی مووچـــەی خانەنشـینان بـوو، بۆیـە بـانق خـەڵکێکی زۆری لێ نـەبوو. هەرچـۆنێك بێـت پارەکەم وەرگرت، بەڵام کەسێکم لەوێ بینی زۆر خەمم لێی خوارد.

منیش وتم: ئەو کەسە کێ بوو، بەو بەیانییە سەرو دڵی گرتوویت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشـاو وتـی: ئـەو کەسـە کۆنـە فەرماندەیـەکی مەفرەزەی ئەمن بوو، لە سـەردەمی حـەرەس قەومیـەکان خەبـەری لێـدامو ڕادەستی بەعسییەکانی کردم.

منـیش وتم: ئـەو کەسـێکی زۆر خـراپ بـوو، چـۆن تـاکو ئێسـتا مـاوەو نەیانگرتووە؟ وتی: گرتنی چی، ئێستا لە ئێمەو ئێوە لـە پێشـترە، دەزانـی بۆچی هاتبووە بانق؟ منیش وتم: ناکات بۆ وەرگرتنی مووچەی خانەنشـینی سەردەمی ڕژێمی پێشوو هاتبێتە بانق؟

وتـــی: نـــەخێر ئـــەوە نیـــە، ئەگـــەر پێـــت بڵـــێم بڕواناکـــەیتو ئـــەقڵت ڕادەوەستێت!

وتم: ناکـات بـۆ ڕاکێشـانی ئـەو پـارەو پوولـەی خـۆی هاتبێـت کـە لەسـەردەمی ڕژێمـی پێشـوو بـە خـوێنی دەیـان کـوردی بێتـاوان پەیـدای کردووە؟

وتی: نا زۆر لەوە سەیر ترە!

منیش وتم: وەختە دەستە تاوڵەکە بدۆڕێنم، زووکە پێم بڵێ هە تا لە مەراقان دڵم شەقی نەبردووە؟

وتی: ئەویان بە پلەیەکی بەرزتر لێرە خانەنشین کردووەو هەموو ئەو ساڵانەشیان لە سەردەمی حەرەس قەومییەوە هەتا ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بۆ بە خزمەت هەژمارکردووە.

ئەو برادەرەی کە لەگەڵ من یاری دەکرد، ڕووی لە هاوڕێ خالید کردو پێی وت: تۆ لەمانە بگەڕێ، نموونەی ئەمجۆرە کەسانە زۆرن، کە پێشتر خەڵکیان ئازارداوەو هاوکاری ڕژێمی بەعسییان کردووە کەچی ئێستا لە منو لە تۆش لەپێشترنو تەنانەت هەندێکیان پلەو پایەی بەرزیشیان لەناو حکوومەت هەیە. تۆ باسی خۆتمان بۆ بکە باbزانین لە سەردەمی حەرەس قەومیەکان لەسەرچی گیرابوویت؟

هاوڕێ خالید بە هەناسەیەکی ساردەوە وتی: نامەوێ سەرتان بێشینم بەکورتی دوای چەندجارێك گیرانو بەردان، جارێکی تر لە ١٩٦٣/٧/١ دوای کودەتا شوومەکەی هەشتی شوبات، بەڵگەنامەیەکم لە دەست گیرا کە پەیامێکی ئاراستەکردنی جەماوەر بوو بۆ چۆنێتی بەربەرەکانیکردنی حکوومەتی بەعسو حەرەس قەومییەکان، جا یەکسەر منیان برد بۆ ژوورێکی ئەشکەنجەدان، چەند هاوڕێیەکی تری شیوعیش لەوێ گیرابوون، حەرەس قەومیەکان زۆر بە بێ ویژدانی ئێمەیان ئەشکەنجەدا. ئەوکاتە

هەمزە کەردزو عەبدوللا جەماسو ئەحمەد سلێمان ئەلڕاویو تالێب شاتیو خالید دەروێش موسلاوی لەو شوێنە خەڵکیان ئەشکەنجە دەدا.

منیش وتم: ئەی دواتر بۆ کوێیان بردن؟ وتی: دوای چەند هەفتەیەك ئێمەیان بردە بەردەم دادگای عورفی شاری کەرکوكو هەر لەوێش حەسەن مەلا کەریمو سەلام مەلا کەریم هەردوو کوڕەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسم بینی، ئەوانیش وەکو من لەسەر فکری چەپڕەوی گیرابوون.

هاوڕێ خالید لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئیتر ئەوەبوو هەر هەموومان بە تۆمەتی گێرەشێوێنیو نانەوەی پشێوی بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکم دراینو ئەو ماوەیەمان لە زیندانەکانی موسڵو عەمارە تەواوکرد.

منیش ڕووم تێی کردو پێم وت: بەس نیە تۆ گرتنو ئەشکەنجەدانەکەت بەفیڕۆنەچووەو پاداشت کراویت، خۆ من لەسەر ئەوان دەربەدەر بوومو تا هەرەسهێنانی شۆڕشیش لە سەرەوە مامەوە کەچی هیچیشیان بۆ نەکردم. هاوڕێ خالید وتی: بۆچی تۆش پەیوەندیت پێوەکردبوون؟ وتم: ئەگەر لە بەڕێوەبەرێتی بەنداوەکان ئۆتۆمبێلەکەی منیان نە ڕفاندبا، حکوومەتیش منی نەدەگرتو منیش ڕامنەدەکردە سەرەوەو تا شۆڕش تێکچوو لەناو ئەو شاخو داخانە نەدەمامەوە.

هاوڕێ خالید ڕووی تێکردمو وتی: کەواتە تۆش پێشمەرگەی ئەیلوولی، ئەی بۆچی مووچەی خانەنشینییان بۆت نەبڕیوەتەوە؟ منیش وتم: چەند جارێك چوومە ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی مووچەی خانەنشینیەکەم

دەستکاری بکەن، بەڵام سوودی نەبوو. تەنانەت جارێك واسیدەیەکی گەورەشم کرد بۆئەوەی سەرۆکی حکوومەت ببینمو ئەم داوایەی لێبکەم، بەڵام خۆی پیشان نەدامو سکرتێرەکەی وتی: کاتی نیە تۆ ببینیێ، لەکاتێکدا لەشفرۆشێك بەبێ ئەوەی مەوعیدی پێشتری لەگەڵی هەبێت، بەبەرچاوی منەوە چووە لایو چەکێکی بە بڕی دووسەدو پەنجا هەزار دیناریشی وەك بەخشیش لێوەرگرت.

برادەرەکەم ڕووی تێکردمو وتی: ئەی تۆ نەتوت من لەبەر ئەو قسەو باسانە وازم لە ئیشی تەکسی هێناوەو نامەوێ هیچی تر خەمیان لێبخۆمو گوێم لە ناویان بێت؟ منیش وتم: بەڵێ وابوو، بەڵام بە دەستی خۆم نەبوو، کورد گۆتەنی قسە قسە ڕادەکێشێتو منیش لەبەر قسەکانی هاوڕێ خالید برینم کولایەوەو ئەم یادگارییە تاڵەم بۆتان گێڕایەوە.

بەم شێوەیە، ئەو ڕۆژەشم لە باغی شار بەڕێکردو دوایی بەرەوەو ماڵەوە گەڕامەوە. کە گەیشتمە گەڕەکەکەی خۆمان، لە سەری کۆڵانەکەمان قەرەباڵغییێکی زۆرم بینی، پیاوو ژنەکانی دراوسێمان لەوێ کۆببوونەوەو دەستەیەك دەهاتو دەستەیەکیش دەڕۆیشت. لێیان نزیك بوومەوەو بە یەکێکم وت: دەڵێی شتێکی نەخوازراو ڕوویداوە؟

وتی: تۆزێك پێش ئێستا وەستا عەدنان مرد. منیش وتم: بیستبووم دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرمانی ماوەبەسەرچوویان دابۆیێ، خوێنی ژەهراوی ببوو، بەڵام وەکو بیستم بۆ چارەسەری ڕەوانەی ئوردن کرابوو.

دراوسـێکەمان وەڵامـی دامـەوەو وتـی: زوو فریـای نەکـەوتن، کاتێـك گەیشتە ئەوێ کار لەکار ترازابوو بۆ ڕۆژی دوایی گیانی لەدەستدا.

منـیش وتم: نـەتانزانی کـێ ئـەم دەرمانـە ماوەبەسەرچـووانەیان بـۆ نەخۆشخانە هێناوە؟ وتی: خۆ ئەمـە یەکەمجارنییـە لـە کوردسـتان شـتی وا ڕوویدات، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن لەگەڵ هەندێك بەرپرس شـەریکن، بۆیـە وەکو مافیا کەوتوونەتە گیـانی ئـەو خەڵکـەو ئـەوەی بـە کیمیاکـەی ڕژێمـی بەعس نەمردووە، ئەوان بە دەرمانی ماوەبەسەرچوو دەیکوژن!!

ئێمە لەم قسانەدابووین، تەرمەکەیان بە دارەبازە هێنـا دەرەوەو بـەرەو مزگەوتی گەڕەکیان بردو منیش لەگەڵ خەڵکی گـەڕەك لـەدوای جەنازەکـەی ڕۆیشتم. کە گەیشتینە مزگەوتەکە، دارەبازەکەیان لە حوجرەی مزگەوتەکـە داناو بەدوای مەلای مزگەوت گەڕان تاکو نوێژی مردووی لەسەر بکات. مەلای مزگەوتەکە سەفەری کردبوو، مەلایەکی تری لەشوێنی خـۆی دانـابوو، بـەڵام ئـەویش لـەوێ نـەبوو. کوڕەگەورەکـەی وەسـتا عـەدنان وتـی: مـن ماڵیـان پێدەزانم لەو نزیکانەیە، هەر ئێسـتا دەچـمە دوایو لەگـەڵ خـۆم دەیهێنمـە ئێرە.

هێنـدەی نـەبرد، کوڕەکـەی وەسـتا عـەدنان بـەخۆیو عەمامەلەسـەرێك هاتە ژوورەوە، عەمامەلەسـەرەکە چـووە پشـت جەنازەکـەو داوای لێکـردین لەدوای ڕیزبینو نوێژی مردوو لەسەر جەنازەکەبکەین.

کە لە عەمامەلەسەرەکە نزیك بوومەوەو تەماشایەکی دەموچاویم کرد، ئەوم ناسیەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر لەناو حوجرەی مزگەوتەکە دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر منداڵێکی ناکامڵ کە دایكو باوکی بۆ فێربوونی وانەی ئایینی ناردبوویان.

شێخ ئەحمەدی خاوەن تەکیەو خانەقاش ئەو ڕۆژە بە ڕێکەوت لە مزگەوتەکە بوو، لەپشت عەمامەلەسەرەکە ڕاوەستابوو بەتەمای نوێژکردن بوو، لێی نزیك بوومەوە، سەرم خستە بن گوێیو بە ئەسپایی پێم وت: کاکە شێخ نوێژکردنمان لەدوای ئەو عەمامە لەسەرە قەبوڵ نییە، چونکە منداڵ بازەو چەند ساڵێك پێش ئێستا لەناو ئەم مزگەوتە بەڕوتی لەسەر منداڵێکیان گرتو ڕاپێچی بنکەی پۆلیسیانکرد، دواییش ڕەوانەی دادگا کراو چەند ساڵێك حوکم درا، لە کارەکەشی دوورخرایەوە. ئێستا سەیرم پێدێت کە ئەو هێشتا خۆی بە ئیمام دەزانێتو بە ڕووقایمی پێش نوێژ بۆ خەڵك دەکات. ئەم سەرسەرییە چەند ڕووی قایمەو هیچ شەرم لەخۆیو خوا نات.

کە ئەمەم وت شێخ ئەحەمەد منی بردە لایەکەوەو وتی: ئەوە تۆ باسی چیدەکەیت، ئەوەی من لەو جۆرە مەلایانەم بینیوە، ئەگەر بۆتی بگێڕمەوە باوەڕناکەیت. منیش وتم: چۆن؟ وتی: لەبیرتە ساڵی ١٩٧٩ سەدام حوسێن کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك مەلاو پیاوی ئایینی کورد کرد؟

منیش وتم: ئەی چۆن، وادەزانم دوێنێیە، یەکێك لە مەلاکانی شاری سلێمانی لەو دانیشتنەدا داوای لە سەدام حوسێن کرد دانوساندن لەگەڵ

شۆڕش بکاتو بە زمانی کوردی پێی وت (لەگەڵ ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لە شاخنو چەکیان لە دژی حکوومەت هەڵگرتووە ئاشت ببەوەو هەقی کوردیش بدە با هیچیتر خوێنی ئەو خەڵکە بە خۆڕایی نەڕژێت).

شێخ ئەحمەد ڕووی تێکردمو وتی: ئەی لەبیرت ماوە مەلا قەرەداغیی خوتبەخوێنی مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ کە ئەویش ئامادەی دانیشتنەکە بوو، سەدام حوسێن پێی وت: قسەکانی ئەو مامۆستایەم بۆ وەرگێڕە سەر زمانی عەرەبی؟

منیش وتم: بەڵێ زۆر باشم لەبیرە، بەڵام مەلا قەرەداغی بە ئەنقەست قسەکانی ئەوی گۆڕیو لەجیاتی دەستەواژەی شۆڕشگێڕ، پێشمەرگەی بە یاخی بوو ناوبرد. بەڵام کە سەدام حوسێن هەستی بەوە کرد، ڕووی لە مەلا قەرەداغی کردو پێی وت: ڕاستە من ناتوانم بە کوردی قسە بکەم، بەڵام هەندێکی لێتێدەگەم، ئەو مامۆستایە واناڵێت، تکایە قسەکانی وەکو خۆی وەربگێڕەو مەیانگۆڕە.

شێخ ئەحمەد وتی: جا تۆ باسی چیم بۆ دەکەیت، ئەوەیە حاڵی ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە مەلایانە. منیش وتم: ئەوانە بۆچی لە خوا ناترسێنو ڕەفتاری خۆیان باش ناکەن؟

شێخ ئەحمەد وتی: مادام منیش زانیم ئەو مەلایە مندالّبازە، جائیز نیە نوێژی لەپشت بکەین. دەستی گرتمو منی لە جەنازەکە دوورخستەوەو پێی وتم: با هەر لەو دیدارە کە منیشیان لەگەڵ بووم، ڕووداوێکی لەوە سەیرترت

بۆ بگێڕمەوە ، بۆ خوانی نیوەڕۆ لەلایەن سەدام حوسێنەوە لە کۆشکی کۆماری دەعوەت کرابووین. ئێمەیان بە ئۆتۆمبێلەکانی کۆشکی کۆماری لە هوتێلەوە گواستەوە بۆ ناو کۆشکی کۆماری. خوانێکی گەورەی خواردنیان بە هەموو جۆرە خواردن‌و خواردنەوەو میوەجاتێك ئامادەکردبوو، لەگەڵ سەرۆك کۆمار بەیەکەوە نانمان خوارد. بەڵام سەرۆك کۆمار یەك دوو کەوچك خواردنی خواردوو دەستەکانی کێشایەوەو ڕووی لە ئێمە کردو پێی وتین: (من لەوە زیاترم پێ ناخورێت، ماوەیەکە ڕێجیم دەکەم، هەست دەکەم کێشم زیادی کردووەو کەرشم پەیداکردووە، ئێوە چاو لە من مەکەن‌و شەرم مەکەن، بە ئارەزووی خۆتان نان بخۆن‌و دوایی وەرنە سالۆنەکەو بەیەکەوە چایەك دەخۆینەوە). ئیتر ئەوەبوو کاتێك سەدام حوسێن خوانەکەی بەجێهێشت‌و لە سالۆنەکە دانیشت، هەندێك لەو مەلاو پیاوە ئایینیانە ئێمەیان شەرمەزارکردو وەکو چاوچنۆك پەلاماری خواردن‌و میوەکانیاندا، مەلای وا هەبوو ڕانە مریشك‌و سینگە مریشك‌و مۆزی سۆماڵی بە هەردوو دەستەکانی لە باخەڵی جبەکەی دەپەستی‌و دەیوت (لە هوتێل هیچمان نیە بیخۆین، لەجیاتی ئەوەی ئێوارە لەسەر حسێبی خۆمان لە بازاڕ نانبخۆین، ئەم خواردنانە دەبەینەوەو لەوێ دەیخۆین).

کە ئەمەی وت لە سەرسامیان حەپەسام، ڕووم تێی کردو پێم وت: ئەوە تۆ بەڕاستیتە یان گاڵتە دەکەیت؟

وتی: خۆم لەگەڵیان بوومو بە چاوی خۆم ئەوەم بینی. منیش وتم: ئەی دوایی چی ڕوویدا؟

وتی: ئەو هۆڵە کامێرای چاودێری تیا بوو، بەڵام ئێمە هەستمان پێی نەکردبوو، بۆیە سەدام حوسێن ئەم دیمەنەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەی بەردەمی بینی بوو، هەر بۆیە ئەرشەدی پاسەوانی خۆی بۆ ناردینو بەناوی ئەوەوە پێی وتین: (سەرۆك کۆمار دەڵێت با جلو بەرگی خۆیان بە خواردن پیس نەکەن، هەر ئێستا قاپی سەفەریان بۆ دێنین، خواردنی تیا هەڵگرنو لەگەڵ خۆیان بە ئۆتۆمبێلی کۆشك بیبەنەوە هۆتێل).

منیش وتم: ئەو کەسانە تەریق نەبوونەوە؟ وتی: تەریق بوونەوەی چی، کاتێك قاپی سەفەرییان بۆهێناین، قاپەکانیان تاکو سەر لێوان پڕکرد لە خواردنو لەگەڵ خۆیان بردیانەوە هوتێلو بۆ ئێوارە خواردیان.

شێخ ئەحمەد بەردەوام بوو لە قسەکانیداو وتی: حەزم نەدەکرد ئەم ڕووداوە قێزەونەت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە مەرج نیە هەرکەسێك جبە لەبەربکاتو عەمامەش لەسەربنێت، پیاو چاك بێتو ڕەفتاری باش بێت، هەموو پەنجەکانی دەست وەکو یەك نین، لەناو ئەوانیش پیاوی چاك هەیەو خراپیش هەیە، ئەمە بۆ خوا لێبگەڕێ، با خوا بە کردەوەی خۆیان لەگەڵیان بکات.

دەستی گرتمو منی بردەوە لای جەنازەكەو وتی: لەبەر خاتری من هیچ دەنگ مەكەو زۆربەی ئەو خەڵكەش ئاگاداری ڕەفتارەكانی ئەو مەلایە نین، بۆیە لەپشتی وەستاونو نوێژی لە دوادەكەن، ناشكرێت ئەم مردووە لەوە زیاتر دوا بكەوێت، هەروەكو وتوویانە (إكرام الميت دفنه) واتە باشترین ڕێزلێنان لە مردوو شاردنەوەیەتی بە خێرایی.

دوای ئەوەی نوێژەكە تەواو بوو، تەرمی وەستا عەدنانیان بە دارەبازەكەوە لە مزگەوت دەرهێناو بەرەو گۆڕستانیان برد. منیش لەگەڵ خەڵكی گەڕەكەكەمان ڕۆیشتمە سەر قەبرانو لە گۆڕستانی كەسنەزان بە خاكمان سپارد.

لە مەراسیمی بەخاكسپاردنیدا هەمان مەلا، تەلقینی داو گوتی ((يا عدنان ابن فاطمة، ويا عبد الله ابن أمة الله، اذكر العهد الذي خرجت عليه من الدنيا، شهادة أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأنّ محمدًا عبده ورسوله، وأن الجنة حق، وأن النار حق، وأن البعث حق، وأن الساعة آتية لا ريب فيها، وأن الله يبعث من في القبور، وأنك رضيت بالله ربًا، وبالإسلام دينًا، وبمحمدٍ صلى الله عليه وسلم نبيًا، وبالقرءان إمامًا، وبالكعبة قبلة، وبالمؤمنين إخوانًا)). ئەو خەڵكەش كە لە چواردەورەی كۆببوونەوە، هەندێكیان لەگەڵ قسەكانی گریانیان دەهاتو فرمێسكیان بە گوڕ لەچاو دەهاتە خوارەوەو هەندێكی تریش گریانیان نەدەهات بەڵام بەدرۆ پارچە مەندیلێكیان بەدەستیانەوە گرتبوو، ناوە ناوە دەمو لوتیان: پێی

دەسڕیەوەو دواییش ڕوویان لە یەکتری دەکردو دەیانوت (تازە ئەو ڕۆیشتو ناگەڕێتەوە با قسەی خۆمان تەواو بکەین).

منیش کە سەیری ئەو مەلایەم دەکرد، لە دڵی خۆم دەموت (کەس عەیبو عاری خۆی نابینێت بۆیە حاڵمان وای لێهاتووە، دەبێ ئەو مەلایە ڕۆژی چەند مردووی وەکو وەستا عەدنان بەو تەلقینانەی بتۆقێنێت، بێ لە منداڵبازی بەس خوادەزانێت چ ڕەوشتێکی خراپتری هەیە).

هەر لەوکاتەدا، کوڕەکەی وەستا عەدنان ڕووی لە خەڵکەکە کردو پێی وتن: سووپاسی ماندوبونتان دەکەم، خوا پاداشتی چاکەتان بداتەوە، بۆ پرسەی خوالێخۆشبوو لە مزگەوتی گەڕەکەکەمان دادەنیشین، ئەوەی دێت بەخێربێت، ئەوەی پێشی ناکرێت هیچ گلەیی لێ ناکەین، خۆتان ئەزیەت مەدەن.

هەمووومان بڵاوەمان لێی کردو منیش گەڕامەوە ماڵەوە. ژنەکەم پێی وتم: ماڵی ڕەحمەتی دەمێکە دراوسێمانن، هەقیان لەسەرمان هەیە، بچۆ بازاڕ هەندێك گۆشتو کەرەستەی چێشت بکڕە، تا نیوەڕۆ سفرەیان بۆ ببەینەوە.

-٣٠-

# شۆڕشی سپی

ئاوێکم بە دەموچاوم داکردو دوای پشوویێکی کورت بە سواری پاس چوومە بازاڕ. کاتێك گەیشتمە بەردەم بازاڕی نیشتمان، خەڵکێکی زۆرم لە نزیك نافوورەکانی پارکی نیشتمان بینی، غەڵبە غەڵبیان بوو، ئەفەندییێك لە بەرامبەریان خۆی ڕوتکردبۆوەو دەستی خستبووە سەر کێری‌و بە دەنگی بەرز دەیوت: (ئەگەر مەردی ئەی نامەردی زەندیق قورئان مەسوتێنە، لەگەڵ من وەرە بڕژێینە ناو پەرلەمانی داگیرکراو، تۆش ئەی مەلای حیز ئەی موفتی، مامۆستای مەڕی مووچە حیز، بە پێشم کەوە ئەگەر مەردی مێوان‌و مەدرەسەو مزگەوت بەجێ بێڵەو لە مەکتەبەکەت تۆش وەرە دەرەوە ئەی ئەمیر، تۆ ئەی تاریك پیری بەر دەرگەی سەراو گەنج گەوجێن، هەی حیزی موتەقاعید، ئەی ڕۆشنبیر، لەسەر بانی کلێسایەك مەجیدترە... تۆش ئەی قەشەی درۆزن، ئەگەر ڕاست دەکەی بیلالی حەبەشی بە، بەس فتوا بدە لەبارەی ئەخلاقەوە، بانگێکی حەددی دەویَ گەل. بڕژێنە ناو پەرلەمانەوەو دادپەروەری داوابکەن ئەی نایەکسانەکان، گەنجەکان فێربکەن کێریان دەربهێنن، میز بەو پەرلەمان‌و حکوومەتە خۆگێیە دابکەن، کە لە ئیفلاسی‌و کوردستان گان‌و گەل بە گاندان‌و ژن بە گاندان‌و

ڕوتکردنەوەی مامۆستاو بێکاران زیاتر هیچی تریان بەرهەم نەبوو. کەواتە تف لەو بێ ئەخلاقو حیزانە، سەرۆك پەرلەمانو پەرلەمانتارو هەر هەموو وەزیرو جێگرو ڕەئیس حکوومەتەکان لە ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ، شۆڕشی ڕوت، شۆڕشی سپی دەستی پێکرد)، هەندێك کەناڵی ڕاگەیاندنیش وێنەکانی ئەم دیمەنەیان ڕاستەوخۆ بۆ جەماوەر دەگواستەوە.

دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، کە لێی نزیك کەوتمەوە، بینیم ئەو کەسە، هەمان ئەو شاعیرو ڕۆماننووسو نووسەرە بوو، کە پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کاتی شەڕی براکوژی ئێمەی لە دەورەی خۆی کۆکردەوەو بیرۆکەی خۆسوتانەکەی وەکو هەڕەشەیەك بۆ هەردوو حیزبی شەڕکەر خستەبەرگوێمان.

ئەوکات کە هەردوو حیزب شەڕیان بوو لەسەر دەسەڵاتو گومرگی ئیبراهیم خەلیل، ئەو شاعیرو ڕۆماننووسو نووسەرە چووبووە سەرشانی گەنجەکانو بە شیعرەکانی ناڕەزایی لە دژی هەردوولای شەڕکەر دەردەبڕیو بەدەنگی بەرز هاواری دەکردو دەیوت: (تف لە شەرەفت بێت ئیبراهیم خەلیل)، بەڵام ئەو ئێستا لە ڕقی برسیکردنی خەڵكو بەتاڵانبردنی نەوتو سامانی ئەو هەرێمە، کێری دەرهێناوەو میز بە حکوومەتو پەرلەمان دادەکاتو جوێنیش بە گشت وەزیرەکانو گەورە بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان دەدات.

کە بەم شێوەیە ئەم شاعیرەم بینی زۆر خەمم خوارد، ڕووم لە کوڕە گەنجێکی نزیکی خۆم کردو پێم وت: بیست ساڵ بەر لەئێستا کە ئەم شاعیرو ڕۆماننووس‌و نووسەرەم ناسی ئەقڵی لەسەرخۆبوو، لەکەیەوە ئەو داماوە وایلێهاتووە؟

کوڕەگەنجەکە وەڵامی دامەوەو وتی: لەوەتی نەوت لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوەو ململانێی نێوان حیزبەکان لەسەر پارەو دەسەڵات ئاڵۆز بووەو مووچەی فەرمانبەرانیش لە مانگانەوە بۆتە دوو مانگ جارێك نیوە مووچەو چارێگە مووچە. ئەو مامۆستا داماوەش بەهۆی خراپی باری گوزەرانی ژن‌و منداڵەکانی لەدەست داوەو لە داخی ئەم حکوومەتەش بەجارێك تێکچووە.

بە بینینی ئەم دیمەنە زۆر نیگەران بووم، لە دڵی خۆمدا دەموت: (مرۆڤ بۆ هەرکونجێکی ئەم وڵاتە وێرانەی خۆمان بچێت تووشی خەم دەبێت، لێخوڕینی تەکسیم وازلێهێنا هەر بۆئەوەی لە خەم‌و خەفەتی ئەو خەڵکە بە دووربم، کەچی وا لێرەش خەم یەقەم دەگرێت‌و وازم لێناهێنێت، ئەم حوکمڕانانەی ئێمە هێندە بێویژدان بن بۆیە هیچ شتێك هەستیان نابزوێنێت).

دوای چوومە بازاڕی شێخەللاو هەندێك گۆشت‌و کەرەستەی شیولێنانم کڕی‌و بەدەم ئەم خەیاڵانەوە یاغر یاغر بەرەو ماڵەوە گەڕامەوەو بە درێژایی ڕێگاکە هەر بیرم لەلای ئەو دەسەڵات بەدەستانە بوو، دەموت: (ئەگەر مرۆڤ

نەبن دەبێ چی بن؟ خۆ ئاژەڵیش نین؟ چونکە ئاژەڵانیش زۆربەیان وەکو مرۆڤ هەستیان هەیە، تەنها گورگ نەبێت پەلاماری مێگەلێك مەڕومالات دەدات، کەچی تەنها یەکێکیان دەخوات).

-٣١-

# ئەوەشمان فت

گەیشتمە ماڵەوە، لە خەمی ئەو شاعیرو رۆماننووس‌و نووسەرە نانی نیوەڕۆم پێ نەخورا، لەسەر دۆشەکێك لێی ڕاکشام‌و نقومی دەریای خەیاڵ ببووم. مناڵەکانیش لەبەر پرسەی وەستا عەدنانی دراوسێمان، دەنگی تەلەفزیۆنەکەیان نزم کردبۆوەو سەیری زنجیرە درامای دۆڵی گورگەکانیان دەکردو لە ناکاو بێژەرەکە هاتە سەرشاشەو وتی: ((هەر ئێستا لە نەوەت‌و دووەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی کەلتووری‌و مەدەنی، برێت ماکگورك نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی دژ بە داعش لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا سەبارەت بەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی پارچەکانی کوردستان دەبنەوە، ڕایگەیاند ئێستا هەلێکی مێژووییە کە یەك دەست‌و یەك هەڵوێست‌و یەکگرتووبن، لە ئێستادا ئێمە بەلامانەوە کارێکی نائاسایی دەبێت کە کورد نەتوانێت یەك پارچەیی‌و یەك هەڵوێستی خۆی نەپارێزێ، چونکە هەلێکی مێژوویی لەبەردەم کورد دایە.

لە بەشێکی تری وتەکانیدا ئاماژەی بەو کێشە ناوخۆییانەکرد کە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی باشووری کوردستان هەیە، ڕایگەیاند بەداخەوە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کێشەی ناوخۆیی حیزبەکان تادێت

ئالۆزتردەبێـــتو مـــاوەی سالێكیشـــە پەرلـــەمانی كوردســـتان پـــەكخراوە، ململانێكانیـان لـەم بارودۆخـە هەسـتیارەدا كـە وەك هـەلێكی زێـڕین بۆیـان هاتۆتـــەپێش، بەردەوامـــەو ڕەنگـــە ببێتـــە مایـــەی لەدەســـتدانی زۆر هـــەلێ زێڕین)).

كەئەمەم گوێ لێبوو، هێندەی تـر حەپەسـامو بەیـەكجاری ورەم بـەردا، ئەوەندە ئومێدەی هەشم بوو لە دەستمداو هەرەسەكەی شۆڕشـی ئـەیلوولم بەبیرهاتەوە، وەكو ئێستا حكوومەتی خۆمان هەبوو، خاوەنی دەیـان هـەزار پێشمەرگەو چەكو تەقەمەنییێكی بێ ژمـار بـووین، كەچـی لەچـاوتروكانێكدا هـــەمووومان لەدەســـت داو گەڕاینـــەوە خـــالێ ســـفر. هەناســـەیەكی قـــوولم هەڵكێشاو لە دلێ خۆمدا وتم: (گەر وابڕوات، ئەم ئەزموونەشمان فت ! !).

**ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەبو ڕۆشنبیریدا:**

- شەش کورتەچیرۆکی کوردی — هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید.
- ون بوون — کۆمەڵە چیرۆك.
- دەرگا — کۆمەڵە چیرۆك.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان — ڕۆمان.
- ترِحێو — کۆمەڵە چیرۆك.
- فەنتازیا — کۆمەڵە چیرۆك.
- هونەری نیگار کێشانی مناڵان.
- چەند وێستگەیەك.....ژیانو بیرەوەری.
- هاوسەرگیریو جیابوونەوە.